
سەرچاوە
Serchawe



# پێڕست

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢ ..................... لاپەڕەی .......... ٦

١- پشکۆی ئەم هەستە قەت ناکوژێتەوە...

٢- نەورۆز و خەباتی نەتەوایەتی...

٣- تێرۆریزمی ئێرانی (کۆماری ئیسلامی)...

٤- بە سیاسی - ئەمنییەتی کردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان...

٥- عەلی ئەشرەفی نەوبەتی (پەرتەو کرماشانی)...

٦- هەڵبژاردەی فوتباڵی کوردستان هێمای بەجیهانیبوونی کورد...

٧- نامەکانی پێشمەرگەیەک...

٨- ئەدەبیاتی منداڵان، وەک بنەمایەکی کەسایەتی خوڵقێن...

٩- دەوری ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە دێموکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگەی کوردستاندا...

١٠- زمان... ئەدەبیات... وەرگێران...

١١- لە کوێ حەقیقەتمان ون کرد؟...

١٢- نەزم و مودیرییەتی نوێی جیهانی؟...

١٢- کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەرەو هەڵدێری نەمان؟...

## بابەت و نووسراوەکانی ساڵی: ٢٠١٣ ..................... لاپەڕەی .......... ٤٠

١٣- یەلدا، شەوی لە دایکبوونی خۆرەتاو...

١٤- زیرەک، ئێعجازێک لە ناخوداگای زەمان دا...

١٥- ڕاستەقینەی ژن، حەقیقەتی مرۆڤ...

١٦- بە بۆنەی ٢ی ئۆکتۆبر، رۆژی جیهانیی ناتوندوتیژی...

١٧- زمانی زگماکی، شوناسی نەتەوەیی...

١٨- دێموکراسی لە نێوان ئازادی و دیکتاتۆری دا...

١٩- سوارە، شۆڕەسواری شێعری کوردی...

٢٠- مامۆستا هەژار، نوێنگەی زمانی رەسەنی کوردی...

٢١- مامۆستا هێمن، شاعیری عیشق و ئازادی...

٢٢- قارەمانای دوێنێ، دیکتاتۆرانی ئەمرۆ (لە پەراوێزی شۆڕشی خەڵکی لیبی دا)...

٢٣- شاملوو، شاعیری هیچ کەس و هەموو هەس...

٢٤- سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی...

٢٥- ناسینی چەند شاعیری ناوچەی کرماشان...

٢٦- کاریکلماتۆر...

٢٧- حەسەن زیرەک، پانۆرامای جوانی و ئەوین...

٢٨- راستەقینەی دەوری خوێندکاران و بزووتنەوە رووناکبیرییە دەروون زانکۆییەکان...

٢٩- پێویستیی پێناسەکردنەوەی چەمکی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی...

٣٠- بەهمەن قوبادی، هونەرمەندێکی جیاواز...

٣١- جەلال مەلەکشا، شاعیری کەڵکەڵە ناسکەکان...

٣٢- مامۆستا گۆران، باوکی شێعری نوێی کوردی...

٣٣- یادی "وەفا"ی شاعیر...

٣٤- ئاسۆ، ئاڵا هەڵگری غەزەلی کوردی...

٣٥- ئەدەبیات، زانست و دێموکراسی...

٣٦- قۆناغێکی نوێ لەژیانی کۆماری ئیسلامی دا؟!...

٣٧- ژیلا، کۆتایی بەخشی هێژێمۆنیی گشتگیری پیاوسالار لە شێعری کوریدا...

٣٨- مرۆڤ چۆن دەبێتە ئەو شتەی کە هەیە...

٣٩- سەرۆکایەتی یا پارلەمانی؟ (لە پەراوێزی سەفەری خامنەیی بۆ کرماشان)...

٤٠- حەمەدۆکی «ئاشق»...

٤١- پژاک بۆچی وا دەپەیڤێ؟...

٤٢- روانگەیەکی هەندێک جیاواز (سەبارەت بە کۆنفرانسی پراگ)...

٤٣- نامەکانی پێشمەرگەیەک (مۆحسین خالیدی)...

٤٤- خوێندنەوەیەکی دیاردەناسانە بۆ فیلمی «جودایی نادر لە سیمین»...

٤٥- لە کوێ حەقیقەتمان ون کرد؟...

٤٦- فەلسەفەی وجوودیی لاو و چییەتیی یەکیەتیی لاوان...

٤٧- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد؛ دەرکەوت و ئامانجەکان...

٤٨- دیپلۆماسیی نوێی ئێران بۆ سووریە...

٤٩- شەرەفکەندی، ئەو پیاوەی گەورەیی بە مردن بەخشی...

٥٠- نێلسۆن ماندەڵا، شێلگیر لە خەبات و بەوەج لە دەسەڵات...

## بابەت و نووسراوەکانی ساڵی: ٢٠١٤ ..................... لاپەڕەی .......... ١٤٣

٥١- «تێرۆریزمی ئێرانی (کۆماری ئیسلامی)»...

٥٢- دێموکراسی لە نێوان ئازادیو دیکتاتۆریدا...

٥٣- داعش، بونیادگەرایی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

٥٤- "ئەحزاب، رووناکبیران و خەڵکی کوردستان، سێ کوچکەی سەرەکیی خەبات"...

٥٥- ئیسماعیل بشیکچی: هەرکات باس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ، دوکتور قاسملووم وەبیر دێتەوە.

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥ - ٢٠١٦ - ٢٠١٧ و ٢٠١٨............... لاپەڕەی .......... ١٥٨

٥٥- ئەو دە ڕۆژەی مێژووی ئێران قەت لەبیری ناباتەوە!...

٥٦- قاسملوو، وانەیەک بۆ خەبات و چرایەک بۆ داهاتوو...

٥٧- ٢٠١١ - ٢٠١٢...

٥٨- چ داهاتوویەک بۆ کۆماری ئیسلامییە؟!...

٥٩- کۆنگرەی ٧٠ ساڵ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان...

٦٠- "هێزە شۆرشگێرەکان، بە مەنتقی چەک و توندوتیژی دەدوێن!" (تەنانەت لەنێو خۆشیاندا)...

٦١- ڕزگاریی ڕاستەقینە لە دەربازبوون دایە...
٦٢- خەسارناسیی ڕەوشی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...
٦٣- ئەوەی پەکەکە دەیکا نە پاساوی ئینسانیی هەیە نە پاساوی نەتەوەیی و نیشتمانی...
٦٤- لە هەڵبژاردنی شووراکاندا بەشداری بکەن...
٦٥- داعش، ڕۆژئاوا و ئێران...!...
٦٦- ڕۆژهەڵات، پێویستیی بە حیزب لە نێوخۆدا هەیە...
٦٧- یادی بەخێر...
٦٨- "من ئەو سێ پیاوەم زۆر خۆش دەوێ"...
٦٩-"کوردایەتی ئاوا نابێ"...
٧٠- کۆماری ئیسلامی درەنگ یا زوو هەر دەڕووخێ...
٧١- چەندەی نیشتمان چەمکێکی دڵخوازانەیە، ئەوەندەش وڵات مەفهوومێکی ئینتزاعیی هەیە...
٧٢- ١ای بانەمەڕ، ساڵڕۆژی لەدایکبوونی پێشەوای مەزن، قازی محەممەدی نەمر، پیرۆز بێ...



# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢

## پشکۆی ئەم هەستە قەت ناکوژێتەوە

ڕەنگە دوای نزیکەی دوو ساڵ نووسینی بەردەوام لە سەر شاعیران، نووسەران، هونەرمەندان و ژانرە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی و هونەری لەم ڕۆژنامەیەدا، هیچ کات، هیچ بابەت و نووسینێک بە قەرای ئەوەی ئەمجارەیان لەبەرم گران نەبووبێ و قورسایی لەسەرم نەکردبێ.

بابەتی زۆربەی نووسینەکانی پێشووم یان سەبارەت بە ژانرێکی ئەدەبی و هونەریی تایبەتەوە بووە، یان ئەگەر لەمەڕ کەسایەتییەکی تایبەتی ئەدەبی و هونەرییشەوە تەنانەت باسێکم پێشکەش کردبێ، ئەوا ئاڵقەی پێوەندی و ڕەهەندی بەستراوەییم پێیانەوە زیاتر ئاقارێکی تیۆریکی لە خۆ گرتوە و لە پانتایی کارەکانیاندا خۆی دۆزیوەتەوە. بەشێکیان ئەو شاعیر و هونەرمەندە کۆچ کردووانە بوون کە شوێن پەنجەیان بەسەر بەستێنی فەرهەنگ و هونەری کوردیدا ماوەتەوە و بەشێکیشیان ئەگەر دەژین، یان جۆری پێوەندیی من لەگەڵیاندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆیانە و لە نزیکەوە نەبووە، یان کە خۆشبەختانە هێشتاش لە ژیاندا ماون. بەهەر حاڵ دەمەوێ ئەوە بڵێم لە ڕاستیدا ئەم نووسینەی ئەمجارەیان لە چاو جارەکانی پێشوو زۆر جیاوازە و ڕەنگە ئەوە یەکەمجار بێ کە پێش دەسپێکی نووسینێک پێکهاتەی گشتیی بابەتەکەم لە مێشکمدا دانەڕشتبێ و ئەنگوستەچاو بە شوێن تەقدیری عاتیفەی ئەم وشە بێ ئۆقرەیانەدا وەڕێ کەوتووم.

خۆزگە قەت مەجبور نەبوایەم ئەوەی کە ئێستا دەینووسم، بیریشم لێ کردباوە. لە کۆستی ناباوەڕانەی بێ وادەی هاوڕێیەکی بە واتای تایبەتیی وشە شاعیر و هەست ناسک و کوردپەروەر و مرۆڤدۆستی وەک عەلی محەممەدزادە «پشکۆ»ی ڕووناکی بەخشی بەشێکی زۆر لە ساتە تاریکەکانی ژیانمدا، لەم پەتایەی شەوگارەدا، بێ کازێوە و خۆزگە و شێعر، هەمدیسان «بە خامۆشیی خۆرێکی تر، وشەگەلێکی تر بگریم» (١). ئەگەر بڵێم ڕەنگە یەکێک لە

زیاترین چێژ و حەز و کەڵکە شێعری و هونەرییەکانی خۆمم لە «پشکۆ»ی شاعیری ڕاستەقینەی دنیای شێعر وەرگرتوە، بە قەرای تاڵەموویەکیش بە لاڕێدا نەچووم و لە ڕاستی دوور نەکەوتوومەتەوە. «پشکۆ» هەر ئەوەش نەبوو کە تەنیا شاعیرێکی باش و کارامەی بەستێنی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی بێ، بەڵکوو بە شێوەیەکی یەکجار سەرنج ڕاکێشانەی تایبەت، شێعر لە توێ بە توێی ژیانیدا ڕەنگی دابۆوە و «فروغ» گوتەنی « لەحزە بە لەحزەی ژیانی شاعیرانە بوو»، و گرتە بە گرتەی ژیانی لە تابلۆیەکی هونەرمەندانەی شێعریی دەکرد.

زمانی شێعریی «پشکۆ» وەک ژیانی سادە بەڵام دەوڵەمەند و یەکجار شاعیرانە و جوان بوو. زیاتر لە هەموو شاعیرێکی دیکە کاریگەریی زمان و دنیای شێعریی « مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو»ی پێوە دیار بوو، و لە هەمان کاتیشدا گیرۆدەییەکی کەم وێنەی بە قەڵەمی «سەعدی»یشەوە هەبوو. هەمیشە دەیگوت من هیچ پێناسەیەکی تایبەتیم بۆ شێعر جیا لە خودی شێعر پێ نیە و کلیلەکەشی لە خوێندنەوەی بەردەوامی شێعری و دەرکی ڕۆحی شێعرییەتی شێعر و پەی بردن بە زەرافەتە دەروونییەکانی هونەریی شێعریدا دەبینم. ژیان و مرۆڤ دوو چەمکی سەرەکیی کارئەکتێری نێو شێعرەکانی «پشکۆ»ن و سروشتی جوانی وڵات و مرۆڤایەتی دەورێکی واتا خوڵقێنەرانەی کەم وێنەیان لە شێعرەکانیدا گێڕاوە. وێنا سازیی بە توانای شێعری لە تەکنیکە سەرنج ڕاکێش و دیارەکانی هەمیشە ئامادەی دنیای شێعریی بووە و بە جۆرێکی وەها هونەرمەندانە دەیڕازاندەوە کە خوێنەر هەم خۆی و هەم شاعیریش لە نێویدا ببینێتەوە. خۆشەویستیی «پشکۆ» بۆ ژیان بە ڕادەیەک بوو کە تەنانەت ئەگەر جار و بار باسی مەرگیشی لە شێعرەکانیدا هێنابایەوە، ئاراستەیەکی ژین بەخشانەی پێ دەدا و هەر لە پێناوی ژیاندا دەیژیاندەوە. بەڵام ڕەنگە سەرەکیترین و بەرچاوترین لایەن و خاڵی جیاوازیی شێعریی «پشکۆ» لە چاو شاعیرانی دیکەی چ پێش خۆی و چ هاوسەردەمیشی ڕەهەندی ڕاست بێژی و ئەو سیداقەتە کەم وێنەیە بوو کە لە نێوئاخنی شێعرەکانیدا هەمیشە حزوورێکی بەرچاوی بووە و دەورێکی گرینگی گێڕاوە. «پشکۆ» لەگەڵ ئەوەیدا کە زۆر زوو هەر لە تافی لاوەتییەوە دەستی دایە شێعر و توانیی وەک شاعیرێکی بە توانا لە نێو دنیای شێعر و ئەدەبیاتی کوردیدا خۆی دەربخا و شێعرەکانی بە بەردەوامی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا بڵاو دەبوونەوە، بەڵام بەداخەوە زۆر درەنگ وە هەوڵی چاپکردنی کتێبە شێعرییە بەناوبانگەکەی بەناوی «ئاخر زەمان» لەم چەند ساڵەی دواییدا کەوت. ڕەنگە کاتێک کە بڕیاری ئەوەی دا ئەو ناوە لە کتێبە بە پێزەکەی بنێ، قەت بیریشی لەوە نەدەکردەوە کە ڕێک لەم ساڵی «٢٠١٢»یەدا کە خود بە ناوی «ئاخر زەمان» بەناوبانگە، بە ئاخر زەمانیی خۆی بگا و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە نیشتمانەکەی کە بە حەقیقەت زۆریشی خۆش دەویست، بکات. بەهەر حاڵ بەداخەوە ئەم شاعیرە خۆشەویست و هەست ناسکەی «شەقام و کۆڵانەکانی بۆکان» (٢) لە ڕێکەوتی

١٤ی ڕەشەمەی ئەمساڵدا بە هۆی ڕووداوێکی نەخوازراوی هاتوچۆ دنیای شێعر و ئەدەبیاتی کوردیی بەجێهێشت و ماڵاواییەکی یەکجار غەریبانەی لە ژیان و هۆگرانی تامەزرۆی شێعرە جوانەکانی کرد.

«پشکۆ» مرد و پشکۆی ژیانی کوژایەوە، بەڵام پشکۆی شێعر و تەعبیرە جوانەکانی «پشکۆ» لە ژیان و شێعر و ئەوین هەرگیز نەکوژاوەتەوە و بەردەوامیی پێ دەبەخشێ.

١- شێعری شاملوو.

٢- تەعبیری خودی «پشکۆ» لە شاعیر بوونی خۆی.

٢٣ی مارچی ٢٠١٢

## نەورۆز و خەباتی نەتەوایەتی

ئەگەر بۆ نەتەوەکانی دیکەی غەیری کورد نەورۆز تەنیا نمادی نوێبوونەوە و دەسپێکی ساڵێکی دیکەی هەتاوی یە و زیاتر وەک نەریتێکی کۆنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی مێژوویی چاوی لێدەکرێ، ئەوا بۆ کورد و خەڵکی کوردستان هەر لە کۆنەوە و بەتایبەت لەم چەند دەیەی دواییدا وەک هێمایەکی بەرەنگاری و بەرخۆدانی نەتەوەیی و نیشتمانیی لێ هاتوە. نەتەوەیەکی زیندوو هەوڵ دەدا بەردەوام خۆی بە پێی هەلومەرجە جۆراوجۆرەکان و لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێکی نوێدا نوێ بکاتەوە و هەروەها بۆنە و نەریتە جیاوازە مێژووییەکانیش لە دەروونی خۆیدا بە پێی بارودۆخەکانی سەردەم و زەروورەتەکانی زەمان بە شوناس و پێناسەیەکی گونجاو و نوێترەوە بەرهەم بێنێتەوە. بەتایبەت پاش کۆتایی هاتنی قۆناغی شەری سارد و پێکهاتنی فەزایەکی کراوەتری دەرکەوتن لە جیهاندا بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بەتایبەتی و هەروەها لەبار نەمانەوەی شێوازی خەباتی چەکداری لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەی بردن بە زەرفییەتە قووڵەکانی شێوازی خەباتی مەدەنی و جەماوەری بۆ گەیشتن و دەستەبەر کردنی ئامانجە ڕەوا و میللی_ دێموکراتیکەکانی نەتەوەیی کورد، نەورۆز و بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردانەی نەورۆز لەم ڕاستایەدا هەرچی زیاتر خۆی دەنوێنێ.

بۆنەخوڵقێنی و بۆنە نرخێنی لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنیی جەماوەریدا دەتوانێ دەورێکی کاریگەر و بەرچاوی هەبێ. زۆر گرینگە کە ئەحزاب و لایەنە سیاسییەکان و هەروها جەماوەری خەڵکی خەباتگێر و مافخوازی کوردستانەوە گرینگییەکی زیاتر بە نەورۆزی کوردەواری بدەن و بە دیدێکی فەزا نرخێنانەی موسبەتەوە لە نەورۆز بڕوانن و هەوڵ بدەن لە زەرفییەتە ئازادیخوازانە و دێموکراتیکەکانی ئەم نەریتە کۆنە کەڵکێکی دروست وەرگرن و بیکەنە بەستێنێکی لەبار بۆ بەرجەستە کردنەوەی ویست و داخوازییە نەتەوەییەکان و راکێشانی سەرنجی ناوچەیی و جیهانی بەرەو پرسی لەمێژینەی کورد لە رێگایەکی شارستانیانە و ئەکتیڤی ئەمرۆییەوە.

تا ئێستا دوای زمانی کوردی نەورۆز توانیویەتی دەورێکی هاوپێوەندییانەی باشی لە یەکگرتوویی و یەکبوونی نەتەوەیی کورد بەتایبەت لە ناوچە جۆراوجۆرەکان و پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا هەبێ و ئەوە خود پووانێکی یەکجار بەنرخ و کاریگەرە کە کوردی لە پەرتەوازەیی و بێ مەیلی بە نیسبەت یەکەوە دوور خستۆتەوە. کورد لە هەر کوێیەکی دنیا بێ هەوڵی داوە بە نمادی کوردییەوە بەرەو پیری نەورۆز بچێ و جیاوازی و سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی لەم رەهەندەوە بەگشت جیهانیان و بەتایبەت نەتەوە باڵا دەستەکان و رێژیمەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان نیشان بدات. گرتنی جەژنی نەورۆز و بەرێوەبردنی رێورەسمی تایبەتیی کوردی بەم بۆنەیەوە لە شوێن گەلێکی وەک قەزاقستان، ئەرمەنستان، خۆراسان، ئیستانبول، لوبنان و هەر چوار پارچەی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر هیچ نەبێ ئاستی هەستی نەتەوایەتیی کوردیی راشکاوانە بەرزتر کردەوە و بازنەی بیری نەتەوایەتییشی بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر بەرفراوانتر و بەرینتر لە جارانی خۆی کردۆتەوە. لە راستیدا دەرفەتە نەتەوەییە مێژووییەکان هەمیشە بە شێوەیەکی دڵخوازانە و لە بار، هەڵناکەونەوە و نەتەوەیەکی زیرەک و زیندوو ئەوەیە کە بە باشترین شێوازی مومکین کەڵکیان لێ وەردەگرێ. رەنگە هەمیشەش وا هەڵنەکەوێتەوە کە هێز و هەڵوێستی سیاسیی کوردی بتوانێ جەماوەرێکی مافخوازی بەبیر و باوەڕ لە بۆنەیەکی تایبەتدا لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە. هەر بۆیەش پێویستە هەڵوێستی سیاسیی کوردی بەتایبەت هێز و لایەنە کاریگەرەکانی نێو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان هەوڵێکی جیددی بدەن بۆوەی کە بە باشترین شێوە و بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە و مەدەنییشەوە لەو کۆبوونەوانەی نەورۆزانەی خەڵکی کوردستان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانج و داخوازییە نەتەوەییە رەواکانی کورد کەڵکێکی زیاتر وەربگرن. پێویستە نەورۆز لەو تاک رەهەندییەی ئێستای دەربێنن و وێڕای پاراستنی شوناسە فەرهەنگی و مێژووییەکانی هەوڵێکی جیددیتر وەگەڕ بخەین بۆوەی بە تێگەیشتنێکی باشتر و ئەمرۆییانەتر لە زەرفییەتە گونجاوەکانی، شوناسێکی خەباتگێرانە و مافخوازانەی، رەهەندی مەدەنی و جەماوەریی خەبات و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانیشی پێ ببەخشین. ئەمەش لە مەیداندا بوون، گەمەی بەردەوامی دەوێ. نەورۆز لەو

باشترین هەلانەیە کە کورد دەتوانێ بۆ حزوور و گەمە سیاسییەکانی خۆی لە مەیدانی خەباتی نەتەوەیی بەرامبەر بە حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کەڵکی باشی لێ وەرگرێ.

لە ژمارە ٥٨٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٤ی ئەپریلی ٢٠١٢

## تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی

تیرۆر یان کردەوەی هێرشبەرانە بە مەبەستی سڕینەوە (حذف)ی فیزیکیی کەس یان چەند کەسێکی دیاریکراو لە مێژووی سیاسیی ئێران و بە تایبەت کۆماری ئیسلامیدا، رابردوویەکی کۆنی هەیەو ڕەنگە لە کەمتر وڵاتێکی دیکەی دنیادا لە بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ هاوکێشە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بەم رادەیە لەم ئامرازە نەخوازراوە کەڵک وەرگیرابێ. دیارە پێناسەی تیرۆر بە پێی ئەو پێوەرە گشتییە داڕێژراوانەی کە لە پانتایی مێژووی سیاسیی نێونەتەوەیی بە تایبەت لە چەند سەدەی رابردوودا دیاری کراوە، ئاستێکی بەرینتر و بوارێکی بەرفراوانتر لە خۆ دەگرێ و تەنیا لە چوارچێوەی تیرۆری سیاسیی مۆدێلی سڕینەوەی فیزیکیی کەسەکاندا بەرتەسک نابێتەوە. وەک تیرۆری کەسێتی، تیرۆری کۆمەڵایەتی، تیرۆری ئابووری و... بەڵام ئەوەی کە بە گشتی جێی باسی ئێمەیەو لەم نووسینەدا لە هەوڵی تێڕامانی داین هەوڵی سڕینەوەی فیزیکی یە، کە نەخوازراوەترین و نامەردانەترین جۆری تیرۆرە کە پێکهاتەگەلێکی وەک کۆماری ئیسلامی هەمیشە وەک یەکێک لە گرینگترین چەکە سیاسییەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ هاوکێشە جۆراوجۆرەکان، چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکیدا، کەڵکی زۆری لێ وەردەگرن.

لە ڕاستیدا بۆ دۆزینەوە و پەیبردن بە سەرەداوەکانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و ئەو سەرچاوە مەعریفیانەی کە پێکهاتەیەکی سیاسیی لەم چەشنە شەرعییەت و پاساوی کردەوەیەکی نابەهەنجاری ئاوهای لێ وەردەگرێ، پێویستە پێداچوونەوەیەکی ئەگەرچی خێراشمان بە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بە گشتیی و بەتایبەت لە مێژووی ئێران و

چییەتی و چۆنیەتی چەمکی تیرۆر لەم بەستێنەدا هەبێ. دیارە ئیسلامی ئێرانییش کە ریشەی لە رەوتی بناژۆخوازی ئیسلامی شیعەگەریدا هەیە وەک زۆربەی پێکهاتە ئایدۆلۆژیکەکانی دیکە لە دەروونی خۆیدا پێی وایە ئامانج، ئامراز دیاری دەکا و چییەتی گەیشتن بە ئامانج، پاساوی چۆنیەتیی ئامرازەکەیەتی. ئەم باوەڕە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە چوارچێوەی تیۆری و کارکردی هێزە ئایینی و چەپە رادیکاڵەکاندا درەوشاوەتەوەو بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی نیشان داوە کە خود رەنگە یەکێک لە پاساوە هەرە پشت قایمەکانی کردەوەیەکی نەخوازراوی وەک تیرۆر بێ.

کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە تێرۆر وەک ئامرازێکی کاراو کارتێکی یاری لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا لە راستای داسەپان و زۆرجاریش بۆ «فرافکنی» و بەلاڕێ بردنی ڕای گشتی چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی جیهانی دا کەڵکی وەرگرتوە

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شرۆڤەی چۆنیەتیی پێکهاتنی خۆیدا، نایشارێتەوە و راشکاوانەش خۆی بە قەرزدار و میراتگری ڕاپەڕین و بزووتنەوەگەلێکی وەک» حەسەن سەباح» و «نەواب سەفەوی» و ... دەزانێ، کە خۆی بوارێکی گرینگ و بەرچاوی کارکردنی ئەو چەشنە حەرەکەتانە لە تیرۆر و سڕینەوەی نەیارانی سیاسیدا خۆی دەدیتەوە. لە ئەدەبیات و میتۆدی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا لە تیرۆریستێکی وەک «خالید ئیسلامبولی» بکوژی «ئەنوەر ساداتی میسری» وەک قارەمانێکی گەورەی مێژوویی یاد دەکرێتەوە و دەنرخێندرێ. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە وەک دەسەڵاتی تەنیا و قۆرغکردووی وڵاتێکی وەک ئێران بە پێی جەوهەرە ئایدۆلۆژیکییە تایبەتە ئایینییەکەیەوە لە پێناوی بوون و مانەوە و یەکدەست کردنەوەی پەیتا پەیتای دەسەڵاتەکەیدا بە شێوەیەکی بەردەوام و ماندوونەناسانە لە هەوڵی دوژمن داتاشین و وێناکردنی مەترسیی دوژمنێکی خەیاڵیی هەمیشەیی خۆمەڵاسداو و روونکردنەوەی ئەم شێوەی روانینە لە نێو خەڵک و بەتایبەت لایەنگرەکانیدا بووە. ئەم چەشنە حکوومەتانە بە پێی ئەوچوارچێوە تایبەتییانەی هەیانە، لە بنەڕەتدا ناتوانن کرانەوەیەکی ئەوتۆ بەخۆیانەوە ببینن و نەرمی بنوێنن. چون هەر پاشەکشەیەکی تەنانەت ئەگەر کەمیش بێ، لەوانەیە تا لێوی هەڵدێری نەمانیان ببا و مەترسییەکی جیددی بۆ مان و مەوجوودییەتیان پێک بێنێ. هەربۆیەش لە هیچ چەشنە کردەوەیەکی تەنانەت نامرۆڤانەو هەندێک جار بە پێچەوانەی باوەڕەکانیشیانەوە ناپرینگێنەوە و پاساویشی بۆ دێننەوە.

کاتێک سەیری ماشێنی تیرۆر لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا دەکەین راشکاوانە دەبینین کە بە پێی قۆناغە

جۆراوجۆرەکان و پێویستییەکانی سەردەم لە روانگەی ئەم رێژیمەوە، شێوازی جۆراوجۆریشی لە خۆ گرتوە و تەنیا بوارێکی تایبەت ناگرێتەوە.

بەشێکی زۆر لە دەرکەوتەکانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی شەڕی نێوخۆیی دەسەڵات و رەوتی یەکدەست کردنەوە و دەرکردن و سڕینەوەی ناخودییەکانی نێو دەسەڵات لە پێکهاتەی گشتیی سیاسیی وڵاتدا بوو. مەرگی گوماناویی تاڵەقانی، تەقینەوەی نێوخۆیی حیزبی کۆماری ئیسلامی، بێ سەروشوێنکردنی بە سەدان و کوشتاری بێ دادگایی بە هەزاران زیندانیی سیاسی لە دەیەی شەست، کوشتارە زنجیرەییەکانی سەردەمی ئیسلاحات و... لە نموونە بەرچاوەکانی ئەم چەشنە رووپکردەی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامین. لایەنێکی دیکەی تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی رووی لە هێزی ئۆپۆزسیۆنی ئەم نیزامە بوو کە پاش چەند ساڵێک لە دوای شۆڕشەوە ئیتر ئیمکانی کارکردن لە نێوخۆی وڵاتیان بۆ نەمابوو و بەناچار پەرتەوازەی ئەودیوی سنوورەکان و دەرەوەی وڵات بوون. کەچی بەم حاڵەشەوە ترسی ئەم رێژیمە لە پێگەو کاریگەریی ئەو کەس ولایەنانە لە نێو کۆمەڵگادا وای لێکرد کە هەوڵی تیرۆر و سڕینەوەیان بدا. لەبەرچاوترین نموونەکانی ئەم شێوازەی تیرۆری کۆماری ئیسلامی دەتوانین تیرۆری شەهیدانی سەرکردەی کوردی ئێرانی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، تیرۆری شاپوور بەختیار ، فەرەیدون فەرۆخزاد و بەسەدان کەسایەتی و دژبەری دیکەی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات ئاماژە پێ بکەین.

رەهەندێکی دیکەی دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی رووی لە دژبەران و نەیارانی ئەم رێژیمە لە ئاستەکانی جیهانی دایە و زیاتر ئەو وڵات و لایەنانە دەگرێتەوە کە لە بەرەی دژ بە کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی هاوکێشە نێونەتەوەیەکاندان. ئینجا لەگەڵ ئەوەیدا کە بەشێکی ئەم کردەوە تیرۆریستیانە لە ڕێی کەس و مۆرەکانی خۆیەوە ئەنجام دەدات، بەڵام بەشێکی زۆریشی لە ڕێی گرووپ و تاقمە تێرۆریستییە هاوپەیمانەکانی وەک «حەماس»ی فەلەستینی و «حیزبوڵڵا»ی لوبنانییەوە بە ئەنجام دەگەیەنێ. ئەم شێوازەی تیرۆر لەگەڵ ئەوەی کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی کەڵکی لێ وەرگیراوە بەڵام بەتایبەت پاش مەترسی ئەم رێژیمە لە ئەگەری شەڕێکی شیمانەکراو و بەرەورووبوونەوەی لەگەڵ رۆژئاوا لەم چەند ساڵەی دواییدا رەوتێکی خێراتری بەخۆوە گرتوە. تەقاندنەوەی ناوەندی فەرهەنگیی جوولەکەکان لە( بۆئێنۆس ئایرێس)ی پایتەختی ئارژانتین لە ساڵی ١٩٩٤، تیرۆری سەفیری عەرەبستان لە ئامریکا لە ساڵی ٢٠١١، هەوڵی تیرۆر و تەقاندنەوەی دیپلۆمات وسەفارەتەکانی ئیسرائیل لە چەندین وڵات و... لە نموونە بەرچاوەکانی ئەو بەشە لە کرداری تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی

ئێرانن کە بە گشتی لە چوارچێوەی تیرۆرزمی نێودەوڵەتیدا خۆی دەبینێتەوە.

سەرنجدان بەو مەسەلەیە کە کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە تێرۆر وەک ئامرازێکی کاراو کارتێکی یاری لە پێناوی بەرژەوندییەکانی خۆیدا لە راستای داسەپان و زۆرجاریش بۆ « فرافکنی» و بەلاڕێ بردنی ڕای گشتی چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی جیهانی دا کەڵکی وەرگرتوە، گرینگییەکی تایبەتی هەیە و رەنگە لە کردنەوەی هەندێک لە گرێ پووچکەکانی هاوکێشە سیاسییەکانی ئەم رژێمە یارمەتیدەر بێ.

لە ژمارە ٥٨١ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

١٩ی ئەپریلی ٢٠١٢

---

## بە سیاسی - ئەمنییەتی کردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان

لە ماوەی کەمتر لە یەک مانگی رابردوودا تەرمی بێ گیانی کچێکی تەمەن ١٧ ساڵەی بۆکانی لە ژێر پردی کۆستەی پارکی ساحیلیی ئەو شارە دۆزرایەوە، کە بە جۆرێکی بەرچاو سەرنجی بیروڕای گشتی و بەتایبەت پارێزەران و داکۆکی کەرانی مافەکانی مرۆڤی بەلای خۆیەوە راکێشا. بەپێی زانیاریی سەرچاوەکانی هەواڵ ئەو کچە پاش ئەوەی کە لەلایەن بکوژەکانییەوە بێ رێزییەکی رۆحی و جەستەیی دوور لە مرۆڤایەتیی پێ کرابوو، کوژراوە و بە شێوەیەکی ناشیرین فڕێ درابوو. هەر بە پێێ ئەو زانیاریانە ئەوە یەکەم تاوانی لەم چەشنەی ئەم دواییانەی نێو شاری بۆکان نەبووە و لەم چەند مانگەی رابردوودا ئەوە دەیەمین رووداوی لەم جۆرەیە کە روودەدات. کەچی چون لە حاڵەتەکانی پێشوودا رەهەندەکانی کارەسات بەم رادەیە لە تاوان نەگەیشتوە و کچەکانی دیکە نەکوژراون، هەم لە لایەن حکوومەت و هەمیش بنەماڵەکانیانەوە بە هۆکاری جیاوازەوە سەرپۆشی لەسەر دانراوە و بەر لە بەراگەیاندنی کردنی ئەم تاوانانە گیراوە. کەچی کاتێک کە »سومەییە فەیزوڵڵاهی» هەروەک باس کرا دەکوژرێ و هەواڵەکانی ئەم کردەوە دژە ئینسانییە بە شێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن خەڵک و راگەیەنەکانەوە دزە پەیدادەکا و بیروڕای گشتیی لێ ئاگادار دەکرێتەوە، تازە قووڵاییی کارەساتەکە دەردەکەوێ و حکوومەت مەجبوور

دەبێ کە ئەگەرچی بەلانیکەمی بەرپرسایەتییەوە بەڵام خۆی لێ بەخاوەن بکا و بەجۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵیدا ڕووبەروو بێتەوە. پاش دزەی هەواڵەکانی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانە بۆ دنیای دەرەوە و ئاگادار بوونی بیروڕای گشتی بەتایبەت خەڵکی بۆکان و کوردستان، کۆمەڵێک لە ژنانی چالاکی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێکی بەرپرسانە داوایان لە خەڵکی بۆکان و دەورووبەرەکەی و هەروەها شارەکانی دیکەی کوردستانیش کرد کە لەئاکامی ڕێپێوانێکی هێمنانە لە پارکی ساحیلییەوە بۆ بەردەمی فەرمانداریی ئەم شارە داوا لە بەرپرسانی ئەمنییەتی و ئینتزامی بکەن کە بەشێوەیەکی جیددی و بە پەرۆشەوە وەشوێن بابەتەکە بکەون و بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە تر وەڵامی ویست و داخوازییە ڕەواکانیان لە هەمبەر ئەم نابەهەنجارییە یەک لە دوای یەکانەدا بدرێتەوە. خەڵکی خۆپێشاندەر و چالاکانی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی جیددی و تووڕەوە ڕەخنەیان لە سیاسەتی نابەرپرسیارانەی ڕێژیم بە نیسبەت خەڵکی کورد و کێشە و گرفتەکانیان گرت و بێزاریی خۆشیان لە ڕوانینی دووگانەی حکوومەت لە وڵاتدا دەربڕی.

هەرچەند لە ئاکامی خۆپێشاندانەکەدا فەرماندار و بەرپرسی هێزی ئینتزامیی بۆکان بەڵێنی چارەسەری و بەرەوڕوو بوونەوەی جیددی لەگەڵ گرفتەکەیان بە خەڵکی دا بەڵام ئەوە بە تێپەڕبوونی نزیک بە مانگێک لە دوای ئەو ڕووداوەوە بەکردەوە دەرکەوت لە هیچ هەوڵێکی بەرپرسیارانەیان لەم پێوەندییەدا نەداوە و تەنانەت لە قەدەر لانیکەمی چاوەڕوانییەکانیشدا دەرنەکەوتوون.

کەچی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەرانە بابەتەکەیان لە حاڵەتێکی کۆمەڵایەتییەوە بەئاراستەیەکی سیاسی - ئەمنییەتی دا بردوە و لە ڕەهەندی هەڵوێستەوە لەگەڵ هاوکێشەکەدا جووڵاونەتەوە. بۆ وێنە پاش خۆپێشاندانە هێمنانەکەی خەڵک بە جۆرێکی ناشایست چەند کەسێک لە چالاکانی بواری مافی مرۆڤ و ئەندامانی خێزانی کچە کوژراوەکەیان گرتوە و دوای چەند ڕۆژ هەڕەشە و لێکۆڵینەوەی بەردەوام داوایان لێ دەکرێ کە پێش لە بە میدیایی کردنی مەسەلەکە بگرن و وەشوێن ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانیشی نەکەون و هەوڵ نەدەن بابەتەکە لە چوارچێوەیەکی دیاری کراو زیاتر شی بکرێتەوە. لەم پێوەندییەدا نوێنەری بۆکان لە توێی دەرکردنی دوو ڕاگەیەندراو بەرامبەر بە خەڵکی شارەکە و دەوروبەری دا دڵنیایی چارەسەری خێرا و مافخوازانەی کێشەکە بە خەڵک دەدا، کەچی بارو دۆخی ئێستای بۆکان دوای تێپەڕبوونی چەند هەفتە پێچەوانەی بەڵێنەکانی نێو ڕاگەیەندراوەکانیمان پێ دەسەلمێنێ. بۆ وێنە لە حاڵێکدا کە لەنێو ئەم ڕاگەیەندراوانەدا باس لە لێکۆڵینەوەی جیددی و هەمەلایەنە لەگەڵ بکەرانی شیمانەیی ئەم تاوانە دەکرێ، بەداخەوە ئەم کەسانە دوای چەند ڕۆژ گیران و لێکۆڵینەوەی سەرەتایی کە زیاتر

وێدەچی بەمەبەستی رزگارکردنی تاوانباران و چەواشەکردنی بیروڕای گشتی بووبێ، ئێستا ئەوە ئازادانە لە نێو شار دا دەگەڕێن و بەریشی برینداری خەڵک پێدەکەنن. شایانی باسە کە ئەم کەسانە لە چەقۆ کێش و لۆمپەنە ناسراوەکانی بۆکانن و خۆیان لە مۆرەکانی رێژیمن و بەدرێژایی ساڵانی رابردوو لەلایەن حکوومەتەوە بە مەبەستی چاوترساندن و سەرکوتی خەڵکی بەتایبەت ناوچەی بۆکان کەڵکی ئامرازییان لێ وەرگیراوە.

لە ئیراداتی بەرچاوی راگەیەندراوەکەی جەنابی نوێنەر ئەوە بووە کە بەجێی ئەوەی رووی لە چارەسەریی تەندروست و مەعقولانەی کێشەکە بێ و مافی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و بنەماڵەی کچە کوژراوەکە و ئەو کچانەی بێ رێزیان پێ کراوە رەچاو بکرێ، زیاتر لە بازنەیەکی سیاسی - ئەمنییەتیی ئاراستەدارانەدا دەخولێتەوە و لەنێو ئاخنەکەیدا جۆرێک لە ترس و هەڵوێست گرتن لە بەرامبەر رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی تێدایە. بە گوێرەی زانیارییەکان بە فەرمانی راستەوخۆی وەزیری ناوخۆ (کشور)ی کۆماری ئیسلامی، ژمارەیەکی زۆر هێزی چەکدای دژە شۆڕش بە تایبەت لە شارەکانی میاندواو و مەهابادەوە رەوانەی بۆکان کراون و سێبەرێکی خەستی ئەمنییەتی و نیزامی باڵی قورسی بە سەر فەزای شارەکەدا کێشاوە. لەراستیدا ئەم شێوازی هەڵسوکەوتە نابەرپرسیارانەیەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پەروەندەیەکی کۆمەڵایەتیی لەم چەشنە بەرامبەر بە خەڵکێک کە ئیدیعای حاکمییەتی بەسەریاندا هەیە، هەر لە رێژیمێکی نەخوازراوی ئایدیۆلۆژیکی سەرەڕۆی خۆسەپێنی سەرکوتکەری وەک کۆماری ئیسلامییش دەوەشێتەوە.ئەوە لە حاڵێکدایە کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی نێوخۆ و دەرەوە و هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکرات بە گیانێکی بەرپرسیارانەترەوە رووبەرووی ئەم رووداوە بوونەتەوە و زیاتر لە ئاستی چاوەدێری کردنی دۆخەکە و هەوڵی راگەیاندنیدا دەوری ئەکتیڤیان گێڕاوە. لە راستیدا لە ئاکامی ناو بە ناو روودانی ئەم چەشنە کارەساتانە و هەڵسوکەوتی جێی گومان و نابەرپرسانە و گوماناویی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا، ئەم واقعییەتە زیاتر لە هەمیشە خۆی دەنوێنێ کە خەڵکی کورد لە چوارچێوەی وڵاتێکی وەک ئێراندا، سەرەڕای نەبوونی ئەمنییەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری، بەداخەوە لە سەرەتایی ترین مافەکانی هاووڵاتی بوونیش بێبەرین و ئەمنییەتی گیانیشیان نییە.

لە ژمارە ٥٨٢ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٤ی مای ٢٠١٢

## عەلی ئەشرەفی نەوبەتی (پەرتەو کرماشانی)

یەکێک لەو شاعیر و ئەدیبە فەرهەنگدۆست و زمانپاراوانە کە بە حەق دەورێکی گرینگ و حاشاهەڵنەگرانەیان لە گەشە و بڕەوی هەرچی زیاتری فەرهەنگ و ئەدەبیاتی رەسەنی کوردی بەتایبەت لە ناوچەکانی خوارووی کوردستاندا گیراوە، مامۆستا «عەلی ئەشرەف نەوبەتی» ناسراو بە »پەرتەو کرماشانی» یە. دیارە کە دەسەڵاتی شێعری مامۆستا پەرتەو تەنیا لە نووسینی شیعری کوردیدا نەبووە و لە چوارچێوەی شێعری عەرووزیی فارسییشدا دەسەڵاتێکی کەم وێنەی لە خۆی نیشان داوە. کۆی شێعر و هۆنراوەکانی پەرتەو کرماشانی لە توێی کتێبێکدا بە ناوی «کوچە باغی ها» بە هەوڵی نووسەر و ئەدیبی ناوداری ئێرانی «محمد علی سوڵتانی» کۆ کراوەتەوە و شوێنێکی تایبەت و شایانی لە کتێبخانەی ئەدەبیاتی کوردی و فارسیدا بۆ خۆی دەستەبەر کردوە. ئەگەرچی زۆربەی شێعرەکانی ئەم شاعیرە لێهاتوویە بە زمانی فارسییە، بەڵام هەر ئەو بڕە شێعرە بە پێز و بە توانایەشی کە بە کوردی هۆنیویەتەوە دەرخەری ئەو پەڕی شارەزایی و دەسەڵاتی بالای بەرێزیان لە پانتایی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی دایە. پەرتەو زۆربەی شێوازەکانی شێعری عەرووزیی وەک غەزەل، مەسنەوی، قەسیدە، چوارینە و...ی تاقی کردۆتەوە و تا رادەیەکی باش و سەرنج ڕاکێشانەی تایبەتیش سەرکەوتوو بووە.

شێعرەکانی پەرتەو لە بواری زمان و دارشتن و تەکنیکە ئەدەبییەکان لە لایەکەوە و لە بواری ناوەرۆک و ورد بینی و سەرنجی تایبەتی شێعرییشەوە لە لایەکی دیکەوە، تێکهەڵکێشێکی شارەزایانەمان لە شێوەکانی عێراقی و هێندی لە شێعری فارسیدا پێ نیشان دەدەن. لە راستیدا ئەگەرچی زۆربەی شێعرەکانی پەرتەو فارسین کەچی تێم و فەزای کوردی بە تەواوی بەسەر شێعرەکانیدا زاڵە و گیانی کوردی و جیاوازیی لەگەڵ شاعیرانی فارسی لە تایبەتمەندییە دیارەکانی شێعرەکانیەتی. حاڵ و هەوای شێعری پەرتەو بە شێوەیەکی سەرنج راکێشانە لە حاڵ و هەوای شێعریی مامۆستا هێمن نزیکە و وەک ئەوەی لە ژێر باندۆڕیدا بووبێ لە خوێندنەوەی شێعرەکانیاندا نزیکایەتیی رۆحیی هەرچی زیاتری ئەم دوو کەڵە شاعیرە کوردەمان بۆ دەردەکەوێ.

شێعری پەرتەو ئەگەرچی وەک فۆرم عەرووزییە و لە چوارچێوەی شێعری کلاسیکدا پێناسە دەکرێتەوە، بەڵام لە بواری زمان و ناوەرۆکەوە راشکاوانە شێعری ئەمرۆیی و مۆدێرنە و لەگەڵ کەڵکەڵەکانی مرۆڤی سەردەمدا دەدوێ.

«محەممەد عەلی سوڵتانی» لە باسی پەرتەودا دەڵێ: پەرتەو لە شاعیرە کەم وێنەکانی سەردەمی ئێمەیە کە لە بەستێنی ڕوانگە و زمانی شێعریدا شوێنێکی تایبەتی هەیە و زایەڵەی هۆنراوەکانی گشت دەر و دۆڵەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسی داگرتۆتەوە. پەرتەو سەرەڕای سادەیی و ساکاریی دەربڕین و ئەدای شێعری بەڵام لە زمانێکی دەوڵەمەند و قووڵی شێعری کەڵک وەردەگرێ و تەکنیک و جوانکارییە ئەدەبییەکان لە توێی شێعرەکانیدا شەپۆلان دەدەن. ئەگەرچی پەرتەو لە هونەری شێعر نووسیندا زیاتر لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی بە توانا و مێژووی ئەدەبیاتی فارسیدا بوو، کەچی هەرگیز ئەرک و بەرپرسایەتییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیشی لە بیر نەکردوە و کۆمەڵێک شێعری بە پێز و خاوەن پێگەی جوانی بە زاراوەی کەلهوڕ پێشکەش بە هۆگران و ئەویندارانی شێعر و ئەدەبیاتی ڕەسەنی کوردی کردوە. شێعرە کوردییەکانی پەرتەو کە زیاتر لە جۆری غەزەلن لە نموونە کەمیابەکانی غەزەلی غینایی کوردی بە حیساب دێن و دەسەڵاتی بەرینی ئەم شاعیرە هەڵکەوتەیە و زاراوەی کەلهووڕیمان لە چوارچێوەی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی دا پێ نیشان دەدەن.

*ئاوارەگەی بیچارەگەی بی خانمانم ئەرمەنی!*
*مالد نیەزانم هالە کوو رووح و رەوانم ئەرمەنی!*

*ترسم وە گەردم تا نەکەی بیوشی بچوو دەر وا نەکەی*
*ئمجا مە دی دیوانەگەی ئاگر وە گیانم ئەرمەنی*

*تە بەو موسلمانی بکە لەی گەورە مهمانی بکە*
*هەرچی ک خوەدزانی بکەم ناتوانم ئەرمەنی!*

*بیخود ئرا ترسی خوەمم قورسە دەمم خاتر جەمم*
*مانگە شەوە سایەی خوەمەها شان وەشانم ئەرمەنی!*

*نووش ئەوقرە چشتی نیە دە ر وا کە بارم کەفتیە*
*هەر یەی چکەی نەذری بکە تەر بوو زوانم ئەرمەنی!*

*ئەر یەی کەسی لە دژمنی پرسی یە لە کوورە سەنی*
*وە گیان هەر چی کافرە ئیوشم نیە زانم ئەرمەنی!*

*پشتم لە بار دەرد و خەم شکیا نیەزانم چوە بکەم*
*دەردم یەسە لە مال خودم بی خانمانم ئەرمەنی!*

*رووژ و شە وم جوور یەکە دەر وا کە مایووسم نەکە!*
*ئاخە و ە ناشەر تازە م جایل جوانم ئەرمەنی!*

*دەر واکە زیوتر « پەرتەوە» مهمانەگەی ئاخر شەوە*
*یەی شیشە لە و بەد مەسەوە پر کە بزانم ئەرمەنی!*

**لە ژمارە ٥٨٢ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.**

**٤ی مای ٢٠١٢**

---

## هەڵبژاردەی فوتباڵی کوردستان هێمای بەجیهانیبوونی کورد

### به سیاسی - ئەمنییەتی کردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان

**لەوەتا وەبیرم دێ هەمیشە حەزم لە یاریی فوتباڵ بووە و هەستم بە کاریگەرییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و... کانی ئەم وەرزشە لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا کردوە. وەبیرم دێ کاتی یەکێک لە گەورەترین و خۆشەویستترین ئاواتەکانی من و زۆری دیکەی وەک من بووە کە رۆژێک لە رۆژەکان تیمی هەڵبژاردەی کوردستان لە ئاستیکی نێونەتەوەیی دا ببینین کە ئاڵای کوردستانیان بە دەستەوە بێ و سروودی ئەی رەقیب**

بڵێنەوە و بیبەنەوە. هەبوونی تیمی هەڵبژاردەی کوردستان و دەرکەوتن لە تۆرنۆمێنتێکی باڵای نێونەتەوەییدا خۆی هەڵگری کۆمەڵێک پەیام و دەستەبەربوونی بەشێکی زۆر لە خەونەکانی منی مرۆڤێکی کوردە کە ڕەنگە بە درێژایی تەمەنیشی لەم پێناوەدا تێکۆشابێ. ڕاستییەکەی دەتوانم بڵێم کە ئەگەر بە درێژایی تەمەنم سێ ئارەزووی گەورەم بووبێ بەدڵنیاییەوە، یەکیان هەمیشە دیتنی تیمی فوتباڵی کوردستان بەسەرکەوتوویی لەئاستە نێونەتەوەییەکاندا بووە. ئەو هەستە و غروورە پیرۆزەی کە لەکاتی لێدانی مارشی سروودی ئەی ڕەقیب و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە بوارێکی نێونەتەوەیی فوتباڵدا ئینسان هەستی پێدەکا، لەگەڵ هیچ شتێکی دیکە بەراورد ناکرێ و لە گێڕانەوەش نایە.

هەست دەکەم وردەوردە خەریکە سێبەری نەهامەتی لەسەرمان لادەچێ و ئەو ئامانج و ئارەزووە هاوبەشانەی کە ساڵانێکی زۆرە خەونیان پێوە دەبینین خەریکن وەدی بێن. بەرزبوونەوەی مەوجوودییەت و پرسی کورد لە ئاستە باڵاکانی نێونەتەوەیی و دەرکەوتنی کورد وەک یەکەیەکی سیاسی - نەتەوەیی - جوغرافیایی لە مەیدانە بەرزە جیهانییەکاندا بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ ئاواتێکی بێ ئەملاولای ڕەهەندی نەتەوەیی منێکی تاکی کورد بووە کە بەدرێژایی تەمەن خەونی پیرۆزم پێیەوە دیوە و لە هەوڵی دەستەبەر بوونیدا بووم.

بە ڕاشکاوییەوە دەتوانم بڵێم کە حزوور و دەرکەوتنی تیمی فوتباڵی کوردستان لە ئاستێکی باڵای نێونەتەوەیی وەک تۆرنۆمێنتی چەندلایەنەی فەلەستین و سەرکەوتنی غروور خوڵقێنانەی ئەم تیمە لە کێبەرکێ لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتانێکدا لە ساڵانێکی گەلێک دوور و درێژتر خاوەنی سەربەخۆیی و سەروەریی کیانی خۆیانن، لەڕاستیدا بۆهەر تاکێکی کورد وەک مرۆڤ و کورد وەک نەتەوەیەکی زیندوو کە ساڵانێکی زۆرە لە پێناو مافە ڕەواکانی خۆیدا خەبات دەکات، گرینگییەکی کەسایەتیی خوڵقێنانەی کەم وێنەی هەیە کە دەتوانێ کاریگەریی ڕاستەوخۆی پۆزەتیڤی لە بواری بایەخی دەروونی کورد وەک نەتەوەیەک بووە کە بەتایبەت بە درێژایی مێژووی خۆی حاشای لێ کراوە. ئێستا کە لە زۆربەک لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان باس و بەرز کردنەوەی هێمای کوردی وەک ئاڵا و سروودی نەتەوەیی لە لایەن دەوڵەتە داگیرکراوەکانی کوردستانەوە پێشی پێ دەگیرێ، زۆر گرینگە کە لە وڵاتێکی دیکەی دوور لە کوردستان بە لوتفی حکوومەتی هەرێمی کوردسانەوە لە باشووری کوردستان، تیمی فوتباڵی هەڵبژاردەی کوردستان لە تۆرنۆمێنتێکی ڕەسمی نێونەتەوەییدا لە وڵاتی فەلەستین لە بەرامبەر تیمی وڵاتانێکی خاوەن پێگەی جیهانیدا بە سەرکەوتوویی دەردەکەوێ و غروورێکی شایانی نەتەوەیی بۆ کورد لەهەر شوێنێکی دنیادا بەدی دێنێ. ئیتر مەجبوور نیم لە مەیدانە جیهانییەکانی فوتباڵ دا بەهۆی ئەوەی کە

بۆخۆم وەک کورد خاوەنی تیمێکی هەڵبژاردەی فوتباڵ نیم لایەنگری لە وڵاتێکی دیکە بکەم، بەڵکوو منیش وەک هەموو خەڵکی دیکەی دنیا خاوەنی شوناسی نەتەوەیی - وەرزشیی خۆمم و بە سەرکەوتن یان شکستی تیمی فوتباڵەکەی خۆم خۆشحاڵ یان دڵگران دەبم. لەم ڕۆژانەی دواییدا کە یاریی هەڵبژاردەی کوردستان لەگەڵ مۆریتانیا و ئەندۆنێزیام دەدیت بە شێوەیەکی ناخودئاگا وەبیر ئەم شێعری «ئاوات»ی مامۆستا ئاسۆ کەوتمەوە!

*بڵێی خوداعومرم بدا*

*لە مەیدانێکی گەورەدا*

*یاری تۆپێنی دونیا بێ!*

*تیمی کوردستان ببینم*

*کراسێکی سوور و جوانی لە بەردا بێ!!؟*

*ئیدی ئەو کات زۆر پیریش بم*

*نەخۆشیش بم قەت قەت مەم بەن بۆ کن تەبیب*

*ئەلەمم تێدا نامێنێ*

*بەو شەرت منیش لە گەڵ ئەوان بخوێنمەوە*

*سروودی بەرزی ئەی ڕەقیب!!*

**لە ژمارە ٥٨٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.**

**٢١ی مای ٢٠١٢**

---

## نامەکانی پێشمەرگەیەک

«نامەکانی پێشمەرگەیەک» ناونیشانی کتێبێکی بایەخدار و جێی سەرنجی هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویستم کاک مۆحسین خالیدی یە، کە چ لە بواری سیاسی و مێژووییەوە و چ لە بواری ئەدەبییشەوە هەڵگری پێگە و کۆمەڵێک

تایبەتمەندیی بەرزی نووسینە کە خوێنەری ئەم کتێبە تەنانەت بێ ئەوەی بشزانێ بە شێوەیەکی سیحراوی و ئیستحالەیی بە شوێن خۆیدا رادەکێشێ و لەگەڵ خۆی دەیبات. دەیباتە نێو قووڵاییەکانی بەشێک لە مێژووی پڕ لە شانازیی سیاسی و ئەدەبیی ئێمەی کوردەوە کە رەنگە بۆ کەسێکی وەک منی لاوی ئێستایی زۆر ئاشنا و هەست پێکراویش نەبێ. کەچی بە جۆرێکی یەکجار سەرسوڕهێنەرانەی تایبەتی پڕ لە واتاوە دڵ و هزری خوێنەری خۆی وا لە خۆیدا دەخەملێنێ کە خۆی وەک بەشێک لەو دەقە بزانێ و خۆی تێدا ببینێتەوە. هونەری بەرزی ئێستاتیکای نووسین و ناوەڕۆکی پڕ لە جوانی و دەوڵەمەندی نێوئاخنی رستەکانی ئەم کتێبە کەسایەتییەکی بێ وێنەی دەقێکی تێکهەڵکێش کراوی پرسی نەتەوەیی و خەبات و ئەدەبی بەرەنگاریی پێ بەخشیوە. رەنگە زۆرێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی سالآنی سەختی خەبات و رێبوارانی رێگای ئازادی و رزگاریی کوردستان کارێکی لەم چەشنەیان کردبێ و بیرەوەرییەکانیان نووسیبێتەوە و بەش بە حاڵی خۆیان سەرکەوتووش بووبن، کەچی رەهەندی نووسەر بوون و هۆگری بە ئەدەبیاتەوەی مۆحسین خالیدی وەک نووسەری ئەم دەقانە بوارێکی بەهێزتر و پڕ لە جوانی و سەرنج راکێشانەتری بە کتێبەکە بەخشیوە. کۆی ٢٧ نامە و دەقێکی ئەدەبیی دیکە بەناوی «شەو نییە خەونت پێوە نەبینم» نێوئاخنی گشتیی ئەم کتێبە بەنرخە پێک دێنن، کە هەرکامەیان بەشێک یان بڕگەیەک لە رەنگدانەوەی شەقەی شاباڵی خەیاڵی سەردەمانێکی ژیانی پێشمەرگەیەکی نووسەرن، کە لەسەر بەرزترین شاخەکانی وڵاتەوە سەیری ئاواتی نیشتمانەکەی لە نێو دڵدا دەنەخشێنێ.

پێشمەرگەیەکی تێکەڵاو لە تووڕەیی و ئەوین، لە خاک و خۆشەویستەکەی، لە خۆزیا و گڕ. پێشمەرگەیەک کە پێنووس چەکەکەی دەلاوێنێتەوە و نووسەرێک کە ژیلەمۆی وشەکانی لە تفەنگەکەیدا گڕ دەگرێ. نامە بە نامەی ئەم کۆنامەیەی کتێبە ئاوێتەیەکی ورد و شاعیرانە و ئیستاتیکن لە خۆشەویستیی نیشتمان و مرۆڤ، لە دڵەخورپەکانی مرۆڤ بۆ رزگاری و ئازادی، لە باوەشی نیشتمانێکی بەرین بۆ ریسالەتی ئەوین. ئیتر ئەستەمترین چیاکان و پڕ ئێشترین زامەکانیش لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجی مەزندا، واتایەکی ئارام بەخشانە و باوەڕمەندانە دەبەخشن و هەمووی روو لە جوانی دەکەن. ئەوەی هەیە و پێناسەی چوارچێوە دەگرێ، ژیانە و تەنانەت مردنیش وەک بەشێک لە ژیان دەنوێنێ. لە توێی ئەم نووسراوانەدا خۆشەویستیی نیشتمان و مرۆڤ بەتایبەت وێنای پیرۆزی دڵداری بە جۆرێک بە یەکەوە بەستراونەتەوە و گرێدراوی یەکترین، کە زۆرجار لێک جیاکردنەوەیان کارێکی یەکجار ئەستەمە و واتایەکی وەک یەک دەگرن.

ئەم نامانە تەنیا نامەیەکی لاوێکی پێشمەرگەی کورد نین کە هەواڵی بڕگەیەکی ژیانی خۆی بە دڵدارەکەی

بگەیەنێ، بەڵکوو مێژووی ساتەوەختەکانی ژیانی نەتەوەیەکی زیندووشن کە رۆڵەکانی بە ئەمەگ و بەرپرسیارەتییەوە لە نێو مەیدانی خەباتدا زامەکانیان دەلاوێننەوە و گۆرانیی ئارەزوو دەچڕن. «نامەکانی پێشمەرگەیەک، بیرەوەری و راستیی ژیانی زۆر لەو لاوانەیە کە زۆربەی کاتەکانی تەمەنی گەنجیی خۆیان لە پێناو پاراستنی گەورەیی نەتەوەیی کورد و بەدەستهێنانی مافی رەوای میللەتەکەیان، ژیانی پارتیزانی (پێشمەرگایەتی) لە شاخیان هەڵبژارد. هەڵبژاردنێک کە بێ شک حەزێکی کاتی نەبوو، حەزێک تێکەڵاو بە هەست و عەقڵانییەتێک کە پێشەشکردنی گیانی تەنیا دیاریی راستەقینەی بوو. ئەم نامانە قسەی زۆر لەو پێشمەرگە لاوانەیە کە نوقمی دەریای ئەوینی نیشتمان و یارن».

بەستێنی گشتیی ئەم نامانە بە گشتی لە چوارچێوەی پەخشانی ئەدەبیدا خۆی دەدۆزێتەوە کە تێمێکی جوانیناسانەی شێعری بە سەریدا زاڵە و کەڵکێکی باشی تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی چیرۆک نووسیشی تێدایە.
نامەکانی پێشمەرگەیەک، لەگەڵ ئەوەیدا کە بە نموونەیەکی سەرکەوتوو لە بواری پەخشاننووسیی ئەدەبیی کوردیدا دەژمێردرێ، لە هەمان کاتیشدا نموودارێکی شایان و جوان لە رەوایی کەڵکەڵە و رەهەندە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤی بەتایبەت لاوی پێشمەرگەی کورد لە سەردەمی خەباتی چەکدارانەی شاخ لە چوارچێوەی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستاندا نیشان دەدات. ئەم کتێبە بەرهەمێکی یەکجار بە نرخە بۆ ئەوەی لاوانی ئێستای کوردستان بیخوێننەوە و زەرفییەتێکی باش و گونجاویشی بۆ وەرگێڕان بە زمانەکانی دیکە بەتایبەت فارسی و تێگەیشتنی نەتەوەکانی دیکە لە ئێمە و خەباتی رەوای ئێمەی کورد، هەیە.

خەمڕەوێنەکەم

لەسەر نامەی ئەمجارەم دڵۆپێک خوێنت بۆ دەنێرم. ئەوە خوێنی جەستەمە کە بەڵێننامەی گیانفدایی لە رێی کوردستانی پێ مۆر دەکەم. پەیمانێکیشە لەگەڵ تۆ کە تا دوادڵۆپی خوێنم، کۆتری یادت لە هێلانەی دڵم دەرنەکەم. ئەوە عەهدێکە بە تۆ و نیشتمانی دەدەم کە تا ئەو رۆژەی میری هەناسەم کۆشکی دڵم بەجێ دێڵێ، یادی ئێوە بکەمە مەشخەڵی رووناکی ژیان.

ئێستا کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، ئازاری برینێکی شیرین جەستەمی داگرتوە. برینێک کە وەک شلێرە لەسەر جەستەم رواوە و کوێستانی هیممەتمی رازاندووەتەوە. ئێستا هەست دەکەم کە کوردستانی دایک منی بە رۆڵەی خۆی

وەرگرتوە و بۆ سارێژی برینەکەم لایە لایەی سەربەستیم بۆ دەڵێ. بەڵێ، من بریندار بووم.

پێرێ شەو یاوەرانی هەڵۆ لە گوندەکەی سەر جادە هەواڵیان پێداین کە کەمتیارەکان دەیانەوێ بە پێ دزە بەرژێنی پاراستنمان ببەزێنن و هەواری پڕ گوڵ و ریحانەمان داگیر بکەن. کە فەرماندە هاواری کرد، پلینگ ئاسا داوێن و دۆڵ و لووتکەی هەوارمان لە ئامێز گرت. زەوی لە ژێر پێی پێشمەرگەدا دەلەرییەوە. بورکانی تۆڵە تەقیەوە و ئاگرمان لە جەستەی نەیاران بەردا. لێرە نەبووی تا بینی چۆن گزنگی ئاگرینی چەکی پێشمەرگە، شەختە و سەهۆڵبەندانی جەستەی چەقەڵ و رێوییەکانی دەتواندەوە. چاوت لێ نەبوو کە چۆن بارانی گوللەی کوڕانی چیا، لافاو ئاسا، جەستەی دوژمنی بە تاشەبەردی شاخدا دەدا. نەتبینی کە چۆن گەردەلوولی رقی هەناسەی شاخ، کۆشکی خەیاڵیی کەمتیارەکانی رادەماڵی و وەک گەڵای پاییز لاشەیانی یەک بە یەک دەوەراند.
ئێمەش بە ئاهەنگی قرمژنی گوللە، لە گۆڕەپانی (سەربەرزی)دا، سەرچۆپی مردن بۆ ژیانمان گرتبووە دەست و خوێنی خۆمان دەکردە شاباشی باڵای بەرزی کوردستان. ئەو ئاهەنگە بۆ ئێمە شایی و گۆڤەند بوو، بۆ دوژمنیش سمفۆنیای مەرگ.

لە گەرمای هەڵپەڕیندا، ئازارێک گیانی داگیر کردم و چاوم لە خوێنم بوو کە لۆزەوی دەبوو. لە پەنای بەردێکدا دانیشتم. هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی. بۆنی باروت و دووکەڵیش نەیتوانیبوو، بەرامەی هەڵاڵە و بەیبوونی کوێستانەکەمان بزر بکات. سەیری شاخەکەم کرد، روو لە من پێدەکەنی. لە دارێکم روانی، هاتبووە سەما، چاوم لە ئاسمان بڕی، هەتاویش خوێنی لێدەتکا. کە لە دوژمن ورد بوومەوە، چۆکی دادابوو، پشتی شکا.

«ئای چەند شیرینە ئازارێک کە لە پێناو مەبەستێکدا دەیچێژی. هەرگیز ئەو ساتانەم لە بیر ناچێ کە لە بن ئەو بەردە، لە گەرمەی شەڕ و بارانی ئاگر، ئەسپی خەیاڵم بەرەو باخی یادی تۆ تاو دا. کە پێتگەیشتم دەستت لە سەر برینەکەم دانا و خوێنەکەت لە روخسارت دا و گوتت «بە خوێنی تۆ رووم سوور دەکەم بۆ ئەوەی روو سوورترین کچی ئەم دنیایە بم» لە بیرمە، پەلکە ریحانەکەی ناو دەستت بە فرمێسک تەڕ کرد و لەسەر برینەکەمت دانا. ئازارەکەم وردە وردە کەم بووەوە. خەونووچکەیەک بردمییەوە». گوێم لێبوو بە هێمنی پێت وتم «هەستە بڕۆ، پۆلە هەڵۆکانی هاورێت چاوەڕێتن. مەهێڵە سووکەبرینێک بارانی گوللەت وشک بکات». کە وەخۆم هاتمەوە، دیتم چەکەکەم بە دیارمەوە هەڵکوڕماوە و بە خەمباری لێم دەڕوانێ. لە بن بەردەکەش پەپوولەیەک بە ماتی چاوی تێبڕیبووم.

پەنجە خوێناوییەکەم هێنایە بەرچاوم. وێنەی یارانی شەهیدم بە بەر چاوما تێپەڕ دەبوون. وەبیر فرمێسکی هەزاران دایک و باوکی رۆڵەکوژراو و منداڵی هەتیو کەوتمەوە. دیمەنی سووتانی سەدان گوندی وڵاتەکەم لەبەر دیدەم رێچکەیان بەست. هەستم بە بۆکرووزی جەرگی هەڵقرچاوی هەزاران بووکی کۆستکەوتوو کرد. وەبیر خۆم هێنایەوە کە (هەڵۆ لە ئاسماندا نەبێ نامرێ). هاتمە سەر چۆک. دیتم پەپوولەکەش باڵی دەبزوێ و گەش گەش لێم دەڕوانێ. دەستە ساخەکەم بۆ لای کلاشینکۆفەکەم برد. هەڵمگرت، ماچم کرد و ئەویش لە ناو دەستی من و لە مەتەرێزی پارێزگاری لە سەربەستی، قاقا پێدەکەنی. ئەوەندەم دی لەبەر دەمم گەڵای وشکی نەیارانمان هەڵدەوەرین. لەو لاتریش هەڵۆکان هەڵدەفڕین و پڕ بە باڵای کوردستان هاواریان دەکرد «من پێشمەرگەی کوردستانم. ئامادەی جەرگەی مەیدانم».

٢١ی مای ٢٠١٢

---

## ئەدەبیاتی منداڵان، وەک بنەمایەکی کەسایەتی خوڵقێن

«فرۆید» دەڵێ بەشی زۆری کەسایەتیی هەر تاکێک لە تەمەنی منداڵیدا بە تایبەت تا ٦ ساڵی دروست دەبێ. بەم پێیە چونیەتیی پەروەردەی منداڵان لە نێو خێزان و پاشانیش لە کۆمەڵگەدا گرینگییەکی زێدەی هەیە. منداڵ بە هۆی ئەو پێکهاتە گشتی و تایبەتەی هەیەتی و لەبەر ئەوەی هەر شتێکی لە دەوروبەریدا دەیبینێ و هەستی پێ دەکا بۆی تازەیی هەیە و مەیلێکی فێربوون و ناسینی زێدەی هەیە بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەرانەوە بەرەوڕووی دیاردە جۆراوجۆرەکان دەبێتەوە و حەز دەکا بە گوێرەی تواناییەکانی خۆی جیهانی دەورووبەری بناسێ و لە شتەکان رادەمێنێ. لەبەر ئەوەش چییەتی و چۆنیەتیی پەروەردە و فێرکارییەکانی ئێمە دەتوانێ دەورێکی باڵا و حاشاهەڵنەگر لە بواری دارشتەی کەسایەتی و جۆری بیرکردنەوەکانی ئەو لە داهاتوودا بگێڕێ.

لە کۆمەڵگە زیندوو و پێگەیشتووەکانی ئەمڕۆدا بابەتی پەروەردەی منداڵان دەورێکی گرینگی لە سیستمی پەروەردەیی و پێگەیاندنی نەوەکانی داهاتوودا هەیە و هەوڵ دەدرێ لە باشترین ئامراز و بەستێن و تێبینییەکان لەم بوارە هەستیارەدا کەڵک وەرگیرێ.

لەم نێوەدا ئەدەبیات، چ وێژەیی و چ نووسراوەیی، دەور و کاریگەرییەکی بەرچاو و لە ڕادەبەدەری هەیە و کۆمەڵگەکان دەتوانن چاوەدێرییەکی زیاتر و باشتری بواری پەروەردەی منداڵەکانیان واتە نەوەکانی داهاتوویان بکەن و بە شێوازێکی هەست پێکراوانەتر ئەندێشە و کەسایەتیی تاک و کۆمەڵی داهاتوو ڕێنوێنی بکەن و هەم لەم ڕێیەشەوە ئاراستەیەکی گونجاو و باشتر بگرنە بەر و ئاستی گشتیی کۆمەڵگەکان بەرزتر بکەنەوە. ئەدەبی منداڵان لە بوارە هەرە گرینگەکانی ئەدەبیاتە کە بەداخەوە لە وڵاتانێکی وەک ئێمە و جیهانی سێیەمییدا ئاوڕێکی کەمتری لێ دراوەتەوە.

### *گرینگیی قۆناغی منداڵی بە ڕادەیەکە کە هەندێک لە بیرمەندان دەڵێن:*

چارەنووسی دوایی کۆمەڵگەکان بەم جۆرە دەبێ کە کەسایەتییەکانیان لە منداڵیدا ژیاون. لە ڕاستیدا هەر ئەو لایە لایەیەی دایکان بۆ منداڵە ساواکانیانی دەکەن بە بەشێکی گرینگی ئەدەبیاتی وێژەیی منداڵان دادەنرێ کە لە چۆنیەتیی پەروەردەی منداڵدا دەتوانێ دەورێکی یەکجار کاریگەر و هەستیاری هەبێ. هەروەها لەگەڵ هەندێک گەورەتر بوونی منداڵدا ئەو حەقایەت و گۆرانی و بەیت و لاوکە فولکلۆرییانەی کە ریشەی لە مێژووی گەلاندا هەیە دەتوانێ دەورێکی بەرچاوی لەم بەستێنەدا هەبێ کە لە نەوەی کۆنەوە و زیاتر لە ڕێی سینە بە سینەوە بە نەوەکانی نوێتر دەگەن. ئەفسانە و دەوری ئۆستوورە و قارەمان و پاڵەوانە مێژووییەکانی کۆن باندۆرێکی خەست و جێگیرانەی لە ناخودئاگای بیر و زەینی منداڵدا دەبێ کە ڕەهەندێکی بەربڵاو و پێناسەکراوی دارێژرا و بە جیهان بینییەکانی منداڵ دەبەخشێ. ئەو نەتەوە و کۆمەڵانەی کە بیرێکی درێژخایەنتریان بۆ سەروەری و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان هەیە بە وردی و سەرنجێکی زۆر تایبەت و هەستیارانەترەوە لە چۆنیەتیی پەروەردە و ئەدەبیاتی منداڵانەیان دەکۆڵنەوە و بە پەرۆشەوە کاری بۆ دەکەن. شێعر و چیرۆکی منداڵان بەشێکی هەرە گرینگی ئەدەبی منداڵان و لە هەمان کاتیشدا ئەدەبیاتی نەتەوەکان پێک دێنن. کۆمەڵگە دەتوانێ لە ڕێی ئەدەبی منداڵانەوە و لە کارکردنی سیستمێکی پەروەردەیی گونجاو و بەرەو پێش و سەردەمیانە بۆ منداڵان بە جۆرێک لە جۆرەکان و بە کەمترین تێچووی مادی و ئینسانییەوە داهاتوویەکی هەراو و ڕووناکتر بۆ خۆی پێشبینی بکا و ئارەزوومەندانەتر هەنگاوەکانی لە ڕێبازی داهاتوودا هەڵبێنێتەوە.

بیرمەندێکی یۆنانی بەناوی «یوهان ئاموس کۆمێنوس» کە بە باوکی پەروەردەی نوێ لە دنیادا بە ناوبانگە بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٦٢٨ی زایینی دا کتێبێکی بەناوی «فێرگەی منداڵان» دەرکرد و گرینگایەتی و پێویستیی

بواری پەروەردە و فێرکاریی منداڵانی لە نێو کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا هەرچی زیاتر دەرخست. ڕەنگە یەکەم کتێبێک کە تایبەت بۆ منداڵان نووسرا و بۆوان بوو بەرهەمەکەی «جێمزجانی وێی»١٦٧١ بە ناوی «یادگاری بۆ منداڵان» بوو کە بە نۆبەی خۆی دەور و کاریگەرییەکی زۆری لە مێژووی ئەدەبیاتی منداڵاندا گێڕاوە و ڕەوتێکی باشیشی لە دوای خۆیەوە دروست کرد. جیا لەوانەش هەندێک کتێب و بابەتی دیکە لەم بوارەدا دەرچوون کەچی هیچکام لەوانە بە شێوەیەکی پڕ و تەواو نوێنەرایەتیی ئەدەبی منداڵان ناکەن و تەنیا دەتوانین بڵێین کە چەخماخەگەلێکی باش و دەستپێشخەرانە بوون.

لە ڕاستیدا چەمکی ئەدەبیاتی منداڵان بە شێوازە ئەمڕۆییەکەی لە دوای کۆمەڵە چیرۆکەکانی «هانس کریستین ئەندێرسۆن»ەوە کە بە باوکی ئەدەبیاتی منداڵان بەناوبانگە، هاتە نێو مەیدانی ئەدەبیاتەوە و وەک بوارێکی تایبەت و تا ڕادەیەکی زۆریش سەربەخۆ و خاوەنی تایبەتمەندی و پێناسەی دیاریکراوی خۆیەوە دەرکەوت.

دوای تەواو بوونی شەڕی دوویەمی جیهانی و ئەو بارودۆخە تایبەتەی کە لە ئاستی دنیادا پێک هات و بەتایبەت لەلایەن ئەو وڵات و نەتەوانەی کە بە سەربەخۆیی و ڕزگاری گەیشتن، جۆرێک لە شێوە ڕوانینێکی نوێ سەبارەت بە هونەر و ئەدەبی منداڵان دروست بوو و هەرکام لە وڵاتانی جیهان هەوڵیان دا کە ئاوڕێکی جیددیتر لە مەسەلەی هونەر و ئەدەبیاتی منداڵان بدەنەوە و بە شێوازێکی گونجاو و مرۆڤانەترەوە کار لە سەر ئەم بەشە گرینگەی بواری پەروەردە و فێرکاریی نەوەکانی داهاتوویان بکەن. هەر بۆیەش گرینگایەتییەکی تایبەتتر لە جارانی پێ دراو هەنگاوی جیددیتر بۆ هەڵێنرایەوە. بەتایبەت لە وڵاتانێکی وەک ئامریکا، ژاپۆن، کۆریای باشوور، ئافریقای باشوور و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوایی هەوڵێکی ماندوونەناسانەی بەبیری بێ پسانەوە دەستی پێکرد و لە درێژەی پرۆسەیەکی درێژخایەنی گەلاڵە داڕێژراودا بەرهەمی ئەم نەمامانەی کە لە باخچەی منداڵەکانیاندا چاندبوویانن وەک سەروەریی نەتەوەیی و پێشکەوتوویی وڵات هەڵیانگرتنەوە.

بەداخەوە لە کوردستانی ئێمەدا بە هەموو بەشەکانیشییەوە بەهۆی هەلومەرجی تایبەت و تا ڕادەیەکیش کەمتەرخەمیی خۆمانەوە گرینگییەکی ئەوتۆ بە بواری ئەدەبیاتی منداڵان نەدراوە و تا ئێستاش ئاوڕێکی جیددیی لێ نەدراوەتەوە. هەڵبەت دیارە کە کەم تا کورتێک کۆمەڵێک کاری بەرچاو و جێی سەرنجیش کراوە و تا ڕادەیەک بۆشاییەکەش پڕ بۆتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بوارە زۆر لەوانە زیاتری پێدەوێ و دەبێ کاری زیاتری بۆ بکرێ. بەشێکی زۆر لەو کارانەی کە تا ئێستا کراون زیاتر سەلیقەیین و ئەو سوودە پێویستەی کە دەبێ، نایگەیەنن. هەر

بۆیەش پێویستە بە دەیان کاری لێکۆڵینەوەیی و کۆنفرانسی زانستییانەی بۆ بگیرێ و تواناکان و هەوڵەکانیش وەسەریەک بخرێنەوە و ئاراستەیەکی هاوتەریبی پێ ببەخشرێ. هەروەها لە سیستمی پەروەردە و لە رێی راگەیەنەکانیشەوە بە باشترین شێوەی مومکین کەڵک وەرگرین و وانەی ژیان و سەروەری بۆ نەوەکانی داهاتوومان بڵێینەوە. پێویستە منداڵەکانمان فێری ئەوە بکەین کە جیهانیانە بیر بکەنەوە و کوردستانیانە کار بکەن.

سەرچاوەکان:


١- مەسعوود کەوسەری، رامانێک لە کۆمەڵناسیی ئەدەبیاتدا

٢- بەنەفشە حیجازی، ئەدەبیاتی منداڵان و مێرمنداڵان


لە ژمارە ٥٨٤ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٥ی جوونی ٢٠١٢

---

## دەوری رێکخراوە مەدەنییەکان لە دێموکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگەی کوردستاندا

وێدەچێ کاتێک کە ئەفلاتوون بۆ یەکەم جار بە مەبەستی وڵامدانەوەی پرسیارە بە ناوبانگەکەی «کێ دەبێ حکوومەت بکا؟»، چەمکی دێموکراسیی بە شێوەیەکی داڕێژراو و پێناسەکراوی تایبەت وەک هاوکێشەیەکی سیاسی هێنایە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی جیهانەوە، هەرگیز بیریشی لەوە نەکردبێتەوە کە خودی تەرحی ئەو پرسیارە و ئەو وڵامە جۆراوجۆرانەی کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی پێی دەدرێتەوە دەتوانێ چ کارەساتەگەلێکی ترسناک بەرهەم بێنێ. لە راستیدا ئەفلاتوون بە هێنانە گۆڕێی ئەم هاوکێشەیە و هەوڵ بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی گونجاو و شایان کە بە دێموکراسیی ناساند، ویستی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە هەرچی کۆت و بەندە رزگار بکا و بەرەو دنیای هەراوی خۆشبەختی رێنوێنیی بکا. کەچی لە حەقیقەتدا خودی ئەم هاوکێشەیە لە دەروونی خۆیدا هەڵگری گەورەترین و ئاڵۆزترین گرێ و گۆڵە سیاسییەکان بوو و لە راستیدا تەنیا دەمامکێکی شارستانیانە و

پاساودەرانەی لەبەر زۆربەی دیکتاتۆرەکانی دنیا کرد.

زۆربەی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکانی دنیا کە کاتی خۆی وەک هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن لەپێناوی وڵامی ئەم پرسیارەدا تەنانەت خەباتیشیان لەدژی ستەمکاران کردوە و لە کانالی چارەسەری ئەم هاوکێشەوە بە دەسەڵات گەیشتوون، چونکە خۆیان لەم پانتاییەدا پێناسە کردۆتەوە و لەم چوارچێوەیەشدا لە دیموکراسی گەڕاون، هەر لە بنەڕەتدا بە هەڵە چوون و لە ڕاستیدا بە دەرئەنجامێکی جیا لە ئامانجە پیرۆزەکانیان گەیشتوون. ڕاستییەکەی چونکە ئەم تێڕوانینە ڕوانگەیەکی لە سەرەوە بۆ خوارەوەی هەیە و پێی وایە کێشە گشتی و سەرەکییەکانی کۆمەڵگە لە ڕێی حکوومەتەوە چارەسەر دەبێ و هەموو شتێک لە ڕوانگەی ئیرادەی دەروەستی هێزی دەسەڵاتەوە سەیر دەکا هەر بۆیەش دەلەنگێ و کە سەیر دەکەین بە درێژایی مێژوو بەگشتی ئاکامێکی پێچەوانەی لێ کەوتۆتەوە. نموونەی دەسەڵاتە ئیسلامی و سوسیالیستییەکان و...!

لە ڕاستیدا لەو کێشە گەورانەی کە لەم جۆرە نیزام و سیستمانەدا دێتە پێشێ ئەوەیە کە دەسەڵاتی نوێ بە پێی ئەو شەرعییەتەی لە شۆڕش و جەماوەری شوێنکەوتوویەوە وەریدەگرێ دەیەوەێ پێکهاتەی گشتیی وڵات و کۆمەڵگە بە هەموو دیاردەکانییەوە لە سەرەڕاوە پێناسە بکاتەوە و لێرەدایە کە زەربەیەکی وەحشەتناک لە پەیکەرەی ڕێکخراو و NGO جەماوەرییەکان کە دەبێ پردی نێوان جەماوەر و دەسەڵات و لەمپەری بەر سەرەڕۆییەکانی دەسەڵات بن، دەکەوێ. ئەگەر لە دیموکراسیی کلاسیکدا هەڵبژاردن دەوری شەرعییەتدان بە هێزێکی پاوانخوازی نابەرپرسیارە کەچی لە دیموکراسیی نوێدا هەڵبژاردن ڕێک لە ڕاستای هاتنە سەرکاری هێزی خزمەتگوزار و بەرپرسیاری وڵات دایە. لەواقیعدا دیموکراسی بەر لەوەی کە قەوارەیەکی سیاسیی دیاریکراو بێ بۆ بەڕێوەبردنی وڵات زیاتر جۆرێک لە فەرهەنگی سیاسیی تایبەتە کە چۆنییەتی پێوەندیی نێوان کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ یەکتر و هەروەها لەگەڵ دەسەڵات دیاری دەکا و بەستێنێکە کە چەمکە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی تێدا پێناسە دەکرێ و پێناسە دەکرێتەوە.

لە کۆمەڵگەیەکی دیموکرات یان لانی کەم کۆمەڵگەیەک کە بەرەو دیموکراسی دەچێ و کەڵکەڵەی دیموکراسیی هەیە، دەور و کاریگەریی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و NGO جۆراوجۆرەکان شتێکی حاشاهەڵنەگرە و هەرگیز نابێ بە بیانووی دیکتاتۆربوونی دەسەڵاتی زاڵ وەپاش گوێ بخرێن و لە دەور و بایەخی ڕاستەقینەیان کەم بکرێتەوە. لە بنەڕەتدا بوونی ڕێکخراوە و NGO کان لەنێو کۆمەڵگەیەکدا هەوڵێکی دیموکراتیکی گرووپ و ئەتنیکە

جۆراوجۆرەکانە بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی کرداری نادێموکراتیکی دەسەڵات. کەوایە زەروورەتی هەبوونی ئەم دامەزراوانە لە چوارچێوەی حکوومەتێکی نابەرپرسیاردا زیاترە و کەمتر نییە. لە ڕاستیدا پڕۆژەی دێموکراتیزاسیۆن و کرانەوەی کۆمەڵگە جیاوازەکان هەرگیز نابێ بۆ کاتی بە دەسەڵات گەیشتنی هێزێکی دێموکرات و بەرپرسیار دوا بخرێتەوە و تەنیا لە رووە سیاسییە تاک رەهەندییەکەیەوە سەیر بکرێ. بەتایبەت بە نیسبەت کوردستانەوە کە پرسی هەرە سەرەکیی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەر لە هەموو شتێک بابەتێکی نەتەوەیی‌یە و لە خزمەتی چارەسەریی کێشەی نەتەوەیی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی زاڵی ئێراندایە، رێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان بەتایبەت لە نێوخۆی وڵاتدا دەتوانن دەورێکی سەرەکی و گرینگ لەم بەستێنەدا بگێڕن و بارێکی قورس لەسەر شانی پارت و هێزی سیاسیی کوردستان لە بەرەورووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەر سووک بکەن. ئینجا ئەم رێکخراوە و NGO یانە دەتوانن بە تێکۆشانی خۆیان لەم بەستێنەدا فەزایەکی دێموکرات و بەرپرسیارانەتر لە داهاتووی کوردستاندا وەدی بێنن و پێشی سەرەڕۆیی و بە دیکتاتۆر بوونی هێزە سیاسییەکانی کوردیش بگرن. ئەوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و رێکخراوەکانی ژنان و ... لەنێوخۆی کوردستاندا کردوویانە بایەخێکی زۆری هەیە و لە پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆنی رۆژهەڵاتی کوردستان چ لە ئێستا و چ لە داهاتوودا جێی رێز و پێزانینی گشتی‌یە.

لە ژمارە ٥٨٥ رۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

٢١ی جوونی ٢٠١٢

---

## زمان... ئەدەبیات... وەرگێران

ئەدەبیات، یەکێک لەو چەمکە مەعریفییە گرینگانەیە کە دەتوانێ نموداریکی شایستە لە بوون و شوناس و کەڵکەڵە دەروونی و هزرییەکانی تاک و کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان بە دەستەوە بدا. لە رێی ئەدەبیاتەوە دەتوانین لەگەڵ راستەقینەکانی ژیان و ئەندیشە و باوەڕەکانی مرۆڤ ئاشنا بین و خۆزگە و خولیاکانی بناسین.

ئەدەبیات بەستێنێکی سادقانەیە کە مرۆڤ لە نێو جیهانی دەوروبەریدا دەنرخێنی و جیهانی مرۆڤی تێدا دەدرەوشێتەوە. بەتایبەت بۆ ناسین و پەی بردن بە قووڵاییەکانی دەروون و حەقیقەتی مرۆڤە جۆراوجۆرەکان و کۆمەڵ و نەتەوە جیاوازەکانیش، هونەر و ئەدەبیات دەتوانن سەرەکیترین و گونجاوترین ئامرازی یارمەتیدەر بن و دەوری ئاوێنەیەکی باڵا نوێنی لەم بەستێنەدا هەبێ.

بەم پێیەی هونەر توانایی مانەوەی هەیە و لە باوەشی مێژوو دا دەمێنێتەوە،مرۆڤ بەردەوام هەوڵی داوە کەڵکی شایانی لێ وەرگرێ و بۆ هێشتنەوە و ماندگاری خۆی، چ وەک تاک و چ کۆمەڵ، لە بەستێنی مێژوودا بەکاری بێنی و پێناسەیەکی بەردەوام و هەرمانی تر لە خود و باوەڕەکانی بۆ ئایندەی جیهان و مرۆڤایەتی بێڵێتەوە. هونەر، ئەدەبیات، بەتایبەت شێعر غینایی ترین و لەهەمان کاتیشدا سادەقانەترین بەستێنێکن کە مرۆڤ دەتوانێ خۆی تێدا ببینێتەوە و حەقیقەتی فەلسەفەی وجودی تێدا بنوێنی. هەر بۆیەش بە درێژایی مێژوو مرۆڤەکان وەک خولیا و نەتەوەکان وەک پرۆژە گرینگییەکی زێدەیان بە بواری هونەر و ئەدەبیات داوە و هەوڵیان داوە کە بە باشترین شێوەکانی مومکین لە پێناوی دەرکەوتن و ماندگاری خۆیانەوە کەڵکی شایانی لێ وەرگرن.

لەو نێوەدا کاتێک کە پانتایی ژیان و کارکردی کاریگەرییەکان چوارچێوەی خود و بازنە خۆماڵییەکان تێدەپەڕێنێ و فەزایەکی گشتگیرانەتری جیهانیانە بە خۆیەوە دەگرێ، گرینگی چەمکی وەرگێران و گواستنەوەی ئەدەبی هەرچی زیاتر دەردەکەوێ و وەک زەروورەتێکی حاشا هەڵنەگرانەی گرینگ خۆی دەردەخا.

لە راستیدا شێعر و ئەدەبیات لە جۆری ئەم چەشنە هونەرانە نین کە زمانێکی جیهانیانەی هەبێ و شێوەی لێدوانی لەگەڵ گشت مرۆڤایەتی وەک یەک بێ. ئەدەبیات و شێعر بە پێی پێوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ زمان بە گوێرەی کەسی داهێنەر و ئەو زمانەی کەڵکی لێ وەرگرتوە، لە سەرەتاوە شوناسێکی لۆکاڵیانەی تایبەتی ناوچەیی بە خۆوە دەگرێ. کەچی کاتێک کە بیهەوێ سنوورەکانی زەمانی و مەکانی تێپەڕێنێ و لە ئاستە باڵاکانی نێونەتەوەیی جیهانی دەرکەوێ، پێویستیی بە چەمکی وەرگێڕان بە لانی کەمەوە بە چەندێک لە زمانە زیندووەکانی دنیا دەبێ. ئینجا وەرگێڕان دوو بواری گرینگی سەرەکی لە خۆ دەگرێ. وەرگێڕان لە زمانی دیکەوە بۆ زمانی خود،وەرگێڕان لە زمانی خودەوە بۆ زمانی دیکە. لە راستیدا هەر دووی ئەم بوارانە گرینگییەکی زێدەیان هەیەو لە بواری گەشەی فەرهەنگی و مەعریفیدا دەورێکی سەرەکی دەگێڕن.

بەتایبەت لە دنیای گلۆبالی ئێستادا نەتەوە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی ئاشنایی زیاتر لەگەڵ فەرهەنگ و زانستی جیهانی، گەشەی فەرهەنگ و بردنەبانی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگە و قەرەبووکردنەوەی بەشێکی زۆر لە دەستکورتیی کتێبخانەکانی خۆیان لە وەرگێڕان کەڵکێکی زێدە وەردەگرن و تەنانەت بوار و کەرتی تایبەتیشی بۆ دەستەبەر دەکەن. هەروەها بە مەبەستی دەرکەوتنی شایستە و وێنای نموداریکی ئەرێنی لە خۆیان لە ئاستی نێونەتەوەییدا، هەوڵ دەدەن لە گشت ئامراز و کاناڵە جۆراوجۆرەکانی وەرگێران و گواستنەوەی هونەر و ئەدەبیاتی خۆیان بەرووی دنیای دەرەوە کەڵک وەرگرن و لەم رێیەوە خۆدێکی شایان و رازاوە بەرامبەر بە کۆمەڵگەی جیهانی نیشان بدەن. بەدڵنیاییەوە وەرگێڕانی دەقە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت شێعر و ئەدەبیات دەتوانێ پردێکی پێوەندی و لێک تێگەیشتنێکی قووڵتر لە بەستێنی تەبایی و هاوژیانیی نێوان نەتەوە و کۆمەڵگە زمانییە جیاوازەکان لە ئاستی جیهانیدا پێک بێنێ. بەتایبەت بەنیسبەت ئێستای کورد و کۆمەڵگەی کوردستانەوە، وەرگێڕان دەتوانێ دەورێکی گرینگ و یارمەتیدەری لە بواری تێگەیشتنی باشتری ئێمە لە مرۆڤایەتی و جیهانی نێونەتەوەیی و هەروەها دەرک و ناسینی گونجاوتری جیهانی لە ئێمە، هەبێ. هەر ئێستا وەرگێڕان بەشێکی تایبەت و گرینگی ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەکی زمانی لە جیهاندا پێک دێنێ و لایەکی شایانی لێ دەکرێتەوە.

لە ژمارە ٥٨٦ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٨ی جووڵای ٢٠١٢

---

## لە کوێ حەقیقەتمان ون کرد؟

هەتا دوایین پشوو رێبواری رێگەی عیشق و ئازادیم
ئەگەر بێجگەلە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر

نازانم ئەو ئازادییەی «هێمن» دەیلێ و ئەوەی لە دڵی من وایە لەگەڵ کۆبەندەکانی لیبرالیزمی نوێ و ئەوەی

بیرمەندێکی وەکوو «فەرید زەکەریبیا» باسی لێ دەکا، چەندە یەکن و چەندەش جیاوازیان هەیە. کەچی ئەوەی بە تەواوەتی هەستی پێ دەکەم ئەوەیە کە «شاملوو» گوتەنی ئەو چەمکە خود وەها بۆتە دەردێکی هاوبەش لە دەروونی هەمووماندا کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بە شوێنیەوە وێڵ بووین و رەنگە هەتا دنیا بە دنیاشە لە دوورەدیمەنەکانی تراویلکەی خۆزگەمان نەڕەوێتەوە. رەنگە هەر بەو دەلیلە سادەیەی مرۆڤ لە پێناوی خۆی دایە کە تێدەکۆشێ ئەم دوو چەمکە سەرەکییەی خوڵقێنەری کەڵکەڵە باڵا بەرزەکانی ژیان خود هەوێنی پێکهێنەری پێکهاتەی والای مرۆڤ بن. ئەوین و ئازادی، رەنگاڵەی ئەو کۆلکەزێڕینە جوانەی، بۆ منێکی رۆژهەڵاتی، قەت لە خۆزگەی تێر نەبووم و هەرگیز ئارەزووم لێی نەشکا. مرۆڤ ئەگەر لەگەڵ مەدلوولە عەینییەکانی واقعییەتی ژیانیدا دەژی، لە پێناوی مەدلوولە زەینییەکانی حەقیقەتی ژیانیشی تێدەکۆشێ و بۆیان دەژی. مرۆڤ لە دەروونی خۆیدا بوونەوەرێکی باوەڕمەندەو بە باوەڕەکانیەوە دەژی. باوەڕ بە عیشق و ئازادی، حەقیقەتی فەلسەفەی وجودیی مرۆڤ پێک دێنێ.

*حەقیقەت رەهەندی والای ژیان بە بوونی مرۆڤ دەبەخشێ.*

رۆژێک دێ کە مرۆڤ لە دوایین ساتەکانی شەوەزەنگێکی تاریک دا هەموو بوتە گەورە و بچووکەکانی دەوروبەری خۆی دەشکێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ لای خۆی. لەگەڵ فەلسەفەی وجودیی خۆی ئاشنا دەبێتەوە و حەقیقەت دەدوێنێتەوە. بەلاغە و دیالکتیک وەلا دەنێ و چیدی فریو ناخواتەوە. ئەو مرۆڤە بچووکانەی کە وێنایەکی ئەوتۆیان لەو چەمکانە نییە تێک دەڕمێن و لە بووندا خۆ ناگرنەوە. مرۆڤ دەچێتەوە لای زەردەشت و حەقیقەت بڵێسە دەدا. لادانێکی گەورە بەسە بۆوەی مرۆڤ بە سەدان ساڵ لە حەسرەت و خەمدا بژی، بۆوەی مرۆڤ ئاوارە بێ و لەگەڵ خۆشیدا غەریب بێ. هاوڕێیەکم هەبوو دەیگوت هەموو ئەوانەی بەڵێنی بەهەشتیان لە ئاسمان و زەوی دەدا، جەهەننەمیان بەرهەم هێنا. هاوڕێیەکم هەبوو دەیگوت خودا مرد، بۆوەی مرۆڤ ئازاد بژی. نازانم ئەو ئازادییەی «نیچە» دەیڵێ و ئەوەی لە دڵی من دایە، پۆپەڕ چۆنی وێنا دەکا. کەچی ئەوەی بە تەواوەتی هەستی پێ دەکەم حەقیقەتی ئەوینێکە کە تا خوێنی بۆ نەڕژێنم رزگار نابم و تامی ئازادی ناچێژم.

**لە ژمارە ٥٨٩ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.**

**٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٢**

# نەزم و مودیرییەتی نوێی جیهانی؟

لەگەڵ تێکڕووخانی بلۆکی رۆژهەڵات و تەواوبوونی شەڕی سارد لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی جیهان دەستی پێکرد. جیهانی دوو جەمسەری جێگەی خۆیدا بە جیهانی تاک جەمسەری و لیبراڵ دێموکراسیی رۆژئاوایی بە شێوەیەکی بەرفراوان شوێنی ململانێی نێوان راست و چەپ یان سەرمایەداری و کۆمۆنیزمی گرتەوە.

لە سەردەمی شەڕی سارددا وڵاتانی رۆژئاوایی بە مەبەستی پێشگیری کردن لە پەرەئەستاندنی بیری کۆمۆنیستی و بەهێزبوونی بلۆکی رۆژهەڵاتی، هەوڵیان دەدا پشتێنێکی سەوزی ئیسلامی بە دەوری وڵاتانی سۆسیالیستی بەتایبەت یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوودا بکێشن. بەو مانایایە کە بە شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یارمەتیی هەموو ئەو هێزە توندڕەوە ئیسلامییانەیان دەدا کە لە دراوسێیەتیی ئەو وڵاتانەدا دەژیان. مکانیزمی ئەم رێکارەش بەم شێوەیە بوو کە لەم وڵاتانەدا کە هێزە ئیسلامییەکان باڵادەست و دەسەڵاتدارن، هاوپەیمانییەتیان لەگەڵ پێک بێنن و یارمەتیدەری رەوتی بە دیکتاتۆرتربوونیان بن. لە لایەکی دیکەشەوە لەم وڵاتانەشدا کە مۆدێلی حکوومەتییەکەیان عیلمانی‌یە و دەسەڵات لە دەس ئیسلامییەکاندا نییە، یارمەتیدەر و رێگەخۆشکەری بڵاو بوونەوەی هەرچی زیاتری بیر و هزری بناژۆ خوازی (بونیادگەرایی) ئیسلامی و دەسەڵاتخوازیی ئیسلامی سیاسی بن. دیارە ئەم میکانیزمە بوارگەلێکی دیکەشی لە خۆیدا دەگرتەوە، بەڵام ئەوە روویکردە سەرەکییە ئامانجدارەکان بوون. هەمووی ئەوانەش بەر لە هەموو شتێک بۆ پێشگیری لە نفووز و پەل هاویشتنی هزری چەپ و بیری کۆمۆنیستی بۆ قووڵاییەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە و لە ئاکامدا گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی بوون.

لە ئاکامدا هێزە ئیسلامییەکان لەم وڵاتانەدا چ لە پێگەی دەسەڵات و چ وەک رەوتگەلێکی سیاسی بەوپەڕی هێز و توانای خۆیان گەیشتن و بەهێزتر لە پێشوو لە گشت بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و بەتایبەت سیاسیدا بە شێوەیەکی کەم وێنە تەقینەوە و گەشەیان کرد.

وەک دیارە ئایدیۆلۆژییەکان لە هەر هزر و شێوازێکی دیکە پتر زەرفییەت و پتانسیەلی بە دیکتاتۆربوونیان تێدایە و هەر کات کە بۆ زەربەلێدان یان رووخانی سیستمێکی حکوومەتی لە ئامرازی ئایدیۆلۆژی (بەتایبەت ئیسلام و

کۆمۆنیزم) کەڵک وەرگیراوە، ئاسەواری وێرانگەر و کارەساتی ترسناکی لێ کەوتۆتەوە. کەچی بەداخەوە هێز و ئیرادەی سیاسی و حکوومەتەکان کەمتر ئەم ڕاستیانە لەبەر چاو دەگرن و زیاتر بە گوێرەی بەرژەوەندییە کاتییەکانیان دەجووڵێنەوە. لق و پۆپی ڕەهای ئەم پشتیننە سەوزەی کە کاتی خۆی دنیای ڕۆژئاوا بۆ بەربەرەکانی لە دژی پەرەی بلۆکی ڕۆژهەڵات لە وڵاتانی ئیسلامیدا پێکی هێنابوو، دوای ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، ڕێک بەرۆکی خۆی گرتەوە و لە دژی خۆی وەستایەوە.

دوای تەواوبوونی شەڕی سارد و شکستی کۆمۆنیزم لە بەرامبەر سەرمایەداریی ڕۆژئاوایی و تێکڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، ئیتر سیاسەتی دەرەوەی ڕۆژئاوا و لە سەرەوەی هەمووشیانەوە ئەمریکا لە ئاستی جیهانیدا بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانی بەسەردا هات و ئاقارێکی دیکەی پەیدا کرد. دێموکراسیی کلاسیکی ڕۆژئاوایی جێی خۆی بە دێموکراسییەکی مۆدێرن دا، کە تێیدا چەمکگەلێکی وەک ئازادی، مافی مرۆڤ، بازاڕی ئازاد، مافی کەمینە و... لەو پەڕی خۆیاندا درەوشانەوە.

لیبراڵ دێموکراسی جێگەی دێموکراسیی هەڵبژاردنیی گرتەوە و لە هەمووان گرینگتر ئەوە بوو کە سنووری وڵاتانی دێموکراتیکی بەزاند و فەزایەکی نێونەتەوەییانەتری بە خۆوە گرت. پڕ دیارە کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و هەموو وڵاتێکی دیکەش لە دنیادا لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و مانۆڕە جۆراوجۆرە جیهانییەکانیان لە پێناوی بەرژەوەدییەکانی خۆیاندا تێدەکۆشن و هەرواش بووە و هەرواش دەبێ. ئینجا ئەگەر سەردەمانێک بە هۆی ئەو هۆکارانەوە کە باس کران، بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزی ڕۆژئاوایی کە کاریگەرییان لە ئاستی جیهانیدا هەیە لەوە دابوو کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لایەنگری لە هێز و حکوومەتە دوگم و دیکتاتۆڕەکان بکەن، ئێستا بەرژەوەندییان لە کرانەوەی زێدە و جێگیربوونی دێموکراسی لەم وڵاتانە دایە.

وەک چۆن بیرمەندێکی وەک «هانینگتۆن» پێشتر پێشبینیی قۆناغی شەڕی شارستانییەتەکانی کردبوو، دیتمان کە پاش تەواو بوونی شەڕی سارد، شەڕی نێوان شارستانییەتەکان بەتایبەت ئیسلام و ڕۆژئاوا کە پێگەی سەرەکیی ئایینی مەسیحییەتە و بە جۆرێکیش وەبیر هێنەرەوەی شەڕە سەلیبییەکانی کۆنە، دەستی پێکرد و چڵەپۆپەکەشی لە ١١ی سێپتامبری ساڵی ٢٠٠١ی ئامریکادا گڕی گرت و دنیای تەنییەوە.

ئەگەر سەردەمانێک ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا بۆ تەمبێ کردنی خەڵکێک کە بەرەو بیری کۆمۆنیستی دەچوون لە

ئامرازی هێز و حکوومەتە دوگم و دیکتاتۆرەکان کەڵکی وەردەگرت، کەچی ئێستا بۆ تەمبێ کردنی ئەو هێز و حکوومەتە ئایدیۆلۆژیک و دیکتاتۆرانەی کە لە دژی لیبراڵ دێموکراسیی ڕۆژئاواییدا راوەدەستن کارتی دێموکراسی و ئازادی خوازیی خەڵک وەک هێزی گوشار بەکاردێنێ.

ئەگەر چی سەردەمانێک حکوومەتە دەسەڵاتدارەکانی ڕۆژئاواییش وەک دەسەڵاتە ئیسلامییەکانی ئێستا، سەرچاوەی مەشرووعییەتی خۆیان لە هێزێکی »بان سروشتی»دا دەدیت، کەچی ئەوا دەمێک ساڵە سۆنگەکەیان لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی گواستۆتەوە و پێگەی مەشرووعییەتخوازییەکەیان لە نێو جەماوەر و کۆمەڵگە دا بەدی دەکەن. جیاوازیی ئەم جیهان بینیانە لە رووی فەلسەفییشەوە پەرژێنێکی بەرینی لە نێوان کار کرد و رووپکردی سیاسی و دیکەی ئەم دوو بەرە دژ بەیەکەدا پێک هێناوە.

لە دوای تەواوبوونی شەڕی سارد و نەمانی کێشە و مەترسیی کۆمۆنیزم و بلۆکی ڕۆژهەڵات بە واتا پێشوویەکەیەوە، ئێستا گەورەترین مەترسییەک کە ڕۆژئاوا لەبەردەم خۆیدا بە تەواوی هەستی پێ دەکا بناژۆخوازیی ئیسلامی و بەتایبەت کێشەی ئیسلامی سیاسی‌یە. شێوەی رووبەروو بوونەوەی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلامی سیاسی لە بەراورد لەگەڵ کۆمۆنیزم لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە تەواوی جیاوازیی هەیە. هەر بۆیەش پاش تێکرووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی کۆمۆنیستی و بە شوێن ئەودا سەرهەڵدانی روو لە گەشەی بناژۆخوازیی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسیی جێگیرو گشتگیری بەتایبەت لەڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا، بابەت و زاراوەیەکی سیاسیی نوێ بە ناوی «پێویستیی سەرلەنوێی دارشتنەوەی نەزم و مودیرییەتێکی نوێی جیهانی» لەلایەن سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوایی بەتایبەت ئەمریکاییەکانەوە بەرە بەرە هاتە گۆرێ و تەعبیر و پێناسەی جۆراوجۆریشی بۆکرا. بەشێک لە ستراتیژی و پلانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکاییەکان لەم پێناوەدا لە دوو بواری نەرم ئامێری (هێنانی لیبراڵ دێموکراسی و فەرهەنگی ڕۆژئاوایی) و سەخت ئامێری (دابەشکردنی بەشێک لەم وڵاتانە بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا بە یەکەگەلێکی سیاسیی بچووکتر و روبەروو بوونەوەو پێشگیری لە گەشەو پەرەسەندنی هێزە بونیادگەرا توندڕەوە ئیسلامییەکانی ناکۆک لەگەڵ ڕۆژئاوا) لەم وڵاتانەدا بوو. ئەوەی کە ڕۆژئاوا و لە سەرەوەی هەمووشیانەوە ئامریکا چەندە لە جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە و بەجێ گەیاندنی ئەم بیرۆکەیەیاندا سەرکەوتوو بوون یان نەبوون، گرینگیی خۆی هەیە بەڵام گرینگتر ئەوەیە کە لە ئاکامی رەوتی گۆڕانەکان و ئەم هزرە گۆڕانخوازییەدا بەرەبەرە ئەم زێهنییەتە لە جۆرێکی دیکەدا جێگەی خۆی لە نێو هزر و ئەدەبیاتی سیاسیی رێبەرانی وڵاتانی ئیسلامیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت کۆماری ئیسلامێشدا کردەوە. پڕ دیارە کە ئەوەی لە

نەزم و مودیرییەتی نوێی جیهانی لە هزر و هزری ڕێبەرانی ئەم وڵاتانە بەتایبەت کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕێ، جیاوازییەکی بەرینی لەگەڵ روویکرد و جیهان بینیی وڵاتانی رۆژئاواییدا هەیە. بەزەقتر باسکردنی ئەم بیرۆکەیە لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە لە ئاستەکانی جیهانیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری «مەحموود ئەحمەدی نـژاد» وەک سەرکۆماری ئێران و ئەو بانگەشە و پڕوپاگەندە نێوخۆیی و دەرەوەییانەی بەتایبەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی پێگەی سیاسی و کاریگەریی ئێران لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا دەیکا، و ئەوەی کە خامنەییش بەشێکی بەرچاوی قسەکانی لە کرانەوەی کۆنفرانسی وڵاتە بێ لایەنەکانی ئەمساڵدا بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردبوو. لەڕاستیدا بەشێکی زۆر لە هەوڵی ئێران لە بەکار هێنان و باس کردنی ئەم بابەتە لە ئاستەکانی جیهانیدا بۆ دژایەتی کردن و لە حەقیقەتدا بەرپەرچدانەوەی رووبکردەکەی رۆژئاوا و پێکهێنانی بەرەیەکی، بەتەعبیری خۆی، دژە ئیمپریالیستی یە. ڕێژیمێکی ئایدیۆلۆژیکیی وەک کۆماری ئیسلامی کە لە پێناو مان و مەوجوودییەتی خۆیدا لە هیچ شتێک ناپرینگێتەوە و لە حەقیقەتدا هەست بە هیچ چەشنە بەرپرسایەتییەکی ئینسانی و حقووقی نە لە بەرامبەر خەڵک و نە لە بەرامبەر کۆمەڵگەی جیهانیشدا ناکا، تەنیا و تەنیا لە پێناوی ئەو چوارچێوە تایبەتییەی کە پێناسە دەکرێ تێدەکۆشێ و ئەوەش زاتی هەموو ئایدیۆلۆژییەکانە. کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لەم نەزمە نوێیە جیهانییەی کە تێیدا دێموکراسیی راستەقینە و مافی گەلان باڵادەست بێ و دنیای سەردەم بانگەشەی بۆدەکا، خۆی بدزێتەوە و لەهەرکاتێکی مومکین وەک شێواندنی نەزمی جیهانی، هەستی ئیسلامی، نەوت، هێزی نیزامی، ڕێکخراوی وڵاتانی بێلایەن و... لە پێناوی مان و مەوجوودییەتی خۆیدا، وەک هێزێکی ناوچەیی و تەنانەت جیهانیی سەرەرۆ کەڵک وەرگرێ و بمێنێتەوە و تەمەنە نەگریسەکەی درێژتر بکاتەوە.

لە ژمارە ٥٩٢ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

## کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەرەو هەڵدێری نەمان؟

تا ئێستا، کاتێک باس لە کۆماری ئیسلامی و کێشەکانی ئەم ڕێژیمە وەک دەسەڵاتی حاکم بەر ئێران، لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییە جۆراوجۆرەکان دەهاتە گۆڕێ، دوو فاکتۆری سەرەکیی کێشەی نێوخۆیی و دەرەکی، زیاتر لە هەموان زەق بوونەتەوە و لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە خوێندنەوەیان بۆ کراوە.

١- کێشە نێوخۆییەکان؛ واتە ئەو کێشە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیانەی کە بەشێوەی جۆراوجۆر لە نێوخۆی وڵاتدا لە هاوپێوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵات بەرۆکی ڕێژیمی گرتۆتەوە و بەستێنێکی بەربەرەکانیی بەردەوامی لە نێوانیاندا پێک هێناوە. چییەتی ئەم چەشنە کێشانە کە زیاتر بە کێشەکانی مافی مرۆڤ پێناسە دەکرێن و بواری جیاواز لە خۆ دەگرن جۆرێکی لە خواست و ئیرادەی گشتیی جەماوەری بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی خەڵک لەگەڵ دەسەڵات بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە نێو کۆمەڵگەدا پێک هێناوە کە لە دەرفەتە جیاوازەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر سەرهەڵدەدا. بەداخەوە کۆماری ئیسلامی هەرگیز گوێی بەم خواست و ئیرادە جەماوەرییانە چ وەک هاووڵاتیان و چ وەک گرووپ و ئەتنیک و نەتەوە جیاوازەکان نەداوە و تا ئەو جێیەی بۆی کرابێ سەرکوتی کردوون. هەربۆیەش بەپێی ئامارە ڕەسمی و نێونەتەوەییەکان، بە درێژایی تەمەنی خۆی، کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە ڕیزی سەرەوەی ڕێژیمە سەرکوتکەر و پێشێلکەرەکانی مافی مرۆڤ لە ئاستی جیهانیدا بووە.

٢- کێشە دەرەکییەکان، واتە ئەم کێشە زیاتر سیاسییانەی کە لە نێوان کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگەی جیهانی دا هەیە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی خۆی و هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەرگیز لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی بێ کێشە نەبووە و بە گشتی لە قەیراندا ژیاوە و ئەوەش خۆی تایبەتمەندییەکی تایبەتیشی پێ بەخشیوە. کێشەی گەورەی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە، ئێستا، زیاتر لە هەموو شتێک پرسی وزەی ناوەکی و چەکی ئەتۆمییە کە گرژی و ئاڵۆزییەکی کەم وێنەی لەم نێوانەدا پێک هێناوە. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوایی سوورن لە سەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەک نەهێڵن ڕێژیمی ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی و تەکنۆلۆژیای ساز کردنەکەی ڕابگا و لە بەرامبەردا ئێرانیش دەیەوێ هەرچی زووتر وەک هێزێکی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دیار بە تایبەت لە بواری نیزامییەوە دەر بکەوێ و لەم ڕاستایەشدا بە تەمای پاشەکشە نییە. بەربەرەکانییەکی چەندین ساڵەی بێ ئاکامی بەردەوام لە نێوان دنیای دەرەوە و ئێراندا فەزایەکی بێ متمانەیی و

بێزارییەکی بەرینی نێو نەتەوەیی بەرامبەر بە حکوومەتی ئێران پێک هێناوە و ئەم ڕێژیمەی زیاتر لە هەمیشەی خۆی لە ئاستی جیهانیدا تەریک کردۆتەوە.

هەر کام لەم فاکتۆرە سەرەکییانە لە جێی خۆیدا بە مەرجێک کە بە ئاستی لێوڕێژی خۆیان بگەن دەتوانن ڕێژیمێکی دەسەڵاتدار بەرەو هەڵدێرەکانی نەمان ڕێنوێنی بکەن. بەڵام ئەوەی کە ئێستا و بەم دواییانە زیاتر لە هەمیشە گرینگیی پەیدا کردوە و وەک تەواوکەری دوو فاکتۆرەکەی پێشوو دەتوانێ دەورێکی حاشاهەڵنەگرانە و سەرەکی بگێڕێ و هەرگیز بەم شێوەیە و لەم ئاستەدا خۆی نیشان نەدابوو، کێشەی دەروونیی نیزامی کۆماری ئیسلامی و دوور کەوتنەوەی بەرینی لایەنە جۆراوجۆرەکانی نێو ڕێژیمە لە یەکتر. دانانی ئەم فاکتۆرەی سێیەم لە تەنیشت دوو فاکتۆرەکەی دیکەوە سێ گۆشەی قەیرانی مانەوەی ڕێژیمی تاران تەکمیلتر لە جاران دەکا. لە ڕاستیدا فاکتۆری کێشە دەروونی ڕێژیم خۆی بوارێکی کردەوەیی و خێراترییەکی زیاتر بە گەشەی دوو فاکتۆرەکەی دیکە دەبەخشێ و ڕەوتی رووخانی کۆماری ئیسلامی خێراتر دەکا. ئەگەرچی شیمانەی سنووربەندی بەرینی نێوان باڵ و لایەنە جیاوازەکانی ڕێژیم شتێکی دوور لە زەین نەبوو بەڵام دان پێدانان و ئیعترافی خودی سەرانی نیزام بەرگێکی پڕەنگتری لەبەر کرد. لێدوانەکانی ئەم دواییانەی «ئەحمەدی نژاد» لە کۆنفراسە ڕۆژنامەوانییەکەی دوای سەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان گرینگییەکی تایبەتی بۆ شرۆڤەی کێشە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم بەتایبەت کێشەکانی دەروونیی نیزام و ململانێی نێوان باڵە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەبوو.

نەریتی جارانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساو هێنانەوە لە بەرامبەر ئەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕوویان دەبۆوە زیاتر حاڵەتی «فرافکنی»ی هەبوو. زۆربەی جار، یان ئێستای ئێرانیان لەگەڵ سەردەمی ڕێژیمەکانی پێشوو بەراورد دەکرد و یان ڕووی کێشەکانیان لە دنیای دەرەوە و دوژمنانی نیزام و بەتایبەت ئیمپریالیزمی جیهانی دەکرد. کەچی ئەمجارەیان «ئەحمەدی نژاد» تا ڕادەیەک پەردەی ئەم نەریتەی دڕاند و هەڵوێستی جیاوازتری گرت. سەرکۆماری ئێستای ئێران ئەم جارەیان باسی لە کێشە دەروونییەکانی نیزام کرد و لەم نێوەشدا دەوڵەت، واتە باڵی ئیجرایی ڕێژیم،ی بە تەنیا و بێ پشتیوان پێناسە کرد. ئەحمەدی نژاد لە قسەکانی خۆیدا ڕەخنەی توندی لە هێزی دادوەری، پارلەمان، سپا، دەنگ و ڕەنگ، و تەنانەت خودی ڕێبەری گرت و گوتی کە لە ڕاستیای دژی بەرنامە و پلانەکانی سەرۆک کۆماری (دەوڵەت)دا دەجوڵێنەوە.

« ئەحمەدی نژاد» کە خۆی و دەوڵەتەکەی بە خزمەتگوزارانی ڕاستەقینەی خەڵک پێناسە دەکرد تووڕە بوونی

خۆی لە هێزی دادوەریی وڵات سەبارەت بە گرتنی جێگرە ڕۆژنامەوانییەکەی نەشاردەوە، سەبارەت بە «استیضاح»ی وەزیری وەزرش رەخنەی لە پارلەمان گرت، دەنگ و رەنگی میلیی بە «بەرخوردی سەلیقەیی» لەگەڵ دەوڵەت و گرینگی نەدانی پێویست و گونجاو بە چالاکییەکانی دەوڵەت تاوانبار کرد، بە نیسبەت کرداری سەرەڕۆیانەی سپا و بەتایبەت هەندێک لە بەرپرسانی سپا نارەزایەتیی خۆی دەربڕی و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو و دیارە هەندێک لە پەردەدا بەشێک لە ڕێنوێنی و رەخنەکانی ڕێبەریی بە بۆچوونی شەخسی پێناسە کرد. «ئەحمەدی نژاد» لەم کۆنفرانسەدا راشکاوانە باسی لە بەربەستەکانی بەردەم دەوڵەت و ئەم گرفتانە کرد کە بە بڕوای ئەو بەرۆکی ڕێژیمی بە شێوەیەکی گشتی گرتۆتەوە و کوتیشی کە هێز و لایەن و ئۆرگانەکانی دیکەی نێو نیزامی کۆماری ئیسلامی لە هاوتەریبیی (موازات) دەوڵەتدا حەرەکەت دەکەن و تەنانەت دەست لە کاروباری دەوڵەت وەردەدەن و کێشەی بۆ دەنێتەوە.

لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا وەک دیاریشە باڵی بناژۆخوازی «ئەحمەدی نژاد و مەشایی» کێشە و جیاوازیی جیددی و بنەڕەتیی لەگەڵ باڵی بناژۆخوازانی خەتتی ڕێبەریدا هەیە و لە فەلسەفەیەکی جیاواز لێک پێڕەوی دەکەن.

ئێستا ئەو پرسیارەی دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە ئایا لە کۆبوونەوە و لەگەڵ کەوتنی ئەم فاکتۆرەی سێیەم (کێشەی دەروونیی نیزام) لەگەڵ دوو فاکتۆرەکەی دیکەی پێشوو (کێشەی نێوخۆیی لەگەڵ خەڵک و کێشەی دەرەکی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا)، ئایا کۆماری ئیسلامی وردە وردە کەوتۆتە سەرەولێژیی قەیرانی مانەوە و بەرەو هەڵدێری نەمان دەچێ؟

بۆ وڵامێکی روونتر بەم پرسیارە پێویستە چاوەڕوانی رەوتی ڕووداوەکانی داهاتوو بە تایبەت هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ساڵی داهاتوو بین.

لە ژمارە ٥٩٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣

## یەلدا، شەوی لە دایکبوونی خۆرەتاو

رەنگە ئەوەی کە شەوی یەلدا (یەکەم شەوی زستان) رێک لە کەیەوە وەک شەوێکی پیرۆز و جەژنێکی مێژوویی و نەتەوەیی لە نێو هەندێک لە نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دا دیاری کراوە و ئەو گرینگییەی پێ دەدرێ، دیار نەبێ. بەڵام بە دڵنیاییەوە سەرەداوی ئەم باوەڕ و روویکردە دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی زەردەشت و بڕوای بەرینی باوەڕمەندانی ئەم ئایینە بە پیرۆزی و پێگەی تایبەتی خۆرەتاو لە پێکهاتەی گشتیی فەلسەفەی بوون و ژیانیان دا. بەشێکی زۆر لە خەڵکی کۆن بە پێی ئەم باوەڕەی کە »هەموو شتێک لە کزی دا دەپسێ، بەڵام ستەم و تاریکی لە ئەستووری دا« پێیان وابوو کاتێک کە تاریکایی و شەو بەوپەڕی خۆی دەگا و لە هەموو کاتێکی ساڵ درێژترە، لە نێو دڵی شەوەزەنگ دا و لە قووڵاییەکانی تاریکییەوە، خۆری رووناکی لە دایک دەبێ و بەرەبەرە لە دەسەڵاتی رەشی ستەم و تاریکایی کەم دەکاتەوە و لە درێژەی پرۆسەیەکی دیاریکراوی سرووشتیانەدا، لاپەڕەیەکی نوێی پڕ لە رووناکی لە ژیانی مرۆڤ و جیهان دا دەست پێدەکا. لەراستیدا خەڵک پێیان وابوو کە لە یەکەم شەوی زستان دا (شەوی یەلدا) کە درێژ ترین شەوی ساڵە، خۆر لە دایک دەبێ و بەم لە دایکبوونەش بەرەبەرە لە دەسەڵات و درێژخایەن بوونی شەو کەم دەبێتەوە و ئەوەش ئاماژەیەکی روونە بۆ شکستی تاریکی و ستەم و سەرکەوتنی عەداڵەت و رووناکی. لەراستیدا خۆر دەوری توخمی سەرەکیی پێکهێنەری ژیانی هەیە کە خودای رۆشنایی و ژیان (ئاهورامەزدا) دەیخاتە نێو منداڵدانی جیهانەوە. ئینجا ئەو توخمە پاش سێ مانگ لە نەورۆز دا گیانی وەبەر دێ و پاش نۆ مانگیش لە سەروبەندی خەرمانان و رەزبەردا پێدەگا. لەراستیدا هەمووی ئەوانە دەرخەری ئەو رووحییە و باوەڕە دژە سەرکوت و تاریکایی و ستەمە بوو کە لە دەروونی خەڵک و کۆمەڵگاوە سەرچاوەی دەگرت و بە ئێستاشیەوە لەگەڵ بێ لە نێو خەڵک و کۆمەڵگای نەتەوە ئارياييەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دا ماوەتەوە.

راستەقینەی مرۆڤ و کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان دژی سەرکوت و تاریکی یە و هەردەم بە شوێن دادپەروەری و رووناکاییدا دەگەڕێ و لەم بەستێنەشدا بە پێی سرووشتی بوونییەوە بە کەڵک وەرگرتن و وێنا سازیی لە

توخمەکانی سرووشت بە تایبەت خۆر وەک نمادی رووناکی و ژیان لەم پێناوەدا تێدەکۆشێ.

شەوی یەلدا و فەلسەفەی شەوی یەلدا، بۆ مرۆڤی کورد و کۆمەڵگای کوردی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی و ئازادیخوازانەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بایەخێکی دووچەندانیشی هەیە. لەم شەوەدا یەکێک لە درەوشاوەترین و ئۆستوورەییترین خۆرەتاوەکانی ئاسمانی نەتەوەیی کورد لە نێو دڵی یەکێک لە رەشترین و تاریکترین شەوگارەکانی مێژووی دژە کورددا، لە دایک دەبێ و مزگێنی رۆژگارێکی نوێ و ژیانیکی نوێی لەگەڵ خۆیدا هینا. بە دڵنیاییەوە دوکتور قاسملوو و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملووی نەمر، دەوری لەدایک بوونەوەی خۆری شەوی یەڵدای بۆ کورد و کوردستان هەیە. کۆمەڵگای کوردی ژیانەوەی بەهارانە و گیان وەبەرهاتنەوەی سەوزی خۆی لە ئەنجامی ئەم لە دایکبوونە پیرۆزەدا بە تەواوەتی گیان و دڵی خۆیەوە هەست پێکردوە و لە باوەشی دڵی دەگرێ. ئەگەر بە هەڵکەوتیشەوە، بەڵام لەدایک بوونی رێبەر و سەرکردەیەکی ئۆستوورەیی وەک دوکتور قاسملوو لە شەوی یەڵدا دا، بۆ کورد بە تایبەت لە رۆژهەلاتی کوردستان هەمیشە نماد و واتایەکی رووەو رووناکیانەی پیرۆز و ئەهورایی هەیە.

**٢٧ی جانێوێری ٢٠١٣**

## زیرەک، ئێعجازێک لە ناخوداگای زەمان دا

ئەگەر نەڵێین سەرەکیترین بە ئەرخەیانییەوە یەکێک لە پیرۆزترین ئەو کەسانەی کە زیاترین کاریگەرییان بە سەر ژیانی پڕ لە ئاڵۆزیی نەتەوەیەکی ژێردەستی وەکوو کورد بە درێژایی مێژوودا هەبووە، دەکرێ "حەسەن زیرەک"ی هونەرمەندو گۆرانیبێژی بێ وێنەی بۆ بێنینەوە. کاتێک کە لاپەڕەکانی مێژووی گەلێک هەڵدەدرێتەوە، ناوی کەسانێک لە گەورەپیاوانی کاریگەرو شوێن دانەر بەرجەستە دەبێتەوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان توانیویانە رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگەیان بقۆزنەوەو لە چوارچێوەی بیری مێژوویی خەڵکدا هەمیشەیی و هەرمانیی پیرۆز بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

بە گشتی مێژوو هەمیشە نوێنگەی ئەو کەسایەتییە مەزنانەیە کە لە بواری کاریگەری و رەوتی بەرەوپێشی ژیانی مرۆڤایەتی دا خاوەن پێگەی بەرچاوو حاشاهەڵنەگرن و زۆربەی کات مێژوو خودگێرانەوی ژیان و مەزنایەتی کەسایەتییە ناودارو خاوەن پێگەکانی خۆیەتی و پێناسەیان دەکات. بەڵام هەندێک جاریش هەیە هەڵدەکەوێ کە لە مێژووی شانازییەکانی گەلان و تەنانەت جیهانیش دا لەگەڵ ناوو دەوری کەسانێک رووبەڕوو دەبینەوە کە زۆر جاران لە دەرەوەی بازنەی گێڕانەوەیی مێژوودان و بەڵکوو بە جۆرێک لە جۆرەکان دەتوانین بڵێین ئەو مێژوویە کە بەوانەوە دەگێڕدرێتەوەو لە راستیدا ئەو کەسانە رەهەندە مێژووییەکان دەخولقێنن و لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێناسەی نۆرمێکی تایبەت یان تەنانەت گەلێکی زیندووشن. ئەگەر نەمهەوێ باسەکە زۆر بە پەراوێزدا ببەم و باسەکەم بابەتیانەتر درێژە پێ بدەم مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە کە بڵێم "حەسەن زیرەک"ی کوردان وێنای راشکاوی ئەم جۆرە کەسایەتییە "ئەبەر ئینسان"ـە انە بوو کە خود دەتوانێ وەک بەڵگەیەکی مێژوویی لەبڕان نەهاتوو بۆ ئێمەی کورد بۆ هەمیشە وەک نموونەیەک بێتەوە.

کاتێک وردتر دەڕوانینە ئەم گۆرانیبێژە ئۆستوورەییەی گەلەکەمان پتر ئەم راستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە مۆزیکی زیرەک لە دەرەوەی زەرفییەتەکانی مۆزیک و مێژووی ژیانی کوردەواری دا رووی داوەو بە قەناعەت زیرەک وەک "ئەبەر هونەرمەند"ێک سنوورەکانی هونەری وڵاتی کوردەواریی تێک شکاندو وەک کەسایەتییەکی هونەرمەندی کورد لە ئاستێکی بەربڵاوو جیهانی دا پەرەی بە بەستێنە هونەرییەکانی ئێمەی کورد داوە. هەڵبەت دیارە کە حەسەن یرەک بە خۆشحاڵییەوە هیچ کات ئەرکە مێژووییەکانی خۆشی وەک مرۆڤێکی کورد لەبیر نەکردوەو هەروەک چۆن وێڕای ئەوپەڕی "بۆکانی بوون"یشی دا هەردەم کەڵکەڵە کوردستانییەکانی وەلا نەناوە، هەر بەم شێوەیەش وەک هونەرمەندێکی بەرپرسیارو ئەرکناس لەگەڵ ئەوەیدا خۆی بە گۆرانیبێژو هونەرمەندێکی تا سەری ئێسقان کورد پێناسە دەکرد کەچی جیهانی بیری دەکردەوەو جیهانیانەش هونەری دەکرد. ئۆستاد "محمد رضا شجريان" لە بەشێک لە وتووێژێکی بەناوبانگی لەگەڵ بەشی هونەریی رۆژنامەی "لۆس ئانجلێس تایمز"ی چەند ساڵ لەمەوبەردا وێڕای دەست نیشانکردنی "بەنان" و "سەبا" و "سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی" وەک سێ کۆچکەی کۆڵکەیی مۆزیکی ئێرانی دەڵێ کەچی پێویستە بگوترێ کە لە راستیدا ئەفسانەی ئۆستوورەیی مۆزیک لە ئێراندا حەسەن زیرەکی کوردانە.

شەجەریان دەڵێ ئەگەر مۆزیکی شەرقی و بەتایبەت ئێرانی رۆژێک لە رۆژان بتوانێ بە زەرفیەتە بێ نیهایەتەکانی دەنگ و مۆزیک و هونەری حەسەن زیرەک بگات دەبێ شانازی بە خۆیەوە بکاو دەڵێ کە بۆ هەمیشەی مێژوو ئیتر سەقامگیری و نەمریشی بۆ خۆی مسۆگەر کردوە. حەسەن زیرەکی هونەرمەندی نەمری کورد لە ساڵی

١٣٠٠ی هەتاوی لە گەڕەکی "قەڵای سەردار" لە شاری بۆکان لەدایک بووەو پاش چەرمەسەری و نەهامەتییەکی زۆر لە ژیانی پڕ لە ناکامی دا لە ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥١ لە نەخۆشخانەی بۆکان بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە ماڵئاواییەکی غەریبانە لە ژیان دەکاو بە پێی ویست و داخوازی خۆیەوە لە داوێنی کێوی "ناڵەشکێنە"ی بۆکان دا بۆ هەمیشە بە مێژوو بە خاکی پیرۆزی کوردستان دەسپێردرێ. ئێستاکەش گڵکۆی پیرۆزی ئەو هونەرمەندە مەزنە لە بۆکان رووگەی پڕ لە پیرۆزیی هەموو ئەو کەسانەیە کە خولیای دەنگ و هونەری مۆزیکی حەسەن زیرەکیان لە دڵدایەو لە بەستێنی بێ کۆتایی ئەو دەنگە ئاسمانییەدا هاوکێشەکانی ژیانی خۆیان لێک دەدەنەوەو لە نێو گۆرانییەکانی ئەودا پێناسەی ژیان و ئاوات و دڵخوازییەکانیان دەکەنەوە. لە ڕاستیدا "حەسەن زیرەک" هێمای پیرۆزی خۆزگەکانی مرۆڤی کوردەو لە هەمیشەیی مێژووشدا وەک نمادێکی هەتایی شانازییەکەی بۆ کوردو مۆزیکی کوردی دەمێنێتەوە. لام وایە هەرگیز دوور لە ڕاستبێژی نەبێ کە ئەگەر بڵێین زیرەک مەودای شانازیی فەلسەفەی خۆزگەی مرۆڤی کوردەو بە واتایەکی پڕ بە پێست تریشەوە "ئێعجازێک بوو لە ناخودائاگای زەمان دا".

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## راستەقینەی ژن ، حەقیقەتی مرۆڤ

کاتێک کەباس لە ژن دەکرێ، ئۆتوماتیکوار ناوی پیاویش لە پەنایەوە زەق دەبێتەوە و لە نێو مێشکدا جیدەگرێ. وەک ئەوەی ژن مەدلوولی پیاو بێ، یان بەواتایەکی دیکە بوونی خۆی لە پێناوی پەیوەست بوونی بە پیاوەوە بەدەست هێنابێ. کۆمەڵگەی ئێمە کەمتر توانیویەتی پێناسەیەکی سەربەخۆی شوناس خوازانەی دیاریکراوی بۆ ژن هەبێ و زۆربەی کات، کەم و زۆر، لەپەراوێز و تەنانەت لە پێناوی پیاودا پێناسەی کردۆتەوە. ڕەنگە هۆکاری بەشێکی زۆر لەم تێگەیشتنە نادروستانەش خود ریشەی لە دەروونی ئەو روانگە گشتگیرە پیاوسالارانانە دا بێ کە لە قۆناغێکی مێژوویی‌دا وێڕایی ئاڵووگۆڕەکان لە هەوڵی پێناسە کردنەوە (بازتعریف)ی دووبارەی چەمکەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی‌دا بوون. کێشەی زۆربەی ئەم چەشنە روویکردانەش لە پیاوانە بوونی پانتایی و بەستێنی روانگە جۆراوجۆرەکان دا خۆی دۆزیوەتەوە. بەجۆرێک کە، یان بڕیاردان و گەڵاڵە دارێژەرانی سەرەکی

ڕەوتەکە خود پیاو بوون، یان ئۆتۆریتەی زاڵی حاکم بەسەر باروودۆخەکە لە کانگایەکی پیاوسالارانەوە ئاوی خواردۆتەوە و ژن و عەقڵانییەتی ژنانە بە گشتی دەوریکی ناکارامە(منفعل)ی گێراوە و لە هێندێک بواردا تەنانەت وەک «بەردە ئاو» لە مەقامی دژی خۆشیاندا دەرکەوتوون. کاتێک کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەو هەموو ئایین و مەزهەبە جۆراوجۆرانە لە ئاستی دنیادا سەر هەڵدەدەن و لە نێو ئەو هەموویەشدا پێغەمبەر یان لیدەرێ تەنانەت یەکیشیان ژن نابێ، زۆر سەیرنییە کە لە بەرنامە و ڕێڕەوەکانیشیاندا ژن بکەوێتە پەراوێزەوە و مافێکی لانی کەمانەی مرۆیی بۆ ڕەچاو بکرێ. ئینجا بۆ تەبیینی هەرچی زیاتری ئەو پەراوێز نشینییەش تەنانەت پاساوی مێژوویی ئەفسانەییش دەدۆزنەوە و ڕەهەندی وجوودیی پێ دەبەخشن. بەشێکی زۆر لە ئەفسانە ئایینییە پیرۆزەکان لە گێڕانەوەی ڕازی پێکهاتندا بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە سەرکییەتی بوون بە پیاوەوە دەبەستنەوە و دەڵێن خودا لە سەرەتاوە پیاو و پاشان لە کەلەکەی ئەوەوە ژنی دروستکرد. ئینجا شەیتان کە بە هیچ شێوەیەک نەیدەتوانی پیاو بەلارێدا بەرێ و فریوی بدا، دەستەوداوێنی ژن هات و لەم ڕێیەوە زەفەری پێ برد و لە خشتەی برد. ئەم داستانە ئایینییە لە دەروونی خۆیدا سێ پەیامی سەرەکی تێدایە کە وێدەچێ لا لێ کردنەوەیان بێسوود نەبێ:

١- ڕەسەنییەتی بوون هی پیاوە و ژن لە پەراوێزی پیاو وەک بەشێک لەو حیسابی بۆ دەکرێ و بوونی هەیە، دەنا وەک خۆی حیسابێکی وجوودیی سەربەخۆی وەک مرۆڤێک بۆ ناکرێ.
٢- ژن ماهییەتێکی شەیتانی هەیە و هۆکار، یان لانیکەم کاناڵی سەرەکی ئەو تاوانانەشە کە تەنانەت پیاو دەیانکات. کەوایە پێویستە بەردەوام لە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێری ورد دا بێ و سەربەخۆیی کرداریی نەبێ.
٣- ژن تاوانبارێکی ئەزەلی و هۆکاری سەرەکی نەهامەتی و کێشەکانی پیاوە و تێکدەرێکی پێوەندی مەعنەوی نێوان عابید و مەعبوودە، هەر بۆیەش هەرگیز ناتوانێ (ڕێی ناکەوێ) ئەم دەورەبگێڕێ و لە مەقامی پێغەمبەرێکدا دەرکەوێ. ڕووی گوتاری زۆربەی دەقە پیرۆزەکان بە گشتی لە مرۆڤ، وەک پیاوە و یادکردن لە ژن بە ناوهێنانەوە لە تەنیشت پیاودا زیاتر دووچەشنە بوونی جۆری مرۆڤ وەبیر دێنێتەوە، نەک کەسایەتی بەخشینێکی دانپێدەرانەی مرۆڤی. جۆری ئەم چەشنە ڕوویکردە چەوتانە تەنانەت لە ئەدەبیاتی بەشێکی زۆر لە مەکتەب و ئایدیۆلۆژییە ئەمڕۆییە نوێیەکانیشدا لە شێوەی جۆراوجۆر خۆی نیشان داوە. بۆ وێنە دەرکەوتنی دیاردەیەکی وەک هەڵاواردنی ئەرێنی(تبعیض مثبت) لە چوارچێوەی بیرۆکەی چەپی ڕادیکاڵ بەتایبەت لە پاساوە سۆفێستاییەکەی لێنیندا.

لێنین کۆمەڵگە بە میلەیەکی ئاسنین دەشوبهێنێ کە بەهۆی ئەو غەدروستەمە زۆرەی بەدرێژایی مێژوو لە ژنان کراوە، بەلای پیاودا شکاوەتەوە و خوار بووە. هەر بۆیەش بۆوەی ئەو میلەیە ڕاست بێتەوە و ڕەوتی کۆمەڵایەتی

مرۆڤ بکەوێتە سەر ئاڕاستە راست و دروستەکەی خۆی، پێویستە ئەوجار بە گوشاری زێدە(هەڵاواردنی ئەرێنی) میلەکە بەلای ژناندا بشکێتەوە و خواربێ، تا قەرەبوو بکرێتەوە. ئەم تێبینییە لە جێدا هەڵەیە و دەرئەنجامی باشی لێ ناکەوێتەوە. ئەساسەن ئەندیشەی چەپی مارکسیستی نوێنگەی خۆی لە دابەشبوونی کۆمەڵایەتیدا دەدۆزرێتەوە و بوونیشی لە جیاوازییە بەرینە کۆمەڵاتییەکاندا گەشە دەکات. هەر چەندەی پۆست مۆدێرنیزم و لیبراڵیزمی نوێ لەسەر خاڵە هاوبەشەکان و یەکێتی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا کار دەکا، بە پێچەوانەوە کۆمۆنیزم لەسەر ناکۆکی و جیاوازی نێوان مرۆڤ و توێژ و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا کۆبۆتەوە و دێفۆڕمە بووە. تەمسیلی میلەی ئاسنین بەجێی ئەوەی ژن و پیاو بەر لە هەموو شتێک وەک مرۆڤ ببینێ و لە هەوڵی چارەسەریی هاوکێشەکانی مرۆڤ لە ڕێی هاوپێوەندی بەردەوامی ژن و پیاو لە راستای رەوتی بەرەوپێشی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بێ، راشکاوانە تیۆریی دابەشکردنی کۆمەڵگە بەسەر دوو بەرەی دژبەیەکی ئینسانییە کە خاوەنی شوناس و بەرژەوەندی جیاوازیشن. فەلسەفەی ئەم بیرۆکەیە دیدێکی ژێرخانی و دەروونیانەی ئەوتۆی لەمەر چارەسەری دواکەوتوویی و گرفتەکانی ژنان لەکۆڵگەدا تێدا نییە و هەوڵ نادا ژن لەگەڵ قووڵاییەکانی وجوود و دەروونی خۆی وەک مرۆڤ ئاشت بکاتەوە، بەڵکوو لە روانگەیەکی ئاسانگرانەوە بە پێشکەشکردنی چەند ڕێکارێکی رووکەشی زیاتر سیاسیانە، گەرای بەرەو ڕووبوونەوەیەکی نەخوازراوی هەمیشەیی لە نێو مرۆڤ دا دەنێتەوە و کۆمەڵگە بەرەو دابەش بو ون و لێک بێگانەیی و ساغ نەبوونەوەیەکی بەردەوام ڕێنوێنی دەکا. ئەو جێگۆڕکێیەی کە لە دوورە دیمەنەکانی ئەو هاوکێشەیە بە سەر چەمکی مافدا دێ، لە لایەن وەحشەتناکەکانی دەرئەنجامی ئەم جیهان بینییەیە. واتە ژن بەجێی ئەوەی کە مافی ئینسانیی خۆی بە بەشێکی جیانەکراوەی فەلسەفەی وجوودیی خۆی بزانێ، بەردەوام لە هەوڵی ئەستاندن و وەرگرتنەوەی لە پیاو دەبێ. لە ئاکامی ئەم ڕوانگەیەدا ئیتر ناوەندێتیی ڕوانین لە خودەوە دەگوازرێتەوە بۆ لایەنی بەرامبەرو بەستێنی کۆنتاکت و شەڕێکی بێ بنەمای نەشیاو لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤدا بەردەوام خۆش جێتر دەبێ. هەوڵی من ئەوەیە کلیلی چارەسەریی کێشەو پرسی ژن بدرێتەوە بە دەستی خۆی. واتە ژن بەپەی بردن بە قوڵاییەکانی فەلسەفەی وجوودیی خۆی وەک مرۆڤ هەستێ و خاوەنداریەتی لە بوون و کەڵکەڵە و پرس و کێشەکانی خۆی بکا. ژن ناتوانێ (ناکرێ) چاوەڕوانی لە پیاو هەبێ و رکێفی تەنگەژەکانی خۆی بداتە دەست. نابێ لە روانگەی پیاوەوە سەیری خۆی و کێشە و گرفتەکانیشی بکا، بەڵکوو پێویستە بە گیانێکی مەیداندارانەوە بێتە پێش ورکێفی ژیانی خۆی وەک مرۆڤ بەدەستەوە بگری. کێشەی ژن و پیاو بەگشتی، کێشەگەلێکی هاوبەشن و لە خانە و بازنەی مرۆڤدا روودەدەن. کەوایە کاریگەری قووڵیان لەسەر یەکدا هەیە و راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ شوێن کەسەر یەکتر دادەنێن. هەربۆیە دەبێ بەگیانێکی هاوبەش و بەیەکەوە، نەک بەجیا و نەک بەجێی یەکتریش، لە هەوڵی چارەسەری سەرجەم کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم

ڕێگای مرۆڤ، بە ژن و پیاوەوە، دابن. بە درێژایی مێژوو، بەگشتی پیاوان بیریان کردۆتەوە و کردوویانە و لێکیان داوەتەوە. ئینجا ژن زۆربەی کات بە شێوەیەکی ناکارامە لە چاوەڕوانی ئەوەدابوون کە ئاخۆ لە هەرکام لەم خانانەدا، لە لایەن پیاوەوە چ پێگەیەکی بۆ لەنەزەر گیراوە و چۆن خوێندراوەتەوە. وڵامەکە خۆی روون و ئاشکرایە، پێگەیەکی پەیوەستەیی و خوێندنەوەیەکی پەراوێزانەی ڕێژەیی. بەڵام کاتێک کە بەدەگمەن ژنانێکی وەک مارگریت دۆراس، سیلویا پلات، مارگۆت بیکێل، فروغ فەرۆخزاد... لە دەوره مرۆڤییەکەی خۆیاندا (بەدەر لە ژن بوون و پیاو بوون) دەردەکەون و لە هەوڵی خوێندنەوەی رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیان و بووندان، ئیتر ئاڕاستەیەکی نوێ و جیاوازتر بە رەوتی مرۆڤایەتی دەبەخشن و روانگەیەکی دیکە لە ژیان و بوون وێنا دەکەن.

گرینگ ئەوەیە کە ژنان شانازی بە ژنانە بوونی خۆیانەوە بکەن و واتایەکی مرۆڤانەتری پێ ببەخشن و ئیتر بوونی خۆیان لە بەرەوڕوو بوونەوەیەکی نەشیاو لەگەڵ پیاودا نەدۆزنەوە. کێشە و پرسی ژن بەرلەوەی کە ڕێگاو چارەسەری سەخت ئامێرانە و دەرەکی هەبێ، ڕێکاری نەرمئامێرانەی هەیە و پێویستی بە چارەسەری ژێرخانییە.

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## بە بۆنەی ٢ی ئۆکتۆبر، ڕۆژی جیهانیی ناتوندوتیژی

*پەیامی «موهنداس کارمچاند گاندی» و کاریگەریی بە سەر مێژووی هاوچەرخی هێندوستان و جیهان دا، قووڵ و هەرمانی بوو.*

*(رامین جهانبگلو)*

«گاندی» لە دایک بووی ٢ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٨٦٩یە و لە ١٣ی ژانوییەی ١٩٤٨ بە دەستی توندئاژۆیەکی هێندوویییەوە کوژرا. کاریگەری و شوێندانەریی گاندی بە سەر رەوتی سیاسی هێندوستان و جیهان بە تایبەت روانگە ئاشتیخوازانە و دژە توندوتیژییەکانی بوون بە هۆی ئەوەی کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی لە دایکبوونی ئەو بیرمەندە فرەزانە و ئەو ڕێبەرە ئاشتیخوازە وەک ڕۆژی جیهانیی دژی توندوتیژی

بناسێنرێ. خەڵکی هێندوستان «گاندی» وەک باوکی سەر بەخۆیی وڵاتەکەیان لە دژی داگیرکاری و ئیستعماری دەوڵەتی بریتانیا دەزانن کە لەم ڕێبازەدا وێڕای خەباتێکی بێوچان و هاندان و ڕۆشنگەریی بێدرێغی خەڵک، کەچی بە خاوەنداریەتیی گوتارێکی ئاشتیخوازانە و مەدەنی بە ئەنجامی گەیاند. گاندی لە تەنیشت ئەوەی دا کە باوەڕی بە سەربەخۆیی بێئەملاولای وڵاتەکەی بوو، بەڵام هەرگیز بڕوای بەوە نەبوو کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە (هەر چەندیش پیرۆز بێ!) لە هەر ئامرازێک کەڵک وەرگیرێ. بە پێچەوانەوە پێی وابوو کە خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی و مافی چارەنووسی ولات دا دەبێ هاوتەریب لەگەڵ ئاشتی و ئازادی و پێوەرە ئینسانییەکان بەرەوپێش بچێ.

گاندی پێی وایە حەرەکەتی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤایەتی لە نیهایەتی خۆیدا بەرەو حەقیقەت یان ڕۆحی حەقیقەت دەڕوا و لەم پێناوەشدا لە پاشخانی ئەندێشەکانی سێ بیرمەندی مەزنی ڕۆژئاوایی - تۆلێستۆی، راسکین، سۆرو - کەڵک وەردەگرێ و لە پانتاییی سیاسی دا بۆ گەیشتن بەو دەرئەنجامە پیرۆزە مێتۆدی کردەوەییی «ساتیاگراها» یان ناتوندوتیژی دێنێتە ئاراوە.

وانەکانی گاندی لە دەرەوەی سنوورەکانی هێندیشەوە ڕەنگدانەوەیەکی جیهانییان بووە. بۆ وێنە خەباتی «مارتین لۆتێرکینگ» بۆ مافی ڕەشپێستەکانی ئامریکایی لەم جۆرانە بووە. «لۆتێر کینگ» دەڵێ: «لە ڕەوتی بەرەوپێشی مرۆڤایەتی دا، نادیدە گرتنی گاندی و ئەندێشەکانی ناومکینە».

رامین جەهانبەگلو دەڵێ: «کاتی ئەوە هاتوە کە پێ بە پێێ گاندی باوەڕ بەوە بێنین کە توندوتیژی (خشونت) خۆکوژی یە و دنیا لە بێزاری و ڕق و قین ماندوویە. راستییەکەی توندوتیژی لە ڕێبازی بیرکردنەوە لە لایەنی بەرامبەرەوە، نە شێوازی بەڕێوەبردنی سیاسیی کۆمەڵگا یە و نە چارەسەرییەکی گونجاوە بۆکۆتایی هێنان بە ناکۆکی نێوان نەتەوە و خەڵکە جۆراوجۆرەکان». «ڕۆمەن ڕۆلان» لە نووسینێکی دا دەڵێ: «ئەگەر هیوای ئاشتی و پێکەوە ژیان و هەڵکردنی مرۆڤ بە بێ توندوتیژی لە ناو بچێ، جیا لە شەڕێکی ماڵ وێرانکەری وەحشیانە هیچ شتێکی دیکە نامێنێتەوە ».

بۆیە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئارەزوومەندانە و خۆشبەختی دوور لە توندوتیژی پێویستیی هەرچی زیاترمان بە ئەندێشە و شێوازە سیاسییەکانی بیری گاندی هەیە.

گاندی باوەڕێکی بێ کۆتایی بە عەدالەتی کۆمەلایەتی هەبوو بەلام لەم بەستێنە دا لەگەل گرووپە چەپ و کۆمۆنیستەکان جیاوازێکی بەرچاوی بوو.

هەربۆیەش سەبارەت بە جیاوازیی میتۆدی خەباتی خۆی لەگەل مارکسیستەکان دەلێ: «ئەوان وێڕای چاندن و رنینەوەی هەستی بێزاری و نەفرەت لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەلگادا، دروشمی بەرابەریی ئابووری دەدەن. پێیان وایە هەرکاتێک دەسەلات بەدەستەوە بگرن دەتوانن لەرێی هێز و زۆرەوە بەرابەرییش وەدی بێنن. لە حالێکدا، لای من، دەولەت خزمەتکار و بەڕێوەبەری ئیرادەی خەلکە، نەک دیکتاتۆرێک ئیرادەی خۆی بە زۆرەملی بەسەر کۆمەلگا دا بسەپێنێ. من لەرێی باوەڕ هێنان و ئیقناعی خەلکەوە - واتە جێگیر کردنی هێزی خۆشەویستی و هەلکردن (مودارا) بە جێی بێزاری و نەفرەت و دووبەرەکی - لە بەستێنی ناتوندوتیژیدا، بانگەشەی بەرابەری دەکەم».

۲۸ی جانێوێری ۲۰۱۳

---

## زمانی زگماکی، شوناسی نەتەوەیی

رۆژی ۲۱ی فێورییە رێکەوتی ۲ی رەشەمەی هەموو سالێک لەلایەن رێکخراوی یونسکۆوە وەک رۆژی زمانی زگماکی (زمانی دایک) ناودێر کراوە و رێزی لێ دەگیرێ. هۆی ناودێرکردنی ئەو رۆژەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارەساتە دلتەزێنەی کە لە ۲۱ی فێورییەی سالی ۱۹۵۲ی زایینی لە ولاتی بەنگلادێش کە ئەوکات بە پاکستانی رۆژهەلات دەناسرا رووی دا و لە ئاکامی راپەڕینێکی خوێندکاری لە زانکۆکانی ئەو ولاتە کە بۆ ناساندنی زمانی بەنگالی وەک زمانی رەسمیی ولات پێک هاتبوو، لەگەل هێرشی توندی هێزە ئەمنییەتییەکان دا رووبەڕوو بوونەوە، و ۵ کەس لەو خوێندکارە ئازادیخوازو وەتەن پەرستانە گیانیان لە دەست دا. هەر بۆیەش رێکخراوی یونسکۆ لەسەر داوای ولاتی بەنگلادێش و بە نیشانەی رێزدانان بۆ یادی پیرۆزی ئەو خوێندکارە شەهیدانە رۆژی ۲۱ی فێورییەی وەک رۆژی جیهانی زمانی زگماکی لە هەموو دنیادا ناساند.

ئەگەر نەلێین گرینگترین، بە دلنیاییەوە یەکێک لە هەرە تایبەتمەندییە گرینگەکانی شوناسی هەر نەتەوەیەکی

زیندوو، زمانەکەیەتی. زمانێک کە لە سەرەتای لەدایکبوونی هەر مرۆڤێکەوە فرچکی ژیانی پێوە دەگرێ و لەم کانالەوە لەگەڵ دنیای دەوروبەری خۆی پێوەندییەکی واتابەخشانە پێک دێنێ و بەو لێک تێگەیشتنەی کە پێویستیی گەشەی هەر تاکێکە لەنێو کۆمەڵگەدا دەگات.

زمان، وەک نوێنگەی شوناسی مرۆڤ و بەستێنی پێوەندیی مرۆڤایەتی، ڕەنگدانەوەی فەرهەنگی ئەو خەڵکەیە، کە قسەی پێ دەکەن. لەو ڕاستایەدا دەورو کاریگەریی زمانی زگماکی (زمانی دایک) وەک پێویستی و نیازێکی حاشاهەڵنەگرانە و بەردەوام، شوێنی تایبەتیی خۆی هەیە و هەرچی زیاتر خۆی دەنوێنێ. کەچی هێندێک جار دەسەڵاتدارانی وڵاتانێکی سەرکوتکەری وەک ئێران بە درێژایی مێژوو بە هۆی کۆمەڵێک فاکتۆری سیاسیی تایبەتەوە، ڕێ لە گەشە و ئەزموونی زمانە جیاوازەکانی نێو چوارچێوەی سنوورەکانی ژێر دەسەڵاتداریتیی خۆیاندا دەگرن و هەوڵێکی بەرین و ماندوو نەناسانەیان بۆ ئیستحالە و تواندنەوەی فەرهەنگ و شوناسی نەتەوە جۆراوجۆرەکان، لەڕێی پێشگیری کردن لە گەشەی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەیی و ڕێگەنەدان بە پەروەردەی جیاواز وەگەڕ خستووە و لەکاری دەکەن.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە مادەی ١٥ی یاسای گشتیی ئێراندا ڕاشکاوانە باس لە خوێندن و نووسینی هەموو نەتەوە جیاوازەکان بە زمانی خۆیان هاوکات لەگەڵ زمانی فارسی وەک زمانی ڕەسمیی وڵات کراوە و بە واتای مافێکی سەلمێنراو لەبەر چاو گیراوە. بەڵام ئەوە تەنیا لە چوارچێوەی بڕیارێکی گشتی داماوەتەوە و هەرگیز هەوڵێکی جیددیی بۆ بەکردەوەکرانی نەدراوە.

لێکۆڵینەوە زانستییەکان نیشانیان داوە ئەو مرۆڤ و نەتەوانەی کە ئیمکانی پەروەردەبوونیان بە زمانی زگماکی خۆیان هەیە ئەگەری پێگەیشتن و گەشەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و سیاسییان لە ڕەوتی بەرەوپێشی تاکەکەسی و نەتەوەیی و جیهانی دا زیاتر دەبێ. ڕێکخراوی یونسکۆ لە ڕاگەیێندراوێکی خۆی دا دەڵێ: پێویستە هەمووان هەوڵی جیددی بدەین بۆوەی هەموو زمانە جیاوازەکانی دنیا ئیمکانی ژیانیان هەبێ و بمێننەوە. چون ئەوە بە لەبەرچاو گرتنی دەوری زمان لە پێکهاتەی شوناسی تاک و نەتەوەکان دا جوانی و گەشەیەکی بەرفراوانتر بە فەرهەنگی گشتیی جیهانی دەبەخشێ. «یوهان ئاموس کۆمێنیوس» کە بە باوکی پەروەردەی نوێ لە جیهان دا ناسراوە پێی وایە پێویستە مرۆڤ هەر لە سەرەتای منداڵییەوە لەگەڵ چەمک و پێناسەی دیاردەکان ئاشنا بکرێ. واتە فێری مانا و ماهییەتی ڕاستەوخۆی دیاردە و شتەکان بکرێ و لەو ڕاستایەشدا بەردەوام لەسەر پێویستی و

نیازی کەڵک وەرگرتن لە زمانی زگماکی پێداگریی کردووە. «ئاموس کۆمێنیوس» دەڵێ: دەبێ سیستمی پەروەردە تا تەمەنی ١٢ ساڵێ تەنیا لە ڕێی زمانی زگماکییەوە بێ و ئینجا لەدوای ئەو تەمەنەوەیە، کە پەروەردە بوون بە زمانی جیاواز لە زمانی ئەسڵی دەتوانێ کاریگەریی باش و ئەرێنی هەبێ.

بە نیسبەت وڵاتی ئێرانەوە پرۆژەی نەتەوەسازی کە لە پێش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ەوە دەستی پێکردبوو و لە پاش شۆڕشیشەوە لەڕێی یەکسانسازیی دینی و نەتەوەییەوە برەوی زیاتری پێ دەدرا، هەموو زمانە جۆراوجۆرەکانی نێو پێکهاتەی گشتیی ئێرانی نادیدە گرت و تەنیا زمانی فارسیی وەک زمانی ڕەسمیی ناساند. وەها ڕویکردێکی نەگونجاو و نادرووست زیانێکی زۆری بە بنەما فەرهەنگییەکانی گەلانی ئێران بە گشتی گەیاند و پێشی بەوە گرت کە لە ئاستی جیهانی دا پێگەی شیاوی خۆی بەدەست بێنێ و لە بەستێنێکی بەرین و بەربڵاوانەتردا بدرەوشێتەوە.

«کوشێرۆ ماتسۆرا» سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی یونسکۆ، لە تویێ ڕاگەیێندراوێک دا کە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکییەوە دەریکردووە دەڵێ: بە پێی ئەزموونەکان، زمان وەک هۆکاری سەرەکیی شوناسە تاکەکەسی و نەتەوەییەکان، بەستێنی بەرینی دەستەبەربوونی ئامانجە پەروەردەییەکان لە ڕاستای گەشەی هەرچی زیاتری کۆمەڵگەکان دایە و ڕێکخراوی یونسکۆ لە ڕاستای پێناسەی چراوچێوەکانی کارکردی زمانی زگماکی دا ئاماژە بەوە دەکا کە »فەرهەنگێکی ئاشتی خوازانە، تەنیا لە فەزایەک دا دەتوانێ درووست بێ کە تێیدا هەمووان مافی ئەوەیان هەبێ بە شێوەیەکی هەمە چەشن و ئازادانە لە هەموو بوارەکانی ژیان دا زمانی دایکیی خۆیان بەکار بێنن و کەڵکی لێ وەرگرن.

لە دنیای سەردەم دا ئیتر ژمارەیەکی بەرچاوی کاربەدەستان و هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی هاتوونەتە سەر ئەم باوەڕەی کە زمان لە ناوەندی هەموو ڕەهەندە جۆاوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی دایە و چیتر نکۆڵی لە بایەخە کردارییەکانی ناکرێ.

هەر بۆیەش پێویستە حکوومەتەکان ڕێوشوێنێکی وا ڕەچاو بکەن کە لە چوارچێوەی سیستمە پەروەردەییە ڕەسمی و غەیرە ڕەسمییەکانیان دا پێکەوەژیانێکی گونجاو بۆ هەموو زمانە جیاوازەکانی نێو وڵاتەکانیان دەستەبەر بکەن. لەڕاستیدا ئەگەرچی جاران دروشم و داخوازیی زمانی زگماکی تەنیا وەک گوتاری بەشێک لە خەلک و ڕووناکبیران وابوو، کەچی بە ئەرخەیانییەوە ئێستا وەها بە شێوەیەکی بەربڵاو و هەمەلایەنە ڕیشەی قورسی داکوتاوە کە

تەنانەت لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیش دا وەک گوتار و داخوازییەکی گشتی و مافێکی ڕەوای ئینسانی و نەتەوەیی لێ هاتووە و ڕۆژبەڕۆژیش بەرجەستەتر دەبێتەوە. وێدەچی ئیتر لە سەردەمی بەجیهانیبوون و وێڕای ئەو گەشە بێ سنوورەی ڕاگەیاندن و زانیارییەکان لە ئاستی نێونەتەوەیی دا، چیدیکە حکوومەتە سەرکوتکەرەکانی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران نەتوانن تاک و کۆمەڵی کوردەواری لە دەست پێڕاگەیشتن بە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک یەکێک لە سەرەکیترین ماف و داخوازییە ڕەوا و نەتەوەییەکانیان دوور بخەنەوە و پێشی پێ بگرن. هەر بۆیەش پێویستە کە هەموومان هەردەم بە یەکەوە لە خەباتێکی بەرین و چالاکانەی بەردەوام دابین بۆ دەستەبەرکردن و گەیشتن بە ماف و ئامانجە ڕەوا و مرۆڤانەکەمان و یەک لەوان خوێندن بە زمانی زگماکیمان واتە زمانی شیرینی کوردی و گونجاندنی ئەو زمانە لە تۆێی سیستمی پەروەردەیی، لە قوتابخانەکانی وڵاتدا. بەڵام نابێ تا ئەو کاتەش هەرگیز دەستەوەستان ڕاوەستین و پێویستە کە هەر کامێکمان لە نێو بنەماڵە و خێزانەکەی خۆمان دا، ماڵەوەمان وەک قوتابخانەیەکی فێرکاری زمانی کوردی بۆ منداڵەکانمان لێ بکەین و بە هەموو جۆرێک و لە هەر لایەکەوە هەوڵی جیددی بدەین بۆ فێرکردنی نەوەکانی داهاتوومان بە فەرهەنگ و زمانی ڕەسەنی کوردی، کە خۆی هەنگاوێکی یەگجار گرینگ و پێشڕەوانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە یەکجارەکییەکان و ڕزگاری نەتەوەییمان.

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

## دێموکراسی لە نێوان ئازادی و دیکتاتۆری دا

ئایا دەکرێ کاتێک کە مرۆڤ خۆی بەرهەمی ژیانە، بە سووکی بگرێ؟! ئەو هەوڵە بێ وچانەی مرۆڤ بۆ خودسانسۆڕی و شاردنەوەی چەمکە بنەماییە وجوودییەکانی وەک بوونەوەرێکی گیانداری خاوەن بیر لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟! ئەو جۆری هەڵوێست و وێنا کردنەی مرۆڤ لە خۆی لە قووڵاییەکانی دەروونییەوە هەڵدەقوڵێ یان ڕیشەی لە دەرەوەی چەمکی پێکهێنان و خواست و ئیرادەیدا هەیە؟

لێرەدا بە هیچ شێوەیەک مەبەستم وێنای کۆمەڵگایەکی بێ سەرەوبەرەی ئاڵۆزی نابەرپرسیارانە نییە کە تێیدا

بەناوی ئازادیی مرۆڤ کەرامەت و بایەخی ئینسانی بکەوێتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە. کەچی رێک بە پێچەوانە ئەم نووسینە بەربەرەکانییەکی راشکاوانەیە لەگەڵ ئەو شێوازی بیرکردنەوە و ئاراستانەی بەناوی کەرامەت و بایەخی ئینسانییەوە بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێک دەستە بۆچوون و هاوکێشەی دیاریکراوی هاوشێوەی لە دەرەوەی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی مرۆڤەوە، وەک مرۆڤ، بەردەوام لە هەوڵی کۆیلاندن و بەلاڕێ بردنی ئاراستەکانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دان. کاتێک «شاملوو» لە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە بەرینە ژێلەمۆییەکانی دەروونی دەکولێنێتەوە و وردبینانە خەسارناسیی کۆمەڵگاکەی دەکات، دەڵێ «هەرگیز هیچکەس بەمشێوە بێرەحمانەیە بە دژایەتی لەگەڵ خۆی هەڵنەستا، کە من لەگەڵ ژیانمدا».

بەداخەوە وێدەچێ زۆر بە کەمی دەرکی شیاوی ئەم حەقیقەتەمان کردبێ کە نوێنگەی راستەقینەی بوونایەتیمان، ژیانمانە و پەیبردن بە هاوپێوەندیی لێک نەبڕاوەی ئەم دوو چەمکە سەرەکییەی فەلسەفەی وجوودیمان وێنایەکی مسۆگەرتر بە مرۆڤ بوونمان دەبەخشێ.

«فرێدریش نیچە» لە گوتارێکی رۆشنگەرانەدا بەناوی «انسان مصلوب»، بە بەرپرسایەتییەوە نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە دۆڕاندنی بایەخە پیرۆزەکانی ژیان لە بەرامبەر هێمای خاچێکی بێ گیان دا لەلایەن مرۆڤەوە دەردەبڕێ و رەخنەی توند لەو کەسانە دەگرێ کە بە پێگە و بوونی خۆیان نازانن. لە کەڵکەڵەی بیر و فەلسەفەی نیچەدا مرۆڤ رێزێکی تایبەتی هەیە و وەک پێوەری سەرەکی و پیرۆزی ژیان بەواتای بوون دەژمێردرێ.

کەچی مرۆڤ (یان باشتر ئەوەیە بڵێین بەشێک لە مرۆڤ کە خوازیاری بە دەسەڵات گەیشتن بوو) لە هەڵوێستی ئیرادەی هێزەوە کەوتە هەوڵی ئاراستەدار کردنی ئەندێشە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگا لە چوارچێوەیەکی سنوورمەندی دیاریکراوی تایبەتدا. هەموو ئەو پێکهاتانەی کە پێیان دەڵێن مەکتەب و ئیدیۆلۆژی (زەوینی یان ئاسمانی) بە درێژایی مێژوو بە یاریکردن بە کۆمەڵێک فاکتۆری هەستیاری وەک نائاگاهی و ترس و بێزاری و خولیای دنیایەکی جوانتر، بەداخەوە هەرگیز بەڵێن و ئامانجەکانی خۆیانیان بەجێ نەگەیاندوە و بەپێچەوانەوە بەردەوام چەوسانەوە و بێزاری و سەرگەردانیان بۆ مرۆڤ بە خەڵات هێناوە. لە دەروونی چوارچێوەیی ئەم ئەندێشە کردارییانەدا مرۆڤ وەک بەدیهیترین چەمکی ژیان و ژیان وەک پێوەنگی سەرەکیی بوون، تا ئاستی کەرەستە بوون و بەستێنێکی کەرەستەیی لە بایەخی وجوودییان کەم کراوەتەوە و گرینگایەتیی پیرۆزتر بەو رەهەندانە دراوە کە لە ئەساسی خۆیاندا بەبۆنەی ئەم دوو توخمەوە پێناسە دەکرێن. کاتێک کە سەیری حەقیقەتی پێکهاتەیی ئیدیۆلۆژی

و مەکتەبە عەقیدەتییەکان دەکەین بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر زیاتر لەوەی لە خزمەتی بەرژەوەندی و چارەسەری گرفت و نیگەرانییەکانی مرۆڤدا بن، لە راستای چەوساندنەوە و بێ بایەخیی زێدەتریدا بوون.

«کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» وەک چۆن «پۆپێر»یش دەڵێ رەنگە ئەوە خود هەڵەترین پرسیارێک بووبێ کە بە درێژایی مێژووی سیاسیی جیهان مرۆڤ لە خۆی کردبێ و هەر جارەی کەس یان لایەنێکیش لە روانگەی خۆیەوە و بە گوێرەی ئاستی تێگەیشتن و لێکدانەوەی تایبەتی خۆی وڵامێکی داوەتەوە.

لە راستیدا ئیدیۆلۆژییەکان لە دڵی ئەم پرسیارەوە سەریان هەڵداوە و رەنگدانەوەی راشکاوانەی وڵامی ئەم پرسیارەن و ئەم پرسیارەش خود سەرەکیترین چەمکی پێکهێنەری رەوتی کلاسیکی مێژووی سیاسیی جیهانە. ئەم پرسیارە بۆ یەکەمجار بە شێوازێکی دارێژراو لەلایەن ئەفلاتوونەوە هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی جیهانەوە، بەڵام دیارە چ پێش ئەو و چ دواتریش سەرەکترین کەڵکەڵەی ئاراستە دیکتاتۆری و ئیدیۆلۆژیەکانی مێژوو بووە.

یۆنانییەکان ناوگەلێکی جۆراوجۆریان بۆ پێناسەکردنی شێوازە جیاوازەکانی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەت دەسنیشان کرد. رەنگە هۆیەکەشی ئەوە بووبێ کە دەیانەویست بە گونجاوترین مۆدێلی حکوومەتی بگەن و بیناسن. ئەم گریمانەیە لەلایەن ئەفلاتوونەوە دارێژرا و لە پێنج خشتەی جیاوازدا لێکدرایەوە،

١- پاشایەتی: حکوومەتی کەسێکی باش (تاک)
٢- دیکتاتۆری: حکوومەتی کەسێکی خراپ (تاک)
٣- دەسەڵاتی ئەشراف: حکوومەتی چەند کەسی باش (کەمینە)
٤-ئالیگارێشی: حکوومەتی چەند کەسی خراپ (کەمینە)
٥- دێموکراسی: حکوومەتی خەڵکی (زۆرینە)

دیارە کە ئەفلاتوون، خۆی، چوار شێوازەکەی یەکەم رەت دەکاتەوە و خشتەکانی «١ و ٣»یش بە نائەخلاقی دەزانێ و دەڵێ کە ئەم دوانەش لە ئاکامدا بە چەواشە دەکێشرێن و لە دەروونی خۆیاندا پتانسیلی بە خراپ بوونیان تێدایە. بەڵام لە حاڵەتی دواییندا تەنیا مۆدێلێکی حکوومەتی دەناسێنێ و بە باشیشی دەزانێ. تەنانەت ئەساسی فەلسەفەکەی خۆی و کتێبە بەناوبانگەکەی (کۆمار)یش لەسەر ئەو بنەمایە دادەرێژێ.

«کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» لە راستیدا ئەم پرسیارە (بە شێوەیەکی ناخۆدئاگا) هێشتاش گرینگترین چەمکی پێکهێنەری ئیدیۆلۆژی و باسە سیاسییەکانی رۆژە و هەرکەس و هەر لایەنێکیش بە پێی ویست و ئاراستە هزرییەکانی خۆیەوە بەرەو ئاقارێکی بردوە.

پێغەمبەران، مارکس ولێنین، هیتلێر و مۆسۆلینی و هەروەها زۆریەک لە سیاسەتمەدارانی هاوچەرخیش زۆربەی کات لە ناخودئاگای خۆیاندا بە شێوەیەکی ماندوونەناسانە بیریان لەوە کردۆتەوە و کاریان بۆ کردوە. هەرکاتێکیش کە دەستوور و یاسایەکی گشتییان داناوە، زیاتر لە هەموو شتێک وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بووە کە «کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» وڵامی خودی ئەفلاتوون بۆ ئەم پرسیارە ئەوە بوو: «خەڵک (زۆرینە)ی باش»، کە راشکاوانە وڵامێکی ئەخلاقیی ناتەواو بوو. پێغەمبەران لایەنگری دەسەڵاتی ئایین و حکوومەتی رێبەرانی ئایینی بوون. مارکس و لێنین پێیان وابوو کە پێویستە بۆ دەربازبوون لە هێزی سەرمایەداران و نەمانی چەوسانەوەی مرۆڤ دەبێ کرێکاران و زەحمەتکێشان لە دەسەڵات دابن. سەبارت بە هیتلێریش کە راشکاوانە لە روانگەی هێزەوە سەیری دەسەڵاتی دەکرد ئاشکرایە وڵامەکەی تەنیا «من» بوو. وێدەچێ کە ئەویش وەک زۆربەی پێشینیانی خۆی پێی وابووبێ پرسیاری حکوومەت. لە ناخی خۆیدا، پرسارێکی بنەمایی یە.

پڕ دیارە کە چۆن لە شێوازە ئیدیۆلۆژیکەکانی حکوومەتدا کە هەمیشەش دیکتاتۆریی لێ دەکەوێتەوە جێگای دال و مەدلول لە نێوئاخنی سیستمی سیاسیی کۆمەڵگادا دەگۆڕدرێ و بەجێی ئەوەی لە روانگەی چۆنێتی بەڕێوەبردنی وڵاتەوە سەیری دەسەڵات بکرێ، لە رەهەندی دەسەڵاتەوە حکوومەت و نیزامی بەڕێوەبەرێتیی سیاسیی و... لێکدەردرێتەوە و پێناسە دەکرێ. ئیدیۆلۆژیی حکومەتی زۆرینە لە مۆدێرنتیرن و لە هەمان کاتیشدا خەتەرناکترین شێوازەکانی تیۆریی سیاسیی جیهانە کە بە هەڵە دێموکراسیی پێ دەگوترێ. چون سەرەڕای ئەوەی کە وەکوو شێوازە دیکتاتۆرییەکانی دیکە لە روانگەی ئیرادەی هێزی (جەماەری زۆرینە) وە دەدوێ، لەگەڵ ئەوەشدا مەشرووعییەتێکی بەرینی جەماوەریی پێناسەکراوی دارێژراو لە پشت خۆیەوە دەبینێ و کەڵکی لێ وەردەگرێ.

حکوومەتی زۆرینە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا پێشێلکردن یان لانیکەم بە کەمگرتنی مافی کەمینەیە. کە بە داخەوە لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتن و لە پێگەی هێزەوە ئیتر توانایی لابردن و بەربەرەکانی کردن لەگەڵی لە دەست کۆمەڵدا نامێنێ.

(بە گشتی دیکتاتۆری هەلومەرجێک پێکدێنێ کە ئێمە بەرپرسیاری نین و ئینجا تەنانەت گۆڕانیشی لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە).

کە وایە بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقیمان هەیە کە هەرچی لە توانامان دایە بە کاری بێنین بۆوەی لە پێکهاتنی بارودۆخێکی ئاواهی پێشگیری بکەین. زۆربەی حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان یان ئەوانەی لە دواییدا بە دیکتاتۆرێتی دەگەن، لە سەرەتاوە و لە کاتی ئۆپۆزسیۆنیدا بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازە دێموکراتیکەکان و لەڕێی هەڵبژاردنەوە بە دەسەڵات گەیشتوون.

کە وایە (دێموکراسییەکان حکوومەتە خۆشەویستەکانی هەمووان نین، بەڵکوو بە واتایاکی تر ئەو مەودایەن کە خاوەنی ئامرازی خۆپاراستن لە بەرامبەر دیکتاتۆرییەکان دان). لە ڕاستیدا دێموکراسی بەستێنی دژکردەوەیی و بەرەنگاربووونەوە لەگەڵ ئۆتۆریتەی پاوانخواز و هێژێمۆنیی دیکتاتۆری یە و ڕێ لە کۆکردنەوە و پاوانی هێز و دەسەلات لە شوێنێکدا دەگرێ و سنووری یاسایی و دەسەڵاتی دەوڵەت دیاری دەکات.

لە پێکهاتەی ئەدەبیاتی سیاسیی لیبراڵ و دێموکراتخوازیی مۆدێرنی جیهانیدا پرسیارە لە مێژینەکەی «کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» ئیتر ئەو کاریگەری و گرینگایەتییەی نامێنێ و «پۆپێر» گوتەنی پێویستە پرسیاری تەواو جیاواز و مرۆڤانەتری «ئایا شێوازێکی حکوومەتی هەیە کە ڕێمان پێ بدا بەگوێرەی پێویست بتوانین خۆمان لە دەست حکوومەتێکی ئەهریمەنی یان تەنانەت نەشیاو ڕزگار بکەین؟» جێگەی بگرێتەوە. لێرەدا بنەمای چەمکی پرسیار و وڵامی حکوومەت ئیتر لە چوارچێوەی کەس یان لایەنێکی تایبەتی دیاریکراودا نامێنێتەوە و سەرنجی شایان بە ڕەهەندەکانی چەندوچۆنیی بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەت دەدرێ. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە (دێموکراسی دەبێ ئەگەر و ڕێی دەرباز بوونی بێ توندوتیژیمان لە دەستی دەوڵەتێک کە ڕێزی ئەرک و بەرپرسایەتیەکانی خۆی ناگرێ، بۆ دەستەبەر بکات).

لە ڕاستیدا کێشەکە لەوەدا نیە کێ حکوومەت بکات، بەڵکوو پێویستە چەندوچۆنیی دەسەڵات و سنوورەکانی دەوڵەت دیاری بکرێت، ئەوەی کە دەوڵەت دەبێ چۆن بێ. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە دەوڵەت نابێ زیاتر لە ئاست و گوێرەی پێویست حکوومەت بکا و دەسەڵاتی هەبێ. یان بەواتایەکی دیکە وڵاتێک دەبێ چۆن بەڕێوە بچێ. ئیتر گرنگ نییە کێ یان جۆرێکی تایبەت (تاقمێک کە خۆیان بە خەڵک دەزانن) حکوومەت بکەن. پێویست ناکا لێیان

بترسین یان ناچار بین کە بترسین. کە وایە (دێموکراسییەکان، ئەو مەجال و مەودایانەی بەڕێوەبەریی وڵات و کۆمەڵگەکانن کە بۆ بەرگری کردن لە ماف و ئازادییە ئینسانییەکان، لە هەر شێوازێکی حکوومەتی درووست بوون). لە دێموکراسیی پۆست مۆدێڕن و ئەکتیڤی لیبراڵ و مرۆڤخوازانەی سەردەمدا ئاراستەی پەیژەی دەسەڵات لە خوارەوە بۆ سەرێ یە و دەسەڵات شەرعییەتی خۆی لە گشت قۆناغەکان دا بە کردەوە لە کۆمەڵگاوە وەردەگرێ.


سەرچاوەکان:

١- انسان مصلوب، فردریش ویلهلم نیچه

٢- جامعەی باز و دشمنان آن، کارل پوپر


٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## سوارە ، شۆڕەسواری شێعری کوردی

باسکردن لە سوارە و شێعری سوارە پێویستیی بە لێ وردبوونەوە و لەبەر چاوگرتنی هەندێک فاکتۆری تایبەتە و دەکرێ لە چەندین رەهەندی جۆراوجۆرەوە بۆی بڕوانین.

رەنگە لە بواری چەندایەتیی شێعرییەوە سوارە لە دەستەی شاعیرە پڕ بەرهەمەکانی کوردی نەبێ، کەچی بە دڵنیاییەوە لە روانگەی چییەتی و چۆنایەتیی بەرهەمەوە لە هەرە ئەستێرە پرشنگدارەکانی ئاسمانی مێژووی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی بە حیساب دێ. کۆی بەرهەمە شێعرییەکانی سوارە لە کتێبێک دا بە ناوی «خەوە بەردینە» بە هەوڵی شاعیری جوانەمەرگی کورد «مارف ئاغایی» لە ناوەندی سەلاحەدینی ئەییوبی بە چاپ گەیشتوون کە تەنیا ١٥ شێعری کوردی و ١٢ شێعری فارسیی لە خۆدا گرتووە. بەڵام هەر ئەو بڕە کەمەی شێعرە لە چوارچێوەی ئەم کتێبە بچووکە دا سوارەی لە رەدیفی گەورەترین و هەرمانی ترین شاعیرانی مێژووی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی داناوە. سوارە ئێلخانیزادە کە لە نێو کۆڕی شاعیران و هۆگرانی شێعری کوردی دا زیاتر بە «کاک سوار» ناسراوە،

کوڕی ئەحمەد ئاغای ئێلخانیزادەیە و لە دایکبووی ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە گوندی «تورجان» ی نێوان سەقز و بۆکانە. منداڵ دەبێ کە بنەماڵەکەیان بار دەکەن بۆ گوندی «قەرەگوێز»ی بۆکان و لەوێ دەمێننەوە. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە بۆکان دەخوێنێ و دواناوەندی لە تەورێز تەواو دەکا. پاشان بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندنی باڵا دەچێتە تاران و لە زانکۆی تاران لیسانسی یاسا وەردەگرێ. پاشانیش هەر لەوێ دەمێنێتەوەو لە بەشی کوردیی رادیۆ تاران دەست بە کار دەبێ و بەرنامەیەکی فەرهەنگی و ئەدەبی بەناوی «تاپۆ و بوومەلێڵ» پێشکەش بە گوێگران و هۆگرانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی دەکا، کە کۆی نووسراوەکانی ئەو بەرنامەیەشی کە زیاتر لە چەندین وتار و پەخشانی جوان و پڕ ناوەرۆکی ئەدەبی و فەرهەنگی لە خۆیدا دەگرێ لە تویی کتێبێک دا هەر بەو ناوەوە کۆکراوەتەوە و لەم ساڵانەی دوایی دا بە چاپ گەیشتووە.

لە راستیدا ناو و ناوبانگی سوارە بەر لە هەموو شتێک بە هۆی ئاستی بەرز و دەور و کاریگەریی کاک سوار لە گەشە و دەوڵەمەند کردنی زێدەی بەتایبەت شێعری نوێی کوردی دا بوو. ئەگەر بەگشتی و بەتایبەت لە باشووری کوردستان مامۆستا گۆران وەک باوکی شێعری نوێی کوردی دەناسرێ، ئەوا بە ئەرخەیانییەوە دەور و کاریگەریی بێ وێنەی کاک سواریش لە گەشە و بڕەوی شێعری نوێی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا حاشای لێ ناکرێ. لە راستیدا کەڵکەڵەی دەروونی و رەسەنی شێعری لە گرینگترین و شوێن دانەرترین لایەنەکانی شێعری کاک سوارەیە کە نەیهێشتوە هەرگیز توخمی رەسەنییەتی شێعری لە پێناوی هیچ شتێکی دیکە دا بدوڕێنێ. زمان و تەکنیکە دەروونییەکانی شێعری دەورێکی سەرەکییان لە شێعری کاک سواردا گێڕاوە و تێمی جوانی ناسیی بەیان و دەربڕینی هونەرمەندانەی شێعری لەلایەنە بەرچاو و سەرنج راکێشەکانی هەمیشەیی شێعرەکانی کاک سوارن. رەنگە لە گرینگترین لایەنەکانی جیاوازیی شێعری کاک سوار لە چاو شێعری شاعیرانی هاوچەرخ و پێش خۆی و دوای خۆشی لە ئاپۆڕای ئەو هەمووە گەمە ناوەکییانەدا بێ کە لە چوارچێوەی زمان دا دەیکا و بوارێکی بەرفراوان و کەم وێنەی لە راڤەی بەرینی شێعری پێ بەخشیوە.

ئەو وێناسازییە کەم وێنانەی لە شێوەی نیگارکێشێکی بە توانا و ئەندازیارێکی شارەزا، لە پێکهاتەی زمانێکی دەوڵەمەند و راڤەخوڵقێنی ئیستاتیکای هونەری دا دەینرخێنێ، نوێنگەی دوورە دیمەنی یەک لە سەر یەک کرانەوەی دەرگای هەراوەکانی ڕووناکین. کە بە تایبەت لە شێعرەکانی «خەوە بەردینە» و «کچی بەیان» و وەرگێڕانی «هەڵۆ» دا ئیتر بەوپەڕی خۆی دەگات.

هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە ناوەڕۆک و پەیامی دەروونیی شێعری لەم شێعرانەدا دیار نەبێ یان کەم ڕەنگتر بن، بە پێچەوانەوە لە چوارچێوەی شێعرەکانی سوارەدا ناوەڕۆک و پەیامی شێعری شان بە شانی زمان و فۆرم بوونی هەیە و دەورێکی بەرچاو دەگێڕێ. کەچی لە هەمان کاتیشدا شێعرییەت و دەربڕینی تایبەتی شێعری بە هەستیارانەترین شێوازەکانی خۆیەوە پارێزراوە. کاک سوار لە بواری شێعری فارسیش دا دەستێکی باڵای هەیە و شێعری بەهێزی «برخوان خورشید» بە ئەرخەیانییەوە لە شێعرە هەرە دەگمەن و نایابەکانی شێعری هاوچەرخی فارسی بەحیساب دێ کە سوارەی لە ریزی شاعیرە هەرە بەرزەکانی شێعری هاوچەرخی فارسی داناوە. ڕەنگە بڵاو بوونەوەی شێعری شاعیرێکی فارسی نووس لە گۆڤارگەلێکی وەک «خوشە» کتاب جمعە، سخن و ...» بەتایبەت لە دەیەی چلی هەتاوی دا ئارەزوویەکی کەم وێنە بوایە، کەچی شێعرەکانی کاک سوار بە زۆری لەو گۆڤارە بەناوبانگە ئەدەبیانەی ئەو سەردەم دا بڵاو دەبوونەوە و سەرنجی شایانی خوێنەرانیشی بەلای خۆیەوە رادەکێشا. کاک سوار شاعیرێکی یەکجار هەست ناسک و دەروەست بە کۆمەڵگە و نیشتمانەکەیەوە بوو. بەدەم ئازارەکانی خاکەوە دەئێشا و لەگەڵ هەر بەربەیانێک دا دەپشکووت. هۆگرییەکی کەم وێنەی بە چارەنووسی نەتەوەکەی و دوا ڕۆژی وڵاتەوە هەبوو.

ڕەنگە کەمتر بارودۆخێک کاریگەریی رووداوی شۆڕشی ٤٦ - ١٣٤٧ی لەسەر دانا و بەم رادەیە شڵەژاندی. دوای دامرکاندنەوەی ئاگری شۆڕشی ٤٦ - ١٣٤٧ لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتیی ئێرانەوەو کوژران و ئیعدام کردنی بەشێکی زۆر لە پێشمەرگە و ڕێبەرانی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات لە ئاکامی ئەم شۆڕشە قارەمانانەیەدا، کە تەمێکی ڕەش و بێ هیواییەکی رووخێنەر باڵی قورسی بەسەر فەزای کوردستاندا داگرتبوو، کاک سوار بە وێنەی قەقنەسێک لە نێو دڵی ژیلەمۆ دا سەری هەڵدایەوە و بڵێسەی گرت. سوارە نەمرد، بەڵکوو لە نێو هەناوی مەرگەوە مزگێنی ژیانی هێنا. کاریگەریی ئەم رووداوە لە ژیانی شێعریی سوارەدا بێ وێنە بوو، و باشترین و پڕبایەخترین بەرهەمە شێعرییەکانی کە لە پێوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ ئەم رووداوە و کاریگەرییەکانی دوای ئەم رووداوە دان، هی ئەو قۆناغە تایبەتەن. (خێڵی درۆ، کچی بەیان، خەوە بەردینە، تۆ دەریامی) کاک سوار بەر لە هەموو شتێک شاعیری ژیان و بایەخە پیرۆزەکانی ژیان و مرۆڤایەتی بوو. باوەڕی قووڵی بە رۆیشتن و رانەوەستانی بەردەوام لە پێناوی گەیشتن بە ئامانج دا هەبوو. پێی وابوو تاریکایی تا زیاتر خەست بێتەوە، گرینگیی رووناکی زیاتر دەردەکەوێ و سەرکوت هەتا بەهێزتر بێ، ئازادی بایەخدارترە.

بلاوێنترین نەغمەی ژیانی لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانی دەبیست و خۆشترین سروودی ئازادیی لە نێو

قاسپەی کەوی دیلی زیندانی داری دا دەدۆزیەوە. شێعری « خێڵی درۆ» دژکردەوەیەکی راشکاوانەیە بەو رەخنەگرە بە ناو رووناکبیرانەی بەجێی ئەوەی یارمەتیدەر و لە خزمەتی شۆڕشی کوردستان دابن، لە دژی دا راوەستابوون. شێعری «کچی بەیان» دڵدانەوەو ورەی سەوزی سوارەیە بە خەڵکی کوردستان کە لە دوای شکستی شۆرش دا تاپۆیەکی پڕ لە خەم و بێ هیوایی باڵی بە سەردا کێشابوون. کاک سوار لە شێعری «خەوە بەردینە»دا کە بەناوبانگ ترین و بەهێزترین بەرهەمیشێتی ئیتر لە چوارچێوەی هاندەر و ورە بەخشێکی تەنیای کۆمەڵگەکەی لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی و رزگاری دا نامێنێتەوە و لە قەوارەی ئەندازیارێکی شارەزا و رێناسێکی خاوەن ئەزموونی رێگای خەبات و ژیان دا بۆ گەیشتی بە دەریای هەرمانی دەردەکەوێ و نەخشەی رێگا پێشکەش دەکا. لەم شێعرەدا پاش ئەوەی حەرەکەتی مێژوویی نەتەوەیەک لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی دا بە ئاوی کانیاوێک دەشوبهێنێ کە بۆ گەیشتن بە شاری دەریا خۆی لە قووڵاییە تاریکەکانی زەمان رادەپسکێنێ و رێگەی خەباتی رووبار دەگرێتە پێش، باس لە رەوتە جیاوازەکانی درێژەی ئەم پرۆسەیە دەکا، کە تەنیا یەکێکیان بە سەرکەوتوویی ئەم رێبازە پڕ کەند و کۆسپە دەپێون. یەکێک لەو رەوتانە هەر لە جێدا دەبێتە بەرد و لە دژی خۆی رادەوەستێ. رەوتێک سەری لێ دەشێوێ و بە شوێن خۆیدا دەخولێتەوە و لە نێو گێژاودا دەکەوێ. رەوتێک ئالوودەی گژ و گیای کەناری رووبارەکە دەبێ و بە لارێدا دەچێ. کەچی لە ئاکام دا تەنیا رەوتێکیان کە جیا لە گەیشتن بە شاری دەریا هیچ شتێکی بۆ گرینگ نیە و هەموو فەلسەفەکەی خۆشی هەر لەم پێناوە دا پێناسە کردوە و بە بێ راوەستان و کۆڵنەدان رێ دەپێوێ بە دەرئەنجامی ئامانج دەگات. کاک سوار رەمزی مانەوە و گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەیەک لە تەبایی و بە یەکەوە هەڵکردن و نەسرەوتن بەرەو سەرکەوتن دەزانێ و لە کۆتایی دا دەڵێ: «نەسرەوتنە، کولەکەی رۆحی ئاوە »

ژیانی خودی کاک سوارەش هەر وەکوو شێعرەکانی کورتخایەن بەڵام پڕناوەرۆک و پڕبایەخ بوو. بەداخەوە بەفرانباری ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی لە شاری تاران کۆچی دوایی کرد و زۆر زوو نیشتمانەکەی بەجێ هێشت.

ئەو شاعیرە پایەبەرزەی وڵاتی کوردەواری بۆ هەمیشەی مێژوو لە نێو دڵی هۆگرانی شێعر و ئەدەبیاتی رەسەنی کوردی دا بە جاودانەیی مایەوە. ئێستاش گڵکۆی کاک سوارەی ئیلخانیزادە لە گۆڕستانی گوندی «حەمامیان»ی بۆکان رووگەی پڕ لە خۆشەویستیی رێبوارانی رێبازە پیرۆزەکەیەتی.

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

## مامۆستا هەژار، نوێنگەی زمانی رەسەنی کوردی

عەبدولرەحمانی شەرەفکەندی ناسراو بە «هەژار» یەکێکە لە بەتواناترین قەڵەم و درەوشاوەترین رووخسارەکانی نێو بەستێنی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی و رەنگە هیچ دوور لە راستیش نەبێ کە ئەگەر بڵێین لە هەرە نەمرترین و شوێندرانەرترین کەڵە پیاوەکانی مێژووی زمان و ئەدەبی کوردییە کە زیاترین کاریگەری و خۆشەویستیی لە نێو دڵی هەمیشەیی خەڵکی نیشتمانەکەی دا بۆ خۆی دەستەبەر کردوە.

هەژاری نووسەر، وەرگێر، لێکۆڵەر و شاعیری بەتوانای کورد، لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە نێو بنەماڵەیەکی ديندار و زانست پەروەری بەناوبانگی ناوچەی موکریان دا لە شاری مەهاباد لە دایک بووە و چاوە گەشە پڕ لە پرسیار و نیگەرانییەکانی بە رووی دنیایەکی پڕ لە چەوسانەوە و نابەرابەری دا هەڵێنا.

هێشتا دوو ساڵی زیاتر نەبوو کە دایکی لە دەست دا و لە پێنج ساڵی دا ئەلف و بێ و قورئان لە خزمەتی باوکی دا فێر بوو. پاشان چوو بۆ قوتابخانە و دەستی کرد بە فیربوونی زانستی ئیسلامی لە لای مامۆستا ئایینییەکانی ئەوکاتی وڵاتی کوردەواری. هێشتا مێرمنداڵێک زیاتر نەبوو کە باوکی پشت و پەناشی لە دەست داو ئەرکی قورسی بەرپرسایەتیی بنەماڵەکەی کەوتە سەر شان و چیتر نەیتوانی کە لە خزمەتی مامۆستاکانی و لە رێی قوتابخانەوە پەرە بە تێگەیشتن و زانستی خۆی بدا.

هەژار هەر لە سەرەتای منداڵییەوە خۆشەویستیەکی کەم وێنەی بە شێعر و نووسین و ئەدەبیات هەبوو، و بەردەوام لە حاڵی خوێندنەوەو لەبەر کردنی شێعر و نووسینی شاعیر و نووسەرە گەورەکانی کورد و بیانی دا بووە و کەڵکی لێ وەرگرتوون. هەربۆیەش زۆر بە زوویی و لە هەرەتی لاوەتیی دا وەک نووسەر و شاعیرێکی بە توانا و خاوەن هەڵوێست و سەرنج راکێش لە کوردستاندا درەوشایەوە و توانیی کە لە ئاستی بەرین و بەرفراوان دا پێگە و ناوێکی شایان بەدەست بێنێ. بە جۆرێک کە بە پێی لێوەشاوەیی و قەڵەمە بەتواناکەیەوە لە لایەن رێبەری مێژوویی گەلی کوردەوە ـ پێشەوا قازی محەمەد ـ وەک شاعیری میللیی کوردستان ناسرا. مامۆستا هەژار لە تەنیشت شێعر و پەرەپێدان بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی دا، بەردەوام وەک چالاک و هەڵسوڕاوێکی ماندوونەناسی کوردیش هەرگیز وچانی نەداوە و لەگەڵ هەست پێکردنی قووڵی بە چەوسانەوەی نەتەوەکەی یەک لەحزەش لە پێ

نەکەوت و تا دوایین ساتەکانی ژیانی لە بواری خەباتی سیاسی و نەتەوەیی دا لە تێکۆشان و هەوڵی بەردەوام دابوو.

زۆر بە زوویی تێکەڵ بە ریزەکانی کۆمەڵەی (ژ - ک) بوو و لە ماوەی ژیانی کۆماری کوردستانیش دا بە یەکێک تێکۆشەران و چالاکانی سەرەکیی فەرهەنگی و سیاسیی حکوومەتی کوردستان دەژمێردرا و زۆر هەڵسوڕ بوو. پاش نەمانی کۆماری کوردستانیش وەک زۆریەک لە هاوسەنگەرانی بە ناچار ژیانی غەریبیی گرتە بەر و پەرەوازەی هەندەران بوو، و ساڵانێکی زۆری لە وڵاتانێکی وەک عێراق و سووریا و لوبنان و... دا بەسەر برد و ماوەیەکیش لە شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفای بارزانیی نەمر درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی مرۆڤانە و کوردانەی داوە. مامۆستا هەژار جیا لە زمان و ئەدەبیاتی کوردی و فارسی دەسەڵات و تێگەیشتنێکی باش و بەنرخیشی لەسەر زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی هەبوو، و ئەوەش یارمەتیی زۆری دا کە بتوانێ دەفگەلێکی وەک کتێبی «شەفا»ی «ئەبوعەلی سینا» و قورئان بەو پەڕی لێهاتووییەوە بگوازێتەوە سەر کوردی. یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرینگەکانی «هەژار» دەسەڵاتی بێ وێنەی بەسەر زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی دا بووە و لە بڕەو و نرخاندنی هەرچی زیاتری قەڵەمی ئەو مامۆستا بایەخدارەی نیشتمانی کوردەواری دا دەورێکی بەرچاوی بووە. بە پێی زانیاری و تێگەیشتنی زۆری لە بەستێنی زمانی فارسی و کوردی دا بەتایبەت دوای وەرگێڕانی کتێبی قورسی «شەفا» لە عەرەبییەوە بۆ فارسی لە لایەن کۆڕی زانیاریی زمانی فارسییەوە بە ئەندامی کارای «فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی» لە تاران هەڵبژێردرا و هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ڕێی ئەم کاناڵەشەوە ئاستی چالاکی و کارەکانی لە چوارچێوەی فەرهەنگ و زمانی کوردی و فارسی دا ئەوەندەی دیکەش پەرە پێ بدا و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کارو کاریگەرەییەکانی لە نێو گۆڕەپانی زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەیدا بەرفراوانتر لە جارانیش بکاتەوە. بەداخەوە ئەو شاعیرو نووسەرە گەورە و کەم وێنەیەی وڵاتەکەمان پاش خزمەتی بێ وچان بە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواری لە رۆژی ٢ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی لە شاری «کەرەج» کۆچی دوایی کرد و لەسەر داوای خۆی هێنرایەوە بۆ شاری زادگەی، مەهاباد و لە گۆڕستانی شاعیران و هونەرمەندانی ئەو شارە دا لە تەنیشتی شاعیرانێکی گەورەی وەک «مامۆستا هێمن» و «خاڵە مینی بەرزنجی» بە خاکی پیرۆزی نیشتمانەکەی ئەسپێردرا.

هەندێک لە کتێب و ئاسەوارەکانی مامۆستا هەژاری نەمر بریتین لە: هەنبانە بۆرینە (فەرهەنگی کوردی - فارسی)، مەم و زینی خانی (گۆڕین لە کرمانجیی ژووروو بۆ سۆرانی)، قورئان بە کوردی (وەرگێڕان)، شەفای

ئەبوعەلی سینا (وەرگێڕان)، ئاڵەکۆک (شێعر)، بۆ کوردستان (شێعر)، چێشتی مجێور (ژیاننامە)، شەرەفنامەی بەدلیسی (وەرگێڕان)، چوارینەکانی خەییام (وەرگێڕان)، چەند نووسراوەیەکی دوکتور عەلی شەریعەتی (وەرگێڕان)، چەپکە گوڵ (شێعرەکانی شامی کرماشانی)،

**چەند نموونەیەکی شێعریی مامۆستا هەژار**

*به کوردی دەژیم به کوردی دەمرم*
*به کوردی دەیدەم وەرامی قەبرم*

*به کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە*
*لەو دنیاش بۆ کورد تێهەڵدەچمەوە*

**لە چوارینەکانی خەییام**

*وەبزانە جیهان بە ئارەزووی تۆ دەگەڕێ*
*ئەو چەرخ و خولەی هەمووی بە فووی تۆ دەگەڕێ*

*وەبزانە کە لە سەد ساڵی ژیای، پاشان چی*
*مەرگێکە لە سەر ڕێگات، لە دووی تۆ دەگەڕێ*

*مەیگێڕ بە سەرت پردی سیراتیش کەڵەکە*
*سەیرانی بەهەشت سەیری دوو چاوی بەڵەکە*

*زۆرم لە خودا ویست و کەمیشی نەگەیی*
*هەر تۆبەیە دەمداتێ و ئەویش نەم گەرەکە*

**چوارینەکانی مامۆستا هەژار**

دڵم تەنگە وەکوو خونچەی دەمی تۆ
سەرم گێژە لە گێژیی پەرچەمی تۆ

دڵ و ماڵ و ژیانم دا بە ماچێک
گوتت پێک نایە زۆری من کەمی تۆ

لە چەشنی ئاگرن کوڵمی گەشی تۆ
لە مار حەستەمترن پرچی ڕەشی تۆ

بڵێم وەک چی دەچی، هەر گوڵ دەزانم
لە گوڵ ناسکترە، ناسک لەشی تۆ

۲۸ی جانیوێری ۲۰۱۳

## مامۆستا هێمن، شاعیری عیشق و ئازادی

لە شەوی جەژنی بەراتی ساڵی ۱۳۰۰ی کۆچیی هەتاوی لە گوندی لاچینی شاری مەهاباد لە ناوچەی موکریان لە نێو بنەماڵەیەکی ئەدەب دۆست و زانستپەروەر دا منداڵێک لە دایک دەبێ کە پاشان دەبێ بە یەکێک لە درەوشاوەترین ئەستێرەکانی ئاسمانی فەرهەنگ و ژیانی نەتەوەکەی و وەک یەکێک لە دیارترین و شوێندانەرترین روخسارەکانی وڵاتەکەی بۆ هەمیشەی مێژوو دەمێنێتەوە.

سەید محەمەد ئەمینی شێخولئیسلامی موکری ناسراو بە »هێمن« کوڕی سەید حەسەن و لە وەچەی مەلاجامیی چۆڕی-ی شاری مەهابادە کە ماوەی زیاتر لە ٣٠٠ ساڵ لەمەوبەرتر لە باشووری کوردستانەوە بۆ ئەو شارە کۆچ دەکەن و ئیتر بۆ هەمیشە لەو مەڵبەندە دەگیرسێنەوە.

زۆر بە زوویی و لە سەرەتای منداڵیەوەی هۆگری خوێندنەوە و نووسین و فێربوون دەبێ و ڕەوانەی قوتابخانە دەکرێ. پاشان بە مەبەستی فێربوونی زیاتر و بەرز بوونەوەی ئاستی زانیاری و تێگەیشتن دەچێتە خانەقای بورهان و لەوێوە برەو بە خوێندن و خۆپێگەیاندن دەدات. هەر لەوێش دەبێ کە لەگەڵ کەسانێکی وەک هەژار و خاڵەمین و سەیفی قازی ئاشنا دەبێ و دەیانناسێ. بە وتەی خودی مامۆستا هێمن یەکێک لەو کەسانەی کە لەو سەردەمەدا زیاترین شوێن و کاریگەریی لەسەر دادەنێ مامۆستا ئەحمەدی فەوزی یە کە لەسەر دەستی ئەو فێری زمان و ڕێبازە ئەدەبییەکانی سەردەم دەبێ و ژیانی خۆی تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر بە مەدیوونی ئەو مامۆستا بلیمەت و لێهاتوویە دەزانێ.

بە هۆی حەز و هۆگریی زۆرەوە بە شێعر و ئەدەبیاتی کوردی و خوێندنەوەی بەردەوام لەو بەستێنە دەستی دایە نووسینی شێعرو تاقیکردنەوەی خۆی لەو بوارەدا، کە هەر وەکی دەریش کەوت توانیی بەربەرە سەرکەوتنێکی بەرچاو و باش وەدەست بێنێ. هێمنی لاو و شاعیر زۆر بە زوویی قۆناغەکانی پێشکەوتنی شێعریی بڕی و و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی کوردەواری دا وەک شاعیرێکی خاوەن هەست و لێوەشاوەی جیددی دەرکەوت. یەکەم ئەزموونە شێعرییەکانی خۆی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەم دا وەک: گەلاوێژ، نیشتمان، کوردستان، هاواری کورد، هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵان، هەڵاڵە، دا بڵاو دەکاتەوە.

بە دامەزرانی کۆمەڵەی (ژ - ک) و پاشانیش حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک کوردێکی نیشتمان پەروەر و بە هەڵوێست بەشداریی تێدا دەکا و وەک ئەندامێکی کاراو لێهاتوو بە کردەوە دەکەوێتە خزمەتی هەرچی زیاتر بە خاک و نەتەوە بەش خوراوەکەی و بە تایبەت لە کاتی حکوومەتی کۆماری کوردستانیش دا زیاترین لەخۆ بردوویی و خزمەتە شایانەکانی لە خۆی نیشان دەدا و تا دوایین ساتەکانی تەمەنی پڕ لە شانازیی لە ڕێبازی نەتەوەکەی لای نەداوە و پێیان وەفادار مایەوە.

مامۆستا هێمن لە گەورەترین و هەرمانی ترین شاعیرەکانی کوردە کە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کوردەواری دا

سەریان هەڵداوە و پێگەیەکی خاوەن ڕێز و ماندگاریان بۆ خۆیان دەستەبەر کردوە. ئەگەرچی «سەیفولقوزاتی موکریانی» بە پێشەنگی شێعری کوردی موکریانی دادەنرێ، بەڵام بە ئەرخەیانییەوە ترۆپکی رازاوەی شێعری شێوەی موکریانی لە کارەکانی هێمن دا نمایانە و خۆی دەنوێنێ. هێمن بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی شاعیرە پایەبەرزەکانی پێش خۆیەوە و بەو دەسەڵاتە کەم وێنەیەی بەسەر زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەی دا هەیبوو، دۆخێکی وەها جوان و دەوڵەمەندانەی لە شێعرەکانی دا پێک هێنا کە بۆ هەمیشە لە مێژوو دا دەمێنێتەوە.

ناسکیی خەیاڵ، بیری شاعیرانە، هەست بە بەرپرسایەتیە مێژوویی و مرۆڤییە نەتەوەیی یەکان، جوانی ناسی و جوانی پەرەستی، دەسەڵاتی بەرینی زمانی و ئەدەبی، ناسینی دروست و شیاوی مرۆڤ و کۆمەڵگا و بە دەیان تایبەتمەندیی شایانی دیکە لە کاریگەرییە پڕ ناوەرۆکەکانی شێعرو زمان و کەسایەتیی هێمنی مامۆستا و شاعیر و کوردپەروەری دێمۆکڕات بوو کە بارستاییەکی شایستەی مرۆڤە مەزنەکانی مێژوویی بە مامۆستا هێمنی نەمر و خۆشەویستی بەخشیوە.

شێعرەکانی مامۆستا هێمن پڕە لە تەکنیکە ئیستاتیکە ئەدەبییەکان و روانگە رازاوەکانی شێعری و بەرفراوانیی خەیاڵ و هەڵوێستە پێشکەوتنخوازە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی هزری و ئەندێشەی قووڵی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانەی بەهێز. چەمکەکانی نۆستالیژی، تراژێدیا، دڵداری، نەتەوەخوازی، جوانی ناسی، رۆشنبیری، پێشکەوتنخوازی، ئازادی و رزگاریی مرۆڤ بە گونجاو و شایانترین جۆرەکانی خۆیانەوە لە شێعرو ئەدەبیاتی هێمن دا رەنگدانەوەی خۆیان هەیە و پانتایی بیرو خەیاڵی شاعیرانەیان فراوانتر کردۆتەوە. مامۆستا هێمن نموونەی شاعیرێکی نەتەوەپەرستی مرۆڤخوازی پێشکەوتووی سەردەم بوو کە تێکهەڵکێشێکی شایان لە تایبەتمەندییە رەگەزی و ئامانجە مرۆڤانەکانی پێک هێنابوو.

ئەگەرچی لە بەستێنی نۆرمی شێعری دا لاسایی لە پێشینیانی خۆی کردەوە، کەچی لە چوارچێوەکانی زمان و ناوەرۆک و روانگەکانی شێعری دا ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و بەرفراوانی بەسەر شێعری هاوچەرخی کوردی دا پێک هێناو بە پێشەنگە هەرە پێکهاتە شکێنەکانی شێعر و ئەدەبیاتی رۆژی کوردی دەژمێردرێ. مامۆستا هێمنی شاعیر، نووسەر، خەباتکار و رووناکبیری بلیمەتی کورد لە بواری کاری رۆژنامەگەرییش دا شوێنی تایبەتیی خۆی هەیە و جیا لەوەیکە ساڵانێکی زۆر و بێ پسانەوە لە تویی رۆژنامە و گۆڤارە جۆراوجۆرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا زەحمەتی زۆری کێشاوە، لە دوایین ساڵەکانی تەمەنی پڕ لە شانازیی دا وەک دامەزرێنەر و سەرنووسەری

گۆڤارێکی خاوەن پێگەو کاریگەری وەکوو «سروە»ش زیاترین خزمەتی بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ڕەسەنی نەتەوەکەی خۆی کردووە. لە مامۆستا هێمن چەندین کتێب و نووسراوەی بە نرخ بۆ کتێبخانەی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی بە یادگار ماونەتەوە کە بریتین لە: تاریک و روون، نالەی جودایی، پاشەرۆک، وەرگێڕانی توحفەی موزەففەرییە، وەرگێڕانی شازادە و گەدا، قەلای دمدم و...

ئەو شاعیرە جوانی پەرست و ئەو مرۆڤە کوردپەروەرەی وڵاتی کوردەواری بە داخەوە لە رۆژی ٢٨ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە شاری ورمێ دڵە پڕ لە خۆشەویستییەکەی لە لێدان دەکەوێ، بەڵام یاد و شێعر و نووسراوە جوان و پڕ بایەخەکانی بۆ هەمیشەی مێژوو لە نێو دڵ و زەینی هۆگرانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی دا دەمێنێتەوەو جاویدانەی دەکاتەوە. ئینجا تەرمی بەرێزیشی بۆ شاری زادگەی، مەهاباد، دەگوازرێتەوە و لەوێ لە گۆڕستانی شاعیران و هونەرمەندانی کوردستان دا بۆ هەمیشە تێکەڵ بە خاکی پیرۆزی نیشتمان دەبێتەوە

٢٨ی جانێویری ٢٠١٣

---

## قارەمانای دوێنێ، دیکتاتۆرانی ئەمرۆ (لە پەراوێزی شۆڕشی خەڵکی لیبی دا)

کاتێک ئاورێک لە چۆنێتیی بە دەسەڵات گەیشتنی زۆربەی نزیک بە تەواوی دیکتاتۆرانی ئێستای جیهان دەدەینەوە، دەردەکەوێ کە زۆربەیان یان وەک کەسایەتیەکی میلیتار لە ڕێی کودەتایەکی نیزامی پاش رووخانی دەسەڵاتی حاکم وەک هێزی سەرەکی، یان وەک کەسایەتیەکی کاریزماتیک پاش هەڵایساندن و وەگەڕخستنی شۆرشێکی جەماوەری و بەدەستەوەگرتنی رکێفی شۆڕش لە دژی دەسەڵاتی زاڵ لە دەوری قارەمانێکی نەتەوەیی دا بە دەسەڵات گەیشتوون. دیارە لە هەر دووی ئەم حاڵەتانەدا ناپەسەندی و لاوازیی دەسەڵات لە هەرە توخمە سەرەکیەکانی هاندەری هێزی گۆڕانە کە لە ئاکامدا لە لابردن و رووخانی دەسەڵاتی زاڵ دا خۆی دەبینێتەوە و بە ئەنجامی دەگەیێنێ. ئینجا بە گشتی خەڵک (یان لانیکەم زۆربەیان) سەرەڕای ئەوەی کە دەزانن لە دژی چی ڕاپەڕیون و بەرەنگاری بوونەتەوە کەچی کەمترین بەرچاوروونیی ئەوتۆیان سەبارەت بە دوارۆژی وڵات و کۆمەڵگاکەیان لە بەردەمدا هەیە و زیاتر لە دەوری کۆمەڵێک درووشم و تەبلیغاتی سەرنج راکێش و دڵخوازانەدا کۆ دەبنەوە. لێرەدا

ئیتر رێبەریی شۆڕش دەرفەتەکە دەقۆزێتەوە و بە هەرچی پتر هەستیارکردنی بارودۆخەکە لە پێناو دەستەبەر کردنی مەشرووعییەتی زێدە بۆخۆی بە تەواوی سواری رەوتەکە دەبێ و وەک ئالترناتیڤی بەدیهیی مەوجوود دەردەکەوێ. لە وڵاتانی دواکەوتووی دنیادا بە گشتی ئەم ئیرادەی گۆڕانانە زۆر زیاتر لەوەی کە لە هەوڵ و بە مەبەستی گۆڕینی سیستم و پێکهاتەی دەسەڵاتدارێتیی وڵات دابن، نیازی گۆڕینی حکوومەت و دەسەڵاتیان هەیە.

تەنانەت ئەگەر هەندێک جار ئەو گۆڕانە سیستم و پێکهاتەی دەسەڵاتیش بگرێتەوە، زیاتر لە رووکەش دایە و هەمدیس لە بنەمایەکی دیکتاتۆڕانەوە ئاو دەخواتەوە. ئیتر ئیرادە و تامەزرۆیی دەسەڵاتدارێتی و پاوان باڵی خۆی بە سەر ئیرادەی گۆڕانخوازی دا دەکێشێ و ئاراستەیەکی وجودیانەی پێ دەبەخشێ و ماهییەتی بابەتەکە بە دەست لێنەدراوی وەک خۆی دێڵێتەوە. لێرەدا مەجبوورم بگەڕێمەوە بۆ بیرۆکەی جێگۆڕکێی پرسیارە بنەماییەکەی حکوومەت کە لە دەمی ئەفلاتوونەوە هاتە نێو مێژووی ئەدەبیاتی سیاسیی جیهانەوە (کێ دەبێ حکوومەت بکات؟)، لەگەڵ پرسیارە جیاوازترەکەی "کارڵ پۆپێر" کە دەڵێ: (ئایا شێوازێکی حکوومەتی هەیە کە رێگەمان پێ بدات بە بێ زۆر و خوێنرێژی لە دەست دەسەڵاتێک کە بە نارەوای دەزانین، رزگار بین؟) ئەگەر هەندێک ورد بینەوە بە راشکاوی دەردەکەوێ کە رەنگە زۆر گرینگ نەبێ سەرنجی ئەندێشەی سیاسیی وڵاتێک بەرەو ئەوە رابکێشین کە سیاسەتمەدارانی کام تیۆری یان ئەندێشەی سیاسی لە وڵاتێک دا دەسەڵاتدار بن و رکێفی حکوومەتیان بە دەستەوە بێ. چونکە ئەزموونی مێژووی سیاسیی جیهان بەروونی ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە تەنانەت باشترین مۆدێلەکانیش لە باشترین حاڵەتەکانی خۆیان دا تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتی و لە هەلومەرجێکی تایبەت دا کەڵکی شیاویان دەبێ و لە دەروونی هەموو ئیدیۆلۆژییە دەسەڵاتخوازە بێسنوورەکان دا جۆرێک لە دیکتاتۆری و پاوانخوازیی دوگمی بێکۆتایی حزووری هەیە کە مەجالەکان تا ئاستی نەدیتنی هیچ ئەندێشەیەکی جیاواز لە خۆی بەرتەسک و بەرتەسکتر دەکاتەوە. بەڵکوو پێویستە بە لە کارکردنی پێکهاتە و سیستمی ئازاد و دێموکراتیکی گونجاو لەگەڵ ئەتنیکی وڵاتەکان دا ئەگەری بەشداری و لە شانۆدابوونی هەر هزر و ئەندێشەیەکی تایبەت لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتاندا ـ بە مەرجی سنووردار کردنی دەسەڵات و پاراستنی بایەخە مرۆڤی و نیشتمانییەکان لە پێناوی ئازادی و دێموکراسی و سەرەوەریی نەتەوەییدا ـ ئاسانتر بکەینەوە. وێدەچێ کە ئەگەر روانگەی خۆمان لە چییەوە بەرەو چۆن بگۆڕین کلیلی چارەسەریی زۆرێک لە کێشە هەنووکەیی و مێژووییـەکانمان دۆزیبێتەوە. بەڵام ئەم فاکتۆرە گرینگ و ئەم تێبینییە کارسازە بەداخەوە لە ناخودئاگای هیچ کام لەم ئیرادانە دا کە لە هەوڵی گۆڕینی دەسەڵاتدارانن نیە و لە باشترین حاڵەتەکانی خۆیاندا تەنیا حکوومەتێکی نامرۆڤانەی ناشایستە لادەبەن. کەچی هیچ زەمانەت و گارانتییەک بۆ لێهاتوویی و کراوەبوونی حکوومەتی داهاتوو کە لە ئاکامی رووخانی

حکوومەتی پێشوو دا دیتە سەرکار نیە و تەنانەت جاری وایە خراپتریش دەبێ.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە مەبەستی ئەم نووسینە هەرگیز بە تەمای هێنانە بەرباس و کردنەوەی دەلاقەیەکی نوێ بە سەر هەندێک پێشبینی و گریمانەی سیاسیی رووت دا نیە، بەڵکوو ئەگەر بە چاوێکی رەخنەگرانەوە سەیری رەوتی رووداوە سیاسییەکانی مێژووی جیهان بکەین بە روونی درووستی و حەقانییەتی ئەم دێرانەمان بۆ دەردەکەوێ. لە راستیدا مەشرووعییەتی شۆڕش هەرگیز مەشرووعییەتی دەسەڵاتی بەدواوە نیە.

سەرکردەکانی شۆڕش رەنگە باشترین هێز و رێبەرانی بەرەنگاربوونەوە و راپەڕین لە پێناوی رووخاندنی دەسەڵاتی ستەمکاری حاکم دابن، بەڵام ئەوە هەرگیز بەو مانایە نیە کە باشترین و لێهاتووترین هێز و دەسەڵاتی بەرێوەبەریی وڵات لە قۆناغی دوای رووخانیش دا دەبن.کەچی رێک بە پێچەوانەوە بە گشتی لەمجۆرە حاڵەتانەدا شاهیدی درندانەترین و ناشایستەترین ئەگەرەکانی دەسەڵاتداریەتیی مەوجوود دەبین. تەنانەت کە زۆر جاران خۆزگەش بە حکوومەتەکانی پێشوو دەخوازرێتەوە. (نموونەی وڵاتانێکی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران، کوبا، چین، کۆرەی باکوور، حکوومەتی بەعسی عێراق و سووریە، شورەوی (سۆڤییەتی پێشوو)، تالیبانی ئەفغانستان، حکوومەتی قەزافی لە لیبی و...). زۆربەی نزیک بە تەواوی حکوومەتە خاوەن دەسەڵاتەکانی ئەم وڵاتانە بە گشتی لە رێی کودەتا یان شۆڕشێکی جەماوەریی بەرینەوە بە ئیرادەی گۆڕان و لە پێناوی رووخاندنی دەسەڵاتی زاڵی سەردەم دا بە دەسەڵات گەیشتوون. لێرەدا نامەوێ بە شێوەیەکی راستەوخۆ بچمە سەرباسی حکوومەتەکانی کودەتا. چوون تەکلیفی ئەوان تا رادەیەکی زۆر دیارە و راشکاوانە لە رەهەندی هێزەوە دەجوڵێنەوە و دەدوێن. هەر چەند کە هەندێک جار رەوتی رووداوەکان بە جۆرێکە کە ئەوانیش لە زەرفییەتەکانی شۆڕش کەڵک وەردەگرن و پرێستیژێکی مەیلەو شۆڕشگێڕانەی پاساودارانە بە خۆیان دەبەخشن و لە درێژەدا خۆیان وەک رزگاری بەخشانی نەتەوەیی نیشان دەدەن. بەڵکوو ئاماژەی سەرەکیی گرینگ و هەستیاری ئەم بابەتە راستەوخۆ رووی لەو حکوومەتە ئینقلابیانەیە کە لە ئاکامی راپەڕینێکی شۆڕشگێڕانەی گۆڕانخواز لەپێناو رووخاندنی دەسەڵاتی زاڵ و هەڵبەت ستەمکار دا بە دەسەڵات گەیشتوون. ئینجا بە لەبەرچاو گرتنی ئەو پاشخانی مەشرووعییەت و پشتگیری یە بەرینە جەماوەرییەی کە لە ئاکامی شۆڕش دا بە دەستیان هێناوە و بە کەڵک وەرگرتن لە پتانسێلە جۆراوجۆر و تایبەتەکانی دێموکراسی لە پانتایی گەمە و مانۆڕە سیاسییەکانی وڵات دا، دەسەڵاتێکی وەها رەها و تاک رەهەندیانە دەستەبەر و مسۆگەر دەکەن کە گەرای وەحشەتناکترین حکوومەتە دیکتاتۆرییەکانی لێ دەکەوێتەوە.لە چوارچێوەی ئەمجۆرە حکوومەتانەدا هەموو شتێک سنوورمەند و چوارچێوەدارە و لەگەڵ ئەستەمترین دەبێ و نابێ

(باید و نباید) یەکان دا ڕووبەڕوو دەبێتەوە و لە چوارچێوەی بیرۆکە و ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت دا پێناسە دەکرێ، جیا لە خودی دەسەڵات و دەسەڵاتدارێتیی حکوومەت کە هیچ سنوور و چوارچێوەیەک لە خۆی ناگرێ.گرفتی سەرەکی و توخمی ونبووی ئەم پێکهاتە دیکتاتۆریانەی دەسەڵات، نەبوونی ئازادییە و بە پاساوی جۆراوجۆر ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرتەسکتری دەکەنەوە و ڕێگای گەشە و ژیانەوە (باز تولید)ی بەردەوام و تەندرووستی سیاسیی وڵاتی پێ دەگرن و جارێکی دیکەش هەمدیسان هاوکێشەکان جێگای خۆیان بە کێشەکان دەدەنەوە.لە ماوەی چەند مانگی رابردوو دا چەندین ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی لە هەندێک لە وڵاتانی عەرەبیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دژی حکوومەتە سەرکوتکەرە دیکتاتۆرەکانی زاڵی ئەو وڵاتانە دا پێکهاتوە کە بە گشتی لە مێدیا و ئەدەبیاتی سیاسیی جیهان دا بە ناوی بەهاری عەرەبی دەناسرێتەوە. گشتەی ئەم ڕاپەڕینانە کە لە چوارچێوەی شۆڕشگەلێکی جیاواز بە مەبەستی ڕووخاندنی دەسەڵاتی زاڵی وڵاتەکانیاندا خۆیان دەبیننەوە، سەرەڕای لێکچوون و هاوبەشبوونێکی ئەساسی لەگەڵ یەکتردا، بەڵام لە چەند ڕەهەندێکی تایبەتیشەوە هێندێک جیاوازیی سەرەکیشیان لەگەڵ یەکتر هەیە. بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەک میسر دا ڕاپەڕینەکە بە بێ ئەوەی سەرکردایەتێکی تایبەت و دیاریکراوی پێش وەختی هەبێ،بە نیازی لابردن و نەهێشتنەوەی حوسنی موبارەک و دارودەستەکەی لە لوتکەی دەسەڵات دا کەوتە ڕێ و لە ئاکامی حدوودی ١٨ ڕۆژ خەباتی بەردەوامی مەدەنیی خەڵکی ئەو وڵاتەدا بە شێوەی خۆپیشاندانی شەقامی لە چەند شاری گرینگ لە کۆتایی دا بە دەرئەنجامی خۆی گەیشت و ئێستاش خەڵک و بژاردە سیاسییەکانیان خەریکی تاوتوێ کردنی سیستمێکی گونجاوی سیاسی و خۆئامادە کردن بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو و بەشداریکردنی چالاکانەتر لە پرۆسەی سیاسیی ئایندەی ئەو وڵاتە دان. کەچی لە وڵاتێکی وەک لیبی دا خەڵک شێوازێکی دیکە (توند و تیژانە)ی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسێکی وەها لە کار کرد. هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەکەوە خەڵکی لیبی (یان بەشێک لە خەڵک وەک ئۆپۆزیسیۆنی بەدیل) بە چەکەوە هاتنە مەیدان و ڕەهەندێکی چەکدارانەیان بە شۆڕشەکەیان بەخشی و بە شێوەیەکی توندوتیژانەترەوە بەرەو ڕووخاندنی حکوومەت و دەسەڵاتەکەی "قەزافی"یەوە چوون. شوورایەکی کاتی ڕکێفی شۆڕشی بە دەستەوە گرت و هێشتا ڕێژیم نەڕووخابوو کە سەرۆکی ئەو شوورایە وەک سەرۆکی وڵات (لانیکەم بۆ ماوەیەکی کاتی) لە مێدیاکان دەرکەوت. شۆڕشی لیبی یەکێک لە خوێناویترین و پڕ کارەسات ترین شۆڕشەکانی چەند دەیەی رابردوو بوە کە راستەوخۆیانە شێوازێکی چەکدارانە و پڕ لە توندوتیژیی تێدابوو. لە ڕاستیدا لە بەراوردی ئەو دوو شۆڕشەی عەرەبی (میسر و لیبی) ڕاشکاوانە مشووری بەرزتری سیاسیی خەڵکی میسرمان لە بەرامبەر خەڵکی لیبی دا بۆ دەردەکەوێ. پڕ دیارە کە هەر وڵات و کۆمەڵگایەک هەلومەرجی تایبەتیی خۆی هەیە و ناکرێ مۆدێلی وڵاتێک دەقاودەق بۆ وڵاتێکی دیکە بگوازرێتەوە. بەڵام پێموایە دیسانیش دەکرا بە تێچوویەکی کەمتر و گارانتی و دەسکەوتێکی زیاترەوە ئیرادەی گۆڕانخوازیی لیبیش بە دەرئەنجامەکانی

خۆی گەیشتبا. "هێمنگۆیی" دەڵێ: ڕەنگە چەک پارێزەر بێ، بەڵام هەرگیز رزگاری بەخش و بەرهەمهێنەری ئازادی نابێ.لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا لە وڵاتێک دا کە ڕاپەڕین و شۆڕشێکی جەماوەریی کە خوازیاری گۆڕانە ئاراستەیەکی وەها پەیدا دەکا و چەک تێیدا دەوری باڵادەستی دەبێ، دەتوانین چاوەڕوانیی داهاتوویەکی پڕشنگدار یان لانیکەم بێ کێشەمان هەبێ؟! ئایا دەکرێ بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک ئامانجی مرۆیی و ماف پەروەرانە لە کەرەستە و ئامرازی نامرۆڤانە کەڵک وەربگرین؟!ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە هەمووی ئەو وڵاتانە دا کە ئێستا شەپۆلە بەهێزەکانی ئەم گۆڕانخوازی و ڕاپەڕینانەیان تێدا هەستاوە یان لەوانەیە لە داهاتوودا بیانگرێتەوە ئەگەر ڕوانگەیان سەبارەت بە هاوکێشە و پرسی حکوومەت لە وڵاتەکانیان دا نەگۆڕن و هەمدیسان لە چوارچێوەی لابردنی ڕێژیمێک (سەرکوتکەر و ناشایستە) و هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دیکە (جا هەر چۆنێک) دا بیر بکەنەوە، دوور نییە کە دیسانیش شاهیدی دووبارە بوونەوەی مێژوو بین و جارێکی دیکەش بۆ ڕزگار بوون لە دەست حکوومەتێکی سەرکوتکەری دیکە نەسلێکی دیکەش فیدا بێتەوە و بگەڕێنێتەوە سەر خانەی یەکەم

۲۸ی جانێویری ۲۰۱۳

---

## شاملوو، شاعیری هیچ کەس و هەموو هەس

ڕەنگە لە دوای حافیزەوە، مێژووی شێعر و ئەدەبیاتی ئێران، شاعیر و گەورە پیاوێکی وەکوو "شاملوو"ی بەخۆیەوە نەدیتبێ. لەراستیدا ئەگەر حافز لە برستێنی شێعری عەروزیی فارسی دا خاوەنی پێگەیەکی نموونەیی و ئەزموونێکی هەرمانی یە، ئەوا شاملووش لە چوارچێوەی شێعری نوێ دا پڕستیژێکی بێ وێنە و دەوری باڵادەستی هەیە. بۆ سبەینێی ڕۆژی ۲ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۷۹ی هەتاوی کە شاملوو کۆچی دوایی کرد، یەکێک لە ڕۆژنامە گشتییە سەرتاسەرییەکانی ئەوکاتی ئێران لەم پێوەندییەدا نووسیبووی؛ ئەگەر شاعیرانی دیکە لە تەنیشت کۆمەڵێک گردی ئاسایی شێعرەوە، یەک یا چەند لووتکەی بەرزیان بەرهەم هێنابێ، شاملوو بە تەنیا زنجیرە چیایەکی بەرزی لە شێعر و جوانی وێنا کرد... شاملوو نە تەنیا هەر بۆخۆی، بەڵکوو بۆ شێعر و ئەدەبیاتیش نەمری و جاویدانەیی دەستەبەر کرد،، دیارە باس کردن لە شعێر و هونەری شاملوو هەڵگری لێکۆڵینەوەیەکی یەکجار ورد و ماندوو نەناسانەی زانستییە و لە چەندین ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە دەکرێ لێک بدرێتەوە. شاملوو

بەدیهێنەری شێوازی "سپی" لە ڕەوتی شێعری فارسی یە و ئەوەش خودشناسێکی تایبەتیی بە فەزا و مودێلی شێعری شاملوویی بەخشیوە. وەکی چۆن بۆخۆشی دەڵێ لەم شێوازە دا ئیتر کێشێ عەرووزی نامێنێتەوە و تەنیا ریتم و ئاهەنگێکی دەروونی وەزنی شێعرەکە رادەگرێ، کەچی سەروا (قافیە) پێگەی خۆی هەر دەپارێزێ و لە ڕەوتی گشتیی شێعردا دەوری تایبەتیی خۆی هەیە.

لە شێعری شاملوودا، زمان تەنیا ئامرازی دەربڕینی شێعری نییە و لە پانتاییەکی بەرینتر لە مانادا واتایەکی فراوانتر لەخۆ دەگرێ و مەودای بەردەوامی راڤە (تەئوی) دەخوڵقێنێتەوە و وەک ئەرزشێک دەردەکەوێ. گرینگی باسکردن لە شاملوو و شاعیرانی هاوشێوەی ئەو لە ئەدەبیاتی جیهانی دا لەوەدایە کە ئەگەرچی بە زمانێکی تایبەت و لە سەردەمێکی دیاریکراو دا دەنووسن یان نووسیویانە، کەچی هەرگیز لە چواچێوەی هەلومەرجێکی تایبەت دا نەماونەتەوە و سنوورەکانی زەمانی و مەکانی یەک لەدوای یەک دەبەزێنن. لە نموونەی شاعیرانێکی گەورەی وەک "نێرۆدا، لۆرکا، پۆل ئێلۆرا، مارگۆت بیکێل، ئۆکتا ڤیۆیاز، مایاکۆفسکی، تاگۆر، مەحموود دەروێش، ئەندۆنیس، هیوزز و..." شاملووش ئەگەرچی فارسی نووس بەڵام بە واتای تایبەتی وشە مرۆڤخواز بوو. ڕەنگە دوور لە راستی نەبێ ئەگەر بڵێین شاملوو بەر لە هەموو شتێک دیدێکی جوانی ناسانە و مرۆڤخوازانەی بۆ شێعر و بۆ ژیان هەبوو. قەت لە بیرمان ناچێتەوە ئەو شێعرەی بۆ پرسەی هەڵەبجەی نووسی؛

*مەلێک لە باڵەکانی دا پشکووت*
*باخێک لە درەختەکانی دا و*
*هەڵەبجەش*
*لە پەیکەرەی "عومەر خاوەر"دا.*

یان شێعرە بەناوبانگەکەی بۆ "ماندێلا"، شێعری بەهێزی "راسپاردە" بۆ شەهیدە شۆڕشگێڕە قارەمانەکانی تورکەمەن سەحرا، شێعری "وارتان"، باسی "شین چووی کۆریایی" و بە دەیان شەهید و ڕێبواری ڕێگای ئازادی. هێشتا زیاتر لە پێنج شەش مانگ بەسەر شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی دا تێنەپەڕیبوو، و هێشتا زۆربەی خەڵک سەرودەستیان بۆ خومەینی و دارودەستەکەی دەشکاند، کە شاملوو لە شێعری "تەنگانە" دا باسی لە جەژنی ئەهریمەن لەسەر سفرەی ماتەمینیی خەڵک دا کرد. لە شێعر و ئەندێشەی شاملوو دا، ژیان بەردەوامیی بوونە و هیچ شتێک لە بۆشایی دا روو نادات.

وەک چۆن چەندین سەدە تێپەڕ بوو تا مێژووی شێعر و ئەدەبیاتی فارسی، حافزێکی دیکە بەخۆیەوە ببینێتەوە، رەنگە زۆر ئاسانیش نەبێ کە بەم زووانە چاوەڕوانیی شاملوویەکی ترمان هەبێ. کەچی دەکرێ بە دەرکێکی درووست و شایانی شێعر و رێباز و ئەندێشەی، یاد و بیرەوەریی شاملوو بۆ هەمیشە لەخۆمان دا بە زیندوویی بێڵینەوە.

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی

دەنگێکی خۆش و غەمگین و یەکجار دڵنشین لەگەڵ تەحریری وردو بەردەوامی ئاواز و سۆزی تایبەت و کەم وێنەی ئاسمانیی گۆرانی بێژێکی بێ وێنە وەک سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، هونەرمەندێکی وەها بەرز و پیرۆزی لێ دروست کردوە کە بە حەقیقەت بە یەکێک لە هەرە دەنگ و کەسایەتییە ناودارو پڕ ئاوازەکانی مێژووی هونەرو موزیکی رەسەنی کوردی و ئێرانی دادەنرێت. لە راستی دا مەودای بەرفراوانی جوانی و کاریگەریی هونەری ئەو گۆرانیبێژە تاقانەیە ئەوەندە بێ سنوورە کە راشکاوانە بەستێنەکانی موزیکی کوردیی تێپەڕاندوەو بە ئیعترافی گەورە هونەرمەندانێکی وەک «مامۆستا محەممەدرەزا شەجەریان» و «شەهرام نازری» وەک یەکێک لە گرینگترین و شوێندانەرترین کۆڵەکەکانی خاوەن سەبکی هونەری موزیک و ئاوازی رۆژهەڵات ناودێر دەکرێ.

هونەرمەند و گۆرانیبێژی ناودارو مەزنی کورد «سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی» لە دایکبووی ساڵی ١٢٦٠ی هەتاوی لە گوندی «سەڵوات ئاوا»ی ناوچەی سنەیە و ناوی باوکی سەید نیزامەددین بووە.

بە هۆی دەنگخۆشی هەر لە منداڵییەوە باوکی ناردی بۆ فێر بوون و خوێندنەوەی قوئان بە دەنگ لەلای مامۆستا ئایینییەکانی ئەوکاتی ناوچەکە.

زۆربەزوویی لێهاتوویی و تواناییەکانی لە بەستێنی ئاواز و مۆزیک دا دەردەکەوێ و ئەوەش وای لێدەکات کە روو بکاتە گۆرانی و هونەری مۆسیقا. کەچی لە سەرەتاوە لەلایەن بنەماڵەکەیەوە بە تایبەتی باوکی لۆمە کراوەو

حەزیان نەدەکرد کە کوڕەکەیان لە شوێنان گۆرانی بڵێ و پێیان خۆشتر بووە کە وەک قورئان خوێنێکی دەنگخۆش ناوی دەرکردبا. بەڵام حەزو خۆشەویستیی ئەو هونەرمەندە ئەو لەمپەڕانەی نەدەناسی و لەو چوارچێوانەدا جێی نەدەبۆوەو سنووره نەریتییەکانی تێک شکاند. هەربۆیەش وردە وردە خەریکی خۆپەروەردە کردن بووەو بە گوێگرتن و گوتنەوەی ئاواز و گۆرانییەکانی بەرلە خۆی هەوڵی پێگەیشتنی دەداو وێرای ئەوانەش شێعرو ئەدەبیاتی دەخوێندەوەو حەزی دەکرد کە بۆ دەوڵەمەند کردنی هونەری مۆزیکەکەی لە هۆنراوەی بایەخدارتر و شایستەتر کەڵک وەربگرێ. ئەگەر لە هەندێک لە کارەکانی دا لە شێعر و بەیتە فۆلکلۆرەکان کەڵکی وەرگرتوە کەچی دوور نەبووە لە ئەدەبیاتی شایانی کوردییش و ڕەنگدانەوەی شێعرەکانی «مەولەوی و وەفایی و تاهیر بەگی جاف و بابا تاهیری هەمەدانی» بە ئاشکرا سەلمێنەری بێ ئەملاولای ئەو راستییەن.

سەید عەلی ئەسغەری هونەرمەند و گۆرانیبێژی گەورەی کورد، دەسەڵاتێکی باش و کەم وێنەی بەسەر دەزگاو ڕەدیف و مایەو گۆشە جۆراوجۆرەکانی مۆزیکی کلاسیکی رۆژهەڵاتی دا هەبووەو ئەوەش بە جوانترین و بەپێزترین شێوەکانەوە لە کارە بە نرخەکانی دا ڕەنگی داوەتەوە. دەنگێکی یەکجار پڕو باڵای بووەو لەم بوارەشدا کەمتر گۆرانی بێژێک بووە و - بە ئێستاشیەوە بێ - هەیە، بتوانێ لەو ئاستە بەرزە و هاوتای ئەو شتێکی وا بخوڵقێنێتەوە. مامۆستای بێ بەدیلی مۆزیکی رۆژهەڵاتیی ئێرانی «محەممەد زەرا شەجەریان» هونەرمەند سەید عەلی ئەسغەر لەگەڵ «قەمەرولملوکی وەزیری» و «ئوستاد سەبا» بە سێ سەرچاوەی سەرەکیی مۆزیکی ئێرانی دادەنێ و دەڵێ دەوری سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی لە هێنانە کایەو نرخاندنی فەزای مۆزیکی کوردی بۆ نێو مۆزیکی کلاسیکی رۆژهەڵاتی بەتایبەت مۆزیکی ئێرانی دا پێگەیەکی شایانی هەیەو هەرگیز نکۆڵیی لێ ناکرێ. «عەبباس کەمەندی» لە گۆرانی بێژان و هونەرمەندانی گەورەی سەردەم لە تویێ کتێبێک دا لە ژێر سەردێری «سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی» دەنووسێ لە جەژنێک دا لە تاران کە لە ماڵی یەکێک لە پیاوە دەسەڵاتدارەکانی وڵات داپێک هاتبوو، سەید عەلی ئەسغەریش لەگەڵ یەکێک لە پیاو ماقووڵانی کورد لەوێ میوان دەبێ. لەو میوانییەدا گۆرانی بێژێکی گەورەی وەک «قەمەرو لملوک» چەند گۆرانی یەک دەڵێ و ئینجا سەید عەلی ئەسغەریش چەند گۆرانییەکی کوردی و فارسی پێشکەش بە کۆڕەکە دەکات. دەنگ و گۆرانیی ئەو هونەرمەندە مەزنەی کورد لەو شوێنەدا وەها بەهێز و بێ وێنە دەبێ کە سەرنجی هەمووی هونەرمەندان و میوانەکانی جەژنەکە بەلای خۆیەوە رادەکێشێ و دەبێتە مایەی ڕێزو خۆشەویستیی گشت بەشداربووان بۆ سەید و دەنگ و هونەرەکەی. ئیتر سەیدی هونەرمەند بۆ ماوەی مانگێک لە تاران دەمێنێتەوەو نزیکەی ٣٠ مەقام و گۆرانی لەگەڵ ئۆرکێسترای تاران لەسەر گرامافۆن تۆمار دەکات. بەداخەوە زۆربەی ئەو مەقام و گۆرانییە بەنرخانە پاشان دەفەوتێن و تەنیا

لەو هەمووە ١٣ دانەیان ماوەتەوەو ئەویش بە لوتفی بنەماڵەی «ئاسەف»ی سنەوەیە کە بە پارێزراوی لای خۆیان رایانگرتبوو. ئەگەرچی «حاج سەید عبدالاحد باباشەهابی» کوڕە گەورەی سەید عەلی ئەسغەر دەڵێ باوکم هەرگیز لای هیچ مامۆستایەکی هونەری مۆسیقی خەریکی فێربوون و راهاتن نەبووە، کەچی بە سەرنج دان بەو دەسەڵات و تێگەیشتنە کەم وێنەیەی کە سەیدی هونەرمەند بەسەر ئاواز و گۆرانی دا بوویەتی، سەلماندنی زۆر سادە نییە. هەر بۆیەش وێدەچێ لەو کاتەی دا کە شاعیر و گۆرانی بێژی ناوداری ئێرانی «عارفی قەزوینی» بۆ ماوەی ساڵێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەوە بۆ سنە دوور خرابۆوە، سەید عەلی ئەسغەر پێوەندیی لەگەڵ گرتبێ و لە پەروەردە کردن و پێگەیاندنی دەنگ و زانستی مۆسیقاییی خۆیدا کەڵکی لێ وەرگرتبێ. هەروەها سەرنجدان بە چۆنیەتیی بەکارهێنانی تەحریر و شێوازی دەربڕینی دەنگ و میتۆدی گۆرانیەکانی سەید، و بەراوردکردنیان لەگەڵ سەبک و ئاوازەکانی عارفی قەزوینی، راست بوونی ئەم گریمانەیەمان پتر بۆ دەردەخات.

هەندێک لە مەقام و گۆرانییە ناودارەکانی سەیدی هونەرمەند بریتین لە: « یار خەزاڵ، زەردی خەزان، کورتە باڵا، دەردی هیجران، رەفیقانی تەریقەت، نابێ هەی نابێ، هەروەک باز و بن...» کە لە دەزگاکانی «سێگا، بەیاتی تورک، دەشتی، ئەفشاری، همایون و...»دا گوتوویەتی.

بە گشتی دەورو کاریگەریی خەستی دەنگ و هونەری سەید عەلی ئەسغەر بەسەر فەزای مێژووی مۆزیکی رەسەنی کوردی و ئێرانی دا حاشای لێ ناکرێ و ناوو یادی بۆ هەمیشە لە نێو دڵی هۆگرانی دەنگ و ئاوازەکانی دا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، هونەرمەند و گۆرانی بێژی بەتواناو کەم وێنەی کورد لە تەمەنی ٥٥ساڵی لە ١٣١٥ی هەتاوی دا کۆچی دوایی کرد و لە شوێنی لە دایکبوونی «سەڵوات ئاوای سنە» تێکەڵ بە خاکی پیرۆزی نیشتمان بۆوە.

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

## ناسینی چەند شاعیری ناوچەی کرماشان

### ١- باڵوول مادی:

«باڵوول» لە سەدەی ٢ی مانگی لە شاری «نەهاوەند» لە دایک بووە. ژیانی ئەو شاعیرە لە سەردەمی حکومەتی «هارون الرشید عباسی»دا بووە. «باڵوول مادی» یەکەم کەسە کە ئایینی یارسانی لە ناوچەکانی هەورامان و کرماشان دا بڵاو کردۆتەوە و پەرەی پێداوە. لە بوارە سەرنج راکێشەکانی ژیانی دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە بە گشتی لە نێو خەڵک دا خۆی وەک شێت و دێوانە نیشان داوە و بەمجۆرە و بە زمانی تەشەر و کینایە لە بەرامبەر سەرکوت و ستەمی دەزگای فەرمانرەوایی عەباسییەکاندا راوەستاوەو رەخنەی لێ گرتوون. ئەو شاعیرو عارفە گەورە و بە ناوبانگە لە ساڵی ٢١٩ی مانگی لە شاری «ئاروێن ئاوا» (ئیسلام ئابادی غەرب) کۆچی دوایی کردووە و کۆمەڵێک شێعر و بابەتی بەنرخی ئایینی و کۆمەڵایەتیی لێ بەجێ ماوەتەوە.

*باڵوول زایتون، زاتی یەکدانە*
*عامیان ماچان باڵوول دێوانە*

*کێ دی دێوانەی تەور زانابوو*
*مەرکۆ لە مەیدان گەردو ڕانا بوو*

*ئەز باڵوولنان جەدووی زەمینی*
*چوار فریشتانم چاکر کەرینی*

*نجوومم ساڵەح رەجەبم بینی*
*چەنی لرە بیم جەمانگ هەفتینی*

*ئەو واتای یاران، ئەو واتای یاران*
*ئێمە دێوانەین ئەو واتای یاران*

*هەنی مەگیلین یەک یەک شاران*

*تا زیندە کەرین ئایین ئێران*

## ٢- سوڵتان ئیسحاق «ساهاک»:

«سوڵتان ئیسحاق» لە ساڵی ٤٤٥ی مانگی لە دایک بووە و یەکێکە لە بەرێزترینی گەورە پیاوان و پەرەپێدانی هەرە بەرز و خاوەن پێگەی ئایینی یارسان. ئەو شاعیرو عارفە بەناوبانگ و بیرمەندە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەی وڵاتی کوردەواری لە ساڵی ٥٨٨ی مانگی دا لە «بەرزنجە» کۆچی دوایی کرد، بەلام هزرو ئەندێشەکانی ئەو بۆ هەمیشەی مێژوو مایەوە و نەمریی پێبەخشی. شێعرەکانیشی بە زۆری هەر سەبارەت بە ئایینی یارسان و ناسینی ئەندێشەی حەقە.

بێ گاوان گاوێ، بێ گاوان گاوێ

گایێ بێ گاوان، بێ گاوان گاوێ

تا سەر نەسپارن کردەوە لاوێ

تا حەق نەناسن دوور نەگەیشت باوێ

## ٣- حێران:

«سەید ساڵح نیعمەتوڵلاهی» ناسراو بە «حێران» لە ساڵی ١٢١٣ی مانگی لە «مادی دەشت»ی کرماشان لە دایک بووە. شێعرەکانی زیاتر سەبارەت بە ئەوین و عیرفانە و دیوانەکەشی لە ساڵی ١٣٣٦ بڵاو بۆتەوە. ئەو شاعیرە خاوەن هەست و ئەندێشەیە لە ساڵی ١٣٢٣ی مانگی « قمری»دا لە شاری کرماشان کۆچی دوایی کردووە.

*لە جار حوسنت من خۆشە چینم*

*چۆی دز رازەن های لە کەمینم*

جوان بیم لە عەشق تۆ پیرم کردی
وە زنجیر زولف ئەسیرم کردی

کی وات من مەخموور جامی شراوم
دوو دیدەی مەستت کردن خراوم

خودا داد لەدەس چاوڕەش چاوڕەشان
خوەشە لە هجەی شیرین مەهوەشان

## ٤- دانیالی:

«دانیالی» لە ساڵی ١٢٨٠ی «قمری» لە مەڵبەندی گۆران لە دایک بووە. وەک پێگەی کۆمەڵایەتی پیاوێکی دەسەڵاتدار و جێی متمانەی خەڵکی بووە و سەبارەت بە شێعرو ئەدەبیاتیش شارەزاییەکی باشی هەبووە و سروشت و جوانیەکانی ژیان وەک چەمکێکی سەرەکی لە بەرهەمەکانی دا بەرچاو دەکەون. ئەو شاعیر و بیرمەندە بە ئەزموونە لە ساڵی ١٣٢٦ی مانگی دا کۆچی دوایی کردووە.

میرزام وەهارەن، میرزام وەهارەن
مزگانی بیەفەسڵ ئامای وەهارەن

نیشانەی نشات سەیر گوڵزارەن
بەنای ئارایشە هەردە و کۆسارەن

داران گشت بەرگ زمرود کردنەوەر
تەزیین جەماڵ یەک لە یەک فرەتەر

ساراوە ئەلوان گوڵان رازنا
نەقاشان وەنەقش چینی سازنا

*کۆساران وەبەرگ حەریر بافەوە*

*یەکسەر وەقوای سەوف سافەوە*

## ٥- شامی کرماشانی:

**«شامورادی موشتاق کرماشانی»، کە بە هۆی کوێری و تاربوونی چاوەکانیەوە ناسراوە بە «شامی»، لە ساڵی ١٢٨٧ی هەتاوی لە شاری کرماشان لە دایک بووە. بەداخەوە لە تەمەنی چوار ساڵیدا بە هۆی نەخۆشیی «ئابلە»وە (خروێلکە) ڕووناکایی دیدەکانی لەدەست داوە و کوێر دەبێ. وەک دیارە هەر لەو سەردەمەشدا باوک و دایکیشی لە دەست دەداو بە تەنیا دەمێنێتەوە. ژیانی «شامی» پڕاوپڕە لە کۆسپ و نەهامەتی و چەرمەسەریەکانی ژیان و ئەوانەش بەروونی لە توێی شێعرەکانی دا دەردەکەوێ. شێعرەکانی شامی وێنایەکی جوانیناسانەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بەتایبەتی مەڵبەندی کەڵهوڕ و کرماشانە. لە شێعرەکانی ئەو شاعیرە دڵ ڕووناکەدا دیدێکی ڕەخنەگرانەی بە پێزی کۆمەلایەتی بەرچاودەکەوێ کە لە تایبەتمەندییە وردو وردبینییە تایبەتەکانییەتی. «شامی»ی شاعیر و ڕووناکبیر لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی دا لە شاری کرماشان کۆچی دوایی کردو چاوە بێ سۆیەکانی بۆ هەمیشە لەسەر یەک دانا.**

*پەرێشانم و پەرێشانم وڵم کە*

*دوچار دەرد پنهانم وڵم کە*

*وەدەردم ئاشنا کردی، نەکردی؟!*

*ستەمگەر هۆیر رمانەم وڵم کە*

-----

*قەڵبم چۆی کورەی حەداد مەدەی جووش*

*لەدەس دنیاو خەڵک خاک فرووش*

دونیای زندانە ئەڕای ئەهل هووش
ئایەم نەبایەس کەمتر بوو لەمووش

ئەووەیش جی دێرێ لەناو پەڕو پووش
مووش نەکرا دەی نەکراسینی

چەبکەم لەدەس کرانشینی
داد وەکی بووەم حەقم بسینی

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## کاریکلماتۆر

کاریکلماتۆر یەکێک لە شێوازە نوێیە ئەدەبییەکانە، کە بەتایبەت لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە و لە هەلومەرجی شەڕی سارددا لە نێو وڵاتە دیکتاتۆرییە ئایدیۆلۆژیکەکانی سەر بە بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا پەرەی ئەستاند. وەک پێناسە دەتوانین بە جۆرێک لە کاریکاتۆری نووسراوەیی دابنێین کە ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە کە لە کەمترین فەزادا و بە شێوازێکی هێمایی وردترین و توندترین ڕەخنەکانی خۆی ئاراستەی کۆمەڵگاکەی دەکاتەوەو لە هەمان کاتیشدا بە هۆی لەخۆدا هەڵگرتنی جۆرێک لە تەنزی سێبەری بەڵام ورووژێنەرانە بە درێژایی مێژووی ئەدەبیاتی سیاسیی ئەم جۆرە وڵاتانە زۆرجاران خۆی لە زۆربەیک لە گیروگرفتەکانی سانسۆر و بەدواداچوونەوەی دەزگا لێکۆڵینەوەییەکانیش دەرباز کردوە. ئێمەی کوردیش لە بەستێنی پرۆسەی بەجیهانیبوون دا بەتایبەت لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە کەموزۆر لە زۆر بوار و هەلومەرجی تایبەتدا بە پێی توانا و بە گوێرەی پێویست کەڵکی خۆمان لەم شێوازە ئەدەبییە وەرگرتوە. هەرچەند کە لەبەر هەندێک هۆکاری تایبەتی و بابەتییشەوە هەوڵ و تاقیکردنەوەکانمان لایەنێکی کۆمەڵایەتیی دیکەی بەخۆیەوە گرتوە. شایانی باسە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمجۆرەی ئەدەبی وەک شێواز و تەکنیک و بەگشتی ئەگەر بتوانین وەک ژانرێکی ئەدەبی ناودێری کەین، لە ڕاستیدا مۆدێلێکی

خۆماڵی نییە و ئێمە وەک کورد و تەنانەت ئێرانییەکانیش لە ئەدەبیاتی وڵاتانی دیکەمان وەرگرتوە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە نەتوانین لە مێژووی ئەدەبیی خۆشمان دا نموونەگەلی شیاوی بۆ بدۆزینەوە. هەربۆیەش بە هەندێک تێبینییەوە دەکرێ لە بڕێک لە تاکبەیتەکانی شێواز (سبک)ی هێندی و تەنانەت ئەبوو میرزا و شێخ ڕەزاش دا سەرەهەوداکانی ئەم مۆدێلەی ئەدەبیاتی نوێ دەستنیشان بکەین.

لێرەدا هەندێک لە کاریکلماتۆرەکانی نووسەر و کاریکاتۆریستی بۆکانی «سەید یاسین قورەیشی» وەک نموونە هێنراوە کە ڕەنگە تا ڕادەیەکی گونجاو و باش بتوانن لەگەڵ ئەوەیدا چێژی بابەتییانەی خۆشمان هەبێ، وەک ناسین و نموونەش ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی و خوازراو بخوڵقێنن.

کاریکلماتۆرەکانی سەید یاسین قورەیشی

- بۆوەی شیربایی نەدات، خێزانی لە سەر لانک گوێستەوە.
- ڕۆڵە چۆن دایکتم خۆش ناوێ، خۆ بە خێری بابم خۆشم ناوێ.
- لە تەمەنێ دا کە ژن پیر دەبێ و خۆی بە پیاو دەقەبڵێنێ، پیاو خۆی هاتۆتە ڕیزەی ژنان.
- پیاوەتی بکەن، کۆمەڵگایەکی ژن سالار سازکەین.
- بەڵێ نامزەدمە، بەڵام جارێ نامزەدی وەرگرتنی وامی ئیزدیواجە.
- تەڵاق، لێک جۆبوونەوەی لەتەکانی ئیزدیواجە.
- بەرگی جەریمەی دایکەوا، بەفرپاکون بە بەفرپاکونی مناڵەکانی بابە ئادەم ئەگەڕێ.
- لە سەبەدی خانەوادەدا جێی خانەوادە خاڵی.
- ژن دەیهەوێ «ئیملا» بڵێ، پیاو پێی خۆشە «ئینشا» بنووسێ.
- منداڵی هەژار، لەو کاتەوە کە دایکی باردار، بارە.
- گۆشتی کەڵێ کە ژن بیکڕێ، لە گۆشتی کەوێک کە پیاو بیگرێ زووتر دەکوڵێ.
- لەو چوار ژنەی کە دەبا بیهێنابا، تاقە ژنێکی بۆ نەهات.
- لە ساڵهاتی هەبوونی باوە ئادەم دا، خێزانی گوڵەگەنمێکی پێشکەش کرد.
- ژن، کتێب نیە پێش¬تر بیخوێنیەوە، دەفتەری بیرەوەرییە و دوایی دەنووسرێت.
- «عەسری تەڵایی» بووک کاتێکە کە لەگەڵ زاوا دەچێ بۆ کڕینی زێڕەبووک.

- تەنیا ژنێک کە لە مشک ناترسێ ژنی مشکە.
- بووکەخانی جیهان، قەیرەکچە.
- ئیزدیواج، ئاسمانی عەشقی دڵبەرو دڵدار بەقەرا میچی خانوویەکی کرێ نەوی دەکات.
- زۆر پیاو «زیندان» یان لە «زن + دان» پێخۆشترە.
- ژن، پاژنەی ئاشیلی پیاوە و زێر پاژنەی ئاشیلی ژن.
- هیچ عاڵقەی پێوەندییەک بە قامکی عاشق ناکا.
- بەداخەوە ئینسانی هەژار لە منداڵدا دەوڵەمەندە.
- لەدایک بوون بەمانای «کارتی عوزوییەت»ی ژیان نییە.
- زۆر کەس بە سووتانی کۆپێنی ڕۆنەکەیان دەکەونە «ڕەوغەن سووزی».
- بازار ئەوەندە داغ بوو، عارەقی ڕەش و شینمان دەردا، شتێکی هەرزانمان وەگیرنەکەوت.
- بۆ بەربەرکانێ لەگەڵ گرانی، گیرفانمان پڕ لە چەمۆڵە بکەین.

۲۸ی جانێوێری ۲۰۱۳

## حەسەن زیرەک، پانۆرامای جوانی و ئەوین

ئەگەر نەڵێین سەرەکیترین بە دڵنیاییەوە یەکێک لە پیرۆزترین ئەو کەسانەی کە زیاترین کاریگەرییان لە سەر ژیانی پڕ لە ئاڵۆزیی نەتەوەیەکی بندەستی وەکوو کورد بە درێژایی مێژوودا داناوە، دەتوانین لە »حەسەن زیرەک»ی هونەرمەندی بێکۆتایی و گۆرانیبێژی بێوێنەی وڵاتی کوردەواری یاد بکەینەوە. کاتێک کە لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەیەک هەڵدەدرێتەوە، لەگەڵ ناوی کەس یان کەسانێ ڕووبەڕوو دەبینەوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان توانیویانە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەیان بقۆزنەوە و لە چوارچێوەی بیری مێژوویی خەڵک دا جاودانەیی و هەرمانییەکی پیرۆز بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن. بە گشتی مێژوو نوێنگەی درەوشاوەی ئەو کەسایەتییە مەزنانەیە کە لە بواری کاریگەری و ڕەوتی بەرەوپێشیی ژیانی مرۆڤایەتی دا خاوەنی پێگەی بەرچاو و حاشاهەڵنەگرن و زۆربەی کات مێژوو خود گێڕانەوەی ژیان و مەزنایەتیی کەسایەتییە ناودار و خاوەن پێگەکانی

خۆیەتی و پێناسەیان دەکات. کەچی هەندێک جار هەیە و هەڵدەکەوێ کە لە مێژووی شانازییەکانی مرۆڤ دا لەگەڵ ناو و دەوری کەسانێک ڕووبەڕوو دەبینەوە کە زۆرجاران لە دەرەوەی بازنەی گێرانەوەیی مێژوودان و تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەوە مێژوویە کە بەوانەوە دەگێڕدرێتەوە و لە حەقیقەتدا ئەوانن کە ڕەهەندە مێژوویییەکان دەخوڵقێنن و لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێناسە و شوناسی نۆڕمێکی تایبەت یان نەتەوەیەکی زیندوون. لە ڕاستیدا مەبەستی ئاماژەییی ئەم بابەتە لە گەیشتن بەم دەرەنجامەدا خۆی دەنوێنێ کە بڵێ حەسەن زیرەکی کوردان وێنای ڕاشکاوی ئەمجۆرە کەسایەتیانەیە کە خود دەتوانێ وەک بەڵگەیەکی مێژوویی لەبڕان نەهاتوو بۆ ئێمەی کورد بۆ هەمیشە وەک نموونەیەک بمێنێتەوە. لە پەیبردن بە قووڵایی گۆرانیەکانی حەسەن زیرەکی هونەرمەند بە ڕوونی ڕەگدانەوەی فەرهەنگ و پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی وڵاتی کوردەواری دەردەکەوێ و لە تویی شوێن بە شوێنی ئەو ئاواز و گۆرانییانەدا ناوەڕۆک و کاکڵی نەریت و ڕەهەندە مێژوویییەکان نمایانتر دەبن. دەنگێکی ڕەها و سرووشتیانەی بزوێنەر، دەرکێکی قووڵ لە فەرهەنگی کوردەواری، دەسەڵاتێکی بەرین بە سەر هونەر و کاری موسیقی و هەستێکی ناسک و جوانی ناسانە و خوڵقێنەر لەگەڵ هەوڵی بێوچان و ماندووەنەناسانەی بەردەوام هونەرمەندێکی وەها مەزن و گشتگیر و جاویدانەی لە حەسەن زیرەک دروووست کرد کە بە ئەرخایەنیەوە وەک گەورەترین و هەرمانیترین هونەرمەندی نەمری کورد لە هەمیشەیی مێژوودا بمێنێتەوە. کاتێک وردتر دەڕوانینە کارەکانی ئەم گۆرانیبێژە ئۆستوورەییی‌یەی وڵاتەکەمان پتر ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە موزیکی زیرەک تەنانەت لەوپەڕەوەی زەرفییەتەکانی مۆزیک و فەرهەنگ و هونەری کوردەواری دا ڕووی داوە و بە قەناعەت وەک «ئەبەر هونەرمەندێک»ی شایستە پەرژینەکانی بەزاند و وەک کەسایەتییەکی هونەرپەروەری کورد لە ئاستێکی بەربڵاو و گەشەداری جیهانی دا پەرەی بە بەستێنە هونەرییەکانی مرۆڤ و خۆزگەکانی کورد بەخشیوە. حەسەن زیرەکی هونەرمەند و گۆرانیبێژی گەورەی کورد لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی دا لە گەڕەکی «قەڵای سەردار» لە شاری بۆکان لە دایک بووە و پاش چەرمەسەری و نەهامەتییەکی زۆر بەڵام لێوان لێو لە جوانی و ئەوین لە ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی دا بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە ماڵئاواییەکی غەریبانەی لە ژیان کرد و لە سەر ویست و داخوازیی خۆی لە داوێنی کێوی «ناڵەشکێنە»ی بۆکان بۆ هەمیشە تێکەڵ بە خاکی پیرۆزی نیشتمانەکەی کرایەوە. ئەمێستاش گڵکۆی پیرۆزی لە بۆکان ڕووگەی پڕ لە ئەوینی هەموو ئەو کەسانەیە کە خولیای دەنگ و هونەری زیرەکیان لە دڵان دایە و لە بەستێنی بێکۆتاییی ئەو دەنگە ئاسمانییە دا دەرفەتەکانی ژیانیان دەلاوێننەوە و لە نێو گۆرانییەکانی دا واتای ژیان و ئاوات و دڵخوازییەکانیان وێنا دەکەن. لە واقیع دا گۆرانی و دەنگی «زیرەک» هێمای پیرۆزی خۆزگەکانی مرۆڤی کوردە و لە هەمیشەیی مێژوودا وەک نمادێکی هەتایی شانازییەکەی بۆ کورد و مۆزیکی کوردی دەمێنێتەوە.

ڕەنگە هەرگیز دوور لە ڕاستبێژی نەبێ کە ئەگەر بڵێین دەنگ و گۆرانی و هونەری «زیرەک» مەودای شانازی خوڵقێنی خۆزگەی مرۆڤی کوردە.

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

## ڕاستەقینەی دەوری خوێندکاران و بزووتنەوە ڕووناکبیرییە دەروون زانکۆییەکان

بەو پێیە کە زانکۆکان لە ناخی وجوودیی خۆیان دا ناوەندگەلێکی زانستی و ڕووناکبیریی چالاکن، خوێندکاریش وەک توێژێکی گرینگ و کاریگەری فەرهەنگی و ڕووناکبیریی نێو کۆمەڵگەکان دێتە ئەژمار. زانکۆ بەستێنی درەوشانەوەو گەشەی ڕەوتی ئەندێشە جیاوازەکان و هێزی وەگەڕخەری توانایی و بردنەسەری ئاستی زانستی و ڕۆشنبیریی تاک و کۆمەڵ لە پێناوی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دایە. هەرچەند کە ئەوە بەو مانایە نیە کەسێک بچێتە نێو زانکۆ و هەلی خوێندن و پێشکەوتنی ئاکادێمیکی باڵای بۆ بڕەخسێ، حەتمەن لە خانەی ڕووناکبیریدا جێ دەگرێ. بەڵام ناشکرێ بە هیچ شێوەیەک نکۆڵی لە دەورو کاریگەریی ئەو ناوەندەش لە پێگەیاندن و پێشکەوتوویی تاک و ڕەوتە ڕووەو پێشەکانی لە نێو کۆمەڵگەدا بکرێ. لە ڕاستیدا ئەگەرچی زانکۆ بە تەنیا شەرتی کافی نیە بەڵام بە ئەرخەیانییەوە لە شەرتە هەرە گرینگ و کاریگەرەکانی پێویستی ئەم بەستێنەیە.

کاتێک ئاوڕ لە مێژووی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نیو سەدەی ڕابردووی ئێران و کوردستان دەدەینەوە بە روونی سەلماوەیی ئەم ڕاستییەمان هەرچی زیاتر بۆ دەردەکەوێ و شوێن پەنجەی دەورو کاریگەریی چالاکییە خوێندکاری و ڕووناکبیرییە دەروون زانکۆییەکان زیاتر هەست پێ دەکەین. خوێندکار بە گوێرەی فەلسەفە وجوودییەکەی خۆی هێزێکی ڕەخنەگر و گۆڕانخوازی بەردەوامی کۆمەڵگەیە. زانکۆ شوێنی بەرهەمهێنان و شرۆڤە و لێکدانەوەو ئاراستە بەخشینی هزر و ڕووناکبیریی کۆمەڵگەیە. هیچ گومانێک لەوە دانیە کە دەرچووانی زانکۆ بە پێی پسپۆڕی و دارا بوونی زانستە جۆراوجۆرەکان بەڕێوەبەرانی سەرەکی و بەرحەقی داهاتووی هەر کۆمەڵگەیەکن. بەڵام کاتێک کە وەک بوارێکی سینفی و مەجالێکی کرداریی تایبەت سەیری خوێندکار و فەزای زانکۆکان دەکرێ،

ئەرک و بەرپرسایەتیی جیاواز و تایبەتی کردەوەییش بە خۆیەوە دەگرێ. بە داخەوە هەندێک جار ئاراستەی کاریگەری و قازانجی شوێنێکی وەک زانکۆ لەبەر هەندێک هۆکاری تایبەتەوە لە راستای بەرژەوەندی و ئامانجە پیرۆز و سەرەکییەکانی گشتیی کۆمەڵگەدا نییە. ئەوەش خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەرکە نادروستەی هەم خوێندکار وەک خۆی و هەم ئاراستەبەخشانی بزووتنەوە خوێندکارییەکان لە دەرەوەی فەزای زانکۆکانەوە لە پێگە و توانایی خوێندکار و زانکۆ هەیانە و دەیانەوێ بینوێنن. ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە درێژایی تەمەنی خۆی وەک هێزێکی دۆگماتیست و دواکەوتوو لە هەر چەشنە جیهانبینی و ئیرادەیەکی نوێ و سەردەمیانە دوورەپەرێز بووە و ترسێکی قووڵی لە هزر و ڕووناکبیریی ئەکتیڤی توێژەکانی نێو کۆمەڵگە هەیە، هەردەم ویستوویەتی لە هەر ڕێگایەکی مومکینەوە پێش بە هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیرانە بە تایبەت خوێندکاری بگرێ و بەربەستی لە بەردەم دا درووست بکا. لەو هەوڵ و تێکۆشانانەی کە لەم چەند ساڵەی رابردوودا بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ خوێندکارانی کورد دا دەستی پێکردوە و گرتوویەتە پێش سەلماندن و برەوپێدانی ئەم تێگەیشتنە چەوتەیە کە ڕووناکبیران بەتایبەت خوێندکاران نابێ خۆیان لە قەرەی گرفت و هاوکێشە سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگە بدەن. کۆماری ئیسلامی بە نیازە ڕووناکبیریی کۆمەڵگە و ڕەوتی خوێندکاری بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە ئاراستەی ڕەوتی ڕووناکبیری و ڕەوتی سیاسی لەگەڵ یەکدا نایەتەوە و تەنانەت ناتەباشە. لە حاڵێکدا ئەوە زۆر گرینگە کە ڕووناکبیر و خوێندکارانی کۆمەڵگەی کوردی هەست بەو ئەرک و بەرپرسایەتییە مێژووییەی خۆیان بکەن و هەرگیز قافیەی خەبات و پێگەی کاریگەری خۆیان بە بەتاڵی نەهێڵنەوە.

پێویستە ڕووناکبیر۔ خوێندکارانی کورد دەرکی ئەو حەقیقەتە بکەن کە ئێستا لە هەستیارترین و کاریگەرترین قۆناغەکانی ژیانی خۆیان دا بەسەر دەبەن و بە دڵنیاییەوە دەورو کاریگەرییەکی حاشا هەڵنەگریان لە درێژەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیی و نیشتمانی وڵاتی کوردەواری دا هەیە. ئەگەر سەیرێکی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤایەتی لە ئاستی جیهانی دا بکەن بە ڕوونی دەورو کاریگەریی زانکۆ و بزووتنەوە ڕووناکبیری ـ خوێندکارییەکانمان لە ڕەوتی بەرەو پێش و گۆڕانکاریی کۆمەڵگە و وڵاتە جۆراوجۆرەکان دا بۆ دەردەکەوێ. بەڵام زۆر گرینگە کە ڕووناکبیران و خوێندکاران دەورو پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان بە باشی بناسن و بە خوێندنەوەیەکی دروست و گونجاو چوارچێوەدارێژیی ئەرک و چالاکییەکانیان بکەن.

بزووتنەوەی دەیان ساڵەی رزگاریخوازی و ئازادیخوازانەی کورد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەیدا کە کەڵکێکی

زۆر و باشی لە بژاردە و هەڵکەوتووەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەت خوێندکاران و تێکۆشەرانی فەزا ڕووناکبیرییەکان وەرگرتوە، بەڵام دیسانیش لە درێژەی رێبازە پیرۆزەکەیدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری بەم توێژە گرینگ و بەرهەستە دەبێتەوە. لەم پێوەندییەشدا زۆر گرینگە کە تەعامول و هاوپێوەندیی نێوان ئەحزاب (وەک پێشەنگ و نوێنەرانی بزووتنەوەی سیاسی) و ڕووناکبیران و خوێندکاران ( وەک نوێنەرانی فەزای ڕووناکبیری) پێوەندییەکی ئەکتیڤ و لێک تێگەییو و هاوتەریب و تەواوکەرانە بێ.

بە داخەوە جاری وایە دەبینرێ کە ئەم دوو لایەنە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی خۆیان لەم بەستێنی هاوپێوەندییەدا لەگەڵ یەکتر لێ تێکدەچێ و تێکەڵ دەبێ. بەتایبەت بە هۆی ئەوەی کە هەر لە جێدا تێگەیشتن و بلووغی سیاسی لە نێو کۆمەڵگە و وڵاتانی جیهانی سێهەم دا و یەک لەوان کوردستانیش لاوازە. بە داخەوە خوێندکار و ڕووناکبیرانی کۆمەڵگەی کوردی دەرکێکی دروستیان لە زەرفییەت و کاریگەرییەکانی خۆیان نییە و پێیان وایە دەبێ هەر هەوڵ و تێکۆشانێکی چاکسازانە و سیاسیی بەرەو پێش لە ڕێی ئەحزاب یا کاناڵە هاوشێوەکانی ئەحزابەوە بەرەو پێش بچێ و بکرێ. ئینجا خۆیان لە سیاسەت نادەن یا ئەگەر دەیکەن پێیان وایە دەبێ ڕێک بێن و دەوری ئەحزاب و ڕێبەرانی سیاسی بگێڕن. لە حاڵێکدا کە ئەرکی سەرەکیی ڕووناکبیران و خوێندکاران ڕۆشنگەری و لێکدانەوەی زانستیانە و بەرهەمهێنانی ئەندێشە و خستنە رووی ئاراستەی نوێی سیاسییە، نەک بڕیاردان و سیاسەتی کرداری. هەروەها زۆربەی کات ئەحزابیش لە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی نابەرپرسیارانە لەگەڵ ناوەند و ڕێکخراوە خوێندکاری و ڕووناکبیرییەکان دا، لە هەوڵی بە ئەندام دەرهێنانی چالاکانی ڕووناکبیری و خوێندکاری و پراکتیزە کردنی سیاسەتەکانی خۆیان لە نێویاندا و بە دەستەوە گرتنی ڕکێفی بزووتنەوە خوێندکاری و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان دان و سەربەخۆیی کردەوەیی و ڕەهەندی سینفیی ناوەندە خوێندکارییە ڕۆشنبیرییەکان و ئازادی و نادەروەستەیی خوێندکاران دەخەنە مەترسییەوە. هیوادارم ئەم دوو لایەنە گرینگەی کۆمەڵگە بە دەرک و تێگەیشتنێکی دروست و شایستەتر لە خۆیان و یەکتر بگەن و بە هاوکاریکردنی هەرچی زیاتر و لەبەرچاوگرتنی پێگەو ڕێزی ڕاستەقینەی یەکتر کورەی خەباتی کوردستان و کورد بەرەو ڕزگاری و ئازادیی هەرمانی گەرمتر بکەن.

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

## پێویستیی پێناسەکردنەوەی چەمکی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی

بە درێژایی تەمەن و لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانم دا هەمیشە دیدێکی ئۆستوورەیی و پیرۆزم بەرامبەر بە واتای پێشمەرگە و چەمکی پێشمەرگایەتی هەبووە. هەمیشە پێشمەرگە نمادی خۆراگری و بەرخۆدان و قارەمانەتیی بووە لە لام. تەنانەت زۆر جاران پێم وابوو کە هەموو کەس ناتوانێ و بۆی نیە پێشمەرگە بێ. واتە ئەوە پێناسە و پێگەیەکی گشتیی لەم چەشنە نیە کە هەر کەسێک بۆی بلوێ لە تەقەللای دەستەبەر کردن و پێگەیشتنی دا بێ. بەڵکوو تەنیا کەسانێکی تایبەت بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی تایبەتەوە دەتوانن بەم ئاستە لە تێگەیشتن و خاوەندارێتی و مەزنایەتی بگەن کە تەنانەت لە روویان بێ ئەم ناوە پیرۆز و ئەم دەورە ئەفسانەیی یە بە خۆیان بدەن یان لە سۆنگەیەکی دیکەوە کۆمەڵگا (عەقلانییەتی گشتی) پێیانی بدات.

کە منداڵ بووم یەکێک لە گەورەترین ئاواتەکانم ئەوە بوو تەنانەت بۆ جارێکیش بێ پێشمەرگە لە نزیکەوە ببینم و بیناسم. پێم وابوو پێشمەرگە شتێکی مێتافیزیکییە و لە خۆشبینانەترین حاڵەت دا تەنیا دەکرێ هەست پێ بکرێ کەچی پەیبردن بە قووڵایی زەرفییەتەکانی دەروونی کارێکی نامومکینە. هەمووی ئەوانە و بەدەیان روانگەی دیکە لەم چەشنانەش ئەو پارامێتر و داتایانە بوون کە لە کۆمەڵگای بەرینی کوردایەتییەوە وەرم گرتبوون. ئەوکاتە راگەیاندنێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نەبوو، و هەموو زانیارییەکانمان زیاتر هەواڵی چالاکییەکانی پێشمەرگەکان لە رێی دەنگی رادیۆوە بوو کە زۆربەشی شانازیهێنەر و غروورخوڵقێنەرانە بوون. وردەوردە کە گەورەتر بووم بە هەڵکەوت چەند جارێک لە نزیکەوە پێشمەرگەم دیت و پێوەندیم لەگەڵ گرتن. خودی ئەو رووداوانەش بە نۆرەی خۆیان ئەو بۆچوونە ئەستوورەیی یە و پیرۆزەمیان بەهێزتر کرد. پێشمەرگە؛ شۆڕشگێڕێکی چەکداری لەخۆبردوو کە حازرە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییە گشتییە نەتەوەییەکان دا لە گیانی خۆی مایە دانێ.

هەر بۆیەش دەور و واتایەکی پیرۆزتری لە هەر توێژ و ئاراستەیەکی دیکەی نێو کۆمەڵگا لە ئاستەکانی بەرینی نەتەوەیی و نیشتمانی دا بە خۆی بەخشیبوو.

بەرەبەرە لەگەڵ تەواو بوون یان کەمڕەنگ بوونەوەی بواری خەباتی چەکداری (بەهەر هۆیەکەوە)، و

پێناسەکردنەوە (بازتعریف)ی چەمکەکانی شۆڕش و شۆڕشگێڕی لە ئەدەبیاتی سیاسیی جیهان و کوردستانیش دا بەتایبەت پاش رووخانی بلۆکی رۆژهەلات و کەمرەنگ بوونەوەی مێتودەکانی خەباتی چەکداریی کلاسیک، و گشتگیربوونی بیرۆکەی زاڵی لیبرالیزم و روانگەی تاک بۆ گشت (جزء بەکل)ی ئەم ئەندیشەیە و کاریگەریی بەسەر رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورستانیش لە چوارچێوەی گلۆبالیزەیشێنی ئەکتیڤی کرداری جیهانی دا، هەروەها لەگەڵ گەشەی بێ سنووری راگەیەنە گشتی بە تایبەت تەسویرییەکان و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی پێوەندی، و تێکەڵبوونی بەکردەوەی خۆشم بە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی رزگاریخواز و ئازادیخوازانەی نەتەوەیی کورد، گۆڕانکارییەکی بەرهەست لە هەمووی ئەم چەمک و پێناسانەدا کە پێشتر لە پێشمەرگەی کوردستان لە بیرم دا بوون پێک هات.

بەداخەوە زۆربەهەی هەرە زۆری خەڵکی ئێمە، وەک منی جاران، ئێستاش ئەو دیدە کلاسیک و نەگونجاوە کۆنەیان بۆ پێشمەرگە و بواری پێشمەرگایەتی هەر ماوە. ئێستاش دیدێکی پێغەمبەرانە و رزگاریدەرانەیەکی ئاسمانیانەیان بەرامبەر بە پێشمەرگە ماوە و پێیان وایە خۆیان کەمترین ئەرکیان لەسەر شانە و ئەوە «کورەکان»ن کە بە ریسالەتێکی ئاسمانییەوە رۆژێک لە رۆژان لە کێوەکانەوە دێنە خوارێ و لە هەرچی نەهامەتی و چارەرەشییەکە رزگاریان دەکەن. بە داخەوە ئەو روانگە نادروست و خیاڵاتییە تەنانەت بەشێکی زۆر لە توێژی رووناکبیر و خوێندەواری ئێمەشی هەر گرتۆتەوە و تا کاتێک کە بەم دید و تێبینیانەوە دەژین، لە چوارچێوەیەکی ئەفسانەیی دا دێفۆرمەی دەکەن و بارێکی ئۆستوورەیی پێ دەدەن. بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەیدا بچووکترین خەوشێک بەسەر ئەم دیدەیان دابێ، لە جێدا لە دەورێکی ئانتی (دژبەر)انەی نابەجێ دەردەکەون و بەجێی ئەوەی هاوتەریبی بزووتنەوە گشتییەسیاسییەکەی نیشتمانەکەیان لە بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ دیکتاتۆڕ و داگیرکەران دابن، بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی نادروست رووی لێ وەردەگێڕنەوە.

رەنگە هۆکاری بەشێکی زۆری ئەم رەوشە پێکهاتوویە نادروستەی ئێستا، خودی ئێمەی ئەحزاب و پێشەنگەکانی بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان بین. وێدەچی بە جێی ئەوەی بەخەڵک بڵێین ئێمە وڵاتتان بۆ رزگار دەکەین و ئازادیتان بۆ دێنین و ئێوەش یارمەتیدەرمان بن، دروستتر ئەوە بێ تەعبیرێکی راستەقینەترمان لە دەور و کاریگەرییەکانی خۆمان هەبێ و پێیان بڵێین ئێمە و ئێوە بە یەکەوە و هەر لایەنەی لە جێی خۆیدا و بە پێی ئەرک و کاریگەرییەکانی خۆیەوە هاوڕێ و هاوتەریب و هاوکار، بە رزگاری و ئازادی دەگەین. ئەگەر هەرچی زیاتر ئەو تەعبیر و روانگە ئارمانخواز و بەڵێن پێدەرانەیەی کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی دەیەی ٦٠ و ٧٠ی زایینی

بەتایبەت هێزە چەپەکانەوە وەک میراتێکی لکێنراو بۆمان ماوەتەوە، خۆمان دەرباز کەین و لە هەوڵی بەرۆژبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ رەوشی جیهانی و ناوچەیی و بارودۆخی خۆمان دابین، کەڵکێکی زیاتر وەردەگرین. پێناسەکردنی چەمکەکانی خەبات و پێشمەرگایەتی بە تێبینی و مێتۆدە کۆنەکانەوە خزمەتێکی ئەوتۆمان پێ ناکا و درێژەی خەبات و تێکۆشانی بەردەوام تا گەیشتن بە ئازادی و رزگاریی یەکجارەکیمان پێویستیی بە پێناسە کردنەوە (بازتعریف)ی دووبارە لە گشت بوارە پێوەندیدارەکان بەتایبەت خەبات و پێشمەرگایەتی دا هەیە. پێشمەرگە بە واتا سەردەمییەکەیەوە تەنیا شۆڕشگێڕێکی چەکداری کلاسیک نییە بەڵکوو تێکۆشەرێکە کە بە دیدێکی کراوەی بەرفراوان ونەبەستراوە بۆ گەیشتن بەو ئامانج و بایەخانەی کە ئەویان وەک مرۆڤێکی ئازاد و رزگاریخوازی کورد لە پێوەندی لەگەڵ هەموو توێژ و لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگا دا پێناسە کردوە، بە تێگەیشتن لە زەرفییەتەکانی کاری بە کۆمەڵ لە پێناوی رزگاریی نەتەوەیی و دەستەبەر کردنی ئازادی لە چوارچێوەی حیزبێکی سیاسی دا، خەبات دەکات. چەک بۆ پێشمەرگەی ئەمڕۆ بە هیچ شێوەیەک واتایەکی پێناسە خوڵقێن و کەسایەتی بەخشانەی نییە، بەڵکوو رێک بە پێچەوانەوە مانایەکی ئینتزاعیی هەیە و لە پێناوی بەرگریکردن لە بوون و مانەوەی خۆیدا کەڵکی لێ وەردەگرێ.

پێشمەرگەی ئەمڕۆ بوونی خۆی نەک لە تەقابول و رووبەڕووبوونەوە دا، بەڵکوو لە مودارا و هەڵکردن دا دەبینێتەوە. هەر بۆیەش دەرک و تێگەیشتنێکیی قووڵ و بەرفراوانی لە خەبات و حیزبایەتی و سیاسەت بە پانتایی هەموو مرۆڤایەتی هەیە و لەم پێناوەش دا تێدەکۆشێ و چەک دوایین شتێکە کە بیری لێدەکاتەوە. پێشمەرگەی ئەمڕۆ هەرگیز خۆی لە سۆنگەی دژبەر و نەیارەکەیەوە لێک ناداتەوە بەڵکوو لە پێشدا هەوڵ دەدا بە ناسینی باش و گونجاوی بەرامبەرەکەی، بە دەرکێکی شایان و شایستەی دروستی لە خۆی بگەیەنێ. رەنگە لە گرینگترین لایەن و رەهەندەکانی کەسایەتیی پێشمەرگەیەکی ئەمڕۆیی ئەو هەست بە تەعەهوود و بەرپرسایەتییە بەردەوامە بێ کە بەرامبەر بە خۆی و نەتەوە و نیشتمانەکەی و بایەخە پیرۆزە مرۆڤایەتییەکان دا هەیەتی و هەر ئەو شتەش وای لێدەکا بایەخ و ئامانجەکانی لەم چوارچێوانە دەرنەخا و لێیان لانەدات. خۆی لە بایەخەکانی دا و بایەخەکانیش لە خۆیدا لە هاوپێوەندییەکی بەردەوام دا پێناسە دەکاتەوە و پێشی وایە بۆ خۆشویستن و هەوڵدانی بێ وچانی لە پێناو بایەخە گشتییەکانی ژیانی دا بەر لە هەموو شتێک پێویستە کە خۆی خۆش بوێ و رێز لە فەلسەفە و بنەما وجوودییەکانی خۆی بگرێ.

وێدەچێ کە حەقیقەتی بابەتەکە و راستەقینەی هەلومەرجی خەبات و بارودۆخی سیاسیی کوردستان و جیهان

هەرچی زیاتر بەرەو ئەو ڕاستییەمان بەرێ کە خوێندنەوەیەکی جیاواز و ئەمڕۆیی ترمان لە چەمکەکانی پێشمەرگە و حیزبایەتی و خەبات و سیاسەت هەبێ و لە سەرڕاوە پێناسەیان بکەینەوە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتوە بە دوور لە هەر چەشنە دەمارگرژی و چەقبەستووییەکی نەخوازراوانەوە نەک هەر لە چوارچێوەی چەمکەکانی پێشمەرگایەتی و خەبات دا بەڵکوو لە گشت بوارێکەوە لە رووی تیۆری و کردارییەوە، بە خوێندنەوەیەکی دووبارە و پێناسەکردنەوە (بازتعریف)ێکی شایان لە خۆمان و رێباز و ئامانجەکانمان، بێینەوە نێو مەیدانەوە.

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## بەهمەن قوبادی، هونەرمەندێکی جیاواز

رەنگە لە مێژووی فەرهەنگ و هونەری کوردەواری دا کەم نەبن ئەم رووخسار و کەسایەتیانەی کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگی و هونەری دا هەرکامە و لە چوارچێوەیەکی تایبەت دا، بەش بە حاڵی خۆیان کاریگەری و شوێنێکی تایبەتیان بە یادگار هێشتبێتەوە و نەمریشیان بۆخۆیان و کارەکانیان دەستەبەر کردبێ. کەچی زۆربەی هەرە زۆریان هەوڵ و چالاکییەکانیان تەنیا لە چوارچێوەی چەند ژانرێکی تایبەت دا ماوەتەوە و ئیمکانی دەرکەوتن و پەل کێشانیان لە بوارە لە قەدەر نوێترەکان دا کەمتر بووە. لە بەستێنی ژانرگەلێکی فەرهەنگی و هونەریی وەک: گۆرانی و مۆزیک، شێعر و ئەدەبیات، خۆشنووسی، نیگارکێشی و... دا، بواری کورد بە هیچ شێوەیەک دواکەوتوو نیە و لە قەدەر توانیویەتی تا رادەیەکی باش وڵامی کەڵکەڵە دەروونییەکانی مرۆڤی خۆی بداتەوە و لە ئاستەکانی نێوخۆیی و جیهانی دا شوێنێکی شایستە و لەبار دەستەبەر بکات. بەڵام کاتێک رێی تەماشا ئاراستەیەکی نوێ بەخۆیەوە دەگرێ و باس لە ژانرگەلێکی وەک شانۆ، سینەما، مێعماری و... دێتە گۆڕێ، لە راستیدا قسەیەکی زۆرمان بۆ گوتن پێ نیە و بۆشاییەکی زۆر لە نێوان خۆمان و ئەزموونە بەنرخە جیهانییەکاندا هەست پێ دەکەین. هەر ئەوەندەش کە دەوێرین باس لە هەبوونی ئەم ژانرانە لە بەستێنی فەرهەنگ و هونەری کوردەواری دا بکەین لە هیممەت و هەوڵی نەریت شکێنانەی هەندێک کەسایەتیی تایبەت و جیاوازەوە سەرچاوە

دەگرێ کە ویستیان بەرفراوانی بە فەرهەنگ و هونەری نەتەوەکەیان ببەخشن و لە هێندێک دەلاقەی جیاوازەوە سەیری جیهان و کۆمەڵگاکەیان بکەن. «بەهمەن قوبادی» یەکێک لەو کەسانەیە کە بە باشترین شێوەی گونجاو دەرفەتەکانیان قۆزتۆتەوە و هەست و مشووری فەرهەنگی و هونەرپەروەرانەی خۆیان لە پێناوی رەوتی بەرەوپێشی فەرهەنگی نەتەوەیی و جیهانیی سەردەم دا وەگەڕخستوە. ئەو هونەرمەندە بەتوانایەی کورد بە خاوەنداریەتیی روانگەیەکی پۆست مۆدێرنیستی سەردەمیانە دەستی دایە یەکێک لە تەکنیکاڵ و ئەستەمترین جۆرەکانی هونەریەوە وەک فیلم و سینەما. بەگشتی هونەری نواندن ئەگەرچی لەنێو کورد دا لە حدوودی نیو سەدە لە پێشترەوە زۆر غەریب و نامۆش نەبوو کەچی جیا لە چەند نموونەیەکی تایبەتی وەک یەڵماز گۆنای و قوتبەددینی سادقی هەرگیز بە شێوەیەکی جیددی و سەرنجراکێش مەودای وێنایەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیتبوو. قوبادی پاش ماوەیەک کارکردن لەگەڵ گەورە دەرهێنەرانی ئێرانی و کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونە هونەرییەکانی ئەوان و پەیبردن بە دەور و کاریگەریی فیلم و سینەما لە دنیای سەددەم دا، وە هەروەها بە دەرکێکی قووڵ و تێگەیشتنێکی گونجاو و لە فەزا و ئەتنیکی کۆمەڵگاکەی خۆیەوە، دەستی کرد بە خوڵقاندن و بەرهەمهێنانی هونەرێکی مۆدێڕن و هاوبەشی جیهانی وەک سینەما. رەنگە باسکردن لە هونەری فیلم و سینەمای قوبادی هەڵگری ئەوەبێ کە لە چەندین روانگەی جیاوازەوە سەیر بکرێ و بنرخێندرێ، بەڵام لە لایەنە هەرە پڕبایەخەکانی فیلمەکانی ئەو سینەماکارە کوردە، ئەوەیە کە بە پشت بەستنی بە کۆمەڵێک فاکتۆری نەتەوەیی کە لە دەروونی کۆمەڵگای کوردەواریەوە سەرچاوە دەگرێ و لە رێی دووربینەکەیەوە کێشە و کەڵکەڵەکانی مرۆڤی کورد وەها لە ئاستێکی بەرینی جیهانی دا بەرجەستە دەکاتەوە کە تەنانەت بۆ هەر کەسێکی غەیری کوردیش مەلمووس و هەست پێکراو بێ و کەڵکی پێویستی لێ وەرگرێ. بابەتی سەرەکیی کارەکانی قوبادی لە فیلمەکانی دا بە تەسویرکێشانی ئازار و ژیانی مرۆڤی کوردە و بەر لە هەموو شتێک لە رەهەندێکی مرۆڤناسانەوە سەیری کورد و کۆمەڵگای کوردەواری دەکات. قوبادی هەوڵ دەدات ژیانی کورد جەززابییەت و چێژی دیتن بۆ بینەری کورد و غەیری کورد پەیدا بکا و لەو پێناوەدا لە هەموو فاکتۆرە بایەخدارە مەوجوودەکان کەڵک وەردەگرێ و بە بێ ئەوەی لایەنگریی ئاراستەدارانەی تێدابێ، بواری لێکدانەوە و تێگەیشتن و بە ئاکام گەیشتنی کۆتایی بەوپەڕی رێزەوە بۆ بەردەنگ رادەگرێ. لە لایەنە بەرچاوە پڕ بایەخەکانی سینەمای قوبادی ئەوەیە کە هەمیشە لە کارەکانی دا دیدێکی تاک بەگشتی هەیە کە ئەوەش خۆی لە توخمە سەرەکیەکانی هونەریی پۆست مۆدێرنیزم و سەرکەوتووی سەردەمە و پانتاییەکی بێ سنووری چێژ و ئەتویلی هونەریان پێ دەبەخشێ. «بەهمەن قوبادی›› لە دایکبووی ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی لە شاری «بانە«ی رۆژهەڵاتی کوردستانەو تا تەمەنی ١٢ ساڵی هەر لەو شارە دا ژیاوە. پاشان لەگەڵ بنەماڵەکەی بۆ شاری «سنە» کۆچ دەکاو خوێندنی ناوەندییش لەوێ تەواو دەکات. لەساڵی ١٣٧١ بۆ درێژەدان بە خوێندن لە زانکۆ روو دەکاتە تاران و لە

بەشی سینەما لە دانشگای «صداو سیما›› دا ناونووسی دەکا، کەچی بە نیوە چڵی دەیهێڵێتەوە و زانکۆ بەجێ دەهێڵێ. بەڵام فیلم و سینەما وەلا نانێ و بە درووستکردنی فیلمی هەشت میلی میتری فیلمسازی دەست پێ دەکا و هەندێک فیلمی داستانی و دێکۆمێنتی کورتیش بەرهەم دێنی. کورتە فیلمەکانی قوبادی لە ناوەڕاستەکانی دەیەی ۱۳۷۰ی هەتاوی یەوە ئیتر بە شێوەیەکی بەرچاو وەبەر سەرنجی بینەران وفێستیڤاڵە جۆراوۆرەکانی سینەمایی کەوتن. فیلمی «ژیان لە نێو مژدا» ڕێبازێکی نوێی لە کارنامەی ئەودا کردەوە و تەنانەت ناونیشانی «پڕبایەخترین دیکۆمێنتی مێژووی ئێران››ی بۆ خوێ دەستەبەر کرد. قوبادی بە دروستکردنی فیلمی درێژی «ساتێک بۆ مەستیی ئەسبەکان›› کە یەکەمین فیلمی درێژی کوردیی مێژووی سینەمای ئێرانە بە تەواوی وەک فیلمسازێکی کارا و لێهاتوو لە بەستێنی سینەمادا خۆی دەرخست. فیلمی «کیسەڵەکانیش دەفڕن›› سێیەمین فیلمی ئەودەرهێنەرە کوردەیە کە زیاتر لە هەر بەرهەمێکی دیکەی توانی سنورەکانی کوردستان بەرووی جیهان دا بکاتەوە و وەک گرنگترین و سەرکەوتووترین کاریشی دەژمێردرێ. کورتە فیلمەکانی قوبادی بەگشتی بریتین لە »دەف، آن مرد آمد، جنگ تمام شد، بازباران باترانە، دەنگ، سهمیە دفتر، ماهی خدا،مثل مادر، مهمانی، زندگی در مە، نغمەهای دختران دشت، وظیفە م. حسینی، سربازی بە نام امین، پانتۆڵ، کبوتر نادر پرید، باجەی تلفن، بالکن، ز مثل زندگی، گوڵ باجی، از زاویەی دیگر، سرتراش خانە، هفدە تمام››. ئەو فیلمە درێژانەش کە تا ئێستا بەرهەمی هێناون بریتین لە «ساتێک بۆ مەستیی ئەسبەکان، گۆرانیەکانی نیشتمانی دایکم، کیسەڵەکانیش دەفڕن، نیوەی مانگ، کسی از گربەهای ایرانی خبر ندارد، ۳۰ ثانیە دربارەی ما». فیلمەکانی قوبادی بەشداری زۆربەی فێستیڤاڵە خاوەن پێگە نێوخۆیی و جیهانیەکان بوون و چەندین خەڵات و نازناوی بەنرخ و پڕ بایەخیشیان بە دەست هیناوە و لە ئاستی هەرە بەرز و یەکەمەکانی سینەمای نێونەتەوەیی دا دەنرخێندرێن. فیلمی «ساتێک بۆ مەستیی ئەسبەکان» خەڵاتی یەکەمی فێستیڤاڵی «کان»ی فەرانسەی بەدەست هێنا، « کسی از گربەهای ایرانی خبر ندارد›› کە سەبارەت بە موزێک و گۆرانیی ژێرزەمینیی ئێران بوو نازناوی تایبەتی ‹›جۆریک لە نیگا››ی دەستەبەر کرد، «کیسەڵەکانیش دەفڕن›› وەک یەکێک لە ۱۰ فیلمی کاریگەرو بایەخداری دەیەی یەکەمی سەدەی ۲۱ دەستنیشان کراوە و... جێ خۆیەتی کە لێرە دا باس لەو فێستیڤاڵانەش بکەین کە قوبادی تێیاندا وەک داوەرو لێژنەی زانستی بەشدار بووە و ئەوەش خود لێهاتوویی و پێگەی ئەو دەرهێنەرە بە توانایەی کورد لە ئاستەکانی جیهانی دا پتر دەردەخات. فێستیڤاڵی فیلمی کان لە فەرانسە، ۱۳۸۱ فێستیڤاڵی فیلمی رۆتێردام لە هولەند، ۱۳۸٤ فێستیڤاڵی فیلمی جونجۆ لە کۆریای باشوور، ۱۳۸۵ فێستیڤاڵی فیلمی ویلادۆکێندێ لە پورتقاڵ، ۱۳۸۵ فێستیڤاڵی فیلمی سائۆپائۆلۆ لە برێزیل، ۱۳۸۵ سەرۆکی لێژنەی داوەرانی

بەشی پێشبڕکێی سێیەمین خولی نێونەتەوەیی فیلمی ئانۆنی ماڵ، ١٣٨٥ فێستیڤاڵی فیلمی ئۆراسیا لە قەزاقستان، ١٣٨٧ فێستیڤاڵی فیلمی سەربەخۆ لە لەهێستان، ١٣٨٧.

٢٨ی جانیۆێری ٢٠١٣

---

## جەلال مەلەکشا، شاعیری کەڵکەڵە ناسکەکان

ئەگەر قەرار بێ لە دەلاقەیەکی ڕۆژهەڵاتی‌یەوە سەیری گەشەی شێعری کوردی (سۆرانی) لە بەستێنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردەواری دا بکەین، پێویستیی لەبەرچاو گرتنی سێ قۆناغی جیاواز بەڵام زنجیرەیی و بە دوای یەکدا بە گشتی خۆی دەنوێنێ. دیارە لە نێو هەر کام لەم قۆناغە گشتیانەدا کە هەرکام خوڵقێنەری شێوازگەلێکی جیاواز و جێی سەرنجی تایبەتی ئەدەبین، کۆمەلێک قۆناغ و شێوازی بچووک و لاوەکی‌تریش بوونیان هەیە کە ڕەنگە لە پێوەندیەکی ئۆرگانیکی تایبەت لەگەڵ باسەکەی ئێمەدا نەبێ.

١- *قۆناغی شارەزووری*

٢- *قۆناغی موکریانی*

٣- *قۆناغی ئەردەڵانی*

*قۆناغی یەکەم* کە لەگەڵ شێعری شاعیرانێکی وەکوو نالی، سالم، کوردی و... دەست پێدەکا و بە شێعرە پاراوەکانی مەحوی، شێخ ڕەزا، حەمدی و... درێژە دەکێشێ، لە لاپەڕە زێڕینەکانی شێعر و ئەدەبی کوردی بە حیساب دێن. لە تایبەتمەندی‌یە دیارەکانی ئەم شێوازە کەڵکوەرگرتنی زۆر لە وشە و چوارچێوەکانی شێعری عەرەبی‌یە کە بە هۆی نزیکبوونی شاعیرەکانی ئەم شێوازە لە فەزا و جوغرافیای عەرەبی، خۆی شتێکی سرووشتی بوو.

*قۆناغی دووهەم* لە »سەیفولقوزاتی موکریانی» یەوە دەست پێدەکا و لە سەر دەستی شاعیرانێکی وەک سەید

کامیل، خاڵەمین، میسباحوددیوانی ئەدەب و... درێژە بە کاری خۆی دەدا و لە شێعری هێمن و سوارە دا ئیتر بەو پەڕی خۆی دەگا و دەدرەوشێتەوە. شێعری ئەم قۆناغە فەزایەکی کوردیتری هەیە و هەوڵ دەدرێ لە زیاترین وشە و هێما و بەستێنی کوردی کەڵک وەرگیرێ و لە بواری ناوەرۆکیشەوە نیشتمانیانەترە و وڵات و نەتەوە وەک دوو توخمی سەرەکی تێیدا بەرجەستە دەبێتەوە.

*قۆناغی سێیەم* کە بەتایبەت لە دەورانی دوای بە ئاکام گەیشتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە دەست پێدەکا و مەبەستی سەرەکیی نووسینەکەی ئێمەشە لە ناوچەکانی سنە و ئەردەڵان و بە گشتی ناوچە باشووریترەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا خۆی دەبینێتەوە و لە شێعری شاعیرانێکی وەک؛ شەریف حوسێن پەناهی، ڕەحیم لوقمانی، حەمەساڵە سووزەنی، جەلال مەلەکشا، فەرەیدون ئەرشەدی و... دا خۆی نیشان دەدا. فەزای گشتیی شێعری ئەم دەورانە زەرافەتێکی زمانی و ناوەرۆکیی وردتری تێدا هەیە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان زیاتر بەرجەستە دەکاتەوە. ئەگەر لە قۆناغی موکریانیی شێعردا پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی زیاتر ئاقارێکی بەرخۆدانی و بەراوردکارانەی لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا هەبوو، کەچی لەم قۆناغی سێیەم دا شێعر پتر لە هەموو شتێک وەک ئەرزشێکی زمانی و بە دیدێکی جوانی ناسانەوە دەوری هونەری خۆی دەگێڕێ و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە دەروونی کەڵکەڵە و داخوازییەکانی شاعیرەوە وەک کوردێکی پێگەیشتوو دەکەونە ڕوو. لێرەدا ئیتر کوردبوون بە واتا مرۆڤیەکەیەوە ناوەندیەتیی تایبەتی خۆی هەیە و لە ناوەندی ناوئاخنی شێعرییەتەوە دادەنرێ. شاعیر و نووسەری ئەم قۆناغە چیتر لە ڕوانگەیەکی دەرەکییەوە سەیری بایەخی وجودیی خۆی ناکا و بە پێچەوانەوە تا ڕادەیەکی زۆر ئەم ڕوانینە دەروونیتر دەبێتەوە و هەوڵ دەدا کە خۆی وەک خۆی بنرخێنێ و باسی بکا. لە پانتایی قۆناغی سێیەم دا ئیتر شاعیر ڕوانگەیەکی گشت بە تاکی نییە و هەوڵ دەدا (بە واتا فەلسەفییەکەی) دیدێکی تاک بە گشتی هەبێ و لەو ڕەهەندەوە سەیری خۆی و باوەڕ و ئامانج و بایەخ و نەتەوە و نیشتمانەکەی دەکات. «جەلال مەلەکشا» یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرز و قەڵەمە بە تواناکانی ئەو قۆناغەیە کە بە حەقیقەت وەک شاعیرێکی لێهاتووی خاوەن ئەزموونێکی بە نرخ شوێنی تایبەتیی خۆی هەیە.

لە شێعری «سەفەر»دا وەها بە شێوەیەکی هونەرمەندانەوە لە چوارچێوەی خۆزگە و ئاواتێکی ڕەوای خۆیدا بۆ کاوەی کوڕی، سنوورەکانی زەمانی و مەکانی تێک دەشکێنێ و وێنای نیشتمانێکی پیرۆز کە هەمان کوردستانی گەورە بێ دەکێشێتەوە، کە کاریگەرییەکی بێوێنە لە سەر خوێنەر دادەنێ و شێعرێکی لە قەوارەدا کورت بەڵام لە حەقیقەت و ناوەرۆک دا بێکۆتایی و مەزن دەخوڵقێنێ.

*ئاخۆ بڵێی ئەم ڕۆژە بێ*

*کاوەی کوڕم*

*جانتای سەفەر کاتە شانی،*

*دەڵاڵانی دەم گاراجی شاری سنە*

*هاوار بکەن؛ سلێمانی... سلێمانی.*

«جەلال مەلەکشا» لە دایکبووی ساڵی ۱۳۳۰ی هەتاوی لە گوندی «مەلەکشا»ی سەر بە شاری سنەیە. دیپلۆمی ئینسانیی هەیە و هەر لە کاتی مێرمنداڵی و لاوییەوە هۆگری شێعر و ئەدەبیات بووە و دەستی بە نووسین کردوە. لە سەرەتاوە بە فارسی دەینووسی و نووسینەکانیشی لە رۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی سەردەم دا بڵاو کردۆتەوە. بە هۆی چالاکیی سیاسی لە سەردەمی پاشایەتی دا چەند ساڵ لە زیندان بووە و بەشێکی زۆر لە کارە جوانەکانی بەرهەمی ئەو دەورانەن. لەگەڵ بە ئاکام گەیشتنی شۆڕشی ۱۹۷۹ بەرەبەرە رووی کردە شێعر و نووسینی کوردی و بەرهەمەکانی بڵاو کردەوە. ئەو شاعیرە هەست ناسک و ئەو مرۆڤە خۆشەویستە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامییش دا دیسان چەند ساڵی دیکە دەکەوێتە زیندانەوە. پاشان بۆ ماوەی ۱٤ ساڵ وەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «سروە« دەبێتە کارمەندی ناوەندی سەلاحەدینی ئەییوبی و بەرپرسایەتیی بەشی شێعر و چیرۆکی لە ئەستۆدا دەبێ. ماوەیەک دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری «پرشنگ» لە هەولێر و ٥ ژمارەی لێ دەردەکات. شێعر و نووسینەکانی بە چەند زمانی بیانی وەک ئینگلیزی، فەرانسەوی، رووسی، عەرەبی و فارسی وەرگێردراوەتەوە. بەداخەوە زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە بەتوانایە (چیرۆک، شێعر، رۆمان، وتار و...) هێشتاش مەودای چاپ و بڵاوکردنەوەیان بۆ نەڕەخساوە و تەنیا کۆمەڵە شێعرێکی بە ناوی «زڕەی زنجیری وشە دیلەکان» لە توێی کتێبێکی ۲۰٤ لاپەڕەیی دا بڵاو بۆتەوە

**۲۸ی جانیۆێری ۲۰۱۳**

## مامۆستا گۆران، باوکی شێعری نوێی کوردی

لە مێژووی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەکدا کەسانێک هەبوون کە بە پێشەنگانی پێشکەوتن و ڕچەشکێنی سەرەکیی نوێخوازی و بەرۆژبوونەوە دەناسرێن و شانازیی نەمریی لە بیری گەلەکەیاندا بۆخۆیان تۆمار دەکەن.

لە بەستێنی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی دا ئەم پێگەیە بۆ کەسێک نیە جیا لە گۆرانی شاعیر و شۆڕشگێری بە ناوبانگ و هەست ناسک و کەڵە پیاوی وڵاتی کوردەواری. ڕاستە گۆرانیش وەک زۆربەی شاعیرانی نوێخواز و ڕچەشکێنی گەلانی دیکە لە سەرەتاوە بە شێعری عەرووزی دەستی پێکرد و فرچکی ئەدەبیی گرت. بەڵام ئەم بەستێنە هەرگیز نەیتوانی زەرفییەتەکانی شێعری گۆران وێنایەکی پڕبەپێست بکاتەوە و هەربۆیەش پاش ئاشنا بوون لەگەڵ شێوازە نوێیەکانی شێعری لە ئاستی جیهانیدا هەوڵێکی هاوشێوەی لە گۆڕەپانی شێعر و ئەدەبی کوردی دا دەست پێکرد و بە خۆشحاڵیشەوە کە بە واتای تەواوی مانا تێیدا سەرکەوتوو بوو.

گۆران ئاوێنەی باڵانوێنی شێعر و ئەدەبی کوردی سەدەی بیستەمە و نەک هەروەک باوکی شێعری نوێی کوردی بەڵکوو، دەتوانین بڵێین کە بە حەقیقەت شاعیرێکی بە توانا و جوانی خوڵقێن وهەست ناسکیش بوو. مۆدێلی نوێکردنەوەی شێعری مامۆستا گۆران وەک زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە نێو گەلانی دیکەی دنیاشدا ئەو کارە گەورەیەیان کرد تا ڕادەیەکی زۆر سەرەتایی بوو، و تەنیا لە ئاستی درێژ و کورتکردنەوەی دێرە شێعرییەکاندا مایەوە و نە گۆڕانگاریی وەزنی و نە سەرواییی پێکنەهێنا. بەڵام هەر ئەوەندەش کافی بوو بۆوەی گۆڕانکارییە پێکهاتە شکێنەرەکانی دواتر وەدی بێنێ و شێعری کوردی بەرەو ئاقارێکی نوێتر و ئەورۆیی و پێشکەوتنخوازانە بەرێ.

گۆران لە ناخی دەسپێکی خۆیدا مامۆستا و سەرچاوەیەکی بە نرخ بوو بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بە دوایدا مەودا جۆراوجۆرەکانی شێعر و ئەدەبی کوردیان زیاتر تاقی کردەوە و ئاراستەیەکی بەربڵاوو جیهانیانەتریان بە فەرهەنگی ئەدەبیی کوردی بەخشی.

لە لایەنە هەرەبەرجەستەکانی شێعری گۆران ئەوە بوو کە کەڵکێکی زۆری لە فۆلکلۆرو ئەدەبیاتی وێژەیی کوردی

وەرگرت و بە جوانترین شێوە لە بەرهەمەکانیدا دەیگونجاند.

لە شێعری گۆران دا ژینگە و سرووشتی پڕلەجوانیی کوردستان شوێنێکی تایبەتی هەیە و بە گشتی لە توێی شێعرەکانی دا ڕەنگدانەوەیەکی کاریگەر و بەهێزی خوڵقاندووە. لە نێو شێعرەکانی گۆران دا بە روونی دەردەکەوێ کە لەگەڵ ئەوەیدا کەڵکەڵەیەکی زۆری بۆ نوێخوازی و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەی هەیە، کەچی هەرگیز باوەڕو نەریتە نەتەوایەتییەکان بەکەم ناگرێ و پێی وایە کە پێشکەوتن دەبێ لە ناخی بوونەوە سەرهەڵدا. گۆران نموونەی رووناکبیرێکی باوەڕمەندەو، هەرگیز بایەخە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی بە ئەزموونەکانی نەدۆڕاند و هەمیشە دەیویست وێنای کوردێکی رووناکبیر و پێشکەوتوو بێ.

مامۆستا گۆران (عبداله بەگی کوڕی سلێمان بەگی کوڕی عبداله بەگ) لە ساڵی ١٩٠٤ی زایینی لە هەڵەبجە لە دایک بووە. بنەماڵەی باپیری لە بەگزادەکانی «میران بەگ»ی ناوچەی مەریوان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوون و پاشان عینایەتوڵڵا بەگی کوڕی ئەمانوڵڵا بەگی باپیره گەورەیان بۆ ناوچەی قەرەداخی سلێمانی کۆچ دەکات و لەوێ دەگیرسێنەوە. پاش ماوەیەکیش بەهۆی ئەوەی کە خۆیان بە جاف دەزانی بۆ هەڵەبجە دەکۆچێن و لە شارەزوور نیشتەجێ دەبن. باوک و باپیری گۆران دەستێکی باڵایان لە شێعرو ئەدەبی کوردی و فارسی دا بووە و تەنانەت عبداله بەگی باپیری گۆران بەهۆی بەهرەی زۆر و شارەزایی کەم وێنەی لە زمانی فارسیدا بە »کاتبی فارسی» ناسراوە.

گۆران لەگەڵ ئەوەیدا ماوەیەک وەک فەقێ لە مزگەوتی «پاشا»ی هەڵەبجەدا وانەی ئایینی دەخوێنێ، لە قوتابخانەکانی تورکی و کوردی و عەرەبی و فارسیش خوێندوویەتی.

لە راستیدا گۆران تەنیا هەر شاعیر نەبوو، بەڵکوو شۆڕشگێر و نیشتمانپەروەر و رووناکبیریش بوو. لە ساڵی ١٩٥١ تا ١٩٥٢ وەک شۆڕشگێڕێکی کوردی چەپ بۆ یەکەمجار لە لایەن حکوومەتی پاشایەتی ئەو کاتی عێراق دەگیرێ و ئینجا دوو جاری دیکەش لە ساڵەکانی ١٩٥٤ تا ١٩٥٦ و ١٩٥٦ تا ١٩٥٨ بە هۆی چالاکی سیاسیی دەگیرێتەوە. ساڵی ١٩٥٢ تا ١٩٥٤وەک بەرپرسی رۆژنامەی «ژین» لە سلێمانی کاری راگەیاندن و رۆشنبیری دەکات. ساڵی ١٩٥٩ تا ١٩٦٠ سەرپەرشتیی گۆڤاری «شەفەق» بە دەستەوە دەگرێ و بە ناوی «بەیان» دەری دەکات. ساڵی ١٩٦٠ دەبێتە یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە بەشی کوردیی کۆلێجی زمان لە زانکۆی بەغدا و هاوکات دەبێ

بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «ئازادی»یش و تا ساڵی ١٩٦٢ بە گوڕەوە خەریکی ڕاپەڕاندنی هەرچی باشتری ئەو کارانە دەبێ.

گۆرانی شاعیر و ڕوناکبیریش هەوەک زۆربەی کەڵەپیاوانی گەورەی نیشتمانەکەی تەمەنێکی درێژی بۆ خزمەتی هەرچی زیاتر بە نەتەوەکەی نابێ و بە داخەوە ڕۆژی ١٨ - ١١ - ١٩٦٢ی زایینی بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی دەکا و بۆ هەمیشە بە جێمان دێڵێ و ئێستاش گۆڕە پیرۆزەکەی لە گۆڕستانی «گردی سەیوان» ڕووگەی پڕ لە خۆشەویستیی هۆگران و تامەزرۆیانی شێعر و ژیان و کەسایەتییە مەزنەکەیەتی. یادی پیرۆز و ڕێبازی بەردەوام.

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## یادی "وەفا"ی شاعیر

وەکی لەبیرم مابێ بەهاری ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی بوو کە بۆ یەکەمین جار بۆمەبەستی نان خواردن ڕێم کەوتە ڕێستوورانەکەی مامۆستا عومەر سوڵتانی «وەفا»ی شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیری کورد و ناسیم. هەر لە سەرەتای چوونە نێو دووکانەکەی بەڕێزیانەوە ئەوەی کە زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە سەرنجی بە لای خۆیەوە ڕاکێشام پەیکەرەیەکی ڕازاوەی پڕ لە هەستی مامۆستا «حەسەن زیرەک» و کۆمەڵێکی بەرچاوی تابلۆی شێعری کوردی و فارسی بە پێز بوو کە بە خەتێکی نەستەعلیقی لێهاتووانەی جوان بە دیوارەوە تەماشای سەرکێشی هەر بینەرێکی خاوەن هەستی لە چاوترووکانێکدا لە خۆیدا دەستەمۆ دەکرد. دەتوانم بڵێم کە لە ڕاستیدا هەموو شێعرەکان یەکی لە یەکتر جوانتر بوون، بەڵام ئەوەی زیاتر منی بەلای خۆیەوە ڕاکێشا دێرە شێعرێکی مەحوی بوو کە هەر بە جارێک تێکی دام. «شوکر وشیارە مەحوی تێدەگا دنیا خەراباتە ** کە بەدمەستی بکات ئەهلی خراپەی بۆچی لێ دەگرم»

هەر ئەوەبوو بە هۆی ئەوەی کە خۆمی پێ نزیک کەمەوە و بچمە خزمەتی بەڕێزیان و سەبارەت بەم تابلۆ شێعرییانە بە گشتی و بەتایبەت شێعرەکەی «مەحوی» لەگەڵیاندا بدوێم. هەروآش بوو و هەرگیز ئەوجارەم لەبیر ناچێتەوە کە زیاتر لە چەند کاتژمێر قسەمان کرد.

لە راستیدا بە ئێستاشیەوە بێ مەحوی بە یەکێک لە بەتواناترین و گەورەترین شاعیرانی مێژووی ئەدەبی کوردی دەزانم و هەرچی زیاتر دەیخوێنمەوە زیاتر چێژی لێ وەردەگرم و ئەوەش مەدیوونی مامۆستای بەڕێزم. ئەو دیدارە بوو بە دەسپێکی دۆستایەتێکی نەبڕاوە و تێکەڵی بەردەوام کە تا دوایین ساتەکانی تەمەنی «وەفا» بەو پەڕی خۆشەویستییەوە هەر درێژەی هەبوو. دۆستایەتێکی وەها کە لە هەمان کاتدا کە باوک و کوڕانە بوو، هاوکات برادەرانەش بوو، هەروەها کوردانەو شاعیرانە و هونەروەرزانەش بوو. من ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار «وەفا»م دیت و لەگەڵی دوام پێم وانەبوو کە دەبێتە یەکێک لەو کەسانەی زیاترین کاریگەریی بە سەر ژیان و کەسایەتیی مندا دەبێ. کەچی بەراشکاوییەوە دەتوانم بڵێم لە قۆناغێکی زەمانیی ژیانم دا، «وەفا» هەڵیوەشاندم و لەسەرڕا درووستی کردمەوە. ئەوەش نەبوو هەر بە تەنیا بۆ من وابێ، بە حەقیقەت «وەفا» ئەو کاریگەرییە کاریزماتیکەی لەسەر زۆربەی ئەو کەسانەی هاتووچۆیان دەکرد و بەتایبەت شاعیران و شێعر دۆستانی رۆژهەڵاتی دابووە. دوور لە راستی نیە ئەگەر بڵێم «وەفا» خۆی شێعر بوو، چێژ بوو، ژیان بوو، مرۆڤیش بوو.

«وەفا»ی شاعیر و رووناکبیر ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە گەڕەکی «خوڕێنک»ی بۆکان چاوی بە دنیا پشکووت و خەزەڵوەری ١٣٨٤ هەر لەو شارەدا تێکەڵ بە خاکی نیشتمان بۆوە. پاش گەلاوێژی ١٣٣٢ بەناوی چالاکی سیاسی چەپ لە کوردستان بۆ ماوەیەک دەگیرێ. لەمەو دواوە و پاش بەرتەسکتربوونەوەی دۆخی سیاسیی وڵات گرینگی زیاتر بە شێعرو ئەدەبیات دەدات. « وەفا» وەک شاعیرێکی شۆڕشگێڕو نوێخواز یەکەم بەرهەمی وەک کۆمەڵە شێعرێکی نوێی نیمایی بە ناوی «سرود پرستوو» بە زمانی فارسی لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی دا بڵاو دەکاتەوەو لەم رووبەوە ئەگەر بە زمانی فارسییش بەڵام وەک یەکەمین شاعیری نوێخوازی کوردی رۆژهەڵاتی یە کە کتێبەکەی بڵاو بۆتەوەو لەو روانگەیەوە دەکرێ بە پێشەنگ بزانرێ. شێعرەکانی «وەفا» لەو کاتدا لە زۆربەی گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئێران وەک «آدینە، خوشە، امید، فردوسی و...» دا بڵاو دەکرایەوەو بە تەواوی ناسراو بوو.

«استاد شفیعی «کدکنی» لەو سەردەمدا لە بارەی «وەفا»وە گوتوویەتی یەکێکە لەو شاعیرە بەتواناو شوێندارو خاوەن هەستانەی کە لە فەزای ئێستای شێعرو ئەدەب دا بوونیان هەیە و دیارن.

شاعیری هەست ناسک و رچە شکێنی کورد، «وەفا» لە پەنجاکانی هەتاوییەوە ئیتر دەستی لە نووسینی شێعری فارسی هەڵگرت و بەو پەڕی تواناییەوە دەستی کرد بە کوردی نووسین و بە حەقیقەت کە لەم بوارەش دا توانیی بەرهەمی بە پێزو جوان بخوڵقێنێ و لەوانەیە بەم زووانە کۆمەڵە شێعرە کوردییەکانیشی بەناوی «چەپکە گوڵ» پێشکەش بە گوڵزاری فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بکرێ. بەلای منەوە بەشێک لە هەرە بەهێزترین لایەنەکانی شێعری «وەفا» کۆمەڵێک چوارینەی جوان و ناسکی بەڕێزیانە کە لە جۆری خۆی دا لاپەڕەیەکی نوێی جێی سەرنجی دیاری شێعری کوردین.

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## ئاسۆ ، ئاڵا هەڵگری غەزەلی کوردی

«محەمەدسەعید نەجاری» ناسراو بە »ئاسۆ» لە رووخسارە دیار و قەڵەمە بە تواناکانی شێعر و ئەدەبیاتی کوردیی بە تایبەت دوای شۆڕشە کە بە حەقیقەت هەم وەک خۆی و هەم قەڵەمەکەشی کاریگەریەکی بەرچاویان بە سەر نەوەی نوێی هۆگری شێعر و ئەدەبیات لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەبووە. ئاسۆ بەر لە هەموو شتێک بە شاعیری غەزەلی ناسک و غەنایی لیریک ناسراوە و لە بەرجەستەترین رەهەندەکانی شێعریی، بواری ئێستاتیکا و جوانی ناسیی دەروونیی شێعرەکانێتی کە دەوڵەمەندی و بەرفراوانییەکی بێوێنەی پێبەخشیوە. ئاسۆ لەگەڵ ئەوەیدا کە هەوڵی داوە لە دەربڕینی شێعری دا هێڵی لاسایی کردنەوەی بەزاندبێ و شێواز و زمانی تایبەتیی خۆی هەبێ کەچی هەرگیز لە کەڵک وەرگرتنی بە جێ و جوانی ئەدەبیاتی پێش خۆی دوور نەبۆتەوە و بێبەری نەبووە لێیان.

رەنگە زمان و دنیای شێعریی ئاسۆ لە هەموو کەس زیاتر لە هی مامۆستا هێمن و پاشانیش لە وەفاییەوە نزیکتر بێ. بەڵام دیسانیش پێویستە بیڵێمەوە کە ئاسۆ، وەک شاعیر و ئەدیبێکی پێگەیشتووی خاوەن رێز لە پانتایی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی دا شوێن و پێگەی خۆی دۆزیوەتەوە و تەنانەت لە بواری کاریگەری بە سەر نەوەی دوای خۆشی دا خاوەنی شوێنێکی شایانە و نکۆڵی بەردار نیە.

زمان و فەزای شێعریی ئاسۆ تایبەتمەندیی تایبەتیی خۆی هەیە و خاوەنداریەتیی خۆی پێوەیە. فەزا خوڵقێنی و فەزا نرخێنیی بە پێزی ئاسۆ، دنیای شێعریی شاعیرانی سەبکی عێراقیمان لە چوارچێوەی شێعری فارسی دا وەبیر دێنێتەوە و لە بواری دەربڕینی رەهەندە ناسک و کۆمەڵایەتییەکانی شێعری دا خۆی لە قەرەی شاعیرە ناودار و خاوەن پێگەکانی وەک «سائیب» و «بیدێل» لە چوارچێوەی سەبکی هێندی دا دەدا. لە لایەنە پڕ بایەخ و سەرنج راکێشەکانی شێعری ئاسۆ دەبێ ئاماژە بە وێناسازییە هونەرمەندانەکانی ئەو شاعیرە بە توانایە بکەین کە مەودا و چێژ و غینایەکی بێوێنەی بە شێعرەکانی بەخشیوە. ئاشنایی و دەسەڵاتی بەرینی ئاسۆ بە سەر زمان و وێژە و فولکلۆری کوردەواری دا، بازنەی کەڵک و کارکردی وشەی لە شێعرەکانی ئاسۆ دا تا ئاستێکی مامۆستایانە بەرفراوان کردۆتەوە و هەروەها دەرکی قووڵ و تێگەیشتنی شایانی ناوبراو لە فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبیاتی کوردی و جیهانی پەرەیەکی بەرینیان بە شێعرەکانی بەخشیوە. دەسەڵات و لێزانینی ئاسۆ بە سەر دنیای شێعر و حەز و کارکردی جوانی ناسانە و جوانی خوڵقێنەرانەی لە چوارچێوەی غەزەل دا، وایکرد کە مامۆستا هێمنی مەزن، ئاسۆ وەک میراتگری راستەقینە و بە توانای غەزەلی کوردی بە تایبەت لە ناوچەی موکریان ناوبەرێ و بڵێ غەزەلی کوردی لەگەڵ ئاسۆ و لە شێعری ئاسۆدا بە هەرمانی و ماندگاری دەمێنێتەوە. تێکەڵ کردنی خۆشەویستی و عەشق و مرۆڤپەروەری بە هەستی نەتەوەخوازی و نیشتمان پەروەری مەودایەکی بەرفراوانی راڤە و چێژ و تێگەیشتنیان لە شێعرەکانی ئاسۆدا پێک هێناوە. لەو شاعیرە پایەبەرز و عاشق و خاوەن رێزەی کورد تا ئێستا دوو کتێبی شێعری بە ناوەکانی «تەوژمی خەیاڵ» و «گەزیزە» هەروەها کتێبێکی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەیی بە ناوی «دیوانی مصباح‌الدیوان ئەدەب» کە تێزی دوکتورای ناوبراوە بڵاو بوونەتەوە کە خۆی ئاستی باڵا و تێگەیشتنی قووڵی بەرێزیان لە چوارچێوەی شێعر و ئەدەبیاتی رەسەنی کوردی دا دەگەیەنێ.

محەممەدسەعید نەجاری ناسراو بە ئاسۆ» خەڵکی بۆکانە و زیاتر لە ٣٠ ساڵە کە بێوچان وەک مرۆڤێکی ئەرکناس و نەسرەوتوو لە قوتابخانە و زانکۆی شارەکانی بۆکان و مەهاباد و سەقز دا خەریکی ئەرکی مامۆستایەتی و پەروەردەکردنی نەوەکانی داهاتووی وڵاتی کوردەوارییە.

***چەند نموونەیەکی شێعریی ئاسۆ:***

*دڵێ بۆ دینی گوڵ شەیدا نەبێ هیچ*

*سەرێ سەودای ئەوینی تیا نەبێ هیچ*

دەڵێن بۆ پیر ئەوین ریسواییەکە

کە پیرێ بۆ ئەوین ریسوا نەبێ هیچ

-----

دیم دڵی مەجنوون بە تاڵێ موو بە دووی لەیلا دەڕۆی

پێمگوت ئەی شای خۆشەویستی بوا بە یەک هەودا دەڕۆی

پێکەنی فەرمووی کە ئێرە شاری عیشقە بێخەبەر

کەڵ بە موو بەندە ئەگەر تۆش بی لەجێی من وا دەڕۆی

-----

هێند دڵم تەنگە دەڵێم بەو شەوە لەم شارە بڕۆم

لە وڵاتێ کە جەفا حاکم و سالارە بڕۆم

نە وەفا لای کەس و کارە و نە سەفای ماوە ژیان

با لە دەس بێبەزەییی هەرچی کەس و کارە بڕۆم

بۆ دەبێ هەستی ئەوین ژێر دەسی پارە و پلە بێ

شەرتە لەم شوێنە ئەوین دایمە لە پای دارە بڕۆم

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

## ئەدەبیات، زانست و دێموكراسی

حدودی ساڵی ٥٣٠ی پێش زایین لە ئاتێن بازاڕێكی ئازادی كتێب كرایەوە. لەم بازاڕە دا هەندێك كتێبی دەستنووسی گەورەی سەر «پاپیرۆس» بۆ فرۆش دانرابوون. سەرەكیترینی ئەو كتێبانە بریتی بوون لە دوو كتێبی گەورەی شێعرەكانی «هۆمەر» بە ناوی «بە پێی وتەكانی «سیسرو» دەبێ نووسینەوەی شێعرەكانی هۆمەر دوای ٥٠٠ ساڵی دیكە، لە حاكمی دیكتاتۆری ئەو كاتی ئاتێن واتە «پی سیسرواتۆس» بزانین پی سیستراتۆس لەگەڵ ئەوەیكە لە بواری سیاسەوە سەر كوتكەرێكی زاڵم بوو بەڵام لەهەمان كاتیشدا لە بواری كۆمەڵایەتی و بە تایبەت فەرهەنگییەوە چاكسازێكی خاوەن رێز و پڕمایە بوو. یەكێك لە گرینگترینی ئەو كارانەی كە كردی، پێكهێنانی نمایشی درام لە ئاتێن بوو. یانی دامەزرێنەری سەرەكیی ئەو چەمكەی فەرهەنگ و هونەر بوو كە ئێستا پێی دەڵێن «شانۆ». رەنگە هەر بۆ خۆشی دەوری یەكەمین بڵاوكەرەوەی دەقەكانی هۆمەری بووبێ. وەكی مێژوو دەیگێڕێتەوە كەرەستەكانی نووسینی دەكڕی و كەسانی خوێندەواریشی بە كرێ دەگرت و نووسین و وێژراوەكانی هۆمەری پێ دەنووسینەوە. پی سیستراتۆس حاكمێكی دەوڵەمەند بوو كە لە رۆژانی جەژنە گشتییەكان دا نمایشی شانۆیی و كۆمەڵێك بەرنامەی دیكەی فەرهەنگی و هونەریی بۆ خەڵك رێك دەخست. پاش ماوەیەك، كەسانێكی زۆر لە ئاتێن روویان كردە ئەو بابەتە و كاری نووسین و بڵاوكردنەوەی كتێبیان دەكرد.

هۆكاری سەرەكیی ئەم كارەش، تامەزرۆیی بێ كۆتاییی خەڵك بۆ بەرهەمەكانی هۆمەر بوو. هەر بۆیەش خوێندنەوەی دەقەكانی هۆمەر فێر دەبون و بە گشتی دەیان خوێندەوە. لە ماوەیەكی كەمخایەن دا بەرهەمەكانی هۆمەر بوون بە كتێبی پیرۆزی ئاتێنیەكان و سەرەكی ترین دەقی فێركاریی خوێندن و نووسینی خەڵك. هەڵبەت جێی ئاماژە پێ كردنە كە لە ئەنجامی ئەو دۆخە گونجاوەی بڵاوكردنەوەیە دا زۆر زوو بەرهەم گەلێكی دیكەش هاتنە نێو ئەم گۆڕەپانەی بازاڕی ئازادی كتێبەوە. «پۆپەر» گوتەنی پێویستە هەمیشە لە بیرمان بێ كە تا بازاڕێكی بڵاوكردنەوەیی نەبێ، بڵاوكراوەیەكیش بەرهەم نایەت. بۆ ماوەی نزیك بە دوو سەدە ئاتێن تەنیا شوێنێك لە دنیا دابوو كە بازاڕی كتێبی هەبوو. رەنگە «كۆرینتوس» و «تێبس» یەكەمین شارانێك بووبن كە زووتر لاسایی و رەچاوی ئاتێنیان كردبێ. دیارە بەر لەوەش شاعیرو نووسەرانێكی زۆر هەبوون و شتیشیان نووسیوە، بەڵام ئەدەبیات( كە پێویستی بە بواری بڵاوبوونەوەیە ) تەنیا توانیی لەو كاتەی ئاتێن دا بدرەوشێتەوە و خۆی بگرێ.

لەوێدا بوو کە بە شێوەیەکی بەرچاوو جیددی نووسەران، مێژوونووسان، بیرمەندانی سیاسی و سیاسەتمەداران، فەیلەسوفان، بیرکاران و زانایانی بەستێنە جۆراوجۆرەکان گەشانەوەی ئەوتۆیان بە خۆیانەوە دیت.

چەمکی هاوبەشی هەموو ئەو کەسانەو بەرهەمەکانیان نووسین و بڵاوکردنەوە بوو کە لە دۆخی تایبەتی کاریگەریی بازاڕی ئازادی کتێب دا لە ئاتێن یەکیان دەگرتەوە کە خۆی ریشەی لە ئەدەبیات و هونەر دا هەبوو.

لە راستیدا کۆمەڵێکی بەرچاو لەو کەسانە خودی خەڵکی ئاتێن نەبون کەچی هەلومەرجی تایبەتیی ئەم شارە بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگرانە سەرنجی راکێشا بوون، لەوێدا گیرسابوونەوە. لەنێو ئەو وێژەوان و نووسەرە بیانیانەی کە روویان کردە ئاتێن و بەرهەمەکانیان لەوێدا بڵاوکردەوە، دەتوانین ئاماژە بە زانا و مێژوونووسی گەورە «ئاناکسا گۆراس» و هاوچەرخە کەم تەمەنترەکەی «هیرۆدۆت» بکەین کە هەردووکیان پەنابەرانی سیاسیی دەرکراو لە ئاسیای بچووکەوە بوون.

«فۆکۆ» دەڵێ لەوانەیە هیرۆدۆت کتێبە مێژووییە درێژەکەی خۆی بە تەمای بڵاوکردنەوە نەنووسیبێ بەڵام ئاناکساۆراس بە دڵنیاییەوە دەقە مێژووییە (کورت تر) و سرووشتییەکەی هەر بەو مەبەستە نووسیوە. گرینگیی مەسەلەکە لەوەدایە کە لە راستیدا ئەو کات هیچیان نەیاندەزانی بڵاوکردنەوە دەتوانێ چ کاریگەریەکی بەنرخ و بێ وێنەی هەبێ. پڕ دیارە کە چالاکیی بڵاوکردنەوە لەو سەردەمە دا ساوا بوو و کەس نەیدەتوانی لە زەینیشی دا بیگونجێنێ کاریگەریی ئەو رەوتە چەندە بەرفراوان و مێژوویی و شوێن دانەر دەبێ.

«پۆپەر» دەڵێ سەرنج راکێشی زێدەی فەرهەنگی ئاتێن پتر لە بەر پێکهاتنی بازاری کتێب بوو، و هەر ئەوەش بوو بە هۆی وەدیهاتنی دێموکراسی لەوێ.

رەنگە زۆر سەلمێنەر نەبێ بڵێین کە لابردن و دەرکردنی «دێموکراسی خەڵک سالارانەی ئاتێن لەودەم دا راستەوخۆ پەیوەندیی بە داهێنانی بازاری کتێبەوە هەبێ، کەچی زۆرشتیش ئەم گریمانەیە بەهێزتر دەکەن. کارکردی هونەری خوێندنەوەو نووسین ( کە زۆر زوو لە شار دا پەرەی ئەستاند) و خۆشەویستی گشتی بۆ هۆمەر و نوسەران و شاعیران و شانۆکاران و شێوەکاران و پەیکەر تاشانی گەورەی ئاتێنی و بەر جەستە بوونەوەی ئەندێشەی تازە و رووناکبیریی سەردەم بە گشتی، گەشەی حەقیقەتە بنەماییەکانی مێژوویەکن کە بە دڵنیاییەوە لە ژێر سێبەری

کاریگەریی بازاڕی کتێب دا دروست بوون. بە هەر حاڵ شایانی باسە کە دروستبوونی کەرەستەی چاپی گۆتێنبێرگ لە سەدەی پازدەی زایینی و گەشەی بەرین و بەرفراوانی بازاڕی کتێب لە ئەورووپا دا، شۆڕشی فەرهەنگیی بە شێوەیەکی بێ وینە بڵاوەتر کردەوە. شۆڕشێک کە بە ناوی «هیۆمانیزم» سەری هەڵدا و وێرای بەخشینی گیانێکی نوێ بە ئەدەبیاتی کۆن، گشت زانست و هونەرەکان بەرفراوانتر بوونەوەو دەرەنجام زانستی سرووشتیی نوێ لە دایک بوو.

بۆ وێنەو وەک بەڵگەش لە درێژەی ئەم ڕەوتە و لە ئەنجامی ئەو کرانەوە فەرهەنگییە دا لە بریتانیا بزووتنەوەی ریفۆرمخوازی دوو شۆڕشی کاریگەری لێ کەوتەوە، شۆڕشی خوێنینی ٤٩ - ١٦٤٨و شۆڕشی ئاشتی خوازانەی ١٦٨٨ کە بە دوای دا پارلمانی ئەو وڵاتە پرۆسەی بەرەو پێشی خۆی بەرەو دێموکراسی دەست پێکرد. لێرەدا، ئیتر، پەیوەندیی گەشەی کتێب لەگەڵ دێموکراسی و ئازادی و خەڵک سالاری زیاتر دەرکەوت و روونتر بۆوە.

سەرچاوەکان:


هنر و فلسفه در عصر تراژیک یونان باستان - فردریش نیچه

جامعەی باز ودشمنان آن - کارل پوپر

این یک چیق نیست! - میشل فوکو


٢٨ی جانیۆیری ٢٠١٣

---

## قۆناغێکی نوێ لەژیانی کۆماری ئیسلامی دا؟!

ڕۆژی پێنجشەمە، ١٩ی خەزەڵوەر، دوای چەند ڕۆژێک لەپێشکەشکردنی ڕاپۆرتی رێکخراوی وزەی ناوکی و ئاشکرابوونی مەیل و ئیرادەی بە کردەوەی ئێران بۆ دەست پێراگەیشتنی بەچەکی ئەتۆمی، و ئینجا هەرەشەی رەسمیی ئیسرائیل سەبارەت بە ئەگەری هێرشی نیزامی بۆ ئێران و پشتگیری و لایەنگریی هەندێک لە وڵاتە

زلهێزەکانی ڕۆژئاوایی، خامنەیی لە تازەترین لێدوانی خۆیدا لە نێو ئاپۆڕای بەرینی هێزە نیزامییەکان لە کاتێک دا کە کۆمەڵێکی هاوبەشی فەرماندە باڵادەستەکانی ئەرتەش و سپا هاوڕێیەتیان دەکرد، لە هەڵوێستێکی هێزخوازانەوە دژکردەوەیەکی توندی لە خۆی نیشان دا.

ئەم لێدوانەی ئەخیری خامنەیی هەڵگری تێبینی و لێ وردبوونەوەیەکی زۆرە کە دەکرێ لەچەندین ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە لێک بدرێتەوە. ئەوەی کە هەڕەشەکەی ئیسرائیل، خود، لە زمانی کەسێکی وەک شیمۆن پریزەوە وەک سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە کە لە قەدەر نێتانیاهوو سیاسەتێکی هێمنانەتر پێڕەو دەکا، دەکرێ و دوابەدوایدا هەڵوێستپێشتگیرانەی هەندێک لە وڵاتە زلهێزەکانی ڕۆژئاواییی لێ دەکەوێتەوە، دەرخەری بارێکیگشتی و نەتەوەییانەتری ئەم هەڵوێستە لە نێو خودی ئیسرائیل و جیددیتر بوونی هەست پێکردن بە مەترسیی روو لەگەشەی ئیسرائیلییەکان لە لایەکەوەو وڵاتانی ڕۆژئاواییش لە لایەکی دیکەوە لە جموجۆڵ و هەڵسووکەوتە نیزامی بە تایبەت ئەتۆمییەکانی ئێرانیژێردەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. بە سەرنجدان بەم تێبینیانەو تێگەیشتن لە دەروونناسیی ئاراستەی قەیران خوڵقێنەرانەی بەردەوامی سیاسەتیدەرەکیی کۆماری ئیسلامی، وتەکانی خامنەییگرینگایەتی و پێگەیەکی تایبەتی سیاسی بەتایبەت لە بواری کارکردییەوەپەیدا دەکەن.

ناوبراو بە پاساوی کارکردی جیاوازی جیهانی ماددیی سەردەم لە بەراورد لەگەڵ ئارمانە ئیسلامییەکانی خۆیان، دەرگای زەروورەتی خۆتەیار کردنی هێزی نیزامیی وڵاتی بە هەر چەشنەچەک و ئامرازێکیپێشگیرانە لە بەرامبەر هەڕەشە و هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی دا کردەوە و گرێی هاوکێشەکەی بەگژ دەوڵەتانی نەیاردا دایەوەو پشتڕاستی کردەوە کە بۆگەیشتن بە ئامانجەکانیان و لەپێناو پاراستنی خۆیان دا لە هەر چەشنە کەرەستە و ئامرازێک کەڵک وەردەگرن.

خامنەیی لە بەشێکیگرینگی لێدوانەکەیدا بەرامبەر بە دەوڵەتانی نەیاری کۆماری ئیسلامی، باسی لە ئامادەگیی حکوومەتەکەی کرد کە لە بەرامبەر هەر چەشنە هێرش و دەستێوەردان و تەنانەت هەڕەشەیەکی دەرەکیش دا ئەوا کۆماری ئیسلامیی ئێران شەڕەکە دەگوازێتەوە بۆ نێو خودی ئەو وڵاتانە و لە دەروونەوە لەگەڵیاندا دەجەنگێن.

ئەم وتانە و دەربڕینی ئەم جۆرە هەڵوێستە لەلایەن ناوبراوەوە هەڵگری هەندێک تێبینی و سەرنجی وردی سیاسییە کە ئاماژەیان پێ دەکەین. ئەوەی کە خامنەیی بەم چەشنە و لەم دەلاقەیەوە سەیری بابەتەکە دەکا و

ئەوەی کە پێشتر هەرگیز بەم ئەدەبیات و بەم ڕاشکاوییەوە هەڵوێستی نەدەگرت، خۆی دەرخەری جیددیتر بوونی مەترسیی ئەگەری ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی سەخت ئامێریانەتری شیمانە کراوە. لەلایەکی دیکەشەوە سوورتر بوون و بێ منەتیی ڕێژیم لە ڕاستای بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی لە بەرامبەر دنیای دەرەوە دا دەگەیێنێ.

قسەکانی خامنەیی ڕاشکاوانە بۆنی شەڕیان لێوە دەهات و لە ئیرادەیەکی جیاواز و لە هەمان کاتدا پتەوتر لە جارانەوەسەرچاوەی گرتبوو، و نیشاندەری دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم دا بوو. ناوبراو ئەمجارەیان بە شوێن پاساوهێنانەوە بۆ ئاشتیخوازی و کارکردی دژەشەڕانە و نادەستدرێژانەی ڕێژیمەکەی لەمەڕ هەوڵ و چالاکییە ئەتۆمییەکانیان دا نەبوو. بەڵکوو لە هەوڵی سەلماندنی ئێرانی مۆدێلی کۆماری ئیسلامی بەمجۆرەی کە خواستی دەسەڵاتدارەکانیەتی و دەبێ، بە دنیا بوو. دەرکی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک هێزێکی فەراناوچەیی و لە ئاستی گشتیی جیهانیدا لە نێوئاخنی مەبەستی قسەکانی خامنەیی دا، کارێکی زۆر دژوار نەبوو.

خامنەیی زۆر ڕاشکاوانە لە ڕوانگەی سەرۆکی وڵاتێکی زلهێزی فەراناوچەیی و لە ئاستەکانی جیهانی دا باسی لە پتانسێلەکانی وڵاتەکەی دەکرد کە توانایی ئەوەی هەیە کە بە گوێرەی بەرژەوەندی و خواستی خۆیانەوە لە هەرکوێیەکی جیهان دا بەرەورووی هەر کێشە و ئاستەنگێک بێتەوە کە هەڕەشە لە مانەوە و گەشەی ڕێژیمەکەی بکا. لە بیرمان نەچێتەوە ئەگەر جاران خامنەیی و دەسەڵاتدارانی دیکەی کۆماری ئیسلامی باسیان لە خستنە ژێر مەترسیی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی نەیار لە هەر شوێنێکی دنیادا دەکرد، ئەوا ئەمجار باسی لەناوبردن و وێرانکردنی ئەو وڵاتانە لە دەروونی خۆیانەوە دەکات.

ئەوەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و بەتایبەت ئیسرائیل سیگنال و پەیامەکەی خامنەیی چۆن وەردەگرن و لە بەرامبەری دا چ هەڵوێستێک دەنوێنن؟! لە ئەگەری هەڵوێستێکی جیددیتر و بە کردەوەی ئەو وڵاتانە لە بەرامبەر ڕێژیمی ئێران دا، ئایا وەڵامی خامنەیی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چی دەبێ و دەتوانن بە گوێرەی ئیدعاکانیان دژکردەوە بنوێنن؟! ئایا کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک خامنەیی دەینرخێنێ و بانگەشەی بۆ دەکا توانیویەتی یان دەتوانێ وەک زلهێزێکی فەراناوچەیی و لە ئاستێکی جیهانی دا دەربکەوێ و پارێزگاری لە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی بکا؟! ئایا کۆماری ئیسلامی دەتوانێ لە ئەگەری هەرشەڕ و ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی ئیحتمالی دا ناوەندێتیی کێشە و قەیرانەکە لە خۆی دوور بخاتەوە و بۆ وڵاتانی دژبەری بگوازێتەوە؟! ئایا تەمەنی کۆماری ئیسلامی قۆناغەکانی (موجودیت، مقبولیت و مشروعیت)ی تێپەڕ کردووە و چووەتە نێوقۆناغی مەوزووعییەتەوە؟!

وڵامی ئەم پرسیارانە و بە دەیان پرسیاری دیکەش لەم بەستێنەدا، ڕەنگە چاوەڕوانییەکی زۆری نەوێ و لە دڵی داهاتوویەکی دوور دانەبێ؟ هەر چەند کە پاشهاتە جیاوازەکانی وەڵامی هەر کام لەم پرسیارانە کاریگەری و مەودایەکی درێژخایەنتری بەدواوە دەبێ.

۲۸ی جانێوێری ۲۰۱۳

---

## ژیلا، کۆتایی بەخشی هێژێمۆنیی گشتگیری پیاوسالار لە شێعری کوردیدا

ژیلا حوسێنی یەکێکە لەو شاعیرە بەتوانا و رووخسارە دیارانەی کە لە چوارچێوەی شێعری نوێی کوردیی دوای شۆڕشەوە، شوێن و پێگەیەکی حاشاهەڵنەگر و جێی متمانەی بەرزی بۆ خۆی و ئەدەبی کوردی دەستەبەر کردووە. شێعری ژیلا شێعرێکی دەروونی ترە و زۆر زیاتر لەوەی کە دەرگیری هێما دەرەکییەکان بێ، کەڵکەڵە و داڵدە دەروونییەکان دەورووژێنێ و بە ناخ دا رۆدەچێ. رەنگە ئەوەش لە ژن بوونی ئەو شاعیرەوە سەرچاوەی گرتبێ و خود دەرخەری رەهەندی ژنانە بوونی شێعرەکانی بێ. لە راستیدا شێعری ژیلا نوێنگەی سێ توخمی سەرەکیی شێعر و مرۆڤ ( ژن) و ژیانە و لەم پانتاییەدا بە شێوەیەکی هاوتەریب و تەواوکەرانە لەگەڵ یەکتردا لە گەشەو ژیانەوەی بەردەوام دان.

مرۆڤ و ژیان وەک دوو چەمکی سەرەکیی واتابەخشی بوون لە شێعرەکانی ژیلادا بە شێوەیەکی راشکاوانە و بێ هیچ چەشنە دانوستان و رێککەوتنێکی ئیستحالەیی تا ئاستێکی پیرۆزمەندانە دەنرخێندرێن و لەگەڵ ئێستاتیکای بەرزی شێعری تێکەڵ دەبن.

جیا کردنەوەی هەرکام لەم توخمە واتاییانە بە شێوەیەکی دەرباز و دەرە دەقیانە لە شێعرەکانی ژیلا دا تا ئاستی نەبوون ئەستەمە و لە راستیدا ئەوە لە نێوئاخنی دەق دایە کە واتا و کارکردی راستەقینەی خۆیان دەدۆزنەوە. بوونبەخشی و نرخاندنی چەمکەکانی مرۆڤ و ژیان یا ئەو کەڵکەڵە و پەیامەی کە شاعیر لە تویی شێعردا لە هەوڵی گەیاندنی دایە، هەرگیز دەوری لەمپەر و بەربەستێک لە بەرامبەر هونەر و جوانی ناسیی دەروونیی شێعردا

نەبووە و بە پێچەوانەوە وەک بەشێکی لێک نەکراوە و کلیلی رۆحی شێعر بوون. لەلایەنە سەرنج راکێش و پڕ بایەخەکانی شێعری ژیلا خوڵقاندنی روانگەی نوێ و دیدی جیاوازی شێعرییە. ئاشنایی سڕینەوە نە تەنیا لە واتا و وێنای شاعیرانە دا، بەڵکوو لە دەربڕین و نواندنی روانگەی نوێ و جیاوازی دیداریشەوە لەگەڵ خوڵقاندنی بەستێنی مژاری زمان و رووداوی شێعریش لە لایەنە پڕبایەخ و سەرنج راکێشەکانی شێعری ژیلا و شێعری ژیلایین. هەوێنی پیرۆزی بەشێکی زۆر لە شێعرەکانی ژیلا مرۆڤ و بەتایبەت ژنە کە خوازیاری ژیانێکی ئارەزوومەندانە و شایانە و شێعر ئەو دەرەتان و فەزا ئەهوورایی‌یەیە کە ئیمکانی بوون و واتا بە خۆزگەکانی شاعیر دەبەخشێ. لە دیدی ژیلاوە ژن بەر لە هەموو شتێک مرۆڤە، لەگەڵ هەموو ماف و داخوازی و ئامانجەکانی مرۆڤ. بەڵام پیاو نیە و رەگەزێکی دیکەی هەیە و ئەوە خاڵی جیاوازی‌یە. لێرەوە ئیتر ژیلا و شێعر و جیبیهانبینی ژیلا ئاراستەیەکی جیاواز و نوێ و لە هەمان کاتدا ژنانە و بەوپەڕی خۆیەوە مرۆڤانە بە خۆیەوە دەگرێ.

ژیلا نایەوێ (یانی ئیتر ناتوانێ) وەکوو شاعیرانی پێش خۆی و تەنانەت سەردەمی خۆشی (شاعیرانی پیاو) بیر بکاتەوە و بنووسێ، بەڵکوو کانگا و رێبازێکی دیکە بۆخۆی هەڵدەبژێرێ و بەرەو ئاسۆی خۆزگە و ئەوین رێ دەکەوێ. رێبواری و بڕینی ئەم رێگە پێچەوانە و نامۆیە پێویستیی بە یاغیبوون هەیە و ئەوەش لە ئەوین دا دەلوێت. ژیلا گەشەی ئەم ئەوینە لە شێعردا دەدۆزێتەوە و ئاشق دەبێ و مەجالی تێگەیشتن و ئەوینێکی بەرینترمان لە جوانی و ژیان بۆ دەکاتەوە و بە دەم هەناسەی شێعرەوە پانۆرامای بوون دەنوێنێ.

ژیلا هەستێکی نۆستالێژیکی ئێستاتیکای کەم وێنەی بۆ ژیان هەیە و ئەم واتایەش بە تان و پۆی زۆربەی شێعرەکانیەوە دیارە و ئەوەش نەتەنیا هەر بۆخۆی بەڵکوو هەر مرۆڤێکی ژنی دیکەش دەگرێتەوە و نەک هەر سەردەمی خۆشی بەڵکوو بە قوڵاییەکانی رابردوو و داهاتووش دا رۆچووە. لە ژیلا و شێعری ژیلادا ئیتر، شێعر کارکردێکی جیاوازی هەیە و ئەوین رێبازێکی پێچەوانە دەپێوێ، ژیان مەودایەکی فراوانتر لەخۆدەگرێ و مرۆڤ رەهەندی نوێ دەقۆزێتەوە، ژن دێتە ناوەندی بوونەوە و چیتر وەک بەردەنگێکی رەها لە دۆخێکی ئینفعالی دا نامێنێتەوە، بەڵکوو لە دەوری بکەر دا دەردەکەوێ و دەبێتە سەرچاوەی خوڵقان

۲۸ی جانێوێری ۲۰۱۳

## مرۆڤ چۆن دەبێتە ئەو شتەی کە هەیە*

بۆ ئەوەی لە مرۆڤ و گەورەترین داخوازییەک کە تا ئێستا لێی کراوە بدوێم، ناچارم بەر لە هەموو شتێک لە باسی خۆمەوە دەست پێبکەم. هەرچەند کە دەبێ تا ئێستاش روون بووبێتەوە. چون هەرچەشنە زانیاری و رۆشنگەرییەک لەبارەی خۆمەوە پێویست بووبێ درکاندوومە. کەچی گەورەبوونی ئەرکی من و بچووکی هاوچەرخەکانم، ناهەماهەنگی و نەگونجاوەتییەکی وای بەدی هێناوە کە زۆر جاران نە گوێیان لە دەنگم بووە و نە بە باشیش دیتوویانم. لە فەزایەکی ئاوادا رەنگە زۆر ئاسایی نەبێ ئەگەر هەندێک داخوازی و چاوەڕوانیی تایبەتم هەبێ. بۆ وێنە ئەگەر بڵێم کە من وەها مرۆڤێکم، یان لەوەش گرینگتر بمهەوێ جیاوازم دانێن لەو شتەی کە نیم! لە راستیدا لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کە بەهۆی گەورەبوونیانەوە ستایش کراون، لە سرووشتێکی جیاوازم. لەوانەیە هەر ئەوەش بەشێک لە غرووری من بێ. من موریدی «دیۆنیسوس»ی فیلسوفم؛ تەنانەت پێم خۆشە بوونەوەرێکی نیوە مرۆڤ و نیوە ئاژەڵ بم، نەک بە پیرۆزم بزانن. هەست دەکەم ئەگەر نووسینەکانم بە باشی بخوێندرێتەوە، بەشکم بتوانم بە مێتۆدێکی شادی هێنەر و لێبردووانە بەم هەڵوێستەم گیان ببەخشم. دوایین شتێک کە من بەڵێنەکەی دەدەم بە باشترکردنی جۆری مرۆڤە. هیچ بوتێکی تازە رێ ناخەم. با بوتەکانی رابردوو بزانن لە گڵ درووستبوون یانی چی. مەبەستی من بەگشتی رووخاندنی بوتەکانە. هەر بەو جۆرەی دنیای باوەڕمەند چەواشە کراوە، حەقیقەتیش لە بایەخ و ناوەرۆک و راستەرێیەکەی دوور کراوەتەوە. جیهانی واقیع و رواڵەتی، یان سادەتر بڵێین؛ جیهانی سازکراو و بەرچاو لەپێناوی درۆیەک بە ناوی باوەڕدا، گەورەترین کارەساتی مێژوو بووە کە مرۆڤی تا ئەپەڕی خۆی درۆزن و ساختەچی و ناجۆر بارهێناوە. هەتا ئاستی کڕنۆش بردن بۆ ئەو دژەبایەخانەی کە لەمپەڕی جیددیی سەرڕێی مرۆڤن بۆ وەدیهێنانی کرانەوەی شکۆمەندانەی ئایندە و گەیشتن بە مافی سەرکەوتووانەی ژیان. هەرکەسێک بزانێ هەوای نووسینەکانی من چۆن هەڵدەمژێ، تێدەگا (ئەم هەوایە) هەوای بەرزاییەکانە، هەوای تەندروستییە. دەبێ خۆی بۆ ئامادە بکرێت، دەنا ئەگەری نەخۆش بوونی هەیە. فەلسەفە تا ئەو جێیەی من تێیگەیشتبێم و لەگەڵیدا ژیابم، ژیانێکی دڵخوازانەیە، تەنانەت ئەگەر لەنێو سەهۆڵبەندان و لە کێوە بەرزەکانیش دا. فەلسەفە هەڵاتنە بەشوێن هەرشتێکی نائاشنا و پرسیارهێنەر و کەڵکەڵەخوڵقێنی سەرنج راکێش. فەلسەفە بەدواداچوون بە شوێن هەموو ئەو شتانەیە کە پێشتر بەهەر هۆیەکەوە بووبێ لە لایەن ئەخلاقەوە لەمپەریان لەبەردەم دانراوە. لەو هەموو ئەزموونە دوور و درێژانەی کە خوڵقاوی

لاڕێیی و سەرلێشێواویی نێو هەرێمی قەدەغەکراوەکانن فێر بووم کە سەرچاوەی ئەخلاقی کردن و باوەڕمەندی جیاوازی دانێم، لەو شتانەی کە ڕەنگە دڵخۆشانە بن. مێژووی شاراوەی ڕاستی و حەقیقەتم لە ناسینی فیلسوف و دەروونناسیی ناوە گەورەکانیان بۆ دەرکەوت. ڕۆحێک بەرگەی چەندە ڕاستی دەگرێ و ڕۆحێک بوێریی چەندە ڕاستیی تێدایە؟ هەر ئەوەش بوو بەهۆی هەڵسەنگاندنی درووست و گونجاوی بایەخەکان. هەڵە (باوەڕ بە باوەڕمەندی و ئیمان) کوێری نییە، بەڵکوو ترسەنۆکیە. هەر هەنگاوێکی پێشڕەوانە و بایەخدار لە رووی ناسینەوە، حەوجێی بە بوێریی توندایەتی و خاوێنیی پێوەندیی لەگەڵ خود دا هەیە. بە واتایەکی دیکە یانی مرۆڤ بۆ بەرەو پێشچوون و تێگەیشتن و رزگاری لە دنیادا پێویستە بە نیسبەت خۆیەوە سەختگیر و لە هەمان کاتیشدا شەفاف بێ. چون پێش شەرتی هەرچەشنە تێگەیشتن و ناسینێک بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی مرۆڤ لە ڕێبازی ژیان دا،لە ناسینی خود و پەیبردن بە زەرفییەتەکانی دەروونیی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ. من باوەڕەکان ڕەت ناکەمەوە، بەڵام لە بەرامبەریان دا دەستکێش لە دەست دەکەم. فەلسەفەی من بەو نیشانەوە ڕۆژێک سەردەکەوێ، چون ئەو شتەی کە تا ئێستا قەدەغەکراوە، هەرگیز جیا لە ڕاستی نەبووە. لە نێو نووسراوەکانم دا «زەردەشت» پێگەی تایبەتیی خۆی هەیە. من لەو کتێبەدا گەورەترین دیارییەکم کە تا ئێستا ئاراستەی مرۆڤ کراوە، پێ بەخشیوە. هەر مرۆڤێکی واقیع بینیش لە پانتاییەکی بێ کۆتایی دا دەگرێتەوە. لێرەدا هیچ پێغەمبەرێک- هیچکام لەو چینە دووڕەگە ناخۆشەویستانەی دامەزرێنەرانی ئایین- قسە ناکەن. لێرەدا هیچ مەوعیزەیەک لەکاردا نیە. داوای ئیمان لە کەس ناکرێ. ئارامیی لەسەرخۆیانەی هەنگاو قورسایی ئەم گوتارەیە. ئەوەش تەنیا بو دانستە و هەڵبژاردەکانە. لێرەدا گوێگربوون تایبەتمەندییەکی بێ وێنەیە تا بەباشی و بە درووستی لێدوانەکانی زەردەشت ببیسترێ و لێی تێبگەن. زەردەشت رێک بە پێچەوانەی هەرجۆرە زانا، پیرۆزمەند یان رزگاری بەخشێکیتر کە جیهان بە چەواشە دادەبەن، قسان دەکا. لە ڕاستیدا زەردەشت تەنیا هەر جیاواز نادوێ، بەڵکوو بۆخۆشی جیاوازە. ئێستاش ئەی ڕێبوارانی ڕێگای من، من تەنیا وەڕێ دەکەوم. ئێوەش بڕۆن و تەنیا بن. خۆتان لە من دوور کەنەوە و هێندەش گیرۆدەی زەردەشت مەبن. مرۆڤی تێگەیشتوو نەتەنیا دەبێ بتوانێ نەیارەکانی خۆش بوێ، بەڵکوو پێویستە قینی لە هاوڕێیەکانیشی بێ. ئەوەی هەمیشە شاگرد دەمێنێتەوە، زەحمەت و ماندوویەتیی مامۆستاکەی بەباشی جواب نەداوەتەوە. ئەی چۆن دەستتان بە لوتکەی شانازییەکانم دا دێنن؟! ئاگادار بن ئەو پەیکەرەیەی وا لە حاڵی رووخان دایە، نەتانکوژێ! دەڵێن باوەڕتان بە زەردەشت هەیە! کەچی زەردەشت چ بایەخێکی هەیە؟! ئێوە باوەڕمەندانی منن، بەڵام باوەڕمەندان چ بایەخێکیان هەیە؟! هێشتا لە هەوڵی ناسینی خۆتاندا نەبوون کە منتان دۆزیەوە! تەواوی باوەڕمەندەکان وان. هەر بۆیەشە باوەڕەکان بەگشتی بایەخێکی ئەوتۆیان نیە. ئێستاش داواتان لێدەکەم لە من دووركەونەوە و خۆتان بدۆزنەوە. تەنیا کاتێک کە ڕەتم کەنەوە، دێمەوە لاتان. لە وەها ڕۆژێکی

شکۆمەندانەدا کە نەتەنیا ترێ بەڵکوو هەموو شتێک لەوپەڕی خۆیدا گەییوە و پێگەیشتووە، تیشکێک لە تەشقی خۆرەتاوەوە کەوتۆتە نێو ژیانمەوە. سەیری دەور و پشتم دەکەم، هەرگیز ئەو هەموو شتە باشانەم بە یەکەوە لە جێیەک دا نەدیتبوو. هەربۆیەش لەخۆوە نەبوو کە ئەمڕۆ تەرمی چل و چوارەمین ساڵی تەمەنم ناشت و جارێکی تر دووبارە لە دایک بوومەوە.

تێبینی: وەرگێڕانێکی ئازاد لە وتاری «مرۆڤ چۆن دەبێتە ئەوەی کە هەیە»،
لە کتێبی «انسان مصلوب» نووسینی فرێدریش نیچە.

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## سەرۆکایەتی یا پارلەمانی؟ (لە پەراوێزی سەفەری خامنەیی بۆ کرماشان)

یەکێک لە گرینگترین رووداوە سیاسییەکانی ئەو ماوەیەی رابردووی نێوخۆی ئێران سەفەری خامنەیی بوو بۆ ئۆستانی کرماشان، کە لە چەندین رەهەندی جۆراوجۆرەوە دەکرێ هەڵوێستەی لە سەر بکرێ و بخوێندرێتەوە. ئەوەی کە بۆچی لەو هەلومەرجە تایبەتەدا خودی خامنەیی وەک رێبەری ئایینی و سیاسیی نیزام بۆ ناوچەیەکی وەک کرماشان کە بارودۆخی تایبەتیی خۆی هەیە دەچێ و کۆمەڵێک باس و پرسی گرینگی گشتی و وردی سیاسی دەورووژێنێ، تایبەتمەندییەکی سەرنجراکێشی پێدەبەخشێ. وەک دیارە و نەریتی کۆماری ئیسلامییە هەموو جارێک لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکان دا دەسەڵات بۆ گەرم کردنی تەندووری هەڵبژاردن و رکابەرییەکانی هەڵبژاردن لە کۆمەڵێک فاکتۆر و گەمەی سیاسی کەڵک وەردەگرێ و بەم شێوەیە لە هەوڵی کڕینەوەی چەشنێک لە مەشرووعییەتی زیمنی بۆ خۆی دەگەڕێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لەم چەند ساڵەی رابردوودا و بە تایبەت دوای هەڵبژاردنی دەیەمی سەرۆک کۆمارییەوە ئەحزاب و رێکخراو و هەڵوێستە سیاسییەکانی کوردی ئاراستەیەکی گرینگ و تایبەتیان بە ناوچەگەلێکی وەک کرماشان و ئیلام، کە زاراوە و مەزهەبی تایبەتیی خۆیان بە نیسبەت ناوچەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، بەخشیوە. دیارە هەڵوێستی کوردی لە هەوڵی کەمڕەنگ کردنەوەی جیاوازییەکان (بەتایبەت مەزهەب) و بەرجەستە کردنەوەی وێکچوونیەکان دایە و ئەگەرچی درەنگ بەڵام بە گشتی ئاوڕێکی

شایانی لەم بەشە گرینگ و کاریگەرەی کوردستان داوەتەوە. پڕدیارە کە پاتەکی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا ڕێک بە دژی هەڵوێستی کوردیە و بە پێچەوانەوە بوونی خۆی لە نرخاندن و گەشەی هەستی مەزهەبیی تایبەتی ئەو ناوچەیەدا دەبینێتەوە. ڕێک لێرەدایە کە دەورو پێگەی سیاسی و مەزهەبیی خامنەیی وەک ڕێبەری نیزام شوێنی خۆی دەدۆزێتەوە و بۆ بەرپەرچدانەوەی هەرچی زیاتری هەڵوێستی کوردی وەگەڕ دەکەوێ. هەوڵی سەرەکیی خامنەیی ئەوەیە کە وەک ڕێبەرێکی ئایینیی شیعیی فەرانەتەوەیی سەرنجی دووبارەی خەڵکی ئەو ناوچەیە بەرەو خۆی و حکوومەتە ئیسلامییە شیعییەکەی رابکێشێتەوە و لەم پانتاییە مێتافیزیکیەدا لەگەڵ وەرگرتنەوەی بەیعەتێکی دووبارە لەو کاناڵە تایبەتەوە بە سەر هەست و ئیرادەی نەتەوەیی خەڵک دا زاڵ بێتەوە و هەوڵەکانی ئەحزاب و هەڵوێستی نەتەوەیی کوردی لەم بەستێنەدا مایەپووچ بکاتەوە. بەشێکی دیکەی سەفەرەکەی خامنەیی و ئەو وتار و لێدوانانەی کە لەوێ پێشکەشی کردن رووی لە کێشە و گرفتێکی سەرتاسەریتری نیزام بوو کە پاش هاتنە سەرکاری ئەحمەدینژاد و داروەدستەکەی وەک سەرۆک کۆمار بە شێوەیەکی مۆتەناوێب و لە شکڵی جۆراوجۆردا بەربینگی نیزامی گرتۆتەوە. ئەحمەدینژاد و دەوروبەرییەکانی و بەتایبەت رەحیم ماشایی ماوەیەکە باس لە روانینێکی نوێ بۆ سیستمی دەسەڵاتدارێتی و جیهانبینییەکی تایبەتی ئیدیۆلۆژیک دەکەن کە نەتەنیا هاوتەریبی رەوتی گشتیی فەلسەفی و پێکهاتەییی تا ئێستای کۆماری ئیسلامی نیە بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە هەندێک بواری هەستیار و گرینگی تایبەتدا ڕێک لە بەرامبەری دا دەوەستێتەوە. ئەگەر خامنەیی و ڕێژیمی ویلایەتە فەقیهییەکەی لەگەڵ سەرۆک کۆمارەکانی پێشووی وەک رەفسەنجانی و خاتەمیش دا رەنگە زۆر کۆک نەبووبن ئەوە بەمشێوەیەی ئێستا نەبووە و کێشەکە ئەم ئاقارەی نەپێواوە. کێشەی رەفسەنجانی و خاتەمی لەگەڵ ئیرادەی ویلایەتی فەقیه زیاتر کێشەیەکی کرداری بووە و خوێندنەوەی جیاواز و چۆنێتیی بەڕێوەبردنی وڵات و میکانیزمی دابەشکردنی دەسەڵاتی لە نێو توێژە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات دا دەگرتەوە. کەچی گرفتی ئەم جارە کێشەیەکی ماهییەتیە و باس لە جیهانبینیی جیاوازی تاقمی ئەحمەدینژاد و مەشایی لەگەڵ کاربەدەستان و تیۆریسیيەنانی تا ئێستای کۆماری ئیسلامی دەکا. دید و نرخاندنی جیاواز و پێچەوانەی ئەو تاقمە بە نیسبەت دوو چەمکی سەرەکیی ئێرانی بوون و ئیسلامی بوونەوە لە بەرامبەر تاقمی دەسەڵاتدارتری ویلایەتی فەقیه کێشەیەکی دەروونی و دژبەرانەتری لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی دا پێک هێناوە کە خۆی لە ئاراستەی جیاوازی ئیسلامی ئێرانی لە بەرامبەر ئێرانی ئیسلامی دا دەدۆزێتەوە. لەم هەڵوێست و جیهان بینییە نوێیەدا ناوەندێتیی سەرنج لە ئیسلامیگەرییەوە بەرەو ئێرانیگەری دەگوازرێتەوە و ئێران دەبێتە ئەو بەستێنەی کە ئیسلامی تێدا پێناسە دەکرێتەوە. لەم گۆڕەپانەشدا فەرهەنگ و شارستانییەتی ئێرانی میحوەرییەتێکی دووبارە پەیدا دەکاتەوە و ئاستی کەڵکداربوونی ئیسلامێکی خوازراوی ئەم بیرۆکەیە لەم بازنەیەدا پێناسە دەکرێتەوە. لێرەدا ئیتر ویلایەتی فەقیه و رووحانییەتی شیعی ئەو

كاركرد و پێگەیەی خۆی نامێنێتەوە و مەركەزییەتەكەی لە دەست دەدا و لە چوارچێوەیەكی ئەبزاری و كاربوردیتر دا دەمێنێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی كاردانەوە و بەرفراوانیی شەپۆلەكانی ئەمجۆرە بیرۆكەیە و خۆتەیاركردنی باڵی ئەحمەدینژاد و مەشایی بۆ پاوان و قۆرخكرنی هەرچی زیاتری دەسەڵات و مەترسییە حاشاهەڵنەگرەكانی ئەو ڕەوتە بە نیسبەت باڵی ویلایەتی فەقیهـ و رووحانییەتی سوننەتیی شیعەوە، خامنەیی لە تازەترین لێدوانی سیاسیی خۆیدا لە ئوستانی كرماشان باس لە ئەگەری گۆڕینی سیستمی بەڕێوەبەرایەتیی نیزام لە سەرۆكایەتیەوە بۆ پارلەمانی دەكات. خامنەیی زۆر راشكاوانە ویلایەتی فەقیهـ و دەسەڵاتی رووحانییەتی شیعەی وەك ئەسڵێكی نەگۆڕ لە سیستمی كۆماری ئیسلامی دا باس كرد و سیگناڵێكی پڕ لە تووڕەیی و هەڕەشەی بۆ ئەحمەدینژاد و باڵەكەی (ڕەوتی چەواشە) نارد و هەوڵی دا كە وەك ڕێبەرێكی بەهێز و خاوەن هەڵوێست دەربكەوێ كە توانایی ئەوەی هەیە لە هەلومەرجە جیاوازەكان دا بە پێی خواست و چوارچێوەكانی خۆی نیزام كۆ بكاتەوە. دیارە كە بە پێی عورفی سیاسیی ئێران سەرۆك وەزیر كە لە ئاكامی سیستمی پارلەمانی دا بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی وڵاتی لە ئەستۆدا دەبێ، ئەو دەسەڵات و بواری مانۆڕەی نیە كە سەرۆك كۆمارێك هەیەتی. ئەویش یەكی وەك ئەحمەدینژاد كە لە دنیایەكی جیاوازەوە سەیری وڵات و سیاسەت دەكات. ئایا خامنەیی ئەم هەڕەشەیەی بە ئەنجام دەگەیێنێ و سیستمی بەڕێوەبەرایەتیی سیاسیی وڵات لە سەرۆكایەتیەوە دەبێتە پارلەمانی؟ ئایا ئەحمەدینژاد و باڵەكەی كۆڵ دەدەن و پاشەكشە دەكەن یا پێ‌قایمتر جیهانبینی و ئەندێشەكانی خۆیان دەسەپێنن؟ لە ئەگەری پاشەكشە یا نەكشانەوەی یەكێك یا هەردووی ئەم ڕەوتانە لە فەزای سیاسیی ئێستا و داهاتووی ئێران دا چی روو دەدا و پاشهاتە ئەرێنی و نەرێنییەكانی ئەم بەربەرەكانییە چی دەبن؟

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## حەمەدۆكی «ئاشق»

یەكەمین بەرگی رۆمانە چوار بەرگییەكەی «یاشار كەماڵ» . نووسەری توركی‌نووسی بە رەگەز كورد . بۆ یەكەم جار لە ساڵی ١٩٥٥دا وەك زنجیرە پەڕاوێز لە رۆژنامەی كۆماری (جمهوریت) بڵاو بۆوە. ناوی ئەم رۆمانە تاقانە و سەركەوتوویە »اینجه ممد« (حەمەدۆك) بوو كە توانیی خەڵاتی یەكەمی رۆمان لە توركیادا وەرگرێ و لە نێو

خەڵک دا دەنگدانەوەیەکی باشی هەبێ. ئینجا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەرگەکانی دیکەی رۆمانەکە لە ساڵانی دواتر دا رێژەی لایەنگر و خوێنەرانی زیاتر بۆوە و تەنانەت لە ئاستەکانی جیهانی دا گەشایەوە. لە پێدەشتە سەرسەوزەکانی داوێنی چیای تۆروس، لە گوندێک دا کە تەواوی زەوی و زارەکانی هی ئاغایە، تازەلاوێک بەناوی «مەمەد» دەژی کە بە هۆی لاوازییەوە خەڵکی ناوچەکە »اینجە» (باریکەڵە)ی پێ دەڵێن. ئاغا ساڵانە باجێکی قورس بۆ زەوییەکان وەردەگرێ و گوندنشینەکان لە هەژاریەکی بەردەوام دا دێڵێتەوە. ئینجا پێکهاتەیەکی دواکەوتووانەی کۆمەڵایەتی وێڕای سەرکوت و زەبر و زەنگ باڵی قورسی بە سەر بارودۆخی ژیانی خەڵک دا کێشاوە. «مەمەد» چەندین جار «خەدیجە«ی خۆشەویستی . کە ئاغا دەیەوێ بۆ برازاکەی خۆی بێنێ . هەڵدەگرێ و پێکەوە هەڵدێن، کەچی دەگیرێن. هەر بۆیەش بڕیار دەدا و برازای ئاغا دەکوژێ و خودی ئاغاش بریندار دەکات. ئەوجار کە هیچ رێگایەکی بۆ نامێنێتەوە و بە دوویەوەن پەنا بۆ چیا دەبا و یاغی دەبێ. کەچی چونکە لە بەرامبەر چەوسانەوە و زۆری سەردەستەی ئەو یاغیانەی کە لەگەڵیان کەوتبوو نەیتوانی بێدەنگ بێ لێی هەڵگەڕایەوە، زۆر زوو داروودەستەی خۆی پێک هێنا و هێندەی نەبرد کە »مەمەد» بوو بە چەتە و رێگری دژی دەوڵەمەند و دەسەڵاتداران و خۆشەویستی خەڵکی هەژار و بێکەسان. بەستێنی ئاڵۆزی سیاسیی وڵات لە هۆکارە کاریگەرەکانی بڵاوبوونەوە و حەزی گشتی خەڵکی بەرامبەر بە ئەم رۆمانە بوو. دەسەڵاتی نوێ گوندە دواکەوتوویەکانی ئاناتۆلیی تەسلیمی دەسەڵاتی سەرکووتکەری چینی سەرمایەداری وڵات کرد. گوندنشینەکان کە پێشتر لە ژێر چەوسانەوەی قورسی ئاغاکان دا بوون، هەمدیس کەوتنە ژێر دەسەڵاتێکی نامرۆڤانەی دیکەوە. «یاشار کەماڵ» لە سەرەتاوە هەوڵی دا بە بڵاو کردنەوەی کۆمەڵێک ریپۆرتاژی تایبەت، زانیاریی پێویست بە خەڵکی بگەیێنێ. لە رۆژنامەی «جمهوریت»دا نووسیویەتی: حەزی دەسەڵات و چەوساندنەوەی گوندنشینە بێ دەرەتانەکان لە لایەن توێژی دەوڵەمەندی زەمینداڕەوە، هۆکاری سەرەکیی هەژاریی لە بڕان نەهاتووی خەڵکی ئێمەیە. لە لایەکەوە خاوەندارانی زەوییەکانن کە هەرکامەی زیاتر لە چەندین گوند و بە سەدان هێکتار زەوییان هەیە، و لە لایەکی دیکەشەوە خەڵکی سەرکووتکراوی هەژار و برسین کە لەسەر ئەو زەوییانەدا کار دەکەن. ئەو ستەم و نادادپەروەرییە چیدیکە ناتوانێ لەم سەردەمەدا درێژەی هەبێ. لە سەدەی هێز و وزەی ناوەکی دا، دەبوایە زۆر زووتر ئەو خاڵە رەشە نەگریسە بسڕابایەوە. یاشار کەماڵ لە »ئادەنا» نامەنووس بوو. پاش دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرمایەدارێکی راکردوو کە ببوو بە چەتە و یاغی، بۆ یەکەمجار بیرۆکەی نووسینی ئەم رۆمانەی لە زەین دا درووست بوو. بۆ نووسەری ئەم رۆمانە نووسین بەر لە هەمووشتێک بەرەنگاری و رووبەروووبوونەوەیەک بوو لەگەڵ بارودۆخی مەوجود. شێوازی نووسینەکەی، نەریتی وێژەیی (زارەکی)ی حەقایەت بێژە گەرۆڵەکان وەبیر دێنێتەوە. «حەمەدۆک» یان «اینجە ممد» کە وەک رۆمان دەنووسرێ ئەو نەریتە وێژەییە

زیندوو دەکاتەوە. ئەو نووسینە پردێکە لە نێوان فەرهەنگی وێژەیی و نووسین، رابردوو و ئێستا، واقعییەت و خەیاڵ، کە بە ئاقارێکی تێکەڵ و ئاڵۆز بەیەکەوە پێوەندییان هەیە. نووسەر نە حەزی لە دووبارە خوڵقاندنەوەی ئۆستوورەکانی کۆمەڵگای نیشتمانەکەیەتی و نە دەیەوێ وەک تاکە واقعییەتی کۆمەڵایەتیش نیشانی بدات. بەڵکوو ئامانجێکی مرۆڤانە و ئەوروپیی دەپێکێ. دەریدەخات کە چۆن کۆمەڵگایەک ئۆستوورە تایبەتەکانی خۆی درووست دەکا. ئینجا هەر کەسێکیش بۆخۆی ئوستوورەکانی خۆی دەخوڵقێنێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەم دەقە بە گوێرەی ریتمی شاعیرانەی حەقایەتە کۆنەکان نووسراوە و پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ نەریت و رابردوودا هەیە.
لە رەهەندە سەرنج راکێشەکانی چیرۆکییانەی ئەم رۆمانە ئەو بەشەیەتی کە پاش ئەوەی «مەمەد» یاخی دەبێ و ئاغا و برازاکەی دەکوژێ، رەوتی بەرەوپێشچوونی رۆمانەکە وایە کە مەجبور دەبێ دووبارە خەڵکێکی دیکەش بکوژێ و ئیتر واتای ئاغای زالم مانایەکی فراوانتر لە خۆی دەگرێ و تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی چەوسێنەری گوندەکەی خۆیاندا قەتیس نابێتەوە و هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئیمکانی ژیانێکی ئارەزوومەندانە و شایانیان لە خەڵک ئەستاندوە. لەمەودوا «مەمەد» ئیتر ژیان لە کونی لولەی تفەنگەکەیەوە دەبینێ و لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە مافی ژیانیان لە ئەو و خەڵکانی وەک خۆی بەرتەسک کردۆتەوە و دەسەڵاتی سەرکوت و چەوسێنەرانەیان هەیە، دژایەتی دەکا و دەیانکوژێ. کەچی لە ئاکام دا بەو دەرەنجامە دەگات کە لەگەڵ کوشتنی هەر زاڵمێک زاڵمێکی دیکە جێی دەگرێتەوە و مەودای ژیانی لێ تەنگتر دەکاتەوە. هەر بۆیەش رەنگە چارەسەریی درووست لە گۆڕانی کەسەکان دا نەبێ بەڵکوو ئەوە سیستم و شێوازی ژیانی کۆمەڵگا و داب و نەریتەکانییەتی کە دەبێ بگۆڕدرێ و مۆدێلی نوێ جێی بگرێتەوە. «یاشار کەماڵ» ساڵی ١٩٢٣ لە شاری «هەمیتە«ی تورکیە لە دایک بووە. تا ئێستا سێ خەڵاتی بایەخداری رێپۆرتاژ، رۆمان و شانۆنامەی بردۆتەوە و هەروەها لە ساڵی ١٩٧٣ پاڵێوراوی بردنەوەی خەلاتی نۆبێلی ئەدەبیات بوو. هەروەها خەڵاتی گەورەی ئەدەبیات و فەرهەنگی تورکیاشی وەک بەناوبانگترین و گەورەترین نووسەری هاوچەرخی تورکیا پێ بەخشراوە. نووسینەکانی ئەگەرچی لە بەستێنی وڵات و جوغرافیایەکی تایبەت و دیاریکراودا روو دەدەن بەڵام پێکهاتە و ناوەرۆکێکی جیهانیان هەیە و لە ئاستێکی نێونەتەوەیی دا دەنرخێندرێن. یاشار کەماڵ لە رێورەسمی وەرگرتنی خەلاتی ئاشتی ناشران و کتێب فرۆشانی ئاڵمان دا لە ساڵی ١٩٩٧ دەڵێ: من کەسێکی ئەهلی هونەر، شێعر و عاشقیم. لە بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە بەتوانایە دەتوانیین ئاماژە بەو کتێبانەی ژێرەوە بکەین: هێلانەکانی پەریان، پیتی حەلەبی، زەوی ئاسنە و ئاسمان مس، گیای نەمران، ئەفسانەی چیای ئاگری، قوڵایی دەریا، تەنیایی، ئەگەر ئێمە بکوژن، دارە هەنارەکەی سەر گردی، کوڵەکەی خێوەت، هەروەها شاکارە چوار بەرگییەکەی «اینجەممد» (حەمەدۆک) کە تا ئێستا بە زیاتر لە ٢٠ زمانی زیندووی دنیا وەرگێڕدراوەتەوە. تەرجومەی ئەو کتێبە بەنرخە بۆ کوردی بۆ

یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٦ی زایینی دا لە لایەن بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە وە دەستی پێکرد و بەرگی یەکەمی کەوتە بەر دیدی خوێنەران و دوابەدوای ئەوەش دا دوو بەرگی دیکەی ئەو کتێبە بایەخدارە هەر لە سەر دەستی بەڕێزیان وەرگێڕدراوەتەوە و وەک مامۆستاش بۆخۆی دەڵێ بەرگی سێیەمی «حەمەدۆک»ی بە کوردی لە دوو بەرگدا بڵاوکردۆتەوە. بەڵام بەهەر هۆیەکەوە بوو جەنابی مامۆستا حەسەنزادە بۆی نەلوا و پێی نەکرا کە بەرگی چووارەمیشی وەرگێڕێتەوە سەر زمانی کوردی و ئەو کارە هەروا بە نیوەچڵی مابۆوە. تا ئەوەیکە لە ساڵی ٢٠١٠ی زایینی دا کاک «عوسمان ئیسماعیلی» ناسراو بە »ئاشق» شاعیر و وەرگێڕی بەتوانا ئەو ئەرکەی وە ئەستۆ گرت و ئەم هەوڵە نیوەچڵەی بە لێهاتوویی یەوە بە ئاکام گەیاند. واتە بەرگی چوارەمی ڕۆمانەکەی کە لە کوردی دا بۆتە بەرگی پێنجەم بە حەقیقەت بەوپەڕی لێوەشاوەیی یەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و کارێکی گەورەی کرد. شایانی باسە کە تەرجومەکانی بەڕێز مامۆستا حەسەنزادە لە زمانی فارسی‌یەو کەچی تەرجومەی مامۆستا «ئاشق» لە زمانی سویدی یەوە کراوەتە سەر کوردی. لە ڕاستیدا وەرگێڕی بەرگی چوارەمی «حەمە دۆک» هەوڵی داوە کە لە بواری زمانەوە بە گوێرەی ئیمکان خۆی لە زمان و شێوازی نووسینی مامۆستا حەسەنزادە نزیک بکاتەوە و لە فەزای گشتیی تەرجومەی بەرگەکانی پێشوو دەرنەچێ، بە جۆرێک کە خوێنەر هەست بە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیان دا نەکا و وەک کارێکی یەکدەست سەیری بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کاک عوسمان ئیسماعیلی ئەرکی پێداچوونەوەی نیهایی وەرگێڕانەکەی خۆشی هەر بە جەنابی مامۆستا حەسەنزادە ئەسپاردووە و ئەوەش خۆی یەکدەستی و لێک نزیکبوونی هەرچی زیاتر و گونجاوانەتری بابەتەکەی بە درووستی لێ کەوتۆتەوە. لە خوێندنەوەی بەرگی چوارەم و بە بەراورد کردنی لەگەڵ بەرگەکانی پێشوودا هونەری وەرگێڕان و زمانی پاراوی وەرگێڕمان بە تەواوی بۆ دەردەکەوێ و هەروەها دەسەڵاتی کەم وێنەی مامۆستا ئاشق لە زانینی زمانی سویدی و کوردی و هونەری وەرگێڕان، بە نموونەیی، خۆی نیشان دەدات. هیواداریـن بەڕێزیان لەمجۆرە کارو هەوڵانەیان دا بەردەوام بن و کتێبخانەی کوردی بە قەڵەمە زێڕینەکەیان دەوڵەمەندتر بکەن. ئاواتی سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ بەڕێزیان دەخوازین و هەر بژین و کامەران بن.

**٢٨ی جانێویری ٢٠١٣**

# پژاک بۆچی وا دەپەیڤێ؟

دیارە دەرکردنی بەیاننامەیەکی لەم چەشنە لە لایەن هێزێکی وەک پژاکەوە لانیکەم بۆ من مایەی سەرسوڕمانێکی زۆر نەبوو. چون هەمیشە هەبوونی زێهنییەتێکی ئاوا نەخۆشم لە نهێنخانەی بنەما پێکهاتەییەکانی ئەو ڕەوتەدا دەبینی. بەڵام بۆچی ئێستا و لەم هەلومەجەدا ئەو کوانوویە سەر دەکاتەوە و بەم شێوەیە خۆی دەردەخا پێم وایە چەند هۆکارێکی سەرەکیی هەیە:

١- پژاک لەو دەستە هێزانەیە کە بوون و بەردەوامیی خۆی لە قەیراندا دەبینێتەوە و بەهۆی بێ پلانی و دارانەبوون لە گەڵاڵەیەکی تۆکمەی دارێژراوی روونی سیاسی پێویستیی بەوەیە قەیران ئافەرینی بکا، بۆوەی هەم ناوەندێتیی رەخنە و سەرنجەکان لە خۆی دوور کاتەوە و هەم پاساوێکی پێناسەییشی بۆ مەوجوودییەتی خۆی پێبێ.

٢- پاش ئەو رێککەوتنەی پار لە نێوان ئێران و پەکەدا، ئیتر پژاک وەک هێزێکی پاشکۆی پەکە ئیمکانی ئەو مانۆر و تەراتێنانەی نەما کە پێشتر دەیکرد. هەربۆیەش لەگەڵ دروستبوونی بۆشاییەکی مەعریفیی پێناسەیی و پێکهاتەیی لەنێو تەواوییەت و ریزەکانی خۆیدا، دەستی کرد بە "فرافکنی" و بێبەری کردنی خۆی لەو کێشە و لاوازییانەی کە بەرۆکیان پێ گرتوە و بەسەر خەڵکی دیی داهێنا.

٣- پژاک کە خۆی وەی هێزێکی پرۆفێشناڵی چەکداری شۆرشگێری تەواوییەت خوازی گشتگیر ناساندبوو، کەچی پاش تێپەربوونی زەمان تووشی کۆمەڵێک کێشە و قەیرانی مەعریفی و پێکهاتەیی و کرداری هاتوە و لەگەڵ کۆمەڵێک رەخنە و تێبینیی رەخنەگرانە لە لایەن بەشێکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی خۆیەوە روبەروو بۆتەوە. پردیارە کە دەرکردنی بەیاننامەیەکی لەم چەشنە بەرلەوەی کە رووی لە هێزە سیاسییەکانی دیکە بێ، مەسرەفی نێوخۆیی هەیە و بەنیازە لە هرووژمی ئەو هەمووە رەخنەیەی پێ کەم کاتەوە.

٤- پژاک هەر لە کاتی دروست بوونییەوە بەردەوام خۆی بە هێزی مەیداندار و یەکەمی رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ، کەچی تا ئێستا نە هیچ هێزێکی کوردستانی و نە ئێرانییش تەنانەت ئێعترافی بە رەسمی ناساندنیشیان پێ نەکردوە و لە هیچ کۆر و کۆنفرانسێکی رەسمی و غەیری رەسمیی کوردستانی و ئێرانیدا حیسابی بۆ نەکراوە و ئەوەش ئازاری دەدا. هەربۆیەش زۆر بۆی گرینگە کە بەهەر شێوەیەکیش بێ خۆی بێنێتە نێو گەمە و هاوکێشە جۆراوجۆرەکانی نێو مەیدانەوە.

٥- حەقیقەتی دروستبوونی پژاک لە درێژەی نیاز و بلووغی سیاسیی خەڵکی کوردستاندا نەبوو، بەڵکوو زیاتر لە ئاکامی بۆشایی حزووری بەرهەستی هێزە سیاسییەکانی دیکە لە ناوچەدا، بە سواربوون بەسەر شەپۆلی ئێحساساتی خەڵک وەک "سوءتفاهم"ێکی سیاسی دەرکەوت. واتە بوونی خۆی لە نەبوونی دیگەراندا دەبینێتەوە و تا بەئێستاشی پێوە بێ لۆژیکێکی روونی سیاسیی بۆ خۆی نەدۆزیوەتەوە و کوولاژە.

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## روانگەیەکی هەندێک جیاواز (سەبارەت بە کۆنفرانسی پراگ)

پاش تەواوبوونی کۆنفراسی پراگ و بەتایبەت ئەو بابەتەی کە بە ناوی بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسەکە بڵاو بۆوە، هەندێک لە چاودێرانی سیاسی، نووسەران، رووناکبیران و بەتایبەت ئەو کەسانەی کە کەم و زۆر بە پرسە سیاسییەکانی کوردستان و ئێرانەوە ماندوون، کۆمەڵە رەخنەیەکیان (زیاتر بە زمانێکی توند و ئێحساسی) بەتایبەت لەسەر تۆرەکانی ئینتێرنێت بڵاو کردەوە. بە باوەری من ناوەرۆک و ئاراستەی زۆربەی ئەو رەخنانە بەگشتی توند و ئێحساسی و بەدوور لە وردبینیی واقع بینانەی سیاسی و لەهەمان کاتدا بەدەم شەپۆلەوە رۆیشتنێکی زۆریشی پێوە دیار بوو. هۆکارە سەرەکییەکەشی دەگەرایەوە بۆ پەلە و رۆنەچوونی پێویست لە تەواوییەتی نێوئاخنی ئەم کۆنفرانسە. ئەگەر سەیری فیلم و وتاری نوێنەرانی کورد لە کۆنفرانسەکەدا بکەین بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە کوردەکان نەتەنیا لاواز نەجووڵاونەتەوە بەڵکوو بەپێچەوانەوە لە ئاستێکی باش و شایانیشدا دەرکەوتوون و تا رادەیەکی زۆر مەیدانداریی کۆنفرانسەکەشیان لەدەستدا بووە. من پێم وایە ئێمە وەک کورد لەم کۆنفرانسەدا یارییەکی باشمان کرد و تەنانەت بەهێزیش دەرکەوتین بەڵام گۆڵمان لێنەدا و تەواوکەر نەبووین. هەرچەند ئێستاش نەچۆ بچی و ئەوە کۆنفرانسی ستۆکهۆڵمی دووشمان لەپێشە و پێویستە خۆمانی هەرچی زیاتر بۆ ئامادە بکەین. بەتایبەت بە لەبەرچاو گرتن و زانینی ئەوەی کە پان ئێرانییەکان ئەمجارەیان بە هەندێک هاوکێشە و بابەتی تازەی وەک هەڵبژاردن و رێفراندۆمی ئازادی گشتی و دێموکراسیی زۆرینەیی و ... دێنە مەیدانەوە و هەوڵ دەدەن بە پەسندی کۆنفرانسی بگەیەنن. دەنا ئەوەی لەم کۆنفرانسەیاندا وەک بەیاننامە کە زیاتر لە پەخشانێکی ئەدەبی - سیاسی دەچوو، نە هیچ زەمانەتێکی ئیجرایی هەیە و نە ئێمەش وەک کورد

(بەتایبەت هەر سێ حیزبی بەشدار) بە هیچ شێوەیەک دانمان پێدا نەهێناوە.

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

## نامەکانی پێشمەرگەیەک (مۆحسین خالیدی)

پێشمەرگەیەکی تێکەڵاو لە تووڕەیی و ئەوین، لە خاک و خۆشەویستەکەی، لە خۆزیا و گڕ. پێشمەرگەیەک کە پێنووس چەکەکەی دەلاوێنێتەوە و نووسەرێک کە ژیلەمۆی وشەکانی لە تفەنگەکەیدا گڕ دەگرێ. نامە بە نامەی ئەم کۆنامەیەی کتێبە ئاوێتەیەکی ورد و شاعیرانە و ئیستاتیکن لە خۆشەویستیی نیشتمان و مرۆڤ، لە دڵەخورپەکانی مرۆڤ بۆ رزگاری و ئازادی، لە باوەشی نیشتمانێکی بەرین بۆ ریسالەتی ئەوین. ئیتر ئەستەمترین چیاکان و پڕ ئێشترین زامەکانیش لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجی مەزندا، واتایەکی ئارام بەخشانە و باوەڕمەندانە دەبەخشن و هەمووی روو لە جوانی دەکەن. ئەوەی هەیە و پێناسەی چوارچێوە دەگرێ، ژیانە و تەنانەت مردنیش وەک بەشێک لە ژیان دەنوێنێ. لە توێی ئەم نووسراوانەدا خۆشەویستیی نیشتمان و مرۆڤ بەتایبەت وێنای پیرۆزی دڵداری بە جۆرێک بە یەکەوە بەستراونەتەوە و گرێدراوی یەکترین، کە زۆرجار لێک جیاکردنەوەیان کارێکی یەکجار ئەستەمە و واتایەکی وەک یەک دەگرن.

ئەم نامانە تەنیا نامەیەکی لاوێکی پێشمەرگەی کورد نین کە هەواڵی برگەیەکی ژیانی خۆی بە دڵدارەکەی بگەیەنێ، بەڵکوو مێژووی ساتەوەختەکانی ژیانی نەتەوەیەکی زیندووشن کە رۆڵەکانی بە ئەمەگ و بەرپرسیارەتییەوە لە نێو مەیدانی خەباتدا زامەکانیان دەلاوێننەوە و گۆرانیی ئارەزوو دەچڕن. «نامەکانی پێشمەرگەیەک، بیرەوەری و راستیی ژیانی زۆر لەو لاوانەیە کە زۆربەی کاتەکانی تەمەنی گەنجیی خۆیان لە پێناو پاراستنی گەورەیی نەتەوەیی کورد و بەدەستهێنانی مافی رەوای میللەتەکەیان، ژیانی پارتیزانی (پێشمەرگایەتی) لە شاخیان هەڵبژارد. هەڵبژاردنێک کە بێ شک حەزێکی کاتی نەبوو، حەزێک تێکەڵاو بە هەست و عەقڵانییەتێک کە پێشەشکردنی گیانی تەنیا دیاریی راستەقینەی بوو. ئەم نامانە قسەی زۆر لەو پێشمەرگە لاوانەیە کە نوقمی دەریای ئەوینی نیشتمان و یارن».

بەستێنی گشتیی ئەم نامانە بە گشتی لە چوارچێوەی پەخشانی ئەدەبیدا خۆی دەدۆزێتەوە کە تێمێکی جوانیناسانەی شێعری بە سەریدا زاڵە و کەڵکێکی باشی تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی چیرۆک نووسیشی تێدایە.

نامەکانی پێشمەرگەیەک، لەگەڵ ئەوەیدا کە بە نموونەیەکی سەرکەوتوو لە بواری پەخشاننووسیی ئەدەبیی کوردیدا دەژمێردرێ، لە هەمان کاتیشدا نموودارێکی شایان و جوان لە ڕەوایی کەڵکەڵە و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤی بەتایبەت لاوی پێشمەرگەی کورد لە سەردەمی خەباتی چەکدارانەی شاخ لە چوارچێوەی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستاندا نیشان دەدات. ئەم کتێبە بەرهەمێکی یەکجار بە نرخە بۆ ئەوەی لاوانی ئێستای کوردستان بیخوێننەوە و زەرفییەتێکی باش و گونجاویشی بۆ وەرگێڕان بە زمانەکانی دیکە بەتایبەت فارسی و تێگەیشتنی نەتەوەکانی دیکە لە ئێمە و خەباتی ڕەوای ئێمەی کورد، هەیە.

------------------------------

## خەمڕەوێنەکەم

لەسەر نامەی ئەمجارەم دڵۆپێک خوێنت بۆ دەنێرم. ئەوە خوێنی جەستەمە کە بەڵێننامەی گیانفدایی لە ڕێی کوردستانی پێ مۆر دەکەم. پەیمانێکیشە لەگەڵ تۆ کە تا دوا دڵۆپی خوێنم، کۆتری یادت لە هێلانەی دڵم دەرنەکەم. ئەوە عەهدێکە بە تۆ و نیشتمانی دەدەم کە تا ئەو ڕۆژەی میری هەناسەم کۆشکی دڵم بەجێ دێڵێ، یادی ئێوە بکەمە مەشخەڵی ڕووناکی ژیان.

ئێستا کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، ئازاری برینێکی شیرین جەستەمی داگرتوە. برینێک کە وەک شلێرە لەسەر جەستەم ڕواوە و کوێستانی هیممەتمی ڕازاندووەتەوە. ئێستا هەست دەکەم کە کوردستانی دایک منی بە ڕۆڵەی خۆی وەرگرتوە و بۆ سارێژی برینەکەم لایە لایەی سەربەستیم بۆ دەڵێ. بەڵێ، من بریندار بووم.

پێرێ شەو یاوەرانی هەڵۆ لە گوندەکەی سەر جادە هەواڵیان پێداین کە کەمتیارەکان دەیانەوێ بە پێ دزە پەرژینی پاراستنمان ببەزێنن و هەواری پڕ گوڵ و ڕیحانەمان داگیر بکەن. کە فەرماندە هاواری کرد، پلینگ ئاسا داوێن و دۆڵ و لووتکەی هەوارمان لە ئامێز گرت. زەوی لە ژێر پێی پێشمەرگەدا دەلەرییەوە. بوڕکانی تۆڵە

تەقیەوە و ئاگرمان لە جەستەی نەیاران بەردا. لێرە نەبووی تا بینی چۆن گزنگی ئاگرینی چەکی پێشمەرگە، شەختە و سەهۆڵبەندانی جەستەی چەقەڵ و رێوییەکانی دەتواندەوە. چاوت لێ نەبوو کە چۆن بارانی گوللەی کوڕانی چیا، لافاو ئاسا، جەستەی دوژمنی بە تاشەبەردی شاخدا دەدا. نەتبینی کە چۆن گەردەلوولی رقی هەناسەی شاخ، کۆشکی خەیاڵیی کەمتیارەکانی رادەماڵی و وەک گەڵای پاییز لاشەیانی یەک بە یەک دەوەراند.

ئێمەش بە ئاهەنگی قرمژنی گوللە، لە گۆڕەپانی (سەربەرزی)دا، سەرچۆپی مردن بۆ ژیانمان گرتبووە دەست و خوێنی خۆمان دەکردە شاباشی باڵای بەرزی کوردستان. ئەو ئاهەنگە بۆ ئێمە شایی و گۆڤەند بوو، بۆ دوژمنیش سمفۆنیای مەرگ.

لە گەرمای هەڵپەڕیندا، ئازارێک گیانی داگیر کردم و چاوم لە خوێنم بوو کە لۆزەوی دەبوو. لە پەنای بەردێکدا دانیشتم. هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی. بۆنی barووت و دووکەڵیش نەیتوانیبوو، بەرامەی هەڵاڵە و بەیبوونی کوێستانەکەمان بزر بکات. سەیری شاخەکەم کرد، روو لە من پێدەکەنی. لە دارێکم روانی، هاتبووە سەما، چاوم لە ئاسمان بڕی، هەتاویش خوێنی لێدەتکا. کە لە دوژمن ورد بوومەوە، چۆکی دادابوو، پشتی شکا.

«ئای چەند شیرینە ئازارێک کە لە پێناو مەبەستێکدا دەیچێژی. هەرگیز ئەو ساتانەم لە بیر ناچێ کە لە بن ئەو بەردە، لە گەرمەی شەڕ و بارانی ئاگر، ئەسپی خەیاڵم بەرەو باخی یادی تۆ تاو دا. کە پێتگەیشتم دەستت لە سەر برینەکەم دانا و خوێنەکەت لە روخسارت دا و گوتت «بە خوێنی تۆ رووم سوور دەکەم بۆ ئەوەی روو سوورترین کچی ئەم دنیایە بم» لە بیرمە، پەلکە ریحانەکەی ناو دەستت بە فرمێسک تەڕ کرد و لەسەر برینەکەمت دانا. ئازارەکەم وردە وردە کەم بووەوە. خەونووچکەیەک بردمییەوە». گوێم لێبوو بە هێمنی پێت وتم «هەستە بڕۆ، پۆلە هەڵۆکانی هاوڕێت چاوەڕێتن. مەهێڵە سووکەبرینێک بارانی گوللەت وشک بکات». کە وەخۆم هاتمەوە، دیتم چەکەکەم بە دیارمەوە هەڵکوڕماوە و بە خەمباری لێم دەڕوانێ. لە بن بەردەکەش پەپوولەیەک بە ماتی چاوی تێبڕیبووم.

پەنجە خوێناوییەکەم هێنایە بەرچاوم. وێنەی یارانی شەهیدم بە بەر چاوما تێپەڕ دەبوون. وەبیر فرمێسکی هەزاران دایک و باوکی رۆڵەکوژراو و منداڵی هەتیو کەوتمەوە. دیمەنی سووتانی سەدان گوندی وڵاتەکەم لەبەر دیدەم رێچکەیان بەست. هەستم بە بۆکرووزی جەرگی هەڵقرچاوی هەزاران بووکی کۆستکەوتوو کرد. وەبیر خۆم هێنایەوە کە (هەڵۆ لە ئاسماندا نەبێ نامرێ). هاتمە سەر چۆک. دیتم پەپوولەکەش باڵی دەبزوێ و گەش گەش

لێم دەڕوانێ. دەستە ساخەکەم بۆ لای کلاشینکۆفەکەم برد. هەڵمگرت، ماچم کرد و ئەویش لە ناو دەستی من و لە مەتەرێزی پارێزگاری لە سەربەستی، قاقا پێدەکەنی. ئەوەندەم دی لەبەر دەمم گەڵای وشکی نەیارانمان هەڵدەوەرین. لەو لاتریش هەڵۆکان هەڵدەفڕین و پڕ بە باڵای کوردستان هاواریان دەکرد «من پێشمەرگەی کوردستانم. ئامادەی جەرگەی مەیدانم».

٨ی فێبریوێری ٢٠١٣

---

## خوێندنەوەیەکی دیاردەناسانە بۆ فیلمی «جودایی نادر لە سیمین»

بۆ یەکەم جار لە مێژووی سینەمای ئێراندا فیلمێکی ئێرانی توانیی کە گرینگترین و بەنرخترین خەڵاتی سینەمایی جیهان واتە ئۆسکار بەرێتەوە و شانازییەکی هەرمانی نەتەنیا بۆخۆی بەڵکوو بۆ هەموو سینەما و هونەرپەروەران و خەڵکی ئێران بە گشتیش تۆمار بکا. دیارە سینەمای ئێران و فیلمی ئێرانی بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا چەندین جاری دیکەش توانیبووی لە فێستیڤاڵە جۆراوجۆرە نێونەتەوەییە خاوەن پێگەکانی جیهاندا بەشداری بکا و خەڵاتی رەنگاورەنگی جیهانی بەدەست بێنێ، بەڵام تەنیا جارێکی دیکە، پێشتر بە فیلمی «بچەهای آسمان» (منداڵەکانی ئاسمان)ی مەجید مەجیدی ڕێی بەشداری لە ئۆسکاری پەیدا کردبوو. کەچی ئەوە یەکەم جار بوو کە جیا لە بەشداریکردن لە فێستیڤاڵێکی گەورەی وەک ئۆسکار دا تەنانەت خەڵاتی یەکەمی فیلمی بیانیش دەباتەوە و ئەسغەر فەرهادی وەک یەکەم دەرهێنەری ئێرانی ئەم خەڵاتە بێوێنەیە وەردەگرێ. من نامەوێ لێرە و لە ڕێی ئەم نووسراوەیەدا باس لە لایەنە تەکنیکییە جۆراوجۆرەکانی ئەم فیلمە بکەم و هۆکارە جیاوازەکانی کارناسیانەی درەوشانەوەی ئەم فیلمە تایبەتە لەم ئاستە بەرز و کەم وێنەیەدا باس بکەم، کە رەنگە نە کاری من بێ و نە منیش مەبەستێکی ئاوام هەبێ و خۆمیشی لە قەرە بدەم. بەڵکوو بەر لە هەموو شتێک بە تەمام وەک بینەرێکی ئاسایی و بە دیدێکی لێکۆڵەرانەوە خوێندنەوەیەکی دووبارەی فیلمەکە (جودایی نادر لە سیمین) بکەم. پێم وایە بەر لەوەی کە بچینە نێو ناخی فیلمەکەوە و لە هەوڵی شرۆڤەی دابین، ڕوونکردنەوەی چەند بابەتێک گرینگییەکی تایبەتی هەبێ و پێویست بێ ئاوڕێکی جیددیی لێ بدەینەوە. بەر لە هەموو شتێک پێویستە لە سۆنگەیەکی دیاردە ناسانەوە هەوڵ بدەین توخمە جۆراوجۆرەکانی دەرگیر لەو فیلمەدا بدۆزینەوە و بیانناسین. ئەو فیلمە دیدێکی تاک

بۆ گشت (جزء بەکل)ی هەیە و دەیەوێ لە سۆنگەی بەرجەستەکردنەوەی برگەیەکی ژیانیی دوو خێزانی جیاوازی ئێرانی کە هەر کامە و حیکایەت لە توێژێکی تایبەتی ئەم وڵاتە دەکەن، رەوشی گشتی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و...ی کۆمەڵگاکە لێک بداتەوە. ئەم فیلمە راشکاوانە فیلمێکی رەخنەگرانەی ئیعترازیی چەند رەهەندییە، بە فەزای گشتیی وڵاتێکی وەکوو ئێران. دەکرێ بڵێین کە ئەم فیلمە لە کۆبەندی گشتیی خۆیدا گرتەیەکی رەخنەگرانەیە لە برگەیەکی مێژوویی سەردەمی کۆمەڵگەی ئێران. بە واتایەکی دیکە ئەم فیلمە ریپۆرتاژێکی هونەرمەندانەی سینەماییە لە مێژووی زیندووی ئێران. ئەم مێژوویەی کە رۆژانەی خەڵکەکەی پێیدا تێپەڕ دەبێ و هەناسەکانی ژیانیانی لێ وەردەگرن. مێژوویەک کە لە سۆنگەی ژیانی رۆژانەی دوو خێزانی جیاواز بەڵام گرێدراوی ئەم کۆمەڵگایەوە دەگێردرێتەوە. خێزانی نادر و سیمین کە دەورێکی سەرەکیتر لە فیلمەکەدا دەگێرێ و لە چوار ئەندام پێک هاتوە. باوکی نادر، کە نوێنەری نەسلی پێشووی کۆمەڵگایە و حیکایەت لە مێژوویەکی نەک زۆر دوور بەڵام پەک کەوتە و بێکەڵک دەکات کە بە زۆری هەناسەی دەستکرد (تنفس مصنوعی) راگیراوە و بە پێی تەمەنی، سەردەمی کەڵکی باشی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پێش شۆڕش و گورزی کەڵکی لە بە ئاکام گەیاندنی شۆڕشدا وەشاندوە. نەسلێک کە رازی لە کرداری خۆی نیە و لەو کەڵکەبوونی پەشیمانییەی کە بەردەوام لە دەروونی خۆیدا هەستی پێدەکا، لە توێی رۆژنامەکاندا بە شوێن هەواڵەکاندا دەگەرێ و لە چاوەڕوانیی گۆڕاندا بە سەر دەبا. کەچی نەسلی ئەمڕۆ بە هەموو جۆرەکانی خۆیەوە و لە هەر پێگەیەکدا بەردەوام خەریکی شۆردنەوەی گووکارییەکانین و خۆ پیسکردنی جارناجاری ئەم پیرەپیاوە ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەم تێبینییە. کارئەکتێرانی سەرەکیی ئەم خێزانە بریتین لە خودی نادر و سیمین. نادر کە نوێنەرایەتیی ئەم توێژەی نێو کۆمەڵگەی ناخۆشی وڵاتێک دەکا کە پێی وایە بە هەرحاڵ و لە هەر هەلومەرجێکدا وێرای هەموو گرفتەکانیش نابێ مەیدان چۆڵ بکا و پێویستە بمێنێتەوە و شەڕی بۆ بکا. بەتایبەت کە لە رووی عاتیفییەوە بەستراوەیەکی زیاتری بە مێژوو و نەسلی پێش خۆیەوە هەیە و هەستێکی دەروەستەیی زیاتری تێدایە. کەچی لە بەرامبەردا سیمین دەبینین کە دەروەستەبوونێکی لاوازتری هەیە و حازر نیە ژیانی خۆی و منداڵەکەی کە بە جۆرێک حیکایەت لە داهاتووش دەکا لە پێناوی رابردوویەکی نەخوازراودا بدۆڕێنێ. هەر لە سەرەتای فیلمەکەوە قژی سوور (رەنگ کراو)ی سیمین لە بەرامبەر ریشی نادردا خۆنوێنییەکی مانادارانەی هەیە و بە جۆرێک نیشانەی دوو چەشنەبوونی نەتەنیا ئەندێشەیی بەڵکوو کرداریشی دوو جۆری جیاوازی نەسلێکی تایبەتی ئەمڕۆی نێو کۆمەڵگاکەیە. لە ئاکامدا چوارەمین و دوایین ئەندامی خێزانەکە کچە یازدە ساڵە مێرمنداڵەکەی ئەم بنەماڵەیەیە کە لە چاوەڕوانیی داهاتوویەکی ناروونی لێڵ دایە کە قەرارە لە نێوان کێشە نەخوازراوەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگاکەیدا سەرروەدەرێ. منداڵێک کە بە قەوڵی باوکی حەزی لە مانەوەیە و بە قەوڵی دایکی چاک و خراپی خۆی لێک ناکاتەوە و تا کۆتایی فیلمەکەش لەم فەزا

ئاوێزان (تعليق)یە بێدەرەتانەدا دەمێنێتەوە و دەرووی دەربازبوونیشی نیە. بە هەر حاڵ بارودۆخی خێزانی نادر و سیمین فەزای خێزانێکی لە قەدەر دەست رۆیشتووی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێرانمان پێدەناسێنێ کە دەرەتانی دەربازبوون لەو کۆمەڵگە پڕ لە کێشە و نەخوازراوەیان هەیە و کێشەکان زیاتر کێشەی ئەندێشەیین کە لە نێوان مانەوە و نەمانەوەدا هێشتووینەتەوە. ئەوەی کە لە سەرەتای فیلمەکەدا سیمین باس لە جۆربوونی ڤیزاکانیان دەکات خود دەرخەری لە باربوونی ئیمکانی مادی و مەعنەویی دەربازبوون لە فەزاکەیە. بەڵام کاتێک نادر باس لەوە دەکا کە لەبەر باوکی و ژیانی کە لێرەیە ناتوانێ مل بەو دابڕانەدا بێنێ نیشانەی پابەندبوون و نەبوونی ئیمکانی رۆحیی کۆچ کردنەیەتی. دەسپێکی سەرەتای فیلمەکە لە دادگا دا و کۆتایی هاتنی فیلمەکە دووبارە هەر لە دادگادا، بە گشتی فەزایەکی قەزاوەت و داوەری کردنی بەردەوام بە درێژایی فیلمەکە لە زەینی بینەردا دروست دەکا و هانی دەدا وەک کارئەکتێری پێنجەمی نێو فیلمەکە خۆی بە بەشێک لە پرسەکە دابنێ و بە شێوەیەکی جددیتر لە بەرەوپێشچوون و کۆتایی و تەنانەت پاش کۆتایی هاتنی فیلمەکەشدا بەشداریی رەوتی داستانەکە بکا. کۆبەندی ئەم فیلمە زیاترەکەی باس لە کۆمەڵێک کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتیی بەستراوە بە رەوشی سیاسیی وڵاتێکەوەیە کە تەنانەت هاووڵاتییەکانی بە بێ ئەوەی کاراکتێرانێکی تایبەتی سیاسیش بن بەڵام لە هەوڵی هەڵاتن و خۆدەربازکردن لە فەزایەک دان کە پێوەندیی راستەوخۆی پێیەوە هەیە و ئەوەش بەروونی لە ناخودئاگا (نەست)ی دەمەقاڵەی نێو دادگای نادر و سیمین دا دەردەکەوێ. لە درێژەی فیلمەکەدا و لە پەراوێزی خێزانی نادر و سیمین دا لەگەڵ خێزانێکی دیکەی نێو ئەو کۆمەڵگەیەش بەرەوروو دەبینەوە کە سەر بە توێژی خوارەوەی کۆمەڵگەن و ئیتر ئەوان ئەو دەست رۆیشتوویەی ئەوانیان بۆ ئەگەری دەربازبوون لەم فەزا نەخوازراوەی کۆمەڵگا نیە. خێزانێک کە لە ژێر گوشاری بێدرێغی ئابووریی وڵاتدا ماونەتەوە و جۆراوجۆرییەکانی ژیانیان لە نێوان زیندان و کارکردن لە ماڵی خەڵکانی دیکەدا رەنگ دەداتەوە. ئەگەر منداڵی بنەماڵەی یەکەم ژیان و داهاتووی خۆی لە نێوان ئەندێشەی جیاوازی باوک و دایکی و کێشمەکێشەکانی ئەواندا دەدۆزێتەوە و لە نێوان مانەوە و رۆیشتن دا ماوەتەوە، ئەوا منداڵی بنەماڵەکەی دووهەم ژیان و داهاتوویەکەی لە نێوان میلەکانی زیندان و زنجیری پێی تاوانبارانی نێو دادگاکانی ئەم کۆمەڵگایەدا دەبینێتەوە و بە دوایدا دەگەڕێ. ئەسغەر فەرهادی تا ئێستا 4 جاری خەڵاتی سیمورغی بلوورینی فیستیڤاڵی فەجر لە ئێراندا بردۆتەوە و لە کارە بەرچاوەکانی پێشووی دەکرێ ئاماژە بە فیلمەکانی: چوارشەممە سووری، شهر زیبا، دەربارەی ئێلی و... بکەین.

٨ی فێبریوێری ٢٠١٣

# لە کوێ حەقیقەتمان ون کرد؟

*هەتاکوو دوا پشوو ڕێبواری ڕێگەی عیشق و ئازادیم*
*ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر*

نازانم ئەو ئازادییەی «هێمن» دەیڵێ و ئەوەی لە دڵی من دایە لەگەڵ کۆبەندەکانی لیبرالیزمی نوێ و ئەوەی بیرمەندێکی وەکوو «فەرید زەکەرییا» باسی لێ دەکا، چەندە یەکن و چەندەش جیاوازیان هەیە. کەچی ئەوەی بە تەواوەتی هەستی پێ دەکەم ئەوەیە کە «شاملوو» گوتەنی ئەو چەمکە خود وەها بۆتە دەردێکی هاوبەش لە دەروونی هەمووماندا کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بە شوێنیەوە وێڵ بووین و ڕەنگە هەتا دنیا بە دنیاشە لە دوورەدیمەنەکانی تراویلکەی خۆزگەمان نەڕەوێتەوە. ڕەنگە هەر بەو دەلیلە سادەیەی مرۆڤ لە پێناوی خۆی دایە کە تێدەکۆشێ، ئەم دوو چەمکە سەرەکییەی خولقێنەری کەڵکەڵە باڵا بەرزەکانی ژیان خود هەوێنی پێکهێنەری پێکهاتەی والای مرۆڤ بن. ئەوین و ئازادی، ڕەنگاڵەی ئەو کۆلکەزێڕینە جوانەی، بۆ منێکی ڕۆژهەڵاتی، قەت لە خۆزگەی تێر نەبووم و هەرگیز ئارەزووم لێی نەشکا. مرۆڤ ئەگەر لەگەڵ مەدلوولە عەینییەکانی واقعییەتی ژیانیدا دەژی، لە پێناوی مەدلوولە زەینییەکانی حەقیقەتی ژیانیشی تێدەکۆشێ و بۆیان دەژی. مرۆڤ لە دەروونی خۆیدا بوونەوەرێکی باوەڕمەندە و بە باوەڕەکانیەوە دەژی. باوەڕ بە عیشق و ئازادی، حەقیقەتی فەلسەفەی وجودیی مرۆڤ پێک دێنێ. حەقیقەت ڕەهەندی والای ژیان بە بوونی مرۆڤ دەبەخشێ.

ڕۆژێک دێ کە مرۆڤ لە دوایین ساتەکانی شەوەزەنگێکی تاریکدا هەموو بوتە گەورە و بچووکەکانی دەوروبەری خۆی دەشکێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ لای خۆی. لەگەڵ فەلسەفەی وجودیی خۆی ئاشت دەبێتەوە و حەقیقەت دەدوێنێتەوە. بەلاغە و دیالکتیک وەلا دەنێ و چیدی فریو ناخواتەوە. ئەو مرۆڤە بچووکانەی کە وێنایەکی ئەوتۆیان لەو چەمکانە نییە تێک دەڕمێن و لە بووندا خۆ ناگرنەوە. مرۆڤ دەچێتەوە لای زەردەشت و حەقیقەت بڵێسە دەکا. لادانێکی تەنیا بەسە بۆوەی مرۆڤ بە سەدان ساڵ لە حەسرەت و خەمدا بژی، بۆوەی مرۆڤ ئاوارە بێ و لەگەڵ خۆشیدا غەریب بێ. هاوڕێیەکم هەبوو دەیگوت هەموو ئەوانەی بەڵێنی بەهەشتیان لە ئاسمان و زەویدا دا، جەهەننەمیان بەرهەم هێنا. هاوڕێیەکم هەبوو دەیگوت خودا مرد، بۆوەی مرۆڤ ئازاد بژی. نازانم ئەو ئازادییەی

«نیچە» دەیڵێ و ئەوەی لە دڵی من دایە، پۆپەڕ چۆنی وێنا دەکا. کەچی ئەوەی بە تەواوەتی هەستی پێ دەکەم حەقیقەتی ئەوینێکە کە تا رۆحمی پێ نەبەخشم رزگار نابم و تامی ئازادی ناچێژم.

١١ی فێبریوێری ٢٠١٣

## فەلسەفەی وجوودیی لاو و چییەتیی یەکیەتیی لاوان

رەنگە ئەوەی کە لاو وەک توێژێکی تایبەت لە نێو هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا پێناسە دەکا، بەر لە هەموو شتێک ئەو هێز و توانا لەبڕان نەهاتوویە و حەز و کەڵکەڵەی بێ سنووری ئەو توێژە بۆ نوێ بوونەوە و گۆڕانخوازیی بەردەوام بێ. لەبیرمە مامۆستایەکمان هەبوو دەیکوت مرۆڤ تا لاوە دەتوانێ راپەرین بکا و شووشەیەک بشکێنێ و ئاڵوگۆڕێک بەدی بێنێ، دەنا پاشان کە هەندێک تەمەنی گەڕایەوە و لەو بنەما و تایبەتمەندییە سەرەکییانەی لاوەتی دوورکەوتەوە و ئەرک و قورسایی ژیان کەوتە سەرشانی ئیتر دەکەوێتە خانەی کۆنسێرڤاتبوون و راهاتن لەگەڵ دۆخی مەوجوود. من نامەوێ و بەتەماش نیم کە لێرەدا بە هیچ شێوەیەک پێناسەیەکی لاو و دنیای لاو بە دەستەوە بدەم و پێشم دروست نییە. چون خودی ئەو چەمکە بە مەدلوولێکی زەینی نەک عەینی دەبینم و هەرگیز لەگەڵ ئەم چەشنە پێناسە دیاریکراوە دارێژراوانە بۆ هیچ مەدلوولێکی زەینی نیم و بە هەوڵێکی بەلاڕێ بەرانەی دەزانم. بەڵکوو دروستتر ئەوەیە کە بە پەیبردن بە دەرکێکی حەقیقی و واقع بینانە و کەشفی فەزای وجوودی و دەسنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەو چەمکە هەوڵی باشتر ناسینی بدەین. رەنگە زۆریش ئاسان نەبێ کە هەر شتەی بەتایبەت مەدلوولە زەینییەکان ئەو جۆرەی کە هەن ببینین و بەم پێیەش تەعامولیان لەگەڵ بکەین. ئینجا بە دیدێکی کراوەتر و لە ئەتمۆسفێرێکی رووناک و دیارتردا لە کارکرد و ئاڕاستە و ئامانجەکانیان بکۆڵینەوە و چاوەڕوانیمان لێیان هەبێ. ئەگەر بیرۆکەکەی «فرۆید» بە هەند وەربگرین و قبوڵی کەین کە کەسایەتیی مرۆڤ لە تەمەنی منداڵیدا دادەڕێژرێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بسەلمێنین و دانیشی پێدا بنێین کە مرۆڤ لە تەمەنی لاوەتی دایە کە ئاڕاستە سەرەکییەکانی ژیانی دەدۆزێتەوە و هەڵیان دەبژێرێ. مرۆڤ لە لاوەتی دایە کە گەورەترین و گرینگترین هەڵبژاردنەکانی ژیانی دەکا و بە شێوەیەکی جیددی و بەرپرسانەوە دێتە نێو هاوکێشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەریی ئەکتیڤ و هەستیارانەی لەسەر کۆمەڵەکەی دەبێ. بە

واتایەکی دیکە ئەگەر لە تەمەنی منداڵێدا کۆمەڵگە و ژینگە لە بنەماڵەوە تا کۆمەڵ لە راستای کەسایەتی بەخشین و ئاڕاستەدار کردنی ژیان و دەروونی مرۆڤدا بە شێوەی جۆراوجۆر کاریگەریی خۆیان دادەنێن، ئەوا لە تەمەنی لاوەتیدا دەورێکی خوڵقێنەرانەتر دەگێڕێ و لە کەشێکی ئینفعالیی تەنها دێتە دەرێ و دەکەوێتە خانەی هەڵبژاردنەوە. چییەتی و چۆنیەتیی ژیانی هاوبەش، کار و ئاراستەی سیاسیی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ وەک سێ بواری گرینگی کاریگەری ژیانی هەر مرۆڤێک بە هەموو جۆرەکانییەوە لەم قۆناغە هەستیارەی ژیان دایە کە رەقەم لێدەدرێ و شێوەی خۆی دەدۆزێتەوە. مرۆڤ لەم قۆناغەدا هەست بە هێز و وزەیەکی ئەو پەڕی لە خۆیدا دەکا و دەیەوێ خۆی رکێفی ژیانی بە دەستەوە بگرێ و بە گوێرەی تواناییەکانیشی دەوری لە نێو کۆمەڵگەدا هەبێ و کاریگەر بێ. هەر بۆیەش بە گشتی ئاڕاستەیەکی جیاوازتر دەگرێتەبەر و لە دژی نۆرم و هەنجارە باوەکانی نێو کۆمەڵگە راپەرین دەکا. لادان بەشێکی جیانەکراوە و دەروونیی کەسایەتیی لاوانە کە بە مەبەستی نیشاندانی جیاوازی و دۆزینەوەی رێبازی نوێ دەکرێ. لاو دەیەوێ هەنگاو هەڵێنێتەوە و مۆرکی خۆشی بەسەر دنیای دەوروبەریدا ببینێ. بەڵام هەمووی ئەو کارانە چۆن دەکرێ و رێکارە دروستەکانی چین؟ لاوان چۆن دەتوانن ببنە ئەو هێزە کارایەی کە فەزای گۆڕان پێک بێننو گۆڕانکاری بەدی بێنن؟ ئایا لاوان دەتوانن هەموو شتەکان بگۆڕن و بە پێچەوانەی رەوتی گشتی کۆمەڵگە حەرەکەت بکەن؟ ئەساسەن بەستێنەکانی کاریی لاوان چین و چۆن دەکرێ کاریگەرتر بن؟ وەڵامی هەر کام لەو پرسیارانەو بە دەیان پرسیاری دیکەی لەم چەشنەش پێویستیی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردتر و لێکدانەوەیەکی مەیدانیترە کە هەوڵ دەدەین لە درێژەی باسەکەدا بە گوێرەی پێویست لایان لێ بکەینەوە. لە راستیدا کاتێک کە کۆمەڵێک ئینسان یان توێژێکی تایبەت لە نێو هەر کۆمەڵگایەکدا، کۆمەڵێک هۆکاری تایبەت بەیەکیان دەبەستێتەوە و بەرژەوەندییەکانیان لە مەترسیدا دەبینن یان داخوازیی هاوبەشیان هەبێ، هەوڵی بەرێکخراوبوون و رێکخستنی خۆیان بە مەبەستی خستنە سەریەکی تواناییە هزری و کردەوەییەکانیان لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیاندا دەدەن. لێرەوە ئیتر باس لە رێکخراو و کاری رێکخراوەیی و مێتۆدەکانی خەباتی مەدەنی و تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی مەدەنی گرینگییەکی تایبەت پەیدا دەکەن و بەرجەستەتر دەبنەوە. دیارە ئەم بەشە بە گشتی ئەو کۆمەڵگە و فەزایانە دەگرێتەوە کە یان خۆیان دێموکراتن یان لانیکەم ئیدعای دێموکرات بوونیان هەیە و بەهیچ شێوەیەک ناکەوێتە خانەی بوارە ئیدیۆلۆژیکەکانەوە و دروستیش نییە. هەر کۆمەڵگەیەکی زیندوو لەسەر ئەساسی کۆمەڵێک چەمک و بنەمای سەرەکی دامەزراوە کە خود تایبەتمەندییە پێناسەییەکانی پێک دێنن و پێیانەوە دەناسرێتەوە و لە راستیدا کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان فەلسەفەی وجودیی خۆیان لەوانەوە وەردەگرن. هەر بۆیەش پاراستن و رێزدانان بۆ ئەو چەمک و بنەما ئەرزشییانە ئەرکی سەرشانی هەر تاک و کۆمەڵێکی نێو کۆمەڵگە و ئەتنیک و گرووپە جیاوازەکانە و بریندارکردنیان بێ

ڕێزیـە بـە شعووری گشتی و دەکەوێتە خـانەی بڤـە مەترسیدارەکانەوە. لـە ڕاستیدا کـار و تەنانـەت خـەباتی ڕێکخراوەییش بە هیچ شێوەیەک ئاقاری توندوتیژانـە لـە خۆیدا نـاگرێ و گـۆڕان و گۆڕانخوازی لـە هـەر ئاستێکی خۆیدا، دەبێ بە شێوەیەکی هێمنانە و دێموکراتیک بێ نەک بـە پێی هێز و زۆرەملی. بـە تایبـەت لـە نێو ئـەو کۆمەڵگە و فەزایانەی کە لـە قۆنـاغی گوزار و بـەرەو ئۆرگانیزاسیۆنو دێموکراسی دان، زۆر شـەرتە کـە ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکـان دەرک و وێنایـەکی دروست و گونجاویـان لـە خۆیـان و ئـەرک و چالاکییـەکانیان هـەبێ و بـەم پێیـە بجووڵێنەوە. هونەری چۆنیەتیی تەعامول کردن لەگەڵ ئەندامان و دەسەڵات لە لایەکەوە و واقعییەتەکانی ئیمکانی مەوجوود لە لایەکی دیکەوە لە گرینگترین بوارەکانی کاری ڕێکخراوەیین کە دەبێ لەبەر چاو بگیرێ. لە ڕاستیدا لە ئێستا و لە جیهانی گلۆبـاڵی ئـەمڕۆدا ڕۆژبەڕۆژ دەور و کاریگـەریی ڕێکخراو و ناوەنـدە سێنفی و NGO کـان تـادێ زیاتر دەبێ و هێز و گرینگایەتیان پتر دەردەکەوێ. بەتایبەت لە بەستێنی دێموکراسیی مۆدێرن و لیبرالیزمی ڕوو لە گەشەی سەردەمدا کە ئاڵوگۆڕێکی زۆر بەسەر پێکهاتەی گشتیی سیاسی و حەرەکەتە جەماوەرییـەکان لـە ئاستی بەرینی جیهانیدا هاتوە و تەنانەت حیزبە سیاسییەکانیش چ لـە بـواری ئۆرگـانیزم و چ لـە بـواری کـارو کـردەوەوە زیاتر بەرەو پێناسە ڕێکخراوەییەکان دەڕۆن و گەشە و مەوجوودییەتی خۆیـان لـە ڕوویکردێکی وەهـادا دەدۆزنـەوە، پێویستی و زەروورەتـی لاکردنەوەیـەکی جیـددی لـە مێتـۆد و چۆنیـەتیی کـاری ڕێکخـراوە سینفی و جەماوەرییـەکان گرینگی تایبەتی هەیە. بە گشتی و لـە ئاستێکی بەرینـدا دەکـرێ ڕێکخـراوە جۆراوجۆرەکـان بـە دوو بـەش دابـەش بکـەین. یەکـەم ئـەو ڕێکخراوانـەی کـە سـەربەخۆن یـان ئیدعای سەربەخۆ بوونیـان هەیـە و لانیکـەم لـە ڕواڵـەتدا دەروەستەیی سیاسی و ڕێکخراوەییان بەهێز، ڕێکخراو یان لایەنێکی سیاسیی دیکەوە نییە و سەربەخۆ دەجووڵێنەوە. ئـەم چەشـنە ڕێکخراوانـە بـە گشـتی لـە پێنـاوی تـوێژ، سینف، بەسـتێن یـان فکرێکـی سیاسی، فەرهـەنگی یـان کۆمەڵایەتیی تایبەتدا تێدەکۆشن و خەبات دەکەن. لە تایبەتمەندییە هەرە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە ڕێکخراوانـە دەتوانین ئاماژە بە بوارەکـانی خۆبژێویی ڕێکخراوەیی و چالاکیی خۆبەخشانەی ئەندامەکانیان بکـەین. ئـەم جـۆرە ڕێکخراوانە بەگشتی لـە بەسـتێنی ڕەوتـی دێموکراتیزاسیۆن و بەرزکردنـەوەی ئاستی وشیاریی کۆمەڵگـە و پرۆسـەی دادخوازی و دادپەروەری لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی مەدەنیـدا کاریگـەریی زۆریـان هەیـە و دەورێکـی گرینـگ دەگێـڕن. بـەڵام چەشـنێکی دیکـەی ڕێکخراوەکـان ئـەو جۆرانـەن کـە بەشـێوەیەکی دیکـە خۆیـان پێناسـە دەکەن و کـارکردی جیاوازیان هەیە. ئەم جۆرە ڕێکخراوانە بەگشتی لە چوارچێوەی حیزب یان ڕێکخراوێکی سیاسیی گەورەتردا خۆیـان پێناسـە دەکـەن و لەڕاسـتیدا وەک بـاڵێکی یارمەتیـدەر یـان پاشکۆ یـان تەواوکـەری حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسییە گەورەترەکە و لە پێناوی بەرژەوەندی و هێڵە سیاسییە گشتییەکانی حیزب و ڕێکخـراوی دایکـدا تێدەکۆشێ و دەوری باڵی مەدەنیی تایبەتی ڕەوتـە سـەرەکییە سیاسییەکە دەگێڕێ. مێتـۆدی کـاری و چـالاکیی ئـەم چەشـنە ڕێکخراوانـە

بەرلەوەی کە بچێتە خانەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەچێتە خانەی خەباتی مەدەنییەوە و بەم پێیەش لە بەراورد لەگەڵ ڕێکخراوە سەربەخۆیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا واتا و کارکردی جیاواز لە خۆدا دەگرن. ڕەنگە لە خوێندنەوەیەکی شوناسخوازانەی ئەم جۆرە ڕێکخراوانەش بەشێکی زۆر لە پێناسە و چۆنیەتیی کارکردی ڕێکخراوە سەربەخۆکان بتوانین لەبەر چاو بگرین، کەچی بە دڵنیاییەوە ئەولەوییەتەکانیان جیاوازیی هەیەو ناکرێ وەک یەک سەیر بکرێن تەنانەت چاوەڕوانییەکی وەک یەکیشمان لێیان هەبێ. ئەم ڕێکخراوانە لە حەقیقەتی خۆیاندا باڵو ڕەهەندی کاریگەری دانەری حیزب یان ڕێکخراوی دایک لەسەر ئەم توێژ یان سینفە تایبەتەی نێو کۆمەڵگەن کە پێنانەوە پێناسە کراون. بەشێکی هەرە گرینگ و سەرەکیی کارکرد و چالاکیی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە بڵاوکردنەوە و تەبلیغی سیاسەت و ڕێکارەکانی حیزب و ڕێکخراوی دایک لە نێو توێژ و سینفی مەبەست و بانگەشە و ڕاکێشانی سەرنجی ئەوانە بۆ لای حیزب و ڕێکخراوی دایک. لە ڕاسیتدا ئەو جۆرە ڕێکخراوانە نە تەنیا لە بواری سیاسی بەڵکوو تەنانەت لە بواری تەشکیلاتی، ئابووری و ڕێکخراوەییشەوە تا حەددێکی زۆر وابەستەی حیزب و ڕێکخراوی دایکن. ڕێکخراوەگەلێکی وەک یەکیەتیی لاوان، یەکیەتیی ژنان، یەکیەتیی خوێندکاری، ناوەندی منداڵپارێزی، ئەنجومەنی زیندانیانی سیاسی و ... لە چوارچێوەی حیزبێکی وەکوو حیزبی دێموکراتدا لەگەڵ ئەوەی کە پێویستە و دەبێ هەردەم تعهد و بەرپرسیارەتییەکانیان لە بەرامبەر توێژ و سینفە تایبەتەکەی خۆیاندا بەجێ بگەیەنن، کەچی لەهەمان کاتیشدا پێویستە بە ئەرکەکانیان لە بەرامبەر حیزبی دێموکراتیشدا ئاشنا بن و لە پێناوی ئەم حیزبەدا لە نێو توێژ و سێنفە تایبەتەکەی خۆیاندا تێبکۆشن. لە حەقیقەتدا ئەم چەشنە ڕێکخراوانە بەو هۆیەوە کە شەرعییەت و مەوجوودییەتی خۆیان لە حیزب یان ڕێکخراوی دایک واتە نەهادێکی باڵاترەوە وەردەگرن، ناتوانن لە چوارچێوە و هێڵە گشتییەکانیشی لابدەن و بە پێچەوانەیان بجووڵێنەوە. ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕێک دەبێ کۆپی کار بن بەڵام مافی لادانیشیان نییە. تەنانەت لە بواری ئەندامگیرییشەوە بۆیان نییە کەسێک وەک ئەندام وەرگرن کە چوارچێوە گشتییەکانی حیزب یان ڕێکخراوی دایکی بەلاوە پەسەند نەبێ یان لە هێڵێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی دیکەی جیاوازدا خۆی ببینێتەوە. لە ڕاستیدا ئەم ڕێکخراوە دەروون حیزبیانە لە ڕەوتی گشتیی خەبات و بەجەماوەریتر کردنی ڕێبازەکانی سەرکەوتن دەتوانن دەورێکی گرینگ و حاشا هەڵنەگرانەیان هەبێ و بە پێی زەرفییەتە دەروونی و کردەوەییەکانیان بە تایبەت لەو مەجالانەدا کە حیزب یان ڕێکخراوی دایک دەرەتانی نییە و ناتوانێ یان دروست نییە کە حزووری ڕاستەوخۆی هەبێ، دەتوانن دەورێکی کارا بگێڕن و کەڵکێکی زۆر لە ڕەهەندی مەدەنی بوونیان وەربگرن.

١٤ی فێبریوێری ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، دەرکەوت و ئامانجەکان

دوای دامەرزانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥ و ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کە رزگاریی هەرێمی باشووری کوردستان لێ کەوتەوە، ڕەنگە هیچ هەوڵ و حەرەکەتێکی کوردی لە بواری سیاسییەوە چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکی‌دا بایەخ و گرینگیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی نەبێ. گرینگیی سەرەکیی ئەم سێ ڕەوتە بایەخدار و مێژووییە سیاسییە لەوەدا بووە کە کورد وەک هێزێکی سەرنج ڕاکێشی "کنشگرا" ڕکێفی چارەنووسی خۆی لە سەر بەشێک لە خاکی خۆی‌دا بە دەستی خۆیەوە دەگرێ‌و لە هەڵوێستی هێزەوە دەجوڵێتەوە و بڕیار دەدا. کەمتر لە مانگێکی دیگە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بە بەشداریی زۆربەی نزیک بە تەواوی هێز و لاینە سیاسی و کەسایەتییە کاریگەر و ناودارەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئاستێکی بەرین و بەرفراوانی نەتەوەیی‌دا دەگیرێ و لاپەڕەیەکی دیکەی پڕ لە سەرەوەریی مێژووی سیاسی نەتەوەیی کورد هەڵدەداتەوە. کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ڕاستی‌دا دەتوانێ وەک خاڵێکی وەرچەرخانی گرینگ بێتە ئەژمار کە کۆمەڵێک لە داخوازییە لەمێژینەکانی نەتەوەیی کورد لە خۆی‌دا کۆدەکاتەوە و دەتوانی ئاراستەیەکی یەکانگیرو سەردەمیانەتری پێ ببەخشێ. پرسیاری هەرە گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئەم کۆنگرە نەتەوەییە لە نەهایەتی خۆیدا چی لێ دەکەوێتەوە و بەدەو کوێوە هەنگاو دانێ؟ دوورەدیمەنەکانی ئاسۆی ئەم کۆنگرەیە چین و بەگشتی زگپڕی کامیەک لە حەقیقەتە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد و کوردستانە؟

وێدەچێ بۆ وڵامدانەوەی شیاوی ئەم پرسیارانە و بەدەیان پرسیار گرینگی دیکە، پێویستیمان بەوەبێ کە لە سەرەتاوە لە هۆکارەکانی پێکهاتن‌و بەستنی وەها کۆنگرەیەک بکۆڵینەوەو ئەوەی کە توخمە سەرەکییەکانی بەرۆژەڤ بوونی ئەم کۆنگرەیە لە کوێ‌و لەچییەوە سەرچاوە دەگرێ. من نامەوێ لێرەدا باس لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی پێکاهاتەو بەستێن‌و دەرکەوتەکانی ئەم کۆنگرەیە بەگشتی بکەم‌و شیکاریی عەقڵانییەتی پێکهێنان‌و پێکهاتنی کۆنگرەیەکی لەم چەشنە بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی سیاسی‌و دۆخی ئێستای بزاڤی کورد باس لە زەرفییەت‌و ئاستی چاوەڕوانییەکانی ئەو کۆنگرەیە بکەم. ئەم کۆنگرەیە لە ئاکام‌و بە پشت بەستن بە کام عەقڵانییەت و بۆچوونی مەیدانداری سیاسیی کوردییەوە پێک هاتووە چییەتی‌و چۆنییەتیی شیاوی پێناسەکەی لە چیدا خۆی دەدۆزێتەوە؟

هەر ئەوەی کە بۆ یەکەمجار ئەو هەموو هێزو لایەنە سیاسیو کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەی کورد سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانیشیانەوە تەنیا بە خاڵی یەکانگیریەتی پرسی کورد و کورد بوون لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە بە نیازی لێک نزیکبوونەوە و لێک تێگەیشتن و هاوکاری زیاتر لەگەڵ یەک بەیەکەوە کۆ دەبنەوە لە خاڵە بەهێز و ئەرێنییەکانی حاشاهەڵنەگری ئەم کۆنگرەیە یە. بەستنی ئەم کۆنگرەیە لە دەروونی خۆیدا پرسی کورد لە بابەتێکی هەرێمی و ناوچەیی تایبەتی داخراوەوە دەکاتە رۆژەڤێکی جیهانی و نێونەتەوەیی کراوە و پێگەو پێناسەی کوردیش لە کەمینەیەکی دانیشتووی وڵاتانی حاکمی کوردستانەوە تا ئاستی نەتەوەیەکی خاوەن هێز و کاریگەری دەورگێڕ و خاوەن پێگە و شوناسی نێونەتەوەیی بەرز دەکاتەوە و دەینرخێنێتەوە.

لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا بەڵام بەگشتی ئایا ئەم کۆنگرەیە وەک دەرکەوت بۆ خودی نێوماڵی کورد چیی پێیە و بەرامبەر بە دنیای دەرەوەش بەتایبەت ئەم وڵاتانەی کە هەر کامەی حاکمییەتی پارچەیەکی کوردستان دەکەن چ وەک سیگناڵ یان وەک پەیام چی دەنێرێ؟

کاتێک کە ئاوڕ لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسی کورد بەتایبەت لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و سەرهەڵدان و دەسپێکی بزووتنەوەی نوێی رزگاریخوازی کورد لە دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا دەدەینەوە، بە گشتی و لە ئاستێکی گشتگیرتردا لەگەڵ دوو هەڵوێست و گوتاری بەهێزی سیاسیی کوردی ڕووبەڕوو دەبینەوە.، هەر یەک لەم گوتارانە خاوەنی پێگە و پێناسەی تایبەت و دیاریکراوی خۆیانن و هەر کامیان لەلایەن هێز یان چەند هێزێکی سیاسیی نێو گۆڕەپانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردییەوە نوێنەرایەتی دەکرێن و کاریان بۆ دەکرێ.

١- گوتاری چوارپارچە یان کوردستانی گەورە، کە زیاتر لەلایەن ئەو هێز و لایەنە ناسیۆنالیستییە کوردییانەوە کە قەزائەن پێشینە یا بەستێنێکی چەپیتریان هەیە و زیاتر لەسەر جۆرێک لە دەمارگرژی (تعصب) و ئیحساس لە سەر ئەساسی پۆپۆلیزمی جەماوەری پێداگری دەکا و پێگەیەکی ناوەند بەستێنانە (مرکز محورانە) بۆخۆی دەسنیشان دەکا، نوێنەرایەتی دەکرێ.

لە راستیدا ئەم باوەڕ و گوتارە سیاسییە خەون و ئارەزووی هەر کوردێکی بەشەرەف و ئارەزوومەندی کوردستانێکی بەهێزە. بەڵام بە لێکدانەوەی راستەقینەکانی هەلومەرجی سیاسیی کوردستان و بە لەبەرچاو گرتنی پاڵنەرە جۆراوجۆرە مێژوویی و ناوچەییەکانی ئەمرۆی کوردستان ئەوەی کە ئایا ئەو حەقیقەتە حاشا هەڵنەگرەی مافی

ڕەوای کورد لە ڕاستای ئەسڵی دیاریکردنی چارەنووسدا چەندە لەگەڵ ئەرزی واقیعدا دەیخوێنێتەوە و ئیمکانی بەواقیعییەت بوونی هەیە، بەڕاستی دوورەدیمەنەکانی ئاسۆیەکی چەندە روونمان بۆ دەردەخا؟

لە دەرکەوتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەم رووێکرد و گوتارە سیاسییە گشتیخوازە، هەناردەکردنی پەیامی شەرەنگیزانە بۆ وڵاتانی دراوسێی کوردستان و پشت کردن لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و نادیدەگرتنی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی نێو گۆڕەپانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانە کە بە دڵنیاییەوە هەڵگری دیکتاتۆرییەتێکی رەشی شاراوە بۆخودی خەڵکی کوردیشە.

٢- گوتاری عەقڵانییەت و ئیمکان، ئەم رووێکرد و گوتارە سیاسییە رەنگە لە بواری ئامانج و ئارەزووی سیاسیی نەتەوەییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ یا لانیکەم زۆری لەگەڵ رووێکردەکەی دیکەدا نەبی، کەچی بەدڵنیاییەوە لە بواری پراکتیک و کارکرد و گەڵاڵەی خەباتەوە جیاوازییەکی بەرینی لەگەڵیدا هەیە. ئەم رووێکردەیان لەسەر ئەساسی واقیع بینییەکی زیاتری سیاسییەوە بە لەبەرچاو گەرتنی هەلومەرجی تایبەتی هەر پارچەیەکی کوردستانەوە ئامانج و ستراتێژیی خەباتی خۆی دارشتوە و بەم بەرچاورووونییەوە هەنگاو دەنێ. ئەم رووێکردە پێی وایە ئەگەرچی کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە بەڵام بە هۆی هەندێک فاکتۆری هەرێمی، مێژوویی، سیاسی و ناوچەیی و رزگاریخوازیی تایبەتەوە هەر پارچەیەکی کوردستان ئاراستەیەکی سیاسی و بزووتنەوەیی و رزگاری خوازیی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەوەی کە هەموو پارچەکانی کوردستان بەیەکەوە و لە پرۆسەیەکی هاوبەش و هاوچارەنووس لە هەلومەرجێکی هاوبەشدا بتوانن بە رزگاری نەتەوەیی بگەن و خەونی کوردستانی سەربەخۆی گەورە لە هاوتەریبییەکی هاوکاتدا وەدی بێنن ئیمکانی نیە. کەوایە پێویستە بە رەچاوکردنی زەرفییەتە جیاوازەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان و حکوومەتی حاکم و دیدی نێونەتەوەیی بەنیسبەت هەر پارچەیەکی کوردستانەوە رێوشوێنی تایبەت و جیاواز لە یەکتر لەکار بکرێ . ئەم رووێکردە سیاسییەیان تەعامول و هەڵکردنێکی گونجاو و واقیع بینانەتری لەگەڵ چەمکی سیاسەت و واقیعی سیاسیی کوردستان بەگشتی و هەر پارچەیەک بەتایبەتی و دانوستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا هەیە. هەروەها سەربەخۆییەکی کرداریی زیاتر بۆ هێز و لایەنە جیاوازەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان رەچاو دەکا و هەوڵ دەدا لە هەڵوێستی رێز و مافی بەرامبەرەوە هەڵسوکەوت بکا و هەوڵ و دڵسۆزییەکانیشی نەک لە دەستێوەردان بەڵکوو لە هاوکاریی بەرپرسانەدا وێنا دەکا. لە دەرکەوتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەم رووێکرد و گوتارە سیاسییەیاندا دەکرێ ئاماژە بە هەڵسوکۆتی رێزمەدارانە بەنیسبەت هێز و لایەنەکانی نێوخۆیی و پێکهێنانی فەزای متمانەیی و دوور لە

شەڕەنگێزی بە نیسبەت دنیای دەرەوە بە تایبەت وڵاتانی دراوسێی کوردستان و هەروەها کەمکردنەوەی حەساسییەتەکان بەنیسبەت جموجۆڵ و چالاکیی هێزەکانی کوردستانەوە بکرێ.

بەم پێیە وێدەچێ کە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لەم هەلومەرجەی ئیستادا زۆر زیاتر لەوەی کە نوێنگەی مانۆڕی گوتاری چوارپارچە و کوردستانی گەورە بێ، لەراستیدا نوێنگەی درەوشانەوە و حەقانیەتی گوتاری عەقڵانییەت و ئیمکانی بزووتنەوەی رزگاری خوازیی کوردی بێ و دوورەدیمەنەکانی ئاسۆی خەبات لەم روانگەیەوە وێنا بکات و بیلوێنێ.

٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣

---

## دیپلۆماسیی نوێی ئێران بۆ سووریە

لەم ماوەیەی رابردوودا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، دوو لە رێبەرانی سیاسی رۆژئاوای کوردستان، ساڵح موسلیم (هاوسەرۆکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک)و دوکتور عبدالحەکیم بەشار(سکرتێری پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریە)،ی بۆ تاران بانگێشت کرد. ئەوەی کە رێک لەم دانیشتنو چاوپێکەوتنانەدا چی گوزەراوەو دوو لایان لە چی دواون لانیکەم تا ئیستا زۆر ڕوون و ئاشکرا نیە. بەڵام رەنگە باسکردن لە هۆکارو بەستێنە جۆراوجۆرەکانی ئەم دیدارانە بە تایبەت لەم هەلومەرجە ناسکو هەستیارەی ئێستای ناوچەکەو سووریەو کوردستانیشدا هیچ نەبێ بەرچاو روونییەکی گشتیمان لە مەبەستو ئامانجەکانی ئەم دیدارانە لانی کەم لە دوورەدیمەنێکی کورتیشدا بێ، لە نیهایەتی خۆیدا، بخاتە بەر دەست.

دیارە کە ئێران وەک گرینگترینو نزیکترین هاوپەیمانی سیاسیو ستراتیژێکی سووریە نەتەنیا لە ناوچەکەو بەڵکوو لە پانتایی بەرینی نێودەوڵەتیدا هەوڵێکی زۆرو ماندوونەناسانە بۆ بەباشتر کردنەوەی بارودۆخی سووریە دەداو لە زەرفیەتییەتە جۆاروجۆرە سیاسییەکانی گۆڕەپانەکە کەڵک وەردەگرێ. بەهەرحاڵ ئێرانو سووریە ئێستا

نەتەنیا لە بواری ئیدیۆلۆژیکو ئاراستەمەندیی سیاسییەوە بەڵکوو بە شێوەیەکی گرێدراوییەکی لێکدانەبڕاویشەوە تاڕادەیەکی زۆر چارەنووسیشیان بەیەکەوە گرێ دراوەتەوە.

ڕەنگە کەمتر شۆڕشو ڕاپەڕینێکی جەماەری لە وڵاتێکدا هەبێ کە هاوشێوەی ئەوەی سووریە سەرەڕای ئەو خەسارە جۆراوجۆرانەی لە هەموو بەرەکانی شەڕ کەوتوەو وێڕای ئەو کۆدەنگییە نێونەتەوەییەش کە سەبارەت بەدڕندەییو خراپەکارییەکانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لەگەڵ خەڵکی ئاساییو ئۆپۆزسیۆن دەیکا کەچی دیسانیش بارودۆخەکەی هەر بەم شێوەیە ماوەتەوەو تەکانێکی ئەساسی ناخواو و لایەکی وە لایەکی ناکەوێ.

وێدەچێ بەشێکی گرینگو سەرنج ڕاکێشی ئەوتۆنەبوونی یارمەتییەکانی دنیای دەرەوە بەتایبەت ڕۆژئاوا بۆ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بە مەبەستی شکست پێهێنانی حکوومەتی بەعس سەرەڕای ئەو مەترسییە بەربڵاوانەش کە لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە بۆ جیهانو ناوچەکە هەستی پێدەکەن، لە بەهێز بوونی بناژۆخوازانو هێزە سەلەفییە ئیسلامییەکانی نێو بەرەی دژی بەشار ئەسەددا بێ، کە ئەوە هەرگیز سیگناڵێکی دڵخوازو دوورەدیمەنێکی ڕووناک پێشکەش بە کۆمەڵگەی جیهانی بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوایی ناکا کە خود خاوەنی کۆمەڵێک بەرژەوەندی تایبەتو لە سەرەوەی هەموشیانەوە زەروورەتی پاراستنی ئیسرائیل لە ناوچەکە دان.

هەروەک باسکرا زەروورەتی پاراستنی یەکپارچەیی سووریەو هێشتنەوەی بەشار ئەسەدو حکوومەتەکەی لە بڕیاری دەسەڵاتدا لە ئەولەوییەتەکانی سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. هەر بۆیەش هیچ سەیر نیە کە تاران هەوڵێکی جیددیو ماندوونەناسانە بۆ هەرچی بەهێزترکردنی گریمانەی مەترسیداری بەدەسەڵات گەیشتنی هێزە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە ئەگەری ڕووخانی بەشار ئەسەد لە سووریەدا تەنانەت لە بواری کردەوەییشدا بخاتە گەڕو کاری بۆ بکا. لە پرۆسەی ڕاپەڕینو خەبات لە دژی دەسەڵاتی زاڵ لە وڵاتێکدا مەسەلەی یەکپارچەییو هاوتەریبیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هەبوونی ڕێبەرییەکی واحیدو کۆدەنگییەکی گشتیو هاوبەشی جەماوەری لە فاکتۆرە هەرە گرینگەکانە کە دەتوانێ دەورێکی کاریگەری لە گەیشتن بە ئامانجەکانی شۆڕشدا هەبێ. لێکترازانو لێکدابڕانو کەوتنە نێو بەرەی دژ بەیەکەوەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە قۆناغی شۆڕشو خەباتدا خود دەتوانێ گورزی کوشندەو قەرەبوونەکراوە لە پەیکەرەی جەماوەری بداو خەبات تووشی کێشەی جیددی تا ئاستی سەرنەکەوتنو لەوانەیە لەناوچوونیش بکا.

بۆ وێنە هەبوونی هێزێکی توندئاژۆی وەک بەرەی نوسرەو ئەلقاعیدەو باڵادەستیی ئیخوانەکان لە پێکهاتەی ئۆپۆزسیۆنی دژبەرانی بەشار ئەسەد لە سووریەدا مەترسییەکی جیددیی لە ئەندێشەی هەموو ئەو هێزو لایەنو وڵاتانەی کە بیر لە قۆناغی دوای بەشار ئەسەد دەکەنەوە بەتایبەت ڕۆژئاوو ئیسرائیلو وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا دروست کردوە. هەر ئەوەش کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر چۆنیەتیی دیدو تەعامولی ئەم وڵاتانەو کۆمەڵگەی جیهانییش بەگشتی بەنیسبەت پرسی سووریەوە داناوە. لە لایەکی دیکەوە هەڵسوکەوتو کرداری نابەرپرسانەو وەحشییانەی هێزێکی وەک بەرەی نوسرە لەگەڵ کوردانی ڕۆژئاواو کۆمەڵکوژی خەڵکی بێدیفاعی کورد لە لایەن ئەم هێزە توندڕەوە سەرەڕۆیەوە خود کەلێنێکی بەرینی تا ئاستی دوژمنایەتی خستۆتە نێو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە.

لێرەدایە کە وڵاتێکی هەلپەرستو نامەسئولی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران دێو لە هەبوونو کرداری نابەرپرسانەی هێزێکی وەک بەرەی نوسرەو ئەلقاعیدە ڕێک لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی خۆیو مانەوەی بەشار ئەسەدو حکوومەتەکەی لە پێگەی دەسەڵات لە سووریەدا کەڵک وەردەگرێو لەڕاستیدا بە تیرێک چەند نیشان لێدەدا. هەم لە ئاستی متمانەی ڕۆژئاواو وڵاتانی دیکە بە نیسبەت ئۆپۆزیسیۆن کەم دەکاتەوەو هەم هێزە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە گیانی یەکتر بەردەدا. ئیتر ماشێنی دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی بە گوڕتر وەڕێ دەکەوێو لە کردارێکی بێسابقەدا دوان لە ڕێبەرانی کوردی سووریە، ساڵح موسلیمو دوکتور عەبدولحەکیم بەشار، بە بیانووی چارەسەریی کێشە سووریەو پرسی کورد لەم وڵاتەدا بانگهێشتی تاران دەکا. پڕ دیارە کە مەبەستی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لەم هەوڵە ئەوەیە کە بە کەڵکوەرگرتن لە کارتی کورد ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری بەشار ئەسەد لێک بترازێنێو لە دژی یەکتر بەکاریان بێنێ. لەم ڕێیەشەوە چەندەی بۆدەکرێ یارمەتیدەری لەسەرکار مانەوەی ڕێژیمی ناوەندیی دەمێشق لە پێگەی دەسەڵاتدا بێ. لەم پێناوەشدا لە هیچ هەوڵ و تەرفەندێک ناسڵەمێتەوە. سەیر ئەوەیە کە وەک ئەوەی بۆخۆی کوردی نەبێو شتێک بە ناوی کێشەی کورد لە ئێراندا بوونی نەبێ، باس لە مافو داخوازیی ڕەوای کورد لە سووریە دەکاو بە نوێنەرایەتیی حکوومەتی دەمێشق قەولی چارەسەری کێشەکانیشیان پێ دەدا. ئینجا ڕەهەندێکی دیکەی ئەم هەوڵەی کۆماری ئیسلامی لەوەدا خۆی نیشان دەدا کە ئەگەر بتوانێ لەگەڵ کوردەکان ڕێک بکەوێو بەدژی ئۆپۆزسیۆن یان لانیکەم هاوکاری نەکردنی ئەوان واداریان بکا بەکردەوە ڕێی دەستپێڕاگەیشتنی ئۆپۆزیسیۆن بە سنوورەکانی تورکیەیان لێدەگرێ و لەواقیعدا شاڕێی هەناسەکێشانیان دەبەستێ.

بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەوانە بۆمان دەردەکەوێ کە پێویستە ڕێبەرانی کورد لە سووریە بەرەچاوکردنی

سیاسەتێکی حەکیمانە دۆزی کورد لەم پارچەیەی کوردستان نەخەنە بەرەی دۆراو یا لانیکەم نەخوازراوی ئەم هاوکێشەیەوەو روویەکی ناشیرین لە کورد بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نیشان نەدەن‌و دەستەبەرکردنی ماف و ئامانجەکانی کورد نە لە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و حکوومەتی بەشار ئەسەددا بەڵکوو لە قۆناغی پاش سەرکەوتن و دوای حکوومەتی بەعسی تا سەری ئێسقان دژە کوردو دیکتاتۆڕدا بدۆزنەوە.

کورد ئیتر کارتو فاکتۆرێکی گرینگو سەلمێنراوی حاشا هەڵنەگری هاوکێشە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکەیە. هەر بۆیەش پێویستە مەیداندارانەتر لە پێشوو، بە تێبینیو وردبینییەکی زیاترەوە، لە پەڕاوێز بێتە دەرێو ژیرانە بجوڵێتەوە. چارەسەری پرسی کورد لە سووریە نەک لە تارانو ئانکارا بەڵکوو لە قامیشلیو سەرێکانی و عامووداە.

٢٧ی ئاگۆستی ٢٠١٣

---

## شەرەفکەندی، ئەو پیاوەی گەورەیی بە مردن بەخشی

بەشێکی گرنگ و سەرەکیی مێژووی سەروەرییەکانی هەر نەتەوەیەکی زیندوو، بەستێنی گێڕانەوەو نوێنگەی ژیانو ئەندێشەی کەسایەتییە تایبەتو مەزنەکانیەتی. جاری وایە کە مێژوو خۆی لە توێی لاپەڕەکانی پەرتووکی ژیانی ئەو گەورەپیاوانەدا دەبینێتەوە. هەندێ جار ئەندێشەو مێتۆدی کرداریی مرۆڤە بلیمەتەکان رەوتی سەرەکیی ژیانی نەتەوەیەک دەگۆڕێو لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی دیکەی رێنوێنی دەکا. مێژووی سیاسیی کوردو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بەتایبەت لە یەک سەدەی رابردوودا بە جۆرێکی دانەبڕاو لەگەڵ کەسایەتیو ژیانی گەورەپیاوانێک گرێ دراوە کە هەرکامەی لە جێی خۆیدا ئاڵاهەڵگر و پاڵنەری سەرەکیی بەشو قۆناغێکی گرنگی مێژووی خەباتی ئەم نەتەوەیەن. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک جیددیترینو سەرەکیترین جەریانی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەو لاپەڕە زێڕینانەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کوردستانە کە نوێنگەی درەوشانەوەو گەشەی ئەو قارەمانو کەسایەتییە مەزنانەیە کە شوێن پەنجەو کارگەرییان نەتەنیا هەر لە حیزبی دێموکراتدا بەڵکوو لە پەیکەرەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە گشت کوردستاندا بۆ هەمیشە بە یادگار ماوەتەوە.

ئەگەر قازی محەممەد وەک دامەزرێنەرو پێشەوای حیزبی دێموکراتو سەرکۆماری کوردستان، دوکتور قاسملوو وەک بووژێنەرەوەو مێعماری سەرەکیی بونیادنانەوەی حیزبو بزووتنەوەی کورد، نەخشی سەرەکیو حاشاهەڵنەگریان هەیە، هەرگیز ناکرێ لە نەخشو کاریگەریی مامۆستایانەو ئەکتیڤی دوکتور شەرەفکەندییش وەک درێژەدەرێکی راستەقینەو بەڵێندەری بەردەوامیی ڕەوتی خەبات چاوپۆشی بکرێ. دوکتور سادقی شەرەفکەندی کە لە نێو کۆڕی هاوڕێیانی حیزبیدا بە دوکتور سەعید ناوی دەکردبوو لە دژوارترین هەلومەرجی ڕۆژەکانی سەختی خەباتی میللی دیمۆکراتیی خەڵکی کوردستان بە دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا ئەرکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی وەئەستۆ گرت. لەلایەکەوە کۆماری ئیسلامی دوای تەواوبوونی شەڕ لە نێوان ئێرانو عێراقدا زۆربەی هەرە زۆری هێزەکانی بۆ بەرەی شەڕی کوردستان ناردبوو و لەلایەکی دیکەشەوە تیرۆری دوکتور قاسملوو خۆی گورزێکی کاریگەری لە پەیکەری حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی کوردستان دابوو. هەر بۆیەش هەلومەرجی ناسکو دژواری ئەو کات ڕێبەرێکی لێوەشاوەو زاناو بلیمەتی دەویست کە هەم ئاگری کوورەی خەبات بە گەشاوەیی بێڵێتەوەو هەم حیزبو بزووتنەوە مافخوازانەکە بەرەو پێش بەرێو نەهێڵێ نەبوونی دوکتور قاسملوو بارێکی مەنفی لە سەر بەردەوامیی خەباتەکە دابنێ. لێرەدا بوو کە دەوری میحوەریو ئازایانەی دوکتور سەعید بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر بۆ دۆستو دوژمن دەرکەوتو هەمووان پەیان بە بەرحەقبوونو لێوەشاوەیی زێدەی دوکتور شەرەفکەندی برد. ئەگەرچی ماوەی ڕێبەرایەتیی دوکتور سەعید وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات کورتخایەن بوو و، تاریکپەرستان زۆر زوو هەستیان بە گەورەییو لێوەشاوەیی زێدەی ئەم ڕێبەرەی حیزبو گەل کرد، بەڵام هەر لەم ماوە کەمەشدا ئاستی بەرزی تێگەیشتوویی سیاسیو مودیرییەتیو هونەری بەرزی دیپلۆماسیی دوکتور شەرەفکەندی وەک سیاسەتمەدارێکی بەتواناو رووناکبیر بۆ هەموو لایەک دەرکەوت.

دوکتور سەعید باوەڕی قووڵی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو گەلانی دنیا بەتایبەت بۆ گەلی کورد هەبوو کەچی بە پێی ئەو هەلومەرجە تایبەتو جیاوازەی کە هەر پارچەیەکی کوردستان لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ حکوومەتە ناوەندیەکاندا هەیەتی پێی وابوو کە چارەسەری پرسی کورد لە ئاستە بەرینو گەورەکەی خۆیدا لە پێشدا پێویستیی بە ڕێکارو چارەسەری تایبەتی هەر پارچەیەک هەیە، هەربۆیەش وەک پرەنسیبو ئەسڵێکی بنەڕەتیی سیاسی، باسی لە سەربەخۆیی سیاسیی هەر حیزبو پارچەیەکی کوردستان دەکردو تەنانەت لەوکاتەشدا کە خەبات لە چڵەپۆپەی خۆیو حیزب لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، هەرگیز ئەو ئەسڵە ئەساسیەی نەخستە ژێر پێو پرەنسیپی سیاسیی ڕەچاو دەکرد. باوەڕی پراکتیکخوازانەی دوکتور شەڕەفکەندی بە بەشداریو لە مەیداندابوونی چینو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە خەباتی بێپسانەوە، و بەردەوامی نەتەوەییدا

بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورد لە خاڵە بەرچاوو سەرنجڕاکێشە سیاسیەکانی ئەو ڕێبەرە بلیمەتەی کورد بوو کە ئەمە ڕەهەندێکی والای پرستیژ و کەسایەتیی کەموێنەی پێبەخشیبوو. هەوڵی بێدرێغی دوکتور سەعید بۆ هاوکاریو هاوخەباتبوونی هێزو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی بەرەیەکی پێشڕەو و یەکگرتووی واحیددا سەرنجی زۆری سیاسەتمەدارانی نێوخۆ و دەرەوەی بەرەو خەباتی حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کەسایەتیی چالاکی ئەو ڕێبەرە هەڵکەوتەیە ڕاکێشابوو. کەسایەتیو لێوەشاوەیی بەرزی سیاسیو ڕێبەریو دیپلۆماسیی دوکتور شەرەفکەندی زۆر زووتر لەوە کە دوژمنانی کورد بیریان لێدەکردەوە بڕینی لەدەستدانی شەهید دوکتور قاسملوی سارێژ کردەوەو بە گوڕوتینێکی زۆرەوە ڕەوتی بەرەوپێشی خەباتی بەرەو پێشتر برد. هەربۆیەش ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمجارەشیان بۆ کردەوەیەکی شوومی دیکە دووبارە وەگەڕ کەوتەوەو لە ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا لە شاری بێرلینی ئەڵمان دوکتور سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، کاک فەتاحی عەبدولی ئەندامی ڕێبەریی حیزب، کاک هومایوون ئەردەڵان تێکۆشەری حیزبو نووری دێهکوردی دۆستی حیزبی دیموکراتیان تیرۆر کردو حیزبی دێموکراتو گەلی کورد بۆ جارێکی دیکەش لەگەڵ کۆستێکی دیکە ڕووبەڕوو بوونەوە.

دوکتور سادقی شەرەفکەندی ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە گوندی تەرەغەی بۆکان لەدایک دەبێ. خوێندن لە بۆکانو مەهابادو تەورێز تەواو دەکا. لە دانشسەرای پەروەردەی مامۆستایان لە تاران لیسانسی شیمی وەردەگرێو پاشان بە مەبەستی خوێندن دەچێ بۆ وڵاتی فەڕانسەو لەوێ لە زانکۆی ژمارە شەشی پاریس دوکتوڕای شیمی وەردەگرێ. هەرلەوێش لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوکتور قاسملووی نەمر ئاشنا دەبێو دەبێ بە ئەندامی حیزب. پێش کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکرات وەک ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێو لە کۆنگرەی چواردا دەبێتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی. زۆر بە خێرایی پەیژەکانی سەرکەوتن لە نێو حیزبدا دەپێوێو دەبێتە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، لە ساڵی ١٣٦٥ وە تا کاتی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو پۆستی جێگیریی سکرتێری گشتیی لە ئەستۆ دەبێ. دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو بە سکرتێری حیزب هەڵدەبژێردرێو پاش کۆنگرەی ٩ش دووبارە وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵدەبژێردرێتەوەو تا کاتی شەهیدبوونی لەم پۆستەدا دەمێنێتەوە. دوکتور شەرەفکەندیی نەمر نەتەنیا بە ژیانی بەڵکوو بە مەرگیشی لاپەڕەیەکی زێڕینی لە پەڕتووکی پڕ لە شانازیی سەروەرییەکانی نەتەوەییدا بۆ گەلی کورد تۆمار کرد و گەورەیی بە مردن بەخشی.

٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣

# نێلسۆن ماندەڵلا، شێلگیر لە خەبات و بەوەج لە دەسەڵات

شەڕ لە پێناوی ئاشتی‌دا، یا باشترە ئەوە بڵێین خەبات لە پێناوی ئاشتی‌دا. ڕەنگە بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ هیچ کەس وەک ماندێلا و خەباتەکەی ئەو لەجێی خۆی‌دا نەبێ و دوورەدیمەنێکی پراوپڕ لە حەقیقەتی دەروونیی خەباتێکی ڕەوامان بەدەستەوە نەدا. چون خەباتی ماندێلا بەواتای تایبەتیی وشە خەباتێکی ڕەوای ئینسانی و لە پێناوی دەستەبەر کردنی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ و ژیان‌دا بوو. تەنانەت ئەگەر شەڕ بە ڕەهەندە توندوتیژی‌و چەکدارانەکەی خۆشیەوە لێک بدەینەوە ئەوا بۆ ماندێلا واتایەکی زۆر ئینتزاعیی هەبوو و چەک دوایین شتێک بوو کە بیری لێ‌دەکردەوەو شەڕ دوایین ڕێگە چارەی بەردەمی بوو. شێوازی خەباتی ماندێلا لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی مێتۆدەکانی خەباتی گاندی‌دا بوو و ئەو ساڵانەی ژیانی گاندی لە ئافریقای باشوور کاریگەریی قووڵی لەسەر ئەندێشە و هەستی مافخوازانە و خەباتکارانەی ماندێلا دانابوو. هەر بۆیەش ئەگەرچی لە قۆناغێک لە خەبات بەتایبەت لە دەیەی ٦٠ی زایینی‌دا، کە خەباتی چەکداری لە سەرتاسەری دنیادا بڕەوێکی زۆری هەبوو و وەک شێوازێکی پیرۆزی خەبات بەتایبەت لەلایەن هێزە چەپەکانەوە بانگەشەی بۆ دەکرا، مەجبوور بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی خەباتی چەکدارانەش بوو بەڵام هەرگیز ئەوە لەگەڵ بنەما ئەندێشە ئاشتیخوازییەکەی ئەودا نەدەهاتەوە و وەک ئامرازێکی گونجاو بۆ سەرکەوتن‌و بەدەسەڵات گەیشتن سەیری نەدەکرد. بەڵکوو چەک لە خەباتی ماندێلادا ئامرازی بەرگری و خۆبەدەستەوە نەدانی مەشرووع و پارێزگاری کردن بوو.

گرینگ ئەوە بوو کە ماندێلا باوەری قووڵی بە خەباتەکەی هەبوو و ژیانیشی بۆ تەرخان کرد. ئامانجی ماندێلا تەنیا ڕزگاری لەدەست دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئاپارتایدی نژادپەرستی سپی پێستی ئافریقای باشوور نەبوو بەڵکوو لەوە گرینگتر بۆ ئازادی‌و گەڕاندنەوەی کەرامەتی حەقیقیی خەڵکی وڵاتەکەی بە سپی و ڕەشەوە خەباتی دەکرد و پێشی گەیشت. ئەو ئیرادە پۆڵایینەی کە دەیگوت «هەرگیز باوەڕ بە گومان‌و هەرگیز گومان لە باوەڕەکانت مەکە» لە پێناوی سەرخستی بەشێک لە خەڵکی وڵاتەکەی کە بۆخۆی لەوان بوو بەسەر بەشێکی دیکەی خەڵکدا خەباتی نەدەکرد بەڵکوو لە پێناوی پێکەوە ژیان و بەیەکەوە هەڵکرنی ئاشتیخوازانەی هەموو خەڵکی وڵاتەکەی لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆڕ و نەگریسی دواکەوتوودا خەباتی دەکرد و لەئاکامدا چەپکە گوڵی ئازادیشی بۆ هەموان بەخەڵات هێنا.

کاتێک کە لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە بەداخەوە دەبینین کە زۆربەی کات دەسەڵاتە خوێنخۆرو دیکتاتۆرەکان لەرێی شۆرشو ڕێبەرەکانیشیان وەک قارەمانانی نەتەوەیی بە دەسەڵات گەیشتوون. واتە ئەم ڕێبەرو هێزانەی کە کاتی خۆی ڕێبەرو هێزی رزگاریدەر و شۆرشگێری خەڵک و وڵاتەکانی خۆیان بوون دوای بەدەسەڵات گەیشتن بە پشتیوانیی ئەو مەشرووعییەتە بەرینە جەماوەرییەی کە لەرێی سەرکەوتنی شۆرشدا بەدەستیان هێناوە و بەپاساوی پاراستنی شۆرش بەداخەوە بۆخۆیان خراپترین و سەرکوتکەرترین هێزی دیکتاتۆرییان لێدەردێ و لەراستیدا زۆر زوو لە زۆربەی دروشمو ئامانجە پیرۆزو ئینسانییەکانی خۆیان دوور دەکەونەوە. بەڵام ماندێلا کە ڕێبازەکەی ئینسانیو لەپێناوی ئازادیی مرۆڤایەتیدا بوو هەرگیز پشتی لە بنەما سەرەکییە پیرۆزەکانی ڕێبازەکەی نەکردو تەنانەت دوای بەدەسەڵات گەیشتنیش بەویستی خۆی لە خولێکی سەرکۆماری زیاتر لە پێگەی دەسەڵاتدا نەمایەوە و نەریتێکی جوان و دیموکراتانەی بۆ خەڵک و وڵاتەکەی بەیادگار بەجێ هێشت.

ماندێلا ئەگەرچی بۆماوەی ٢٧ ساڵی رەبەق بە خراپترین شێوەی مومکین لە زیندانی ڕژێمی ئاپارتایدی دژەئینسانی و دیکتاتۆری ئافریقای باشووردا مایەوە بەڵام لە دەری تۆڵەوە لەگەڵ دوژمنانی پێشووی خۆی و خەڵکەکەی نەجووڵایەوە و بەم وتە مێژووییەی کە «لەبیری ناکەین بەڵام دەبوورین» دەرسی ئینسانییەتو ئازادی خوازیی فێری خەڵکی وڵاتەکەی و هەموو مرۆڤاتیش کرد. ئەگەر ئەمرۆ ئافریقای باشوور وڵاتێکی پێشکەوتووو دیموکراتو ئازادە بەشێکی زۆری مەدیوونی ئەندێشەو شێوەی خەباتو هەڵسوکەوتی سیاسی و دەسەڵاتداریی گەورە پیاوێکی وەک ماندێلالایەو کە نەتەنیا هەر بۆ خەڵکو وڵاتەکەی خۆی بەڵکوو بۆ هەموو جیهان و مرۆڤایەتی ئیلهام بەخشێکی حەقیقیی مێتۆد و هزری دیموکراسی و ئازادیی راستەقینەیە.

ئەندێشە و مێتۆدی خەبات و ژیانی ماندێلالاش وەک گاندی ئاراستەیەکی «تاک بۆ گشت» واتە لە خوارەوە بۆ سەرەوەی هەیە و دەڵێ: «ئێمە بۆوە لەدایک بووین تا گەورەیی و جوانیی ئەو خودایەی کە لە دەروونمان دایە بینوێنین و ئەوەش هەموو ئینسانەکان دەگرێتەوە». بەپێچەوانەی زۆربەی ئەندێشە باوەکانی سەردەم کە ریشەیەکی ئایدیۆلۆژیکی گشت خوازانەیان هەیە ئەو هەرگیز پێی وانەبوو کە ئەرکو ریسالەتی گۆرینی دنیای لە ئەستۆ دایەو بەڵێنی هیچ بەهەشتێکیشی جیا لەو دنیایەی کە تێیدا دەژیین بە خەڵک نەدا و نوسخەیەکی گشتیشی بۆ جیهان و مرۆڤایەتی نەپێچایەوە، بەڵکوو بەر لە هەموو شتێک هەوڵی ئەوەی دا کە خۆی دروست بکاو لە خۆیەوە دەستی پێکرد و گەرای خۆی و ئەندێشە و ڕێبازەکەی لە نێودڵی کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەیدا چاندو سەرنجی جیهانی راکێشاو ئەو کاریگەرییە بێ سنوورو نادەرویستەی بەسەر مرۆڤایەتی دانا.

لە بیر و ڕێبازی ماندێلادا هەناسە حزووری هەیەو ژیان بەردەوامیی بوونە و دەڵێ «ئەگەر قەرار بێ خوێن بە خوێن بشۆرێتەوە تووشی بەدبەختییەکی ماڵ وێرانکەر دەبین، ئەوە بەمانای ملکەچی و قبوڵ کردن نییە بەڵکوو یانی هەڵکردنو لێبوردەیی، یانی لە پێناوی ئاشتیو ئازادی و دێموکراسیدا کۆڵنەدەرانەو بێوچان تێبکۆشینو ڕێگە ببڕین بەڵام نابێ وەک دوژمنەکانمان بجوڵێینەوەو لەوانەوە پێناسە بۆ خۆمان بکەین». لەراستیدا حەقیقەتی خەباتی ماندێلا لە سەرکەوتنی تاقمێکی ئەتنیکی یا دەستەیەکی سیاسی بەسەر تاقم یا دەستەیەکی سیاسیی دیکەدا خۆی نابینێتەوە بەڵکوو لە سەرکەوتنی باوەڕە پیرۆزەکانی مرۆڤ لە پێناوی ئاشتیو ئازادیو دێموکراسیدا واتای راستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە. هەر بۆیەش دەڵێ «سەرکەوتن لە بەرەو پێشەوەچوون دایە نەک حەتمەن لە بەئامانج گەیشتندا». هەر بۆیەش سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا هەرگیز بۆ ئەو ئامانج نەبوو بەڵکوو قۆناغێک بوو لە ڕێبازی دوور و درێژی خەباتێکی نەپساوەی ئینسانی و هەروەها دەسەڵاتیش هەرگیز بۆ ئەو ئامانج نەبوو بەڵکوو ئامرازێک بوو بۆ خزمەتی هەرچی زیاتر بە مرۆڤایەتیی. ماندێلا دەڵێ: «ئازادی، تەنیا لە لێکردنەوەی کۆتو بەندی دەست و پێماندا خۆی نابینێتەوە بەڵکوو پێویستیمان بە ڕێزگرتن لە ئازادیی خەڵکانی دیکەش هەیە». دەڵێ»بۆوەی باشتر بژیین پێویستە لەگەڵ رابردوو بێ ئەوەی کە بۆی بەداخ بین رابێیینو قبوڵی بکەین، ئێستامان بەمتمانەوە تێپەڕ کەینو بەبێ ترس بۆ داهاتوو ئامادە بین، ئیمانو باوەڕەکانمان بپارێزینو ترسو دڵەراوکێ وەلا نێین، باوەڕ بە گومان نەکەینو هەرگیز گومان لە باوەڕەکانمان نەکەین .. ژیان سەرسوورهێنەرە تەنیا بەمەرجێک کە بزانین چۆن بژیین».

نێلسۆن ماندێلا، لەدایکبووی ١٨ی ژوئییەی ساڵی ١٩١٨ی زایینی، یەکەمین سەرکۆماری ئافریقای باشوورە کە لە هەڵبژاردنێکی ئازادو دێموکراتیک لەم وڵاتەدا بەم پۆستە گەیشت. ناوبراو بەر لە بەدەسەڵات گەیشتنی یەکێک لە ڕێبەرانی چالاکی خەبات دژی ئاپارتایدی نژادی لەم وڵاتەو سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقا بوو. ماندێلا لەدرێژەی ئەو ٢٧ ساڵەی کە لە زینداندا بوو بەهۆی خۆراگری و پێداگری کردن لەسەر ڕێباز و ئامانجەکانی کەسایەتییەکی نێونەتەوەیی پەیدا کرد. ناوبراو دوای ئازادی لە زیندانو بەدەسەڵات گەیشتن لەهەوڵی تۆڵە ئەستاندنەوە هەڵنەستاو سیاسەتێکی ئاشتی خوازانەو لێبووردەیی لەپێش گرتو هەر ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کە وڵاتەکەی هەنگاوەکانی بەرەو دێموکراسی بەخێراییتر بپێوێو دەسەڵات نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی ئەم وڵاتە بەبێ جیاوازییەوە بکات. ڕێز و خۆشەویستیی ماندێلا لە ئافریقای باشوور بەرادەیەکە کە خەڵکی ئەم وڵاتە بەگشتی نازناوی «مخۆلۆ» واتە بابەگەورەیان پێ بەخشیوە.

له سـاڵی ٢٠٠٩وه له‌لایه‌ن ڕێکخـراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کـان ڕۆژی ١٨ی ژوئیـیه به‌مه‌به‌سـتی ڕێزلێنـان له گه‌وره‌ییه‌کانی ئه‌و پیاوه مه‌زنه‌ی ئافریقا و هه‌موو جیهان و مرۆڤایه‌تی به‌شێوه‌یه‌کی ره‌سمی وه‌ک ڕۆژی ماندێلا ناودێر کراوه.

ماندێلا خاوه‌نی چه‌ندین خه‌ڵاتی به‌نرخی نێونه‌ته‌وه‌یی یه، که گرینگترینیان بریتین له: سه‌فیری خه‌ڵاتی ویژدان له‌لایه‌ن ڕێکخراوی لێبوردنی نێونه‌ته‌وه‌یی (٢٠٠٦)، خه‌ڵاتی ئاشتیی نۆبێل (١٩٩٣)، ئه‌ندامی شه‌ره‌فی حوکمی شانازیی کانادا، حوکمی شانازیی سێنت جۆرج، نیشانی ئازادیی سه‌رکۆماری، خه‌ڵاتی ئاشتیی لێنین(١٩٩٠)، بهارات ڕانتا (١٩٩٠)، حوکمی شایسته‌یی(١٩٩٥)، ئازادیی شار له ژوهانسبورگ (٢٠٠٤) و ... .

مانـدێلا، ڕۆژی ٥ی دێسـامبری ئه‌مساڵ (٢٠١٣) له نه‌خۆشخانه‌یه‌کی شاری ژوهانسـبورگی ئافریقـای باشـوور له ته‌مه‌نی ٩٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کردو ١٠ ڕۆژ دوای مردنی له‌نێو ئاپۆرای به‌رینی خه‌ڵک و ژماره‌یه‌کی زۆر له سیاسه‌تمه‌دار و نوێنه‌ری وڵاته جیاوازه‌کانی جیهان له گوندی زادگه‌ی‌دا به‌خاک ئه‌سپێردرا. یادی پیرۆز و ڕێبازی به‌رده‌وام.

٢٧ی دێسه‌مبه‌ری ٢٠١٣

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤

## «تێرۆریزمی ئێرانی (کۆماری ئیسلامی)»

تیرۆر یان کردەوەی هێرشبەرانە بە مەبەستی سڕینەوە (حذف)ی فیزیکیی کەس یان چەند کەسێکی دیاریکراو لە مێژووی سیاسی ئێران‌و بەتایبەت کۆماری ئیسلامی‌دا، رابردوویەکی کۆنی هەیە و ڕەنگە لە کەمتر وڵاتێکی دیکەی دنیادا لە بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ هاوکێشە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بەم رادەیە لەم ئامرازە نەخوازراوە کەڵک وەرگیرابێ. دیارە پێناسەی تیرۆر بەپێی ئەو پێوەرە گشتیە داڕێژراوانەی کە لە پانتایی مێژووی سیاسیی نێونەتەوەیی بەتایبەت لە چەند سەدەی رابردوودا دیاری کراوە، ئاستێکی بەرینترو بوارێکی بەرفراوانتر لە خۆ دەگرێ‌و تەنیا لە چوارچێوەی تیرۆری سیاسیی مۆدێلی سڕینەوەی فیزیکی کەسەکان‌دا مەحدوود نابێتەوە؛ وەک تیرۆری کەسێتی، تیرۆری کۆمەڵایەتی، تیرۆری ئابووری و ... . بەڵام ئەوەی کە بەگشتی جێی باسی ئێمەیە و لەم نووسینەدا لە هەوڵی تێرامانی داین هەوڵی سڕینەوەی فیزیکییە، کە نەخوازراوەترین‌و نامەردانەترین جۆری تیرۆرە کە پێکهاتەگەلێکی وەک کۆماری ئیسلامی هەمیشە وەک یەکێک لە گرینگترین چەکە سیاسییەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ هاوکێشە جۆراوجۆرەکان، چ لە ئاستی نێوخۆیی‌و چ لە ئاستی دەرەکی‌دا، کەڵکی زۆری لێ وەردەگرن. لەراستی‌دا بۆ دۆزینەوەو پەیبردن بە سەرەداوەکانی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی‌و ئەو سەرچاوە مەعریفیانەی کە پێکهاتەیەکی سیاسیی لەم چەشنە شەرعییەت‌و پاساوی کردەوەیەکی ناهەنجاری ئاوای لێوەردەگرێ، پێویستە پێداچوونەوەیەکی ئەگەرچی خێراشمان بە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بەگشتی‌و بەتایبەت لە مێژووی ئێران‌داو هەروەها چییەتی‌و چۆنیەتی چەمکی تیرۆر لەم بەستێنەدا هەبێ. دیارە ئیسلامی ئێرانییش کە ڕیشەی لە ڕەوتی بناژۆخوازی ئیسلامی شیعەگەری‌دا هەیە وەک زۆربەی پێکهاتە ئایدۆلۆژیکەکانی دیکە لە دەروونی خۆی‌دا پێی وایە ئامانج ئامراز دیاری دەکاو بنەمای گەیشتن بە ئامانج پاساوی چییەتی‌و چۆنیەتیی ئامرازەکەیەتی. ئەم باوەڕە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە چوارچێوەی تیۆرو کارکردی هێزە ئایینی‌و چەپە رادیکاڵەکان‌دا دەرەوشاوەتەوەو بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی نیشان داوە کە خود ڕەنگە یەکێک لە پاساوە هەرە پشت قایمەکانی کردەوەیەکی نەخوازراوی وەک تیرۆر بێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شرۆڤەی چۆنیەتیی پێکهاتنی

خۆیدا، نایشارێتەوەو راشکاوانەش خۆی بە وامدارو میراتگری راپەڕین و بزووتنەوەگەلێکی وەک» حەسەن سەباح» و «نەواب سەفەوی» و... دەزانێ، کە خود بوارێکی گرینگو بەرچاوی کارکردنی ئەو چەشنە حەرەکەتانە لە تیرۆرو سڕینەوەی فیزیکیی نەیارانی سیاسی‌دا خۆی دەدیتەوە. لە ئەدەبیاتو میتۆدی سیاسی کۆماری ئیسلامی‌دا لە تیرۆریستانێکی وەک (میرزا ئاقاخانی کرمانی) بکووژی»ناسرەدین شای قاجار» و «خالید ئیسلامبولی» بکوژی «ئەنوەر ساداتی میسری» وەک قارەمانانێکی گەورەی مێژوویی یاد دەکرێتەوەو دەنرخێندرێن. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە وەک دەسەڵاتی تەنیاو قۆرغکردووی وڵاتێکی وەک ئێران بە پێی زاتە ئایدۆلۆژیکییە تایبەتە ئایینییەکەیەوە لە پێناوی بوونو مانەوەو یەکدەست کردنی پەیتا پەیتای دەسەڵاتەکەی‌دا بە شێوەیەکی بەردەوام و ماندوونەناسانە لە هەوڵی دوژمن داتاشینو وێناکردنی مەترسیی دوژمنێکی لە کەمینی خەیاڵیی هەمیشەیی‌و تێبینی ئەم شێوەی ڕوانینە لەنێو خەڵکو بەتایبەت لایەنگرەکانی‌دا بووە. ئەم چەشنە حکوومەتانە بەپێی ئەو چوارچێوە تایبەتییانەی هەیانە، ئەساسەن ناتوانن کرانەوەیەکی ئەوتۆ بە خۆیانەوە ببینن‌و نەرمی بنوێنن. چون هەر پاشەکشەیەکی، تەنانەت ئەگەر کەمیش بێ، لەوانەیە تا لێوی هەڵدێرەکانی نەمانیان بەرێ‌و مەترسیەکی جیدی بۆ مان‌و مەوجوودییەتیان پێک بێنێ. هەربۆیەش لە هیچ چەشنە کردەوەیەکی تەنانەت نامرۆڤانەو هەندێک جار بەپێچەوانەی باوەڕەکانیشیانەوە ناپرنگێنەوەو پاساویشی بۆ دێننەوە. کاتێک سەیری ماشێنی تیرۆر لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا دەکەین دەبینین کە بەگوێرەی قۆناغە جۆراوجۆرەکان و زەروورەتەکانی سەردەم لە روانگەی ئەم رێژیمەوە، ئەم دیاردەیەش شێوازی جۆراوجۆری لە خۆدا گرتووەو تەنیا بوارێکی تایبەت ناگرێتەوە. بەشێکی زۆر لە دەرکەوتەکانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی شەڕی نێوخۆیی دەسەڵاتو رەوتی یەکدەست کردنەوەو دەرکردن‌و سڕینەوەی ناخودییەکانی نێو دەسەڵات لە پێکهاتەی گشتی سیاسی وڵاتدا بوو. مەرگی گوماناوی تاڵەقانی، تەقینەوەیی نێوخۆیی حیزبی کۆماری ئیسلامی، بێ سەروشوێن کردنی بەسەدان کەس‌و کوشتاری بێ دادگایی بەهەزاران زیندانیی سیاسی لە دەیەی شەست، کوشتارە زنجیرەییەکانی سەردەمی ئیسلاحات و... لە نموونە بەرچاوەکانی ئەم چەشنە روویکردەی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامین. لایەنێکی دیکەی تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی رووی لە هێزی ئۆپۆزسیۆنی ئەم نیزامە بوو کە پاش چەند ساڵێک لە دوای شۆڕشەوە ئیتر ئیمکانی کارکردن لە نێو خۆی وڵاتیان بۆ نەمایەوە و بەناچار پەرتەوازەی ئەودیوی سنورەکان‌و دەرەوەی وڵات بوون. کەچی بەم حاڵەشەوە ترسی ئەم رێژیمە لە پێگەو کاریگەریی ئەو کەس‌و لایەنانە لە نێو کۆمەڵگادا وای لێکرد کە بە ئەنجامی تیرۆرو سڕینەوەیان هەستێ. لە لەبەرچاوترین نموونەکانی ئەم شێوازەی تیرۆری کۆماری ئیسلامی دەتوانین بە تیرۆری شەهیدانی سەرکردەی کوردو حیزبی دێموکرات دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، تیرۆری شاپوور بەختیارو فەرەیدون فەرۆخزادو بەسەدان کەسایەتی‌و دژبەری سیاسیی دیکەی

کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات ئاماژە بکەین.

ڕەهەندێکی دیکەی دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی ڕووی لە دژبەران و نەیارانی ئەم ڕژێمە لە ئاستەکانی جیهانی دایەو زیاتر ئەو وڵاتو لایەنانە دەگرێتەوە کە لە بەرەی دژ بە کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی هاوکێشە نێونەتەوەیەکان دان. ئینجا لەگەڵ ئەوەیدا کە بەشێکی ئەم کردەوە تیرۆرستیانە لە ڕێی کەسو مۆرەکانی خۆیەوە ئەنجام دەدات، بەڵام بەشێکی زۆریشی لە ڕێی گرووپو تاقمە تێرۆریستییە هاوپەیمانەکانی وەک» حەماس»ی فەلەستینیو «حیزبوڵڵا»ی لوبنانییەوە بە ئەنجام دەگەیێنێ. ئەم شێوازەی تیرۆر لەگەڵ ئەوەی کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی کەڵکی لێوەرگیراوە بەڵام بەتایبەت پاش مەترسی ئەم ڕێژیمە لە ئەگەری شەڕێکی شیمانەکراو و بەرەوروو بوونەوەی لەگەڵ ڕۆژئاوا لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕەوتێکی خێراتری بەخۆوە گرتوە. تەقاندنەوەی ناوەندی فەرهەنگی جولەکەکان لە (بۆئێنۆس ئایرێس)ی پایتەختی ئارژانتین لە ساڵی ١٩٩٤، تیرۆری سەفیری عەرەبستان لە ئامریکا لە ساڵی ٢٠١١، هەوڵی تیرۆر و تەقاندنەوەی دیپلۆماتو سەفارەتەکانی ئیسرائیل لە چەندین وڵات و... لە نموونە بەرچاوەکانی ئەو بەشە لە کرداری تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن کە بە گشتی لە چوارچێوەی تیرۆرزمی نێودەوڵەتیدا خۆی دەبینێتەوە. سەرنجدان بەو مەسەلەیە کە کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە تێرۆر وەک ئامرازێکی کاراو کارتێکی یاری لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا لە ڕاستای داسەپان و زۆرجاریش بۆ « فرافکنی»و بەلاڕێ بردنی ڕای گشتی چ لە ئاستی نێوخۆییو چ لە ئاستی دەرەکیدا کەڵکی وەرگرتوە، گرینگییەکی تایبەتی هەیەو ڕەنگە لە کردنەوەی هەندێک لە گرێ پووچکەکانی هاوکێشە سیاسییەکانی ئەم ڕژێمە یارمەتیدەر بێ.

لە ژمارە ٦٣١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٦ی مای ٢٠١٤

## دێموکراسی لە نێوان ئازادیو دیکتاتۆریدا

ئایا دەکرێ کاتێک کە مرۆڤ خۆی بەرهەمی ژیانە، بە سووکی بگرێ؟! ئەو هەوڵە بێ وچانەی مرۆڤ بۆ خودسانسۆڕیو شاردنەوەی چەمکە بنەماییە وجوودییەکانی وەک بوونەوەرێکی گیانداری خاوەن بیر لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟! ئەو جۆری هەڵوێستو وێنا کردنەی مرۆڤ لە خۆی لە قووڵاییەکانی دەروونییەوە هەڵدەقوڵێ یان ریشەی لە دەرەوەی چەمکی پێکهێنان و خواست و ئیرادەیدا هەیە؟

لێرەدا بە هیچ شێوەیەک مەبەستم وێنای کۆمەڵگایەکی بێ سەرەوبەرەی ئاڵۆزی نابەرپرسیارانە نییە کە تێیدا بەناوی ئازادیی مرۆڤ کەرامەتو بایەخی ئینسانی بکەوێتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە. کەچی رێک بە پێچەوانە ئەم نووسینە بەربەرەکانییەکی راشکاوانەیە لەگەڵ ئەو شێوازی بیرکردنەوەو ئاراستانەی بەناوی کەرامەتو بایەخی ئینسانییەوە بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێک دەستە بۆچوونو هاوکێشەی دیاریکراوی هاوشێوەی لە دەرەوەی بەرژەوەندیو دەسەڵاتی مرۆڤەوە، وەک مرۆڤ، بەردەوام لە هەوڵی کۆیلاندنو بەلارێ بردنی ئاراستەکانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دان. کاتێک «شاملوو» لە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە برینە ژیلەمۆییەکانی دەروونی دەکولێنێتەوە و وردبینانە خەسارناسیی کۆمەڵگاکەی دەکات، دەڵێ «هەرگیز هیچکەس بەمشێوە بێرەحمانەیە بە دژایەتی لەگەڵ خۆی هەڵنەستا، کە من لەگەڵ ژیانمدا کردم».

بەداخەوە وێدەچێ زۆر بە کەمی دەرکی شیاوی ئەم حەقیقەتەمان کردبێ کە نوێنگەی راستەقینەی بوونایەتیمان، ژیانمانەو پەیبردن بە هاوپێوەندیی لێک نەبڕاوەی ئەم دوو چەمکە سەرەکییەی فەلسەفەی وجوودیمان وێنایەکی مسۆگەرتر بە مرۆڤ بوونمان دەبەخشێ.

«فرێدریش نیچە» لە گوتارێکی رۆشنگەرانەدا بەناوی «انسان مصلوب»، بە بەرپرسایەتییەوە نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە دۆڕاندنی بایەخە پیرۆزەکانی ژیان لە بەرامبەر هێمای خاچێکی بێ گیان دا لەلایەن مرۆڤەوە دەردەبڕێو رەخنەی توند لەو کەسانە دەگرێ کە بە پێگەو بوونی خۆیان نازانن. لە کەڵکەڵەی بیر و فەلسەفەی نیچەدا مرۆڤ رێزێکی تایبەتی هەیە و وەک پێوەری سەرەکیو پیرۆزی ژیان بەواتای بوون دەژمێردرێ.

کەچی مرۆڤ (یان باشتر ئەوەیە بڵێین بەشێک لە مرۆڤ کە خوازیاری بە دەسەڵات گەیشتن بوو) لە هەڵوێستی ئیرادەی هێزەوە کەوتە هەوڵی ئاراستەدار کردنی ئەندێشە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگا لە چوارچێوەیەکی سنوورمەندی دیاریکراوی تایبەتدا. هەموو ئەو پێکهاتانەی کە پێیان دەڵێن مەکتەبو ئیدیۆلۆژی (زەوینی یان ئاسمانی) بە درێژایی مێژوو بە یاریکردن بە کۆمەڵێک فاکتۆری هەستیاری وەک نائاگاهیو ترسو بێزاریو خولیای دنیایەکی جوانتر، بەداخەوە هەرگیز بەڵێنو ئامانجەکانی خۆیانیان بەجێ نەگەیاندووەو بەپێچەوانەوە بەردەوام چەوسانەوە و بێزاری و سەرگەردانیان بۆ مرۆڤ بە خەڵات هێناوە. لە دەروونی چوارچێوەیی ئەم ئەندێشە کردارییانەدا مرۆڤ وەک بەدیهیترین چەمکی ژیان و ژیان وەک پێوەندگی سەرەکیی بوون، تا ئاستی کەرەستە بوونو بەستێنێکی کەرەستەیی لە بایەخی وجوودییان کەم کراوەتەوەو گرینگایەتیی پیرۆزتر بەو ڕەهەندانە دراوە کە لە ئەساسی خۆیاندا بەبۆنەی ئەم دوو توخمەوە پێناسە دەکرێن. کاتێک کە سەیری حەقیقەتی پێکهاتەیی ئیدیۆلۆژیو مەکتەبە عەقیدەتییەکان دەکەین بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر زیاتر لەوەی لە خزمەتی بەرژەوەندی و چارەسەری گرفت و نیگەرانییەکانی مرۆڤدا بن، لە راستای چەوساندنەوە و بێ بایەخیی زێدەتریدا بوون.

«کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» وەک چۆن «پۆپێر»یش دەڵێ رەنگە ئەوە خود هەڵەترین پرسیارێک بووبێ کە بە درێژایی مێژووی سیاسیی جیهان مرۆڤ لە خۆی کردبێو هەر جارەی کەس یان لایەنێکیش لە روانگەی خۆیەوە و بە گوێرەی ئاستی تێگەیشتن و لێکدانەوەی تایبەتی خۆی وڵامێکی داوەتەوە.

لە راستیدا ئیدیۆلۆژییەکان لە دڵی ئەم پرسیارەوە سەریان هەڵداوە و رەنگدانەوەی راشکاوانەی وڵامی ئەم پرسیارەن و ئەم پرسیارەش خود سەرەکیترین چەمکی پێکهێنەری رەوتی کلاسیکی مێژووی سیاسیی جیهانە. ئەم پرسیارە بۆ یەکەمجار بە شێوازێکی دارێژراو لەلایەن ئەفلاتوونەوە هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی جیهانەوە، بەڵام دیارە چ پێش ئەو و چ دواتریش سەرەکترین کەڵکەڵەی ئاراستە دیکتاتۆری و ئیدیۆلۆژیەکانی مێژوو بووە.

یۆنانییەکان ناوگەلێکی جۆراوجۆریان بۆ پێناسەکردنی شێوازە جیاوازەکانی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەت دەسنیشان کرد. رەنگە هۆیەکەشی ئەوە بووبێ کە دەیانەویست بە گونجاوترین مۆدێلی حکوومەتی بگەن و بیناسن. ئەم گریمانەیە لەلایەن ئەفلاتوونەوە دارێژرا و لە پێنج خشتەی جیاوازدا لێکدرایەوە،

***١- پاشایەتی: حکوومەتی کەسێکی باش (تاک)***

*٢- دیکتاتۆری: حکوومەتی کەسێکی خراپ (تاک)*

*٣- دەسەڵاتی ئەشراف: حکوومەتی چەند کەسی باش (کەمینە)*

*٤- ئالیگارێشی: حکوومەتی چەند کەسی خراپ (کەمینە)*

*٥- دێموکراسی: حکوومەتی خەڵکی (زۆرینە)*

**دیاره کە ئەفلاتوون، خۆی، چوار شێوازەکەی یەکەم رەت دەکاتەوە و خشتەکانی «١ و ٣»یش بە نائەخلاقی دەزانێ و دەڵێ کە ئەم دوانەش لە ئاکامدا بە چەواشە دەکێشرێن و لە دەروونی خۆیاندا پتانسێلی بە خراپ بوونیان تێدایە. بەڵام لە حاڵەتی دوایینردا تەنیا مۆدێلێکی حکوومەتی دەناسێنێ و بە باشیشی دەزانێ. تەنانەت ئەساسی فەلسەفەکەی خۆی و کتێبە بەناوبانگەکەی (کۆمار)یش لەسەر ئەو بنەمایە دادەرێژێ.**

**«کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» لە راستیدا ئەم پرسیارە (بە شێوەیەکی ناخۆدئاگا) هێشتاش گرینگترین چەمکی پێکهێنەری ئیدیۆلۆژیو باسە سیاسییەکانی رۆژە و هەرکەس و هەر لایەنێکیش بە پێیویست و ئاراستە هزرییەکانی خۆیەوە بەرەو ئاقارێکی بردوە.**

**پێغەمبەران، مارکسو لێنین، هیتلێر و مۆسۆلینی و هەروەها زۆریەک لە سیاسەتمەدارانی هاوچەرخیش زۆربەی کات لە ناخودئاگای خۆیاندا بە شێوەیەکی ماندوونەناسانە بیریان لەوە کردۆتەوە و کاریان بۆ کردوە. هەرکاتێکیش کە دەستوور و یاسایەکی گشتییان داناوە، زیاتر لە هەموو شتێک وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بووە کە «کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» وڵامی خودی ئەفلاتوون بۆ ئەم پرسیارە ئەوە بوو: « خەڵک (زۆرینە)ی باش»، کە راشکاوانە وڵامێکی ئەخلاقیی ناتەواو بوو. پێغەمبەران لایەنگری دەسەڵاتی ئایین و حکوومەتی رێبەرانی ئایینی بوون. مارکسو لێنین پێیان وابوو کە پێویستە بۆ دەربازبوون لە هێزی سەرمایەدارانو نەمانی چەوسانەوەی مرۆڤ دەبێ کرێکارانو زەحمەتکێشان لە دەسەڵات دابن. سەبارت بە هیتلێریش کە راشکاوانە لە روانگەی هێزەوە سەیری دەسەڵاتی دەکرد ئاشکرایە وڵامەکەی تەنیا «من» بوو. وێدەچێ کە ئەویش وەک زۆربەی پێشینیانی خۆی پێی وابووبێ پرسیاری حکوومەت. لە ناخی خۆیدا، پرسارێکی بنەماییە.**

**پڕ دیارە کە چۆن لە شێوازە ئیدیۆلۆژیکەکانی حکوومەتدا کە هەمیشەش دیکتاتۆریی لێدەکەوێتەوە جێگای دال و مەدلول لە نێوئاخنی سیستمی سیاسیی کۆمەڵگادا دەگۆڕدرێ و بەجێی ئەوەی لە روانگەی چۆنێتی بەڕێوەبردنی**

وڵاتەوە سەیری دەسەڵات بکرێ، لە ڕەهەندی دەسەڵاتەوە حکوومەتو نیزامی بەڕێوەبەرێتیی سیاسیی و... لێکدەردرێتەوە و پێناسە دەکرێ. ئیدیۆلۆژیی حکوومەتی زۆرینە لە مۆدێرنتیرن و لە هەمان کاتیشدا خەتەرناکترین شێوازەکانی تیۆریی سیاسیی جیهانە کە بە هەڵە دیموکراسیی پێدەگوترێ. چون سەرەڕای ئەوەی کە وەکوو شێوازە دیکتاتۆرییەکانی دیکە لە روانگەی ئیرادەی هێزی (جەماوەری زۆرینە) وە دەدوێ، لەگەڵ ئەوەشدا مەشرووعییەتێکی بەرینی جەماوەریی پێناسەکراوی داڕێژراو لە پشت خۆیەوە دەبینێ و کەڵکی لێ وەردەگرێ.

حکوومەتی زۆرینە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا پێشێلکردن یان لانیکەم بە کەمگرتنی مافی کەمینەیە. کە بە داخەوە لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنو لە پێگەی هێزەوە ئیتر توانایی لابردن و بەربەرەکانی کردن لەگەڵی لە دەست کۆمەڵدا نامێنێ.

(بە گشتی دیکتاتۆری هەلومەرجێک پێکدێنێ کە ئێمە بەرپرسیاری نینو ئینجا تەنانەت گۆڕانیشی لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە).
کە وایە بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقیمان هەیە کە هەرچی لە توانامان دایە بە کاری بێنین بۆوەی لە پێکهاتنی بارودۆخێکی ئاودا پێشگیری بکەین. زۆربەی حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان یان ئەوانەی لە دوایی‌دا بە دیکتاتۆرێتی دەگەن، لە سەرەتاوەو لە کاتی ئۆپۆزسیۆنی‌دا بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازە دێموکراتیکەکانو لەڕێی هەڵبژاردنەوە بە دەسەلات گەیشتوون.

کە وایە (دێموکراسییەکان حکوومەتە خۆشەویستەکانی هەمووان نین، بەڵکوو بە واتایاکی تر ئەو مەودایەن کە خاوەنی ئامرازی خۆپاراستن لە بەرامبەر دیکتاتۆڕییەکان دان). لە راستی‌دا دێموکراسی بەستێنی دژکردەوەیی‌و بەرەنگاربووونەوە لەگەڵ ئۆتۆریتەی پاوانخواز و هێژێمۆنیی دیکتاتۆری‌یە و رێ لە کۆکردنەوە و پاوانی هێزو دەسەلات لە شوێنێکدا دەگرێ و سنووری یاسایی‌و دەسەڵاتی دەوڵەت دیاری دەکات.

لە پێکهاتەی ئەدەبیاتی سیاسیی لیبراڵ و دێموکراتخوازیی مۆدێرنی جیهانیدا پرسیارە لە مێژینەکەی «کێ دەبێ حکوومەت بکات؟» ئیتر ئەو کاریگەری و گرینگایەتییەی نامێنێ و «پۆپێر» گوتەنی پێویستە پرسیاری تەواو جیاواز و مرۆڤانەتری «ئایا شێوازێکی حکوومەتی هەیە کە ڕێمان پێ بدا بەگوێرەی پێویست بتوانین خۆمان لە دەست حکوومەتێکی ئەهریمەنی یان تەنانەت نەشیاو رزگار بکەین؟» جێگەی بگرێتەوە. لێرەدا بنەمای چەمکی

پرسیار و وڵامی حکوومەت ئیتر لە چوارچێوەی کەس یان لایەنێکی تایبەتی دیاریکراودا نامێنێتەوە و سەرنجی شایان بە ڕەهەندەکانی چەندوچۆنیی بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەت دەدرێ. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە (دێموکراسی دەبێ ئەگەر و ڕێی دەرباز بوونی بێ توندوتیژیمان لە دەستی دەوڵەتێک کە ڕێزی ئەرک و بەرپرسایەتیەکانی خۆی ناگرێ، بۆ دەستەبەر بکا).

لە ڕاستیدا کێشەکە لەوەدا نیە کێ حکوومەت بکات، بەڵکوو پێویستە چەندوچۆنیی دەسەڵاتو سنوورەکانی دەوڵەت دیاری بکرێت، ئەوەی کە دەوڵەت دەبێ چۆن بێ. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە دەوڵەت نابێ زیاتر لە ئاست و گوێرەی پێویست حکوومەت بکا و دەسەڵاتی هەبێ. یان بەواتایەکی دیکە وڵاتێک دەبێ چۆن بەڕێوە بچێ. ئیتر گرنگ نییە کێ یان جۆرێکی تایبەت (تاقمێک کە خۆیان بە خەڵک دەزانن) حکوومەت بکەن. پێویست ناکا لێیان بترسین یان ناچار بین کە بترسین. کە وایە (دێموکراسییەکان، ئەو مەجالو مەودایانەی بەڕێوەبەریی وڵاتو کۆمەڵگەکانن کە بۆ بەرگری کردن لە مافو ئازادییە ئینسانییەکان، لە هەر شێوازێکی حکوومەتی درووست بوون). لە دێموکراسیی پۆست مۆدێرنو ئەکتیڤی لیبراڵ و مرۆڤخوازانەی سەردەمدا ئاراستەی پەیژەی دەسەڵات لە خوارەوە بۆ سەرێیەو دەسەڵات شەرعییەتی خۆی لە گشت قۆناغەکاندا بە کردەوە لە کۆمەڵگاوە وەردەگرێ.

سەرچاوەکان:


١- انسان مصلوب، فردریش ویلهلم نیچه

٢- جامعەی باز و دشمنان آن، کارل پوپر.


لە ژمارە ٦٣٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٧ی جوولای ٢٠١٤

## داعش، بونیادگەرایی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی کوردستان

دوای تەواو بوونی شەڕی سارد و تێکرووخانی بلۆکی رۆژهەڵات، سنووربەندیی هێز و هاوکێشە سیاسییەکانی جیهانی ئاڵوگۆڕێکی بەرینی بەسەردا هات. بۆ تێگەیشتن و پەیبردن بە حەقیقەتی ئەم راستییەش پێویستە ئاوڕێکی خەسارناسانە لە سەردەمی شەری سارد و چۆنیەتیی تاعەمول و هەڵسوکەوتی هێزە جیهانییەکانی ئەوکات لە بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ یەکتر بدەینەوە. لەراستیدا مەترسیی نفووز و پەرەی کۆمۆنیزم لە ئاستێکی بەرینی نێونەتەوەیی بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، کە سەرچاوە و مەکۆی سەرەکیی وزەیە لە جیهاندا، وای لە وڵاتانی رۆژئاوایی و بەتایبەت ئامریکا کردبوو کە بەهەر شێوەیەکی مومکین پێش لەم شتە بگرن. هەر بۆیەش دوو سیاسەت و رێکاری سەرەکییان لەپێش گرت. یەکەم؛ یارمەتیدان و هەوڵ بۆ هاتنە سەرکاری حکومەتە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکان، بۆوەی رەوت و جەریانە چەپە سیاسییەکان مەجالی خۆنواندن و دەرکەوتنیان هەرچی زیاتر کەم بێتەوە و ئیمکانی بەدەسەڵات گەیشتنیان لاوازتر بێ. دوویەمیش ئەوە بوو کە یارمەتیدەر و پاڵنەری ئەندێشە و بزووتنەوە توندرەوە مەزهەبییەکان بن و لەم سۆنگەیەوە رێگەی شۆڕبوونەوەی بیر و ئەندێشەی چەپی و کۆمۆنیستی بۆ نێو کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت خەڵکی رەشایی کە بزوێنەرانی سەرەکین بگرن و تا حەددی ئیمکان بەرتەسکی بکەنەوە. بۆیە، دەورانی شەڕی سارد بۆ خەڵکی وڵاتانی جیهانی سێیەم بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناوەراست سەردەمی رەشی حکومەتە دیکتاتۆرەکان و تەقینەوەی بیری ئیسلامی سیاسی و بونیادگەرایی خەستی ئیسلامی بوو.

پاش کۆتایی پێهاتنی شەڕی سارد و نەمانی مەترسیی کۆمۆنیزم لە ئاستی بەرینی جیهانی و ناوچەییدا بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، ئیتر رەوتی رووداوە سیاسییەکان ئاراستەیەکی جیاوازتری بەخۆیەوە گرت و قۆناغێکی دیکە لە بەرەوروو بوونەوەی هێز هاتە ئاراوە. چیتر حزووری حکومەتە دیکتاتۆرەکان پاساوی وجودییان نەمایەوە، بەڵکوو چەمکگەلێکی وەک دێموکراسی، مافی مرۆڤ، ئازادی و بەگشتی پارامێترە جۆراوجۆرەکانی دنیای پێشکەوتوو جێی گرتەوە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە و هاوتەریب لەگەڵ ئەم بابەتە کێشەیەکی دیکە دروست بوو. ئەویش گەشەی زێدەرۆیانەی چەمکی بونیادگەرایی ئیسلامی بوو کە بە شێوازی جۆراوجۆر لە شێوەی ئیسلامی سیاسی خۆی دەردەخست. ئەو درەختەی کە کاتی خۆی لە سەردەمی شەڕی سارددا بە مەبەستی دژایەتی کردن و بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم لە وڵاتانی ئیسلامیدا ئاودێری کرابوو ئیتر لق و پۆپێکی زۆری دەرکردبوو و ئەوجار بەرۆکی خۆدی ئەو

کۆمەڵگەیانەی گرتەوە. کۆمەڵێک ڕەوت و ڕێکخراوی سیاسیی ئیسلامیی جیاواز بە ناوی جۆراوجۆرەوە سەریان هەڵدا و هاتنە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستەوە کە پێشتر وجوودیان نەبوو. گرینگترینی ئەو ڕەوت و ڕێکخراوە سیاسییانە کە سەرەکیترین جۆری پێناسە و چالاکییەکانیان لە تیرۆر و ترس و تۆقاندندا خۆی دەبینێتەوە گرووپەکانی ئەلقاعیدە و داعشن. ئەلقاعیدە و داعش دوو ڕەوتی توندئاژۆی ئیسلامی سیاسین کە لە هەناوی بونیادگەرایی توندڕەوی ئیسلامییەوە سەریان هەڵداوە و ئێستا وەک مەترسیدارترین گرووپە تیرۆریستییەکانی جیهان دێنە ئەژمار و کێشەی جیددییان بۆ ئەمنییەت و ئاسایشی نێونەتەوەیی و کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان ناوەتەوە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک بەشێک لە جوغرافیای سیاسیی ئێران و بەشێک لە خاکی کوردستان کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەڵکەوتوە، ناتوانێ بەدەر بێ لەو هەموو کێشە و ئاڵۆزییانەی کە ناوچەکە و جیهانی گرتۆتەوە. هەر بۆیەش پێویستە کە هەم خەڵک و هەم هێزە سیاسییەکانی کوردستان زۆر وشیارانە لەگەڵ ئەم بابەتە هەڵسوکەوت بکەن و نەهێڵن کە ڕۆژهەلاتی کوردستانیش ببێتە بەشێک لە مەیدانی یاری و تەراتێنی هێزە بونیادگەرە ئیسلامییەکان و هیچ هێز و ئەندێشەیەکی ئیدیۆلۆژیکی دواکەوتوو.

ئەوەی کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسوڵمانە و باوەڕی مەزهەبیی خۆیان هەیە، بۆ هیچ کەسێک شاراوە نییە. بەڵام ئەوەش زۆر گرینگە کە هەمووان وشیاری ئەوە بن کە هیچ هێز و لایەنێکی کوردی و غەیری کوردی هەست و سۆزی دینی و مەزهەبیی خەڵک لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بەکار نەهێنن و ئیستفادەی ئەبزاریی لێ نەکەن. لازمەی ئەم بابەتەش ئەوەیە کە کۆمەڵگە بەهەموو جومگەکانی خۆیەوە نابێ بەهیچ شێوەیەک ئیجازە بەوە بدا کە بونیادگەرایی و توندڕەویی مەزهەبی لە کۆمەڵگەدا گەشە بستێنێ. بەڵکوو دەبێ هەوڵ بۆوە بدرێ کە هێمایەکی میانەڕۆ و مۆعتەدیل لە ئایین نیشان بدرێ و خەڵک وەک ئەمرێکی خسووسی سەیری بکەن. بە سەرنجدان بەوەی کە بونیادگەرایی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی لەڕاستیدا پەرچەکردارێک لە بەرامبەر مەترسیی پەراوێزنشینی و لەناوچوون دان و لەواقیعدا مەعلوولی هۆکارگەلێکی تایبەتن، هەر بۆیەش پێویستە کە کۆمەڵگەی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیش بە وردبینی و ئێحتیاتێکی زیاترەوە لەگەڵ ئەو بابەتە هەڵسوکەوت بکەن. نابێ کارێک بکرێ کە بەستێن و زەمینەکانی سەرهەڵدانی ئەو چەشنە ئایدیا و ئەندێشانە لە کۆمەڵگەدا بکرێتەوە و ئەوەش پێویستیی بە وردبینی و تەعامولێکی سازەندە لەنێوان خەڵک و بەتایبەت هێزە سیاسی و بڕیاردەرەکان لەگەڵ چەمکی ئاییندا هەیە. مێژوو نیشانی داوە کە ئەوەی هەندێک لە هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان لە

کۆندا هەوڵیان داوە بۆ سڕینەوەی بیر و ئەندێشەی ئایینی لە کۆمەڵگەیەکی وەک کوردستاندا کە زۆرینەی نزیک بەتەواوی خەڵکەکەی باوەڕی ئایینییان هەیە کارێکی یەکجار هەڵەیە و پێویستە ئەم کۆنتاکت و بەرخوردانە لە شێوەی تەقابول و بەرەوروو بوونەوەڕا بەرەو تاعەمول و مودارا و لەگەڵ یەکتر هەڵکردندا بشکێتەوە. لەڕاستیدا کاتێک کە سەیری مێژووی سیاسیی کوردستان دەکەین ئەوەمان بەروونی بۆ دەردەکەوێ کە بەشی زۆری پیاوە خەباتکار و نیشتمان پەروەرەکانی کوردستان بەتایبەت لە کۆندا لەدڵی حوجرە و خانەقاکانەوە سەریان هەڵداوە و فرچکی شۆڕشگێرییان گرتووە. هەر بۆیەش کاتێک کە ئێمەی کورد ئەو پاشخانە بەهێز و دەوڵەمەندانەیەمان هەیە نابێ ڕەفتاری پێچەوانەمان هەبێ و خەڵکەکەمان لە بەرەی نەتەوەخوازی و نیشتمان پەروەرییەوە بەرەو هەڵدێرەکانی ئێفرات و بونیادگەرایی مەزهەبی ڕێنوێنی بکەین.

١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

---

## " ئەحزاب، ڕووناکبیران و خەڵکی کوردستان، سێ کوچکەی سەرەکیی خەبات "

زیاتر لە ٧ دەیەیە کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی سیستماتیک و بەردەوام لە خەبات و بەرخۆدانێکی خوێناوی و شۆڕشگێڕانە دایە. لەو ماوەیەدا لە گەڵ ئەوەدا کە قەت ئاگری ئەم خەباتە نەکوژاوەتەوە، بەڵام لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەگوێرەی هەلومەرجی تایبەت و دەرەتانی مومکین، شێوازی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە. ئەگەرچی ئامانجی سەرەکیی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی خۆی لە دەستەبەرکردنی ڕزگاریی نەتەوەییدا دۆزیوەتەوە، کەچی بەپێی هەلومەرجی سیاسی و جڤاکیی تایبەتەوە لە ڕێبازی جۆراوجۆر کەڵکی وەرگرتووە. خەباتی چەکداری، خەباتی مەدەنی، وتووێژ و دانوستان، پروپاگەندەی مێدیایی و تەبلیغی، خەباتی فەرهەنگی و ڕۆشنگەریی مافخوازانە و هتد، ئەو ڕێباز و ئامرازە جۆراوجۆرانەی خەبات بوون کە کورد لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی دوور و درێژی خۆیدا بەگوێرەی هەلومەرجی تایبەت و زەرفییەتەکانی خەبات کەڵکی لێ وەرگرتووە. لەم ڕاستایەشدا هەم هەزینەی زۆری داوە و هەم هەوراز و نشێوێکی زۆریشی بەخۆیەوە بینیوە. مێژووی هاوچەرخی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم واقعییەتەمان بۆ دەسەلمێنی کە هەر کاتێک زەمینە و بەستێنێکی لەبار هەڵکەوتبێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد

لەم پارچەیەی کوردستاندا توانیویەتی دەرفەتەکان بقۆزێتەوە و تەنانەت لە دوامەنزڵگەکانی سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجی کۆتاییش نزیک بێتەوە. ئەوەش خۆی دەرخەری ئەم حەقیقەتەیە کە بنەما و بایەخی مافخوازانەی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیک و خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە کۆمەڵگە و لای زۆرینەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهادینە بووە.

لەراستیدا سەرکەوتنی هەر بزووتنەوە و خەباتێکی جەماوەری پێویستیی بە لەگەڵ یەکدابوون و هاوتەریبی سێ فاکتۆری سەرەکی هەیە: خواست و ئیرادەی گشتگیری نەتەوەیی، لاوازبوونی ناوەندو پشتگیریی دەرەکی و نێونەتەوەیی.

کاتێک کە سەیری مێژووی سیاسی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هاوچەرخی کورد دەکەین، گرینگی و زەرووڕەتی کۆ بوونەوە و هاوتەریب بوونی هاوکاتی ئەم سێ فاکتۆرە سەرەکییەمان، هەم لە دامەزرانی کۆماری کوردستان و هەم لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستاندا، بەروونی بۆ دەردەکەوێ.
پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە هەوێنی هاوبەشی دەستەبەرکردنی ئیمکانی ئەم سێ فاکتۆرە ئەساسییەی سەرکەوتنی خەبات چییە؟

لەراستیدا لە دنیای گلۆبال و پێشکەوتنخوازی سەردەمدا ئەوەی کە پێگە و مافی هەر کەس و لایەن و ڕێکخراو یان تەنانەت نەتەوەیەکیش دیاری دەکات، فاکتۆری هێزە. واتە ئەوە هێزی تۆیە کە پێگە و مافەکانت دیاری و دەستەبەر دەکات. بەواتایەکی دیکە پێگە و مافی هەر کەس یا گرووپێک ئەوەندەیە کە هێزی هەیە و لە دەرەوەی ئەو پارامێترەدا هاوکێشە سیاسییەکانی دیکە کەم وا هەیە بخوێندرێنەوە. کەوایە ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵاتیش هەرچی خۆمان بەهێزتر کەین باشتر دەتوانین مافەکانمان دەستەبەر بکەین و بەرەو هەوارگەکانی سەرکەوتن هەنگاو بنێینەوە.

ڕەوتێکی سەرکەوتووی سیاسی ئەو هێزەیە کە خوێندنەوەیەکی واقعبینانەی لە خۆی و ئیمکاناتەکانی بەردەست و واقعییەتی مەیدانی خەبات هەبێ. هەر بەم پێیە ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵاتیش دەبێ بەهەست بە بەرپرسایەتیەکی زێدەوە واقعییەتی زەمانی و ژێئۆپۆلێتیکی ئەم قۆناغەی ئێستای خەباتمان بناسین و جیاوازییەکانی ئەم قۆناغە لەگەڵ سەردەمی خەباتی چەکداری لە دەیەکانی شەست و حەفتای هەتاویدا دەرک بکەین. ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیی

و جیهانی وەهەروەها راستەقینەی هەلومەرجی هەنووکەیی خەبات لە رۆژهەلاتی کوردستان و ئێراندا ئەو حەقیقەتەمان پێ دیکتە دەکا کە چیتر حیزبەکان بەتەنیایی ناتوانن خولقێنەری ئالوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بن. بەڵکوو دوو فاکتۆری دیکەی خەڵک و رووناکبیران (بژاردەی سیاسییش) دەروێکی ئەساسی دەگێرن. ئەگەرچی بەداخەوە دوای دوورکەوتنەوەی حیزبەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندیی نێوان ئەم سێ لایەنە گرینگەی کۆمەڵگە جۆرێک لە کزی و ساردبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هێشتاش درەنگ نەبووە و دەکرێ لە تەعامول و هاوپێوەندییەکی ئەرێنی و سازندەدا جارێکی دیکەش کورەی خەباتی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە گوڕتر لە جاران وەگەڕ بکەوێتەوە و بەرەو مەنزڵگەکانی سەرکەوتن بچێ. بەتایبەت ئێستا کە حیزبەکان بەهەر هۆیەکەوە مەجالی تیکۆشانی ئاشکرایان لە نێوخۆیی رۆژهەڵاتی کوردستان دا نیە، زۆر گرینگە کە خەڵک و ئێلیتی سیاسیی کورد بۆشایی نەبوونی حزووری حیزبەکان لە نێوخۆی وڵاتدا پڕ بکەنەوە و بە حزووری بەردەوامی خۆیان لە پانتایی بەرەنگاری و بەرخۆداندا ئالای پیرۆزی خەبات بە گەشاوەیی بشەکێننەوە.

گوتاری رۆژهەڵات مێحوەری بەستێنێکی بەرین و لەباری هاوکاری و هاوپێوەندیی ئەحزاب و بژاردەی سیاسی و خەڵکی کوردستانە کە وەک سێ لایەنی گرینگی تەواوکەر و هاوتەریبی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا خەباتی لەمێژساڵەی رۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرەنجامی سەرکەوتن بگەیێنن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک بەئەزموونترین و سەرەکیترین هێزی سیاسیی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەهەروەها تیۆریسییەنی گوتاری رۆژهەڵات مێحوەری داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان بە هەموو توێژ و ئاراستە جیاوازەکانیانەوە دەکات کە بە مەسئولییەتە ئینسانی و نەتەوەییەکانی خۆیانەوە هەستن و حزوورێکی پڕەنگتر لە بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییە چارەنووسسازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بگێڕن و لە مەیدان بن. هەروەها لە هەموو بژاردە و ئێلیتی سیاسی، فەرهەنگی، ئایینی و کۆمەڵایەتیی رۆژهەڵات داوا دەکات کە بە دەنگ گوتاری رۆژهەڵات مێحوەریی حیزبی دێموکراتەوە بێن و رۆشنگەریی پێویست بەئاگاداریی خەڵک رابگەیێنن.

کوردستانێکی بەهێز پێویستیی بە رۆژهەڵاتێکی بەهێزە و رۆژهەڵاتێکی بەهێز پێویستیی بە خەباتێکی بەهێزە. خەباتێکی بەهێزیش لە مەیداندا بوونی دەوێ و پێویستیی بە ئیرادەیەکی کرداریی بەهێزە.

٣١ی دێسەمبەر ٢٠١٤

# ئیسماعیل بشیکچی: هەرکات باس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ، دوکتور قاسملووم وەبیر دێتەوە.

دوکتور ئیسماعیل بشیکچی لە وتووێژێکی تەلەفزیۆنیدا وێڕای ئاماژە بەوەی کە لە کاتی باسکردن لە ئێران و کوردستانی ئێران دوکتور قاسملووی وەبیر دێنێتەوە، وتی ڕێژیمی تاران هیچی بۆ نەتەوەی کورد پێ نییە.

ئیسماعیل بشیکچی نووسەر و بیرمەندی بەناوبانگی تورک و دۆستی نزیکی نەتەوەی کورد لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی "ڕووداو" سەربارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێ: کاتێک باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ، پێش هەموو شتێک دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووم وەبیر دێتەوە، کە ١٣ی تەمووزی ١٩٨٩ (٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨) لە ڤییەن تیرۆر کرا، ئەو لە ماڵێکدا لەگەڵ دیپلۆماتکارانی ئێرانی دیداری هەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانە پاسدار بوون کە جلوبەرگی دیپلۆماتیکیان لەبەر کردبوو.

ئەو بیرمەندە تورکە هەروەها سەبارەت بە چۆنیەتیی تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو دەڵێ: ڕاوەستان لەسەر چۆنیەتیی تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لە ڕووی ئاشکراکردنی بیر و بۆچوونی حکوومەتی ئێران بۆ پرسی کورد و هەروەها لە لایەکی دیکەوە لە ڕووی هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە لەبارەی پرسی کوردەوە گرینگیی تایبەتیی هەیە، چونکە بکوژانی دوکتور قاسملوو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لەو ماڵەی کە تیرۆرەکەی تیدا ئەنجام درابوو، ڤییەن و ئۆتریشیان بە جێ هێشت و ئوتریش نەیتوانی لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەو بارەوە بکات. هەرچەندەش هاوژینی دوکتور قاسملوو (نەسرین خانم) بۆ ئاشکرا بوونی ڕاستییەکان و سزادانی بکوژەکان هەوڵی زۆری دا و بۆ هێنانە گۆڕی ئەو پرسە لە دادگا و سزادانی تاوانباران لەگەڵ میتران سەرۆکی ئەو کاتی فەڕانسە و هەروەها "جۆرج بۆش"ی باوک سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا سەرۆک وەزیرانی بریتانیا و راویژکاری باڵای ئاڵمان کۆبووەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و دادگایەک بۆ ئەو مەبەستە بەڕێوە نەچوو. گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی ئەو دادگایە نەبەسترا؟ حکوومەتی ئوتریش ڕایگەیاند ئەگەر ئەو دادگایە بکرێتەوە پێوەندییە سیاسی و بازرگانییەکانی لەگەڵ ئێران تێک دەچێ. هەر بۆیە کورد دەبێ ئاگادار بێ کە حکوومەتەکان ئامادە نین لەسەر پرسی کورد پێوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتری تێک بدەن. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا

کورسیی تایبەت بە خۆی نییە و ئەگەریش مافی پێشێل بکرێ و زوڵمی لێ بچێ بۆ وڵاتانی دیکە گرینگ نییە، تەنیا لەبەر ئەوە کە لە رێکخراوە فەرمییە نێودەوڵەتییەکاندا کورد بوونی نییە. کاتێک کە باس لە ئێران دەکرێ و لە ئێرانیشدا باسی کورد دەکرێ دووبارە پرسی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملووم وەبیر دێتەوە، ئەوە تەنیا بۆ کوردی رۆژهەڵات نالێم، بەڵکوو کورد دەبێ هەمووی هەڵوێستی نێودەوڵەتیی لەو بارەوە لەبەر چاو بێ و بزانێ کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی دۆستانەی بەرانبەر بە پرسی کورد نییە. ئەمن دوکتور قاسملووم لە نزیکەوە نەدیوە، بەڵام لە رێگەی میدیا جیهانییەکان و کتێبەکانییەوە دەیناسم.

بشیکچی ویتیشی: کورد دەبێ ئاستی زانیاریی خۆی لەبارەی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی بەرز بکاتەوە و بە تایبەتیش میدیای کوردی رۆڵێکی زۆر گرینگ لەو بارەوە دەگێڕێ. حکوومەتی ئێران هەتا ئێستا هیچی بۆ کورد پێ نەبووە و سەرەڕای ئەوەی کە لەم دواییانەدا سەرکۆماری ئێران لە میدیاکاندا کۆمەڵێک بەڵێنی بە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دا، بەڵام تەنانەت پارێزگاری پارێزگەکانی کوردستانی ئێرانیشی لە خەڵکی خۆجێیی هەڵنەبژارد. بە رای من لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە هەڵوێستی حکوومەت، بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری نەتەوەیی خەڵک گرینگترە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١ی جووونی ٢٠١٤

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥ - ٢٠١٦ - ٢٠١٧ و ٢٠١٨

### ئەو دە ڕۆژەی مێژووی ئێران قەت لەبیری ناباتەوە!

لە ١٢ی ڕێبەندانەوە تا ٢٢ی ئەم مانگە، ئەو ١٠ ڕۆژەی کە کۆماری ئیسلامی بۆخۆی ناوی "دەیەی فەجر"ی لێ نا و هەموو ساڵێک بە شێوازی جۆراوجۆر یادی دەکاتەوە، واتە لە ڕۆژی گەڕانەوەی خومەینییەوە تا ڕووخانی یەکجارەکیی ڕێژیمی پاشایەتی.

دە ڕۆژ کە نەتەنیا کاریگەریی قووڵی بەسەر ڕەوتی مێژووی سیاسیی ئێراندا داناوە، بەڵکوو لە ئاستی جیهانییشدا وەک خاڵێکی وەرچەرخانی گرینگی مێژوویی بەحیساب دێ و شوێن و کاریگەریی خۆی لەسەر زۆریەک لە هاوکێشە سیاسییەکانی دنیادا بەجێ هێشت. ئەو دە ڕۆژەی کە لە نیهایەتی خۆیدا سەرکەوتنی شۆرش و ڕووخانی دەسەڵاتی ٢٥٠٠ ساڵەی نیزامی پاشایەتیی لە ئێراندا لێ کەوتەوە و تەخت و بەختی ڕێژیمی پەهلەویی تێکەوە پێچا. لە سەرەتاوە زۆر کەس و زۆر لایەن حیسابێکی زۆریان بۆ ئەو ئینقلابە کرد و تێکڕووخانی ڕێژیمی شایان وەک دەسپێکی سەردەمێکی نوێ و هیوابەخش لە ژیانی سیاسیی خەڵکی ئێراندا بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانیەوە سەیر دەکرد. تەنانەت هەندێک کەس شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێرانیان لەگەڵ شۆڕشی مەزنی فەرانسە بەراورد دەکرد و وەک ئەزموونێکی پڕ بایەخ دەیان نرخاند. ئەگەرچی بەشی هەرە زۆریان وەک گەورە نووسەر و فیلسووفی بەناوبانگی فەرەنسی، میشێل فۆکۆ، زۆر زوو پەشیمان بوونەوە بەڵام لە سەرەتاوە لە ئینقلابی ئیسلامیی ئێران وەک ئینقلابێکی دادپەروەرانە و نموونەی سەرکەوتنی هێز و ئیرادەی جەماوەر بەسەر هێزی دەسەڵاتدارانی کلاسیکی سەردەمدا یادیان کرد و پێناسەیان دەکرد. کەچی زۆر زوو دەرکەوت کە نە شۆڕشی ئێران شۆڕشیکی سەرکەوتووانە بووە و نە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش دەتوانێ نموونەیەکی گونجاو لە نیشاندانی دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی جەماوەری و دادپەروەرانەی سەردەم بێ. لەڕاستیدا ئەگەرچی ئەم شۆڕشە بە هاوکاریی هەموو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێران بە نەتیجە گەیشت، کەچی هەرگیز دەسکەوتەکانی بەم شێوەیە لە نێوانیاندا دابەش نەکرا. لە بەئاکام گەیاندنی ئەم شۆڕشە جەماوەرییە بەرینەدا جیا لە هێزە ئیسلامییەکان چەندین هێز و

لایەنی دیکەش وەک چەپەکان، میللی مەزهەبییەکان و نەتەوە جیاوازەکانی ئێرانی، بەشدار بوون. کەچی خومەینی و دارودەستەکەی زۆر زوو رکێفی شۆرشیان بەدەستەوە گرت و لەراستیدا دەستیان بەسەر دەسکەوت و بەرهەمەکانی شۆرشدا گرت. بەشێک لە دزێوترین ئاکامە نەخوازراوەکانی شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ ئەوە بوو کە ئەم شۆرشەش وەک زۆربەی شۆرشە هاوشێوەکانی خۆی بەر لە هەموو شتێک دەستی کرد بە پاکسازی و تەسوییە حیسابی دوای شۆرش و لەراستیدا جیا لە ئەندامان و کەسانی سەرەوەی حیزبی جومهووریی ئیسلامی، زۆربەی هەرە زۆری ئەو خەڵکەی کە لە پێشاهەنگانی سەرەکیی شۆرش بوون، یا لەناوی بردن و یا مەجبوور بە تاراوگەنشینی و بەجێهێشتنی وڵاتی کردن. خومەینی کە زۆر زوو خۆی وەک رێبەری شۆرش ناساند لە دەسپێک و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شۆرش بەسیفەتی ئۆپۆزسیۆن بوونیەوە، خۆی وەک کەسێکی دادپەروەر و دێموکرات و ئازادیخواز پێناسە کرد و مزگێنیی بەهارێکی پر لە خۆشی و کامەرانیی بە خەڵک دا، کەچی لەپاش بەدەسەڵات گەیشتن زۆر زوو لە بەڵێنەکانی پاشگەز بۆوە و لە دەری تەقییە - واتە درۆی رەوا- وە گەڕایەوە و دەستی بە سەرکوت و لەناوبردنی جیابران و نەیارانی فکرو بیرکردنەوەکانی کرد. رەنگە هیچ دوور نەبێ کە ئەگەر لە داهاتوودا مێژوو وەک یەکێک لە رەشترین برگەکانی مێژوویی باس لە سەردەمی دەسەڵاتداریتیی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا بکات. لەراستیدا بە هەموو تەمەنی وڵاتێکی وەکوو ئێران بەقەد ئەو ماوەیەی دەسەڵاتداریتیی کۆماری ئیسلامی، حکومەت نەیارانی سیاسیی خۆی نەکوشتوە و زیندانی و ئەشکەنجەی نەکردوون. ئاستی خۆشبژێوی و باری ئابووریی خەڵک لەوپەڕی خراپبوونی خۆیدایە و ئامارەکانی بێکاری و ئێعتیاد و فەقر و فەحشا لە هەڵچوونی بەردەوام دان. حکومەتی کۆماری ئیسلامی وەک رێژیمێکی دیکتاتۆری تۆتالیتێری مەزهەبی تەنانەت لە بچوکترین هەڵسوکەوتی رۆژانەی خەڵکیش دەکۆڵێتەوە و هەوڵێکی بەردەوام و ماندوونەناسانەی بۆ بەدەستەوە گرتنی هەموو جومگە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوورییەکان وەگەڕ خستوە و لەراستیدا ئێرانی وەک زیندانێکی گەورە بۆ هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتە لێ کردوە. راستەقینەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێران بەروونی ئەوە دەردەخا کە بەداخەوە ئاکامی شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ نەتەنیا دڵخواز و هیوابەخش نەبووە، بەڵکوو تەنانەت لە زۆرینەی نزیک بە تەواوی ئارمان و ئامانجەکانی خۆشی دوور کەوتۆتەوە و ئاقارێکی تر دەپێوێ. کۆماری ئیسلامی بە تەبیعەتی وجوودیی خۆیەوە رێژیمێکی دوگم و ئۆپۆرتۆنیستی لەم چەشنەیە کە تەنانەت بەزەیی بە رۆڵەکانی خۆشیدا نایە و لەگەڵ بچووکترین سەرپێچی و ناهەماهەنگییەک بە درندانەترین شێوەی مومکین بەرەورووویان دەبێتەوە و حەزفیان دەکات. نموونەکانی مونتەزێری و مووسەوی و کەرروبی و بەدەیان نموونەی دیکە کە لە کەسایەتییە ناودار و بەرپرسە باڵاکانی ئەم رێژیمە بوون دەلیلی ئاشکرای ئەم ئیددعایەن. هەڵسوکەوتی نابەرپرسیارانە و نەشیاوی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا پرێستیژ و پێگەی سیاسی و

نێونەتەوەیی ئەم ڕێژیمەی لە مەیدانەکانی جیهانیدا خستۆتە پەراوێزەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە دەور و ئێعتبارەکەی کەم کردۆتەوە. لەراستیدا هەرچی زیاتر لە سەردەمی شۆرشی ساڵی ۱۳۵۷ دوور دەکەوینەوە زیاتر نادەروەستەی و ناکارامەبوونی ئەم ڕێژیمەمان بۆ دەردەکەوێ و پەی بە ناسەرکەوتوو بوونی شۆرش دەبەین. هەر بۆیەش هەرچەندەی کە ڕەنگە لە سەرەتاوە لە بیروڕای گشتیدا ئەم شۆرشە مایەی دڵخۆش بوون و دەیەی فەجر، (ڕۆژەکانی ۱۲ تا ۲۲ی ڕێبەندانی ۱۳۵۷) دەیەی وەدیهاتنی خەون و ئاواتەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لەدەست ڕێژیمی پاشایەتی بووبێ، بەپێچەوانەوە لە هزری مێژوویی ئێستای خەڵکی ئێراندا بەگشتی وەک دەیەی نەفرەت و بێزاری و لەکیس چوونی خەون و ئاواتەکانیان یادی لێ دەکەنەوە و پێناسەی دەکەن.

٤ی فێبریوێری ۲۰۱٥

---

## قاسملوو، وانەیەک بۆ خەبات و چرایەک بۆ داهاتوو

۲۲ی پووشپەڕی ئەمساڵ ڕێک ۲٦ ساڵ بەسەر تێرۆری ناجوامێرانەی شەهیدی سەرکردە دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو بەدەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری ڤییەنی وڵاتی ئۆتریشدا تێدەپەڕێ. ئەوە لەحاڵێک دایە کە تۆز و خۆڵی زەمانە نەیتوانیوە لە گرینگیی ئەو کارەساتە شوومە و گەورەیی ئەو کەڵە پیاوەی مێژووی هاوچەرخی کوردەواری کەم بکاتەوە. ڕەنگە گرینگترین خاڵی جیاوازیی شەهید د.قاسملوو لە بەراورد لەگەڵ ڕێبەرە هاوشێوەکانی خۆی لە پانتایی خەباتی کوردستاندا ئەوە بێ کە ئەو ئێعتباری سیاسی و ئۆتۆریتەی جەماوەریی خۆی لە پێگە حیزبی و سیاسییەکەی وەرنەگرت و بەپێچەوانەوە بوونی کەسایەتیی تاقانەی ئەو بوو کە گەورەیی و ئێعتباری بەم پێگەیە بەخشی. د.قاسملوو سەرەڕای ئەوەیکە ڕێبەرێکی هەڵکەوتەی خەباتی هاوچەرخی کورد لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و میللی دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو لەهەمان کاتدا تیۆریسییەنێکی شارەزای گۆڕەپانی سیاسییش بوو کە تەئسیر و کاریگەریی ئەندێشەکانی زۆر زوو سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێپەڕاند و نەتەنیا هەر لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەڵکوو لە ئاستێکی بەرینی نێونەتەوەییدا درەوشایەوە. بەجۆرێک کە کەسایەتیگەلێکی وەک عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەک مۆدێرنیتەی ڕێبەرانی کورد و بێرنارد کۆشنێر وەک پێغەمبەری ئاشتی پێناسەی دەکەن. خولیای سیاسی و خەباتی د.قاسملوو

تەنیا رزگاریی کوردستان نەبوو بەڵکوو لە مەودایەکی هەراوتردا خەونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانەی بۆ مرۆڤی کورد و نیشتمانی کوردستان دەدی و بەم پێیەش دیسکۆرسی خەباتی سیاسی و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات و رۆژهەڵاتی کوردستانی لەسەر بنەمایەکی میللی دێموکراتیکانە دارشت. بەشێکی زۆری نزیکایەتی و دۆستایەتیی ئەو کەسایەتییە سیاسی و مرۆڤدۆستانەی کە ئێستا بەپیری پرسی کوردەوە دێن و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بەرگریی لێ دەکەن دەگەرێتەوە بۆ هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی دیپلۆماسیی د.قاسملوو وە ئەو کاریگەرییە بەرفراوانە سیاسییەی کە لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا داینا و وەک میراتێکی بایەخدار لەدوای خۆیەوە بەجێی هێشت. گرینگیی رێباز و ئەندێشەکانی د.قاسملوو تەنیا لە چوارچێوەی سەردەمی خۆیدا مەحدوود نابێتەوە و هەرچی زیاتر بەسەر کاتی شەهیدبوونیدا تێدەپەڕێ، حەقانییەت و گرینگییەکەی زیاتر دەردەکەوێ و خۆی دەنوێنێ.

بە تێپەڕبوونی چەند ساڵێک پاش شەهیدبوونی د.قاسملوو خەبات و بەرخۆدان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی هاتنە کایەی هەندێک فاکتۆری نێوخۆیی و دەرەکی بەرەبەرە رووی لە کزی کرد و هێزە شۆرشگێرەکانی ئەم پارچەیەی نیشتمان پاشەکشەیەکی مێژوویبان بەرەو قووڵایی خاکی باشووری کوردستان دەست پێکرد. بەجۆرێک کە بۆماوەی نزیک بە دوو دەیە خەبات لەم پارچەیەی کوردستان هەم بەنیسبەت هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و هەم بەشەکانی دیکەی کوردستان کەوتە پەراوێزەوە. کەچی جموجۆڵەکانی یەک دوو ساڵی رابردووی هێزە سیاسییەکان و وەگەڕ کەوتنی بزاڤێکی بەرینی جەماوەری لەنێوخۆی وڵاتدا دوبارە و بۆجارێکی دیکەش بابەتی خەبات و بووژانەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان خستۆتەوە نێو بازنەی باس و هاوکێشە سیاسییەکانی نێوخۆیی و دەرەوە. بەرجەستە بوونەوەی گوتاری رۆژهەڵات مێحوەری و پێکهاتنی هێزی پارێزەرانی رۆژهەڵات وە چوونەوەی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بۆ سەر سنوورەکان وەهەروەها هاتنە ئارای بەدەیان رێکخراو و NJO و دامەزراوەی سیاسی و مەدەنیی چالاک لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، مزگێنیی سەردەمێکی نوێ لە خەباتی میللی دێموکراتیکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانمان پێ دەبەخشێ. بەرۆژەڤ بوون و پێشکەوتنی پرسی کورد لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی وەهەروەها دروستبوونی ئینتما و عەقڵانییەتی قووڵ و گشتگیری نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بەهەموو پێکهاتە و ناوچە جۆراوجۆرەکانیەوە ترسێکی وەها بەرینی خستۆتە نێو دڵی رێژیمەوە کە رۆژ نییە رۆڵەکانی کورد نەگرێ و زیندانییان نەکا و بە پەتی بێدادی سێدارەیان نەسپێرێ وە تەنانەت لە ژینگە و دارستانەکانی کوردستانیش خۆش نابێ.

سەرچاوە Serchawe

ئەگەرچی رۆژهەڵاتی کوردستان وەک بەشێکی دانەبڕاوی نیشتمانی گەورەی کوردان دێتە ئەژمار بەڵام دەرکی واقعییەت و هاوکێشە تایبەتەکانی ئەم پارچەیەش گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە و لێکدانەوە و کاری تایبەتیشی دەوێ. هەربۆیەش پێویستە کوردی رۆژهەڵات بۆ جارێکی دیکەش بە گیانێکی مەیداندارانەوە بە بەرجەستەکردنەوەی هێما و نمادە نەتەوەییەکانی خۆیەوە بێنە مەیدانەوە و بە دەرس وەرگرتن لە وانەکانی خەباتی د.قاسملوو و لەژێر رۆشنایی ئەندێشەکانی ئەودا هەنگاوێکی دیکە بەرەو سەرکەوتن باوێژێ و لاپەرەیەکی نوێ لە خەبات و بەرخۆدان لەم پارچەیەی کوردستاندا تۆمار بکات. بەلەبەرچاو گرتنی راستەقینەکانی ئێستای خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان و پێویستیی سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەیەکی بەرین و گشتگیری جەماوەری لەم پارچەیەی کوردستاندا زەروورەتی گەڕانەوە بۆ رێباز و بنەماکانی ئەندێشەی سیاسیی د.قاسملوو هەرچی زیاتر خۆی دەنوێنێ و وەک حەقیقەتێکی لەبڕان نەهاتوو لە ئێستا و داهاتووشماندا بوونی هەیە. هەر بۆیەشە کە بەراستی قاسملوو؛ وانەیەکە بۆ خەبات و چرایەکە بۆ داهاتوو.

١٢ی جووڵای ٢٠١٥

## ٢٠١١ - ٢٠١٢

ساڵی ٢٠١١ بە هەموو هەوراز و نشێوەکانی خۆیەوە تەواو بوو. ساڵێکی سەیر بەتایبەت لە بواری سیاسی و فرەیی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ئاستی جیهانیدا. رەنگە لە گەورەترین و بەرچاوترین تایبەتمەندی و پێناسەکانی ئەم ساڵەی رابردوو لە ئاستێکی بەرینی نێونەتەوەییدا بتوانین ئاماژە بە چەمکی نارەزایەتی و بەرجەستە بوونەوەی هێزی بەرفراوانی جەماوەری و کەمرەنگ بوونەوەی توانایی و دەسەڵاتی بەرینی دیکتاتۆرییەکان بکەین. لە فاکتۆرە گرینگ و سەرنجراکێشەکانی ئەم ساڵە دەرکەوتنی بەستێنی روو لە گەشە و کاریگەری واتای چەمکی بەجیهانیبوون لەو ئاستە بەرینەی خۆیدا بوو کە دەری خست تا چ رادەیەک دنیای ئەمڕۆ و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتدارێتی سەردەم لەگەڵ هەموو جیاوازییەکانیان پێکەوە، چەندە بە یەکەوە بەستراونەتەوە و لە ژێر کاریگەرییە راستەوخۆ و ناراستەوخۆیەکانی یەکتر دان. هەر وەکوو چۆن لەلایەن زۆربەی کارناسان و رۆژنامە سیاسییە خاوەن پێگەکانی دنیاشەوە ئەمساڵ بە ساڵی نوێنگە و دەرەوشانەوەی نارەزایەتییەکان لە ئاستی

نێونەتەوەییدا ناودێر کرا، بەراستیش لە ئاکامی کۆی رووداوە تاڵ و شیرینەکانی ئەمساڵ ئەوەمان بەروونی بۆ دەرکەوت کە ئاستی هێز و توانایی بەرینی جەماوەر، کاتێک کە بە راستەقینەکانی دەروونیی خۆی دەزانێ و یەکدەست و یەکگرتووانە لە پێناوی ئامانجێکی هاوبەشدا رادەپەرێ، تا چ رادەیەک و چ پانتاییەکی بێ سنوور لەوپەڕی دەسەڵاتی دیکتاتۆرە سەرکوتکەرەکانیشەوە دەگرێتەوە. ئاراستەی سەرەکیی بزووتنەوەو راپەڕینە نارەزاییە جەماوەرییەکانی ئەم ساڵ بە زۆری رووی لە سیستمە دیکتاتۆرییە سیاسی و ئابوورییەکان بوو. لە ناوچەی باکووری ئافریقا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە دژی دەسەڵاتداری سیاسیی زاڵ و لە رۆژئاواش لە بەرامبەر هێژێمۆنیی دەسەڵاتداری ئابووری.

رەنگە لەدوای ساڵەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی و چەند ساڵەی تێکڕووخان و دابەشبوونی بلۆکی رۆژهەڵاتی و ماڵئاوایی جەمسەری کۆمۆنیستی لە هاوکێشە جیهانییەکاندا، هیچ ساڵێک بە قەدەر ئەمساڵ و بەم ترافیکی ئاڵوگۆڕییەوە، هەڵگری ئەو هەمووە رووداوە یەک لە دوای یەک و پێوەندیدارە بەیەکەوە نەبووبێ. ئاڵوگۆڕەکانی ئەمجارەی جیهان وێڕای هەموو لێک گرێدراوەیی و پێوەندییەک لەگەڵ یەکتردا هەیبوو کەچی لانیکەم تا ئێستا هیچ گۆڕانێکی لە نەخشەی سیاسیی جیهاندا پێک نەهێناوە، بەڵکوو لە چوارچێوەی خودی وڵاتەکاندا پێک هاتوە و بە گشتی بەستێنی بەرەنگاربوونەوەی جەماوەر - بە زۆری لە چوارچێوەیەکی ئاشتیخوازانە دا - لەگەڵ دەسەڵاتی زاڵ بوو. رەنگە کەمتر کەسێک پێی وابوو کە دەسەڵاتگەلێکی دیکتاتۆریی وەک: بێن عەلی لە توونێس، موبارەک لە میسر و عەبدوڵڵا سالح لە یەمەن، بەم شێوەیە و بە لانیکەمی تێچووی ماددی و مرۆییەوە لە بەرامبەر ویست و ئیرادەی جەماوەریی خەڵکدا واز لە حکوومەت بێنن. کێ پێی وابوو راپەڕینی جەماوەریی خەڵکی سووریە بەم شێوەیە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتداریتی حکوومەتی ئەسەد تا ئاستی رووخان وەلەرزە دەخات، یان هەر هێزی ئەم راپەڕینە جەماوەرییانە لە وڵاتانێکی وەک ئۆردۆن و مەراکێش و...، دەسەڵاتدارەکانی بە شێوەیەکی ئاشکرا ناچار بە پاشەکشە و مل پێدان بە خواست و داواکارییەکانیان دەکات؟

( لەم نێوانەدا، مەسەلەی لیبی جیاوازترە هەندێک تایبەتمەندی و فاکتۆری تایبەتیی خۆی هەیە کە رەنگە لەگەڵ ئاراستەی گشتیی ئەم بابەتەدا زۆر نەیەتەوە و باسی تایبەتی خۆی دەوێ. سەبارەت بە لیبی و لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕییەکانی ئەم وڵاتە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی وتارێک هەر بەم قەڵەمە لە ژمارەی ٥٦٦ی رۆژنامەی کوردستان رادەکێشم بە ناوی: قارەمانانی دوێنێ، دیکتاتۆرانی ئەمرۆ).

گرینگیی سەرەکیی ئاڵوگۆڕەکانی یەک ساڵی رابردووی ناوچەکە، خۆی دەرخەری ئەم راستییە بوو کە تەنانەت دیکتاتۆرترین و سەرکوتکەرترین حکوومەتەکانی دنیاش لە بەرامبەر هێزی بەرین و شەپۆلی جەماوەریی خەڵکدا توانایییەکی ئەوتۆیان نییە و دادەکەون. گرینگ ئەوەیە کە خەڵک بەئاگاهی و تێگەیشتنەوە بە قووڵایی زەرفییەت و تواناییەکانی خۆی بزانێ و هێز و ئیرادەی گۆڕان لە نێو خۆیدا وەگەڕ بخا و بەکاری بێنێ. ئەگەر پێشتر لە دەروونی هەر بزاڤ و راپەڕینێکی گۆڕانخوازانە لەم جۆرە وڵاتانەدا زیاتر دەستێکی دەرەکی لە گۆڕێدا بوو، و لە هێز و توانایی خەڵک وەک ئامرازێک کەڵکی وەردەگرت و گەمەی پێ دەکرد، ئەوا ئەو جارە وڵاتی دەرەوە بە تایبەت زلهێزەکان بوون کە لە بەرامبەر ئەو شەپۆلی گۆڕانانەدا ناچار بوون خۆیانی لەگەڵ رێک بخەن و دانی پێدا بنێنن. لەگەڵ ئەوەیدا کە رەنگە هەندێک لەم دەسەڵاتدارانەی بەرەورووی رووخان بوونەوە لە هاوپەیمانە دۆست و ستراتێژیکەکانیشیان بووبن. لە تایبەتمەندییە سەرنجراکێشەکانی راپەڕینە گۆڕانخوازو ئاشتیخوازانەکانی یەک ساڵی رابردوو بەتایبەت وڵاتانی عەرەبی شەپۆلێکی گشتگیری چەمکی ئازادیخوازی و دادپەرەوەریی بەدەر لە چەمکە ئایدیۆلۆژییەکان لە راستای مافی یەکسانی و سەرەڕۆیی نەتەوەیی و دەسەڵاتی یاسادا بوو کە خوێنێکی ژین بەخشانەی بە دەماری جەماوەری ناڕازیی راپەڕیودا دەکرد.

ساڵی ٢٠١١ ساڵی کۆمەڵێک خۆپیشاندان و بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی تایبەت لە وڵاتانی رۆژئاواییش بوو. هەرچەند کە ئەم رووداوانە لەم وڵاتانەدا زیاتر روویکردێکی ئابوورییانەیان هەبوو. جیاوازیی بەرینی چینایەتی و نادادپەروەرانە بوونی دابەشکردنی سامانی نەتەوەیی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم وڵاتانەدا کۆمەڵێک بزاڤ و ناڕەزایەتیی بەرینی جەماوەریی لێکەوتەوە کە بەگشتی بە بزووتنەوەی «واڵ ستریت» لە ئامریکاوە ناوی دەرکردو زۆری پێ نەچوو کە هەندێک وڵاتی دیکەشی وەک بریتانیا و فەرانسەی گرتەوە و دەسەڵاتدارانی سیاسیی و ئابووریی ئەو وڵاتانەی ناچار بە رەچاوکردنی هەندێک رێوشوێنی جیاواز و نوێی سیاسەتی ئابووری لە پێناوی گۆڕانی پێکهاتەی ئابووریی وڵاتەکانیان کرد. لە خاڵە بەرچاو و سەرنجراکێشەکانی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانەدا رەهەندی لاسایی کردنەوە و کاریگەریی کرداریی خۆپێشاندەرانی ناڕازیی رۆژئاوایی لە راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت مەیدانی «تەحریر»ی قاهیرەی میسر لە مانەوە لەسەر شەقامەکان لە نێو چادر دابوو، کە خۆی گرینگییەکی تایبەتی بە گرێدراوەیی رەوتی گلۆبالیزەیشێنی کرداریی جیهانی دابوو.

گرفتی ئابووری یەکیەتی ئورووپا و ئەو ناڕەزایەتییانەی بەرەورووی هەندێک لە دەسەڵاتدارانی ئەندامی ئەو یەکێتییە بۆوە و دەست لەکارکێشانەوەی دەسەڵاتدارانی ئیتالیا و یۆنان و گوشارێکی خەستی جەماوەری لەسەر

دەسەڵاتدارانی سیاسی ئابووریی وڵاتە باشوورییە ترەکانی ئەم یەکێتییە، بەشێکی دیکەی تەوژمی بەتینی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠١١ بوو کە جیهانی گرتەوە.

لە پاش رووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و دامەزرانی رووسیەی نوێ و بە دەسەڵات گەیشتنی پارتی رووسیەی یەکگرتوو لەم وڵاتەدا، هەرگیز وڵاتی رووسیە شاهیدی خۆپێشاندانێکی ناڕەزایەتیی بەرینی لەم چەشنەی ساڵی پار نەبووەتەوە، کە بە شێوەیەکی جەماوەری بە دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارلمان و سەرکەوتنی دووبارەی حیزبی دەسەڵاتدار سەری هەڵدا.

سەرهەڵدانی ئەو هەموو خۆپێشاندان و بزووتنەوە و راپەڕینە ناڕەزایەتییە بەرین و جەماوەرییە دەروون وڵاتییانەی جیهان لەم یەک ساڵەی رابردوودا، دەرخەری چییە و لە کامە حەقیقەت دەدوێن؟ ئایا پێکهاتەی گشتیی جیهانی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی خۆی دەپێوێ و واتا ئاخر زەمانییەکەی «فۆکۆیاما» بۆ ساڵی ٢٠١٢ وەدی دێ؟

دوورەدیمەنەکانی دنیای مرۆڤایەتی لە ساڵی ٢٠١٢ دا چۆن دەبن؟ ساڵێکی هێمن یا خود زگپڕی کۆمەڵێک رووداوی گرینگی دیکە لە ئاستی نێونەتەوەییدا؟

وڵامی ئەم پرسیارانە و بە دەیان پرسیاری دیکەی لەم چەشنەش لە دڵی داهاتوویەکی نە چەندان دووری هەستیار دایە. کەچی ئەوەی هەر لە ئێستاوە هەستی پێدەکرێ و گرینگییەکی بەرهەست و دوو چەندان بە ساڵی داهاتوو دەبەخشێ، فرەیی و ئاپۆڕای ئەو گشتە هەڵبژاردنە هەستیار و یەک لە دوای یەکانەیە کە واتایەکی تایبەت و تایبەتمەندییەکی یەکلاکەرەوانەی سەرنجراکێش بەم ساڵە لە لێکدانەوە و دەرئەنجامی هاوکێشە جۆراوجۆرەکان لە ئاستێکی بەرینی جیهانیدا دەدا. ئایا «ئۆباما» ئەمجارەیان لێ دەکەوێ و کۆماریخوازەکان لە ئامریکا دێنەسەر کار، یان وەک نەریتێکی زۆربەی جارانەی ئەو وڵاتە بۆ جارێکی دیکەش سوکانی دەسەڵاتداری دەگرێتە دەست و دووبارە هەڵدەبژێردرێتەوە؟ «سارکۆزی» لە فەرانسە چیی لێدێ و بۆ جارێکی دیکەش دەتوانێ سەرنجی متمانەی خەڵک بەرەو خۆی رابکێشێتەوە؟

پاش هەڵبژاردنە پارڵەمانییەکەی ساڵی رابردووی رووسیە و دەرکەوتنی دابەزینی رێژەی لایەنگرانی پارتی

رووسیەی یەکگرتوو، پرسی سەرکۆماریی ئەو وڵاتە لە هەڵبژاردنی ساڵی داهاتوو چیی لێدێ؟ ئایا دەکەوێتە قۆناغی دووهەمەوە، یان پاڵێوراوی شیمانەیی رێککەوتنی ئەحزابی دژبەری رووسیەی یەکگرتوو بەسەر «پووتین»دا سەردەکەوێ؟

چینی دوای «هووجینگ تائۆ» چیی بەسەردێ و کێ جێی دەگرێتەوە؟ دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی وڵاتە عەرەبییەکانی دوای گۆڕان چی دەبێ و چیی لێ دەکەوێتەوە؟

رەنگە لە هەمووان گرینگتر بە نیسبەت ئێمەوە پرسی هەڵبژاردنی ئەمجارەی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێران بێ. هەڵسوکەوتی ئەوجارەی خەڵک و هێزە سیاسییەکانی نێوخۆ و دەرەوە لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنەدا چۆن دەبێ؟ هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات؟ هەڵوێستی بزووتنەوەی سەوز و رێفۆرمخوازەکان بەگشتی؟ باڵی ئەحمەدینژاد و مەشایی ناسراو بە رەوتی چەواشە چی بەسەر دێ و لە کوێی ئەو هاوکێشەیەدا جێ دەگرێ؟ ریزبەندیی نێوان بناژۆخوازانی سوننەتی و ئیفراتی چیی لێ دەکەوێتەوە و هەڵەسوون هێنانەوەی کەسانێکی وەک «مەهدەوی کەنی» و «جەننەتی»یەکان بە چ مانایەکە؟ دەور و پێگەی سپای پاسداران لەم بازارە شێواوەدا چۆن دەبێ و بەرەو کوێی دەبا؟ خامنەیی دەڵێ چێ و هەڵبژاردەکەی ئەمجارەیان چۆن ئەندازیاری دەکا؟

هەڵوێستی ئەمجارەی هێز و لایەنە کوردییەکان بەتایبەت ئەحزاب چی دەبێ و ئایا دیسانیش وەک پێشوو بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی دیاریکراوی گشتی بە بایکۆتێکی نائەکتیف خۆیان لە پێشهاتەکانی شەپۆلی ئەم هەڵبژاردنەش دەدزنەوە، یا ئەمجارەیان بە شێوەیەکی بەرپرسیارانەتر و بە پێشکەشکردنی تەرح و گەڵاڵەیەکی دارێژراوانەی وەلامدەر بەرەوپیری بایکۆت کردن یان نەکردنی ئەکتیڤی ئەم هەڵبژاردنەیانەوە دەچن؟

١٨ی جوولای ٢٠١٥

# کۆنگرەی ٧٠ ساڵ خەباتی ح د ک

نەفسی گرتنی کۆنگرە بۆوەیە کە حیزب چ لەبواری سەخت ئەفزاری (تەشکیلاتی) و چ لەبواری نەرم ئەفزاری (سیاسی) خۆی ئاپدەیت و بەرۆژ بکاتەوە و لە هەر دوو بوارەکەدا بتوانێ خۆی لەگەڵ زەروورەتەکانی سەردەمدا بگونجێنێ. واتە دەبێ نوێنەرانی کۆنگرە لە هەردوو بوارەکەدا بە دەسنیشان کردنی هەندێک ئالوگۆڕی پێویست دوورەدیمەنی ڕێبازی خەبات بۆ چەند ساڵی داهاتوو لەئاستی متمانەی حیزبیدا (بە ئەندام و لایەنگر) دابرێژنەوە. تەنانەت گرینگترین خاڵی جیاوازیی کۆنگرە و کۆنفرانسی حیزبی لە هەڵبژاردنی ڕێبەریی نوێ دایە دەنا کۆنفرانس بۆی هەیە بە زۆربەی ئەرکەکانی دیکەی کۆنگرە هەستێ و خەت و سیاسەتی نوێ دیاری بکا.

لەراستیدا لە هەر قەوارە و سیستمێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەییدا هەندێک ئۆسوول و پرەنسیپ هەن کە ناکرێ بگۆردرێن چون لەو حالەتەدا ماهییەتی پێکهاتەکە دەکەوێتە ژێر پرسیار و لە حەقیقەتی وجوودیی خۆی لادەدا. وەک ئەوەی مەسەلەن کۆماری ئیسلامی تەسمیم بگرێ ئەسڵی ویلایەتی فەقیە لە بەرنامەکانی خۆی و سیستمی حەکمرانیی وڵاتدا بسڕێتەوە. لە وەها بارودۆخێکدا ئیتر شتێک بەناوی کۆماری ئیسلامی وەک ماهییەت بوونی نامێنێ، با لە ڕوالەتدا وەک پێکهاتە هەر ماشبێ. حیزبی دێموکراتیش کە بە گوتاری میللی دێموکراتیک لە مەیدانی خەباتی سیاسیی کوردستاندا حزووری هەیە لەسەر دوو ئەسڵی سەرەکیی ڕزگاری نەتەوەیی و دێموکراسی دامەزراوە و خۆی پێناسە دەکا. بۆیە هەرکات لە یەکێک لەم دوو پارامێترە، چ لە سیستمی حیزبیی خۆی و چ لە سیستمی حوکمرانیی وڵاتدا، لابدا لە ئەساسدا ئەوە لە ماهییەتی وجوودیی خۆی دوور کەوتۆتەوە. گرینگترین بنەمای دێموکراسی ئەسڵی هەڵبژاردنی ئازادە. بۆیە ئەم کۆبوونەوە تەشکیلاتییەی کە ناوی کۆنگرەی لەسەر دانراوە دوورە لە مەشرووعییەتی سیاسی و تەشکیلاتی.

با لەگەڵ خۆمان ڕووراست بین و بەجێی پاساو هێنانەوە بۆ هەڵەیەک کە ئاسەوارە خراپەکانی درەنگ یا زوو بەرۆکی خۆمان دەگرێتەوە پێموایە باشتر ئەوە بێ کە لەفکرێ هەرچی زووتر چارەسەریی ئەم گرفتەدا بین. ئەوەی کە کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ یەکێک لە مادە پەسندکراوەکانی کۆنگرەکانی پێشووی حیزب هەڵدەوەشێنێتەوە و داوا لە سکرتێری پێشوو دەکا کە لە پۆستەکەی خۆیدا بمێنێتەوە کردارێکی سرووشتییە و دەکرێ بە بیانووی

بەرژەوەندیی حیزبی و ترس لە لێکترازانی تەشکیلاتی پاساوی بۆ بهێنرێتەوە و قبول بکرێ. بەلام مەرجی مانەوەی ڕێبەریی پێشوو لەلایەن سکرتێرەوە و قبوڵکردنی ئەم داوایە لەلایەن کۆنگرەوە، کردارێکی تەواو نادێموکراتیک و لەدژی بەرژەوەندیی گشتیی حیزب دایە. لەراستیدا ئەم کۆنگرەیە بەهیچ شێوەیەک دێموکراتیک نەبووە چون ئەسڵی هەڵبژاردنی ئازادی تێدا ڕەچاو نەکراوە. تەنانەت ئەوەی کە زۆرینەی نوێنەرانی کۆنگرە مەرجەکەی سکرتێریان قبوڵ کردوە دیسانیش مەشرووعییەت بە دێموکراتیک بوونی کۆنگرەکە نادا، چون ئەساسەن هەڵبژاردنێکی ئازاد لە ئارادا نەبووە. ئەم کۆنگرەیە لە حەقیقەتدا خۆیدا مافێکی دێموکراتیکی لە خۆی ئەستاندەوە و بەستێنێکی دیکتاتۆریی بۆ سکرتێرەکەی پێک هێنا. لەراستیدا زۆربەی سەرکردەکان، جیا لەوانەی کە لەرێی کودەتای نیزامییەوە بە دەسەلات گەیشتوون، لە فەزایەکی وەهادا لەسەر خوانی سۆز و عاتیفەی بێ دەرێغی خەڵکدا دەبن بە دیکتاتۆر. کۆنگرەی ١٦ دەقیقەن وەها بەستێنێکی کرداریی بۆ کاک خالید پێک هێنا و بەداخەوە بەرێزیشیان بە خراپترین شێوەی مومکین کەڵکی لێ وەرگرت. واتە تاقیکارییەکی زیرەکانەی سیاسی بۆ هەڵسەنگاندن و ئەندازەگیریی دوورەدیمەنەکانی سنووری دەسەلات. ئێستا ڕێبەرییەک لەسەر کارە کە نەک دەنگی کۆنگرەی لەپشت بێ بەڵکوو لەژێر دەینی خواستی سکرتێر دایە و خۆی بە قەرزداری ئەو دەزانێ نەک کۆنگرە.

بەواتایەکی دیکە ڕێبەریی کۆنگرەی ١٦ ئینتسابین نەک ئینتخابی. هەربۆیەش تەنیا لە بەرانبەر سکرتێردا خۆیان بە وەڵامدەر دەزانن و وێدەچێ گرینگترین کاریشیان لەببەیک گوتن بە قسە و هەڵسوکەوتە سیاسییەکانی سکرتێر بێ. گەورەیی سەرکردە و مرۆڤە گەورەکان لەم جۆرە کاتە تایبەتە مێژووییانەدا دەردەکەوێ. لەو کاتەدا کە زیاترین پشتگیری و سۆزی جەماوەریت لەگەڵە گرینگە کە چۆن دەجوڵێیەوە. ئایا وەک لێنین و ماندێلا و هاڤێل و ... لە قیممەی دەسەلات و ئەوپەڕی خۆشەویستیدا گەورەیی لەخۆت دەنوێنی و ڕێز لە دێموکراسی و ئازادی دەگری؟ یا وەک هیتلێر و کاسترۆ و قەزافی و ... بە پاساوی بەرژەوەندی و ئینسجامی تەشکیلاتی ڕۆحی ئازادی و دێموکراسی پێشێل دەکەی؟! جێی داخە کۆنگرەی حیزبێکی ٧٠ ساڵە کە دەبێ جێی پلان و هەڵوێست و ئیستدلالی سیاسی بێ، تەمێکی وەها ئێحساسی و عاتیفی باڵی بەسەردا دەکێشی کە کەمترین ڕەنگ و بۆنی سیاسیی پێوە دەمێنێتەوە و بە پێچەوانەی فەلسەفەی وجوودیی خۆی دەجولێتەوە. بۆیە لە دیدی منەوە ئەم کۆبوونەوە تەشکیلاتییە کە بە هەڵە ناوی کۆنگرەی لەسەر دانراوە مەشرووعییەتی کۆنگرەی حیزبی ٧٠ ساڵەی دێموکراتی نییە و بەهیچ شێوەیەکیش سەرکەوتوو نەبووە. هیوادارم دەرئەنجام و لێکەوتەکانی ئەم بەناو کۆنگرەیە بەرەو ئاراستەیەکی خراپمان ڕێنوێنی نەکەن. بەهەرحاڵ منیش سەرنشینی ئەم کەشتییەم.

تێبینی: رووی قسەی من بەهیچ شێوەیەک هەموو ئەندامانی رێبەری و نوێنەرانی کۆنگرە ناگرێتەوە. مێژوو خۆی داوەرێکی باش دەبێ بۆ دەرخستنی راستیییەکان.

١٢ی جوولای ٢٠١٦

---

## "هێزە شۆرشگێرەکان، بە مەنتقی چەک و توندوتیژی دەدوێن!" (تەنانەت لەنێو خۆشیاندا)

*"هێزە شۆرشگێرەکان، بە مەنتقی چەک و توندوتیژی دەدوێن!" (تەنانەت لەنێو خۆشیاندا)*

**هێزە شۆرشگێرەکان، بەگشتی سێ قۆناغی سەرەکیی ژیانیان هەیە؛**

**١- قۆناغی شاخ**: لەم قۆناغەدا شێوازی خەباتەکە چەکداری یە و هەوڵ دەدرێ بۆ تێکشکاندن و رووخانی دەسەڵاتی زاڵ لەرێی هێزی نیزامیییەوە. بەگشتی هێزی شۆرشگێڕ هێزێکی رووخێنەر (برانداز)ە. هەڵبەت مەرج نییە خەباتە چەکدارییەکە هەمیشە لە شاخ بەرێوە بچێ و جاری وایە لە نێو شارەکاندا بەشێوەی چریکی ئەنجام دەدرێ. بەڵام خاڵی گرینگ و هاوبەش ئەوەیە کە هێزێکی شۆرشگێر هەوڵ دەدا لەرێی هێزەوە بە دەسەڵات بگات. واتە "وزە و توانای ئەو هێزە لەکاتی خەباتدا رووی لە دوژمنە". بەگشتی ئەمجۆرە هێزانە لەم قۆناغەدا ئازادی لە لوولەی تفەنگدا دەبینن.

**٢- قۆناغی شار (قۆناغی پاش سەرکەوتن)**: هێزە شۆرشگێرەکان کە بەگشتی خۆیان بە قارەمانانی میللی و هێزی رزگاریدەر دەزانن و دەناسێنن بەگشتی شەرعییەتی خۆیان نەک لە خەڵک و لە کۆمەڵگە بەڵکوو لە شۆرش وەردەگرن و خۆیان بە پارێزەرانی دەسکەوتەکانی شۆرش دەزانن و پێناسە دەکەن. هەر بۆیەش زۆر لەگەڵ کرانەوە و گۆڕانکاریدا نین و بەرەنگاری دەنگ و هەوڵە ناتەباکان چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەدا دەبن. لە دەروونناسیی ئەم هێزانەدا بەگشتی لە دوژمنی دەرەکی وەک پاساوێک بۆ سەرکوتی نێوخۆیی و کپ کردنی دەنگە نارازییەکان

کەڵک وەردەگیرێ. هێزە شۆرشگێڕەکان بەگشتی لە قۆناغی پاش سەرکەوتن و دەسەڵاتداریدا تەبدیل بە دیکتاتۆڕ دەبن و زۆربەی کات لەدژی ڕێباز و ئامانجە سەرەکییەکانی شۆرشگێرانەی خۆشیاندا دەوەستنەوە. بەگشتی "ئاراستەی هێز و وزە و توانای هێزە شۆرشگێڕەکان پاش بە دەسەڵات گەیشتنیان بەزۆری ڕووبەڕووی جەماوەر و کۆمەڵگەکەی خۆیان دەبێتەوە و خۆیان دەبن بە هۆکاری سەرکوت".

. لە هەردووی ئەم قۆناغانەی سەرەوەدا هێزە شۆرشگێڕەکان دەتوانن بە بەهێزی بمێننەوە چون دەرهاویشتەی وزە و تواناییەکانیان بەرەو دەرەوەی خۆیانە و ئەگەرچی لە قۆناغی شاردا بەشێوەیەکی دژەئەخلاقی بەڵام هێزەکەیان بەرانبەر بە دەرەوەی خۆیاندا بەکار دێنن و مەترسییەکە لە خۆیان دەرەوێننەوە.

**٣- قۆناغی دەشت (نە شار و نە شاخ):** هێزی شۆرشگێڕ لەو قۆناغەدا نە هێزێکی شۆرشگێری لەحاڵی خەبات دایە و نە دەسەڵاتیشی بە دەستە. ئەدی تەکلیفی ئەو هێز و وزەیەی کە بە سیفەتی شۆرشگێڕ بوونەوە ڕۆژانە لە خۆیدا بەرهەم و بەرهەمی دێنێتەوە (تولید و بازتولیدی دەکاتەوە) چی بەسەر دێ؟ مەترسییەکە ڕێک لێرە دایە کە نە وەک قۆناغی شاخ بەرۆکی دوژمن و نە وەک قۆناغی شار بەرۆکی کۆمەڵگە بەڵکوو ئەمجارەیان ڕێک بەرۆکی خۆی دەگرێتەوە! "هێزە شۆرشگێڕەکان لە قۆناغی دەشتدا نە هێزێکی ڕزگاریدەری خەباتکارن کە دوژمنی دەسەڵاتدار (داگیرکەر) ڕووبەڕوویان بێ، نە خۆیان دەسەڵاتدارن کە کۆمەڵگە لە بەرانبەر خۆیاندا ببینن و تەنانەت دیکتاتۆڕ بن. لە فەزایەکی بەرزەخیی نێوان شاخ و شاردا گیر دەکەن. هەر بۆیەش بەگشتی دەرهاویشتەی هێز و تواناییان دەروون ڕێژ دەبێ و ئاراستەکەی ڕووی لە خۆیان دەکاتەوە یا بەواتایەکی دیکە خەریکی . خودزنی . دەبن".

لەڕاستیدا بەستێنی سیاسی و خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا لەم قۆناغە دایە. بێ سەوادی و ناتێگەیشتویی سیاسیی و لەمێژوودا مانەوەی هێزە سیاسییەکان و ئەندامەکانیشیان ڕۆژبەڕۆژ فەزاکەی ئاڵۆزتر و چەقبەستووتر کردوە. بەداخەوە بەلای زۆربەی ئەندامانی ئەم هێزانەوە هێشتاش دیواری بێرلەن نەڕووخاوە و کەمترین تێگەیشتنیان لە هاوکێشە سیاسییەکانی دنیای سەردەم هەیە و هێشتاش هەر لە فەزای دەیەی ٧٠ و ٨٠ی زایینی (٥٠ و ٦٠ی هەتاوی)دا دەژین. لە نەست (ناخودئاگا)ی بەشێکی زۆر لەو هێز و ئەندامانەیاندا کۆماری ئیسلامی وەک دوژمن و ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک بەستێنی سەرەکیی خەبات حزوورێکی زۆر کەمرەنگی هەیە. بەڵکوو لە بۆشاییدا شەڕی هیچ لەگەڵ یەک و لەنێو خۆدا دەکەن.

تێبینی: جیا لەو پارامێترانەی لە سەرەوە بۆ دیاری کردنی هێزێکی شۆرشگێڕ باس کران، لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هێزە شۆرشگێڕەکان لە کوردستاندا ئەوەیە کە هەڵگر یا وامداری چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژیکیی تایبەتن (زیاتر چەپ)، کە ئاراستەی سیاسی یا لانیکەم مێتۆدی خەباتیان دەسنیشان دەکا.

٢٣ی جوولای ٢٠١٦

---

## رزگاریی راستەقینە لە دەربازبوون دایە

رزگاریی راستەقینە لە دەربازبوون دایە..

رزگاربوون لە کۆت و بەندەکان، لەو شتانەی کە لە چوارچێوەیاندا کێشاوین، لە پیرۆزییەکان بەتایبەت ئەوانەی ریشەیان لە مێژوودا هەیە.

رەنگە شکست بۆ ئێمە چەمکێکی نامۆ بووبێ، کەچی بەسەرمان هاتوە و ئەزموونمان کرد. دان پێدانەنان و قبوڵ نەکردنی ئەم حەقیقەتە بۆهەمیشە لەم حاڵەتەدا راماندەگرێ و دەمانهێڵێتەوە.

ئێمە میللەتێکی سەیرین! هەڵەکانی رابردوومان بە تعصب و شانازییەوە دووپات دەکەینەوە و ئەوە بە عەینی کوردایەتی دەزانین.

کۆمەڵگەیەکی جالبمان هەیە! زیاترین بەحسی سیاسی دەکەین کەچی کەمترین خوێندنەوە و تێگەیشتنی سیاسیمان هەیە. زۆر زیاتر لەوەی کە سیاسی بین، سیاسەت زەدەین و بەجێی ئەوەی سیاسەت بکەین، سیاسەت بازی دەکەین. سیاسەت بەواتای حەقیقیی هونەری مومکین پێگەیەکی ئەوتۆی لە ئەدەبیات و کرداری سیاسیماندا نییە و زیاتر ئێحساسات و سەرەڕۆیی بەسەرماندا زاڵە. هەڵبەت رەنگە زۆریش سەیر نەبێ، چون حیزبەکانی ئێمە بە

ئێستاشیانەوە بێ بەرلەوەی کە حیزبێکی سیاسی و ڕەوتێکی جەماوەری بن، هێزێکی شۆڕشگێڕن و زۆربەی سەرکردەکانیشمان بەرلەوەی کە ڕێبەرێکی سیاسی بن، یان قارەمانانی خەباتی چەکدارین یان میراتگرانی سیاسیی سەردەمی شەڕن.

دوای کەمڕەنگ بوونەوە و ڕاگیرانی زیاتر لە دوو دەیەی خەباتی چەکداری لە لایەن بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی ڕۆژهەڵاتەوە، هێشتاش ئالتێرناتیڤی گونجاوی ئەم شێوازەی خەبات لە لایەن حیزب و هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانی ئەم پارچەیەی کوردستان نەدۆزراوەتەوە. بۆیە خەباتی ڕۆژهەڵات یان خەریکی ئەزموون کردنی تەعلیقێکی فەرسایشیی نەخوازراوە یان جاروبار تەکانێکی چەکدارانەی بێ مەبەستی ناسەرکەوتوو دەخوا و هەمدیس دەشنێتەوە. ئەگەرچی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بواری تیۆریکەوە لە ئەندێشە و ئامانجی چەپ و مارکسیستی فاسیلەی گرتوە کەچی لە بواری مێتۆد و کرداری خەباتەوە هێشتاش هەر خۆی بە وەفادار بەو مەکتەبە دەبینێتەوە. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە خەبات لای ئێمە بەجێی ئەوەی پرۆسە بێ، وەک پرۆژە سەیری دەکەین. خەباتی چەکداری بۆتە نەریتێکی پیرۆزی ڕەوتی هەرگیز تەبدیل بە مێژوو نەبووی خەباتمان و ئیسرارێکی ناسیاسیی دێوانەوارمان لەسەر درێژەپێدان و دووپات بوونەوەی بەردەوامی ئەم ئەزموونە تاڵە شکست خواردووە بێ دەسکەوتە هەیە. ئەوە ڕەنگە بۆ ڕەوتێکی وەک کۆمەڵە کە لە ئەساسدا خۆی بە هێزێکی چەپی شۆڕشگێڕ دەزانێ زۆر سەیر نەبێ کەچی بە دڵنیاییەوە بۆ حیزبێکی وەک دێموکرات کە لە فەلسەفەی وجوودیی خۆیدا ڕەوتێکی جەماوەری یە، زۆر گونجاو و لەجێدا نییە. لەراستیدا ئیسرار و دووپات کردنەوەی ئەزموونە شکست خواردووەکان هەڵەیەکی کوشندەن و مەحکوم بە شکستی دووبارەن. هەر بۆیەش گرێ کوێرەی ڕەوتی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چارەسەریی چەکداریی نییە بەڵکوو لە فرەڕەهەند بوون و بەجەماوەری کردنی خەباتدا حەل دەبێ. بەپیرۆز کردن و ئیسرار لەسەر بەردەوامیی شێوازێکی خەبات (خەباتی چەکداری) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتەکان ئەوەندەی تر دەسووتێنێ و هاوکێشەکە ئەوەندەی دیکە ئاڵۆز و بێ سەرەنجام دێڵێتەوە.

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

## خەسارناسیی ڕەوشی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەگەر ئامانجی کۆتایی ناسیۆنالیزم بەگشتی لەوەدا بزانین کە گەیشتنە بە دروستکردنی دەوڵەت و سەروەریی نەتەوەیی، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ڕەوتی ناسیۆنالیزم لە درێژەی مێژووی خەباتی گەلاندا سێ بەستێن و ڕێبازی سەرەکیی جیاوازی لەخۆ گرتوە و بەم پێیەش خەملێنراوە.

*١- ڕێبازی ئاڵمانی، کە لەسەر ئەساسی خوێن و پەیوەندیی نژادی دامەزراوە.*

*٢- ڕێبازی ئامریکایی، کە لەسەر ئەساسی خاک دامەزراوە.*

*٣- ڕێبازی فەرانسەوی، کە لەسەر ئەساسی مافی شەهروەندی (هاوڵاتی بوون) دامەزراوە.*

واتە هەر نەتەوەیەک هەوڵی داوە بەگوێرەی ئیمکاناتی مەوجوود و ئەو زەرفییەتە زەمانی و مەکانییەی کە تێی دایە لە یەکێک لەو ڕوویکردانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ناسیۆنالیستییەکەی کەڵک وەرگرێ و ڕێبازی خەباتەکەی لەسەر ئەو ئەساسە دابمەزرێنێ. مەبەستی سەرەکیی من لێرەدا ئەوەیە کە بڵێم هەر ڕووداوێکی مێژوویی لە کۆنسێپتی تایبەتی خۆیدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ و هەڵدەسەنگێندرێ. ڕوویەکەی دیکەی ئەم بۆچوونە دەتوانێ ئەوە بێ کە مێتۆدێکی خەبات ڕەنگە لە قۆناغێکی مێژووییدا گونجاو بێ کەچی لە قۆناغێکی دیکەدا ئەو کارکردەی پێشووی نەبێ. بۆ هەڵسەنگاندنی گونجاو بوون یا گونجاو نەبوونی شێوازێکی خەبات لە کۆنسێپتێکی تایبەتدا پێویستە کۆمەڵێک فاکتۆری نێوخۆیی، دەرەکی و یارمەتیدەر لەبەر چاو بگرین، کە لە ئەگەری خوێندنەوەی دروستی واقیعە سیاسییەکانی مەوجوود و بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی پرۆسەی خەباتدا دەتوانێ بە ئامانجەکانی خۆی بگات.

فاکتۆری نێوخۆیی: گرینگترین فاکتۆر بۆ هەر سەرهەڵدان و ڕاپەڕینێک خواست و ئیرادەیەکی گشتی یە، کە ئەگەر لە ڕاستایەکی مەنتقی و گشتگیردا هیدایەت بکرێ و بچێتە خانەی کردارەوە هێز بەرهەم دێنێ. لە دنیای سیاسەت و بەتایبەت لە قۆناغی خەباتدا گرینگترین فاکتۆرێک کە دەتوانێ دانوستانی پێ بکرێ هێزە، و هێزی تۆ پێگەی خەبات و مەشرووعییەتی سیاسیی تۆ دیاری دەکا و دەینرخێنێ. لێرەدا مەبەست لە هێز تەنیا هێزی نیزامی نییە و

هەر هێز یا بزاڤێکی سیاسی بەگوێرەی لۆژیک و کۆنسێپتی سیاسیی مەوجوود خوێندنەوە و روویکردی جیاواز و تایبەتی بۆ چەمکە هەیە و بەکاری دێنێ.

فاکتۆری دەرەکی: فاکتۆری گرینگی دیکە ئەوەیە کە ئەو هێز و لایەنەی کە تۆ لە بەرانبەریدا خەبات دەکەی و راپەرینت کردوە لاواز بێ. مێژووی خەباتی کوردستان لە هەموو بەشەکانی خۆیدا بەڕوونی ئەوەی نیشان داوە کە خەباتی کورد لەو کاتانەدا توانیویەتی گەشە بکا و تا رادەیەک لە ئامانجەکانی خۆی نزیک بێتەوە کە هێزە بەرانبەرەکەی بە هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی لە پێگەی لاوازدا بووە و ئەو دەسەڵاتەی پێویستە بەسەر جومگە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتدا نەیماوە. (سەردەمی کۆماری کوردستان، سەردەمی دوای کودتای دوویەمی بەعسییەکان لە عێراق، ساڵەکانی سەرەتای دوای شۆرشی ئێران، سەردەمی شەڕی ئێران و ئێراق، راپەڕینی باشووری کوردستان دوای شەڕی دوویەمی کەنداو، راپەڕینی رۆژئاوای کوردستان دوای سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆیی لە سووریە). واتە لە ئاکامی لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوەند لە وڵاتانی حاکمی کوردستاندا چەشنێک لە بۆشایی هێز و پاشەکشەی دەسەڵاتی ناوەندی لەم وڵاتانەدا پێک هاتوە کە مەجالی گەشە و راپەڕینی بۆ هێزی کوردی رەخساندوە.

فاکتۆری پارمەتیدەر: فاکتۆری سێیەم کە دەتوانێ دەوری یارمەتیدەر بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بگێڕێ بریتییە لەو پشتیوانی و پشتگیرییە جیهانییەی کە کورد دەتوانێ بە لەکارکردنی سیاسەتێکی هارمۆنیک و هاوتەریب لەگەڵ ئاراستەی گشتیی سیاسەتی جیهانی بەتایبەت زلهێزەکان بۆ خۆی دەستەبەر بکات. دیارە کورد بەگشتی لەم بوارەدا زۆر بە کەمی توانیویەتی سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست بێنێ و تەقریبەن تێیدا سەرکەوتوو نەبووە. کورد نەیتوانیوە و کەمتر ئەم ئیستعدادەی لە خۆی نیشان داوە کە لە پازڵی تەسمیم گیریی رەوتی رووداوە سیاسییە جیهانییەکان لە ناوچەکەدا شوێن و پێگەیەکی ئەوتۆ بۆخۆی دەستەبەر بکا و وەک هۆکارێکی سەرەکی و "کنشگر" حیسابی بۆ بکرێ. کەچی زیاتر لە دەلاقەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستانەوە خوێندراوەتەوە و بە هۆکارێکی لاوەکی زانراوە. بەداخەوە مەوزووعی کورد نەیتوانیوە ببێتە بەشێک لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی کاریگەر لە ناوچەکەدا و لە باشترین حاڵەتی خۆیدا رەنگە بە دزییەوە هەندێک یارمەتیی ماددی کرابێت.

بۆ بە ئامانج گەیشتنی بزووتنەوەی کورد لەهەر بەشێکی خۆیدا پێویستە هەر سێی ئەم فاکتۆرانە بە شێوەیەکی هارمۆنیک و تەواوکەرانە بەیەکەوە کۆ ببنەوە. کەچی بەداخەوە وەها بارودۆخێک پێک نەهاتوە و سەرەڕای ئەوەی

که له هەندێک قۆناغی مێژووییدا هەلی لەباریش ڕەخساوە بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە کەڵکی شایانی لێ وەرگرێ.
ئێستا دوای پتر له ٧ دەیە خەباتی بەردەوام و دامەزرانی یەکەمین حیزبی کوردی و چەکەرەی ناسیۆنالیزمی نۆوینی کوردی له ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەم پرسیارە جیددیە دێتە ئاراوە کە بۆچی ئەم بزووتنەوەیە دوای ئەو هەمووە قوربانیدان و فیداکارییە کەچی هێشتاش نەیتوانیوە بە ئامانجە دڵخوازەکانی خۆی بگات. ئەوە لە حاڵێکدایە کە یەکەمین هەنگاوەکانی ئەم بزووتنەوەیە (دامەزرانی کۆماری کوردستان) کە لە دیسکۆرسێکی میللی دێموکراتیکدا دەرکەوت زۆر باش گەشەی کرد و ئەگەر نەڵێین بە دەرەنجامی دڵخواز لانیکەم بە باشترین دەرەنجامی مومکین گەیشت. کەچی دوای ٧ دەیە لە خەبات ئەم بزووتنەوەیە هەرگیز نەیتوانیوە جارێکی دیکە لانیکەمی ئاواتەکانیشی بەدی بێنێ و زۆربەی کات بەجێی بەرەوپێش چوون بەداخەوە لە پاشەکشەیەکی فەرسایشیدا بووە.

توخمی سەرەکیی خەبات لە ڕۆژهەلاتی کوردستان شێوازی چەکداری بووە کە سەرەڕای ئەوەیکە لە هەندێ لە قۆناغەکاندا بەشێوەیەکی زۆر قارەمانانە و لەخۆبردووانەش بەڕێوە چووە کەچی لە پانتایی سیاسیدا کەمترین دەسکەوتی بووە. ئەم شێوازەی خەبات لە سەردەمە پرشنگدارەکەی خۆشیدا لەبواری سیاسییەوە دەسکەوتێکی ئەوتۆی لەقەدەرلانیکەمی ئەو هەزینە و تێچوویەی کە بۆی کراوە نەبووە. ئەوەش خۆی نەتیجەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی کورد بەرلەوەیکە بزووتنەوەیەکی سیاسی بێ بزاڤێکی ئیدیۆلۆژیکی لەسەر بنەمای شۆرشگێری یە و حیزبەکان بەرلەوەیکە نوێنەرانی سیاسیی کۆمەڵگەی خۆیان بن بریکارانی خەباتن. کەچی ئێستاش حیزبەکان وەک سەردەمێکی زێڕین باس لە قۆناغی خەباتی چەکداری دەکەن و ڕێگە چارەی دەرچوون لەم چەقبەستووییەی ئێستا لە گەڕانەوە بۆ شاخدا دەبینن. کەچی لە حەقیقەتدا لۆژیکی سیاسیی ئەم ئیددعایە گەلێک لاوازە و سەرکردەکانیشی پتر پەنجە لەسەر ڕەهەندە هەستیارەکانی کۆمەڵگە دادەنێن و لەبری بەنمونە هێنانەوەی دەسکەوتە سیاسییەکان لە تێچووی ئینسانی و فیداکارییەکان مایە دادەنێن!

خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوو قۆناغی سەرەکیی بووە کە بەداخەوە لە هیچیاندا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە و لەبواری سیاسییەوە عەقیم ماوەتەوە.

قۆناغی ناسراو بە (٤٦ - ٤٧) : ئەم حەرەکەتە کە زۆرجار لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتدا بە شۆرشی ٤٦_٤٧ یادی لێ دەکرێتەوە، ماوەی ١٨ مانگ لە ناوچەیەکی بەرتەسکی جوغرافیایی لە بەشێک لە ناوچەی موکریان

درێژەی کێشا و لە ئاکامدا بە شەهیدبوونی سەرکردە دیارەکانی وەک سولەیمان مۆعینی، مەلا ئاوارە، سمایل شەریفزادە و ... کۆتایی پێهات. لە سەرهەڵدانی ئەم حەرەکەتە دوو هۆکاری سەرەکی دەروری میحوەرییان گێڕاوە. هۆکاری دەرەکی، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی ئەم حەرەکەتە کە هاوکاتە لەگەڵ بە ئامانج گەیشتنی کۆمەڵێک لە بزووتنەوە شۆرشگێڕییە چەکدارییەکانی ئەوکات لە ئاستی جیهانیدا وەک کوبا، ئاڵبانی، ڤییەتنام، ... و لە ئارادابوونی کۆمەڵێک بزاڤی شۆرشگێڕانەی چەکداریی دیکە لە بەشێک لە دنیادا وەک ئامریکای لاتین، باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەشێک لە وڵاتانی ئەفریقایی، ... و بەگشتی لە بورسدا بوونی ئەم شێوازەی خەبات لە ئاستی نێونەتەوەییدا کە هەم لە کوردستان و هەم لە ئێراندا بەشێوەیەکی ئیلهام بەخشانە کاریگەرییەکی زۆری دانا. هۆکاری نێوخۆیی، دەگەرێتەوە بۆ کێشەی نێوخۆیی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا کە باڵی دژبەری ئەحمەد تۆفیق دەکەوێتە بە غەزەب و دژایەتیی مەلا مستەفا بارزانی و مەجالی مانەوە لە کوردستانی ئێراقیان نامێنێ و لەئەگەری مانەوەدا لەلایەن پارتییەوە دەستگیر و رادەستی ئێران دەکرانەوە. هەر بۆیەش بڕیار دەدەن مادام هەر قاچاغ بن بچنەوە بۆ کوردستانی ئێران و لەژێر رۆشنایی بزاڤە چەپە شۆرشگێڕییە جیهانییەکاندا خەباتی چەکداری بکەن.

### قۆناغی پاش شۆرشی ئێران:

بارودۆخی دوای شۆرش لە ئێران هەلومەرجێکی تەواو جیاوازی لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێک هێنا. ناسەقامگیریی حکومەتی تازەساوای کۆماری ئیسلامی و دەسەلاتی لاوازی بەسەر جومگە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبەرێتیی وڵاتدا بەتایبەت لە کوردستان وەهەروەها چێبوونی فەزای حەماسیی پاش رووخانی رێژیمی شا، چەشنێک لە خواست و ئیرادەیەکی گشتیی هەندێ گشتگیری بۆ دەستەبەر کردنی داخوازییە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد لە بەشی زۆری کوردستانی ئێراندا پێک هێنا. ئینجا پاش ماوەیەکی کورتیش رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئاخوندیی ئێران تووشی شەڕێکی درێژ خایەنی ٨ ساڵە لەگەڵ رێژیمی بەعسی ئێراق هات و ئەوەش فەزایەکی هەراوتری خەباتی چەکداریی بۆ بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دروست کرد. سەرەڕای هەمووی ئەوانەش بزووتنەوەی کورد توانیی بواری دیپلۆماسیی خۆی لەگەڵ وڵاتی ئێراق و هەندێ وڵاتی بیانیی وەک فەرانسە خۆش بکا و پشتگیری و یارمەتیی لۆژێستیکی و ماددی و نیزامییان لێ وەرگرێ. بەجۆرێک کە چەند جار حکومەتی ناوەندی وادار بە دانوستان و پاشەکشەی کورت خایەنیش بکات. کەچی لە کۆتایی ئەم قۆناغە لە خەباتی چەکدارییشدا (١٣٥٨ - ١٣٧٥)، بزووتنەوەی کورد نەیتوانی دەسکەوتێکی ئەوتۆی سیاسی بۆخۆی دەستەبەر

بکا و لە ئاکامی ئەم خەباتە پڕ هەزینە و درێژخایەنەدا نەتەنیا لەسەر ئەرزی واقیع دەسکەوتێکی بەدەست نەهێنا بەڵکوو بە شێوەیەکی فەرسایشییش تا قوڵاییەکانی خاکی باشووری کوردستان دوور خرایەوە و زەمینگیر بوو.

ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆچی لەم قۆناغەی دوویەمی خەباتی چەکدارییەدا کە بەشی زۆری ئەو فاکتۆرانەش کە زامنی بە نەتیجە گەیشتن و سەرکەوتنی ڕاپەڕین و خەباتن دەستبەر بوون کەچی سەری کورد بێ کڵاو مایەوە و کورد نەیتوانی بە ئامانجە سیاسی و میللییەکانی خۆی بگات. یان بە واتایەکی تر پاشنەی ئاشیلی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟

ئەگەر سەیرێکی مێژووی خەباتی چەکداری بەتایبەت لەو شوێنانەدا بکەین کە ئەم شێوازەی خەبات تێیدا سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی بزووتنەوەیەک لە ئامانجەکانی نزیک کاتەوە و ئاڵوگۆڕ پێک بێنێ، بەڕوونی دەبینین کە ئەم چەشنە لە خەبات تەنیا لەم وڵاتانەدا سەرکەوتوو بووە کە وڵاتانێکی یەک میللەتە یا دوو میللەتە بوون و هێزی ئۆپۆزسیۆن توانیویەتی هێزێکی تەنانەت گەورەتر و پۆشتەتر لە حکومەتی ناوەندی پێک بێنێ. بەپێچەوانەوە هیچ کام لەم بزووتنەوە چەکدارییانەی کە کەمینەیەک بە دژی حکومەتی ناوەندی بەڕێوەی بردوە سەرکەوتوو نەبووە. ئەوە خۆی دەرخەری ئەو حەقیقەتەیە کە خەباتی چەکداری ناتوانێ ئادرەسێکی گونجاو و جێی متمانە بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. دەرکی ئەو واقعیەتە هیچ لە ئاستی شۆڕشگێڕی و فیداکاریی ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی لە پێناوی نیشتماندا گیان لەسەر دەست بەرەوپیری مەرگەوە چوون کەم ناکاتەوە. بەڵکوو ئەوە دەگەیێنێ کە پێگەی کورد لە ئێراندا ئەو زەرفییەت و پتانسێلەی تێدا نییە کە بتوانێ لەڕێی خەباتێکی چەکدارییەوە بە ئامانجە پیرۆزەکانی خۆی بگات.

قۆناغی پاش سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێراندا هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدان و هاتنە کایەی هێزێکی شۆڕشگێڕی دیکە لە کوردستان بە ناوی کۆمەڵە کە بەنیسبەت حیزبی دێموکرات هێزێکی ڕادیکاڵتر بوو. کۆمەڵە بواری خەباتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەربەرەکانیی ڕووت (تقابل صرف) لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دەدیت و بە چوونە ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە و بوون بە لقی کوردستانیی ڕێکخراوێکی سەرتاسەری ڕەسمییەتێکی زیاتری بەو ڕوویکردە سیاسییە بەخشی. کەچی حیزبی دێموکرات ڕوانگەیەکی هەندێ جیاوازتری هەبوو و لە درێژەی ڕەوتی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مەجالی دانوستانیشی هێشتەوە و ڕویکردی بەربەرەکانیی هاوکات

لەگەڵ دانوستان (تقابل توأمان با تعامل)ی ڕەچاو کرد. وێدەچێ کە حیزبی دێموکرات دەرکێکی واقعبینانەتری لە چەمکی خەبات لە کوردستانی ئێراندا بووبێ. ئەگەرچی حیزبی دێموکراتیش وەک کۆمەڵە و هێزە شۆرشگێڕەکانی دیکەی کوردستان و ئێران لە پانتایی خەباتدا دروشمی ڕووخانی لە دژی دەسەڵاتی ئاخوندی هەڵگرتبوو بەڵام وێدەچێ دەرکێکی دروستتری لە زەرفییەتەکانی خەبات و بزووتنەوەی کورد هەبووبێ و بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مەجالی دانوستان و چارەسەری سیاسییانەی پرسی کوردی لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتدا هێشتبێتەوە و سیاسەتێکی کردەوەییتری ڕەچاو کردبێ.

تەنانەت بە پێی وتەکانی خودی دوکتور قاسملوو دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات زۆر لە وەهمی ڕووخانی ڕێژیمدا نەبووە بەڵکوو لە خەباتی چەکداری زیاتر وەک ئامرازێک بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز و لە نیهایەتدا دەستەبەر کردنی ماف و داخوازییە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد کەڵکی وەرگرتوە. بەواتایەکی تر و بە تەعبیری خودی دوکتور قاسملوو ئەوان بۆیە شەڕ دەکەن کە کۆماری ئیسلامی مەجبوور و ڕاکێش بکەن بۆ سەر مێزی دانوستان و چارەسەری سیاسی و ئیعتراف بە مافە ڕەواکانی کورد لە کوردستانی ئێراندا. کەوایە دەردەکەوێ کە خەباتی چەکداری ئەگەر بۆ هێزێکی چەپی ڕادیکاڵ وەک کۆمەڵە ستراتێژی خەبات بووبێ ئەوا بۆ حیزبی دێموکرات وەک تاکتیکێکی سیاسی کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئەوەش ئەوە دەگەیێنێ کە ئامانجی سەرەکیی حیزبی دێموکرات لە خەبات، نەک زەروورەتەن گۆڕینی ڕێژیم بەڵکوو گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم بووە.

ئێستا، پاش تێپەڕبوونی نزیک بە دوو دەیە لە ڕاگرتنی خەباتی چەکداری لە لایەن ئەحزابی ئۆپۆزسیۆنی تاراوگەنشینی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئایا دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بە پاساوی مل ڕانەکێشانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد، هەڵوێستێکی مەنتقی و گونجاوی سیاسی یە؟

بە بەراوردی بارودۆخی ئێستای خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ سەردەمی دوای شۆرشی ئێران حەقیقەتی ئەم بابەتەمان زیاتر بۆ شی دەبێتەوە.

لە بواری فاکتۆری نێوخۆییەوە بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگەی ئەوکاتی کوردستان زەرفییەت و ئامادەگیی خەباتی چەکداریی بە چەندین بەرانبەری ئێستا پتر بووە و خەڵکێکی گەلێک زیاتر بەنیازی پێشمەرگایەتی ڕوویان لە حیزبەکان دەکرد.

لە بواری دەرەکییەوە ڕێژیمی ئێران لەوکاتدا هێشتا تەواو خۆی نەگرتبوو و سەرەڕای ئەوەش بەشی زۆری توانا نیزامییەکەی خەرجی شەڕی ئێراق دەکرد و وەک ئێستاش کۆک و پۆشتە بە کەلوپەلی مۆدێرنی نیزامی نەببوو.

لە بواری لاوەکی و یارمەتیدەریشەوە بزووتنەوەی کورد پشتی جبهەیەکی بەهێزی وەک ئێراقی هەبوو کە بە هەموو شێوەیەک یارمەتیی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی دەکرد. سەرەڕای هەمووی ئەوانە شێوازی خەباتی چەکداری هێشتاش لە ئاستی نێونەتەوەیی و جیهانیدا وەک ئەرزش چاوی لێ دەکرا و لە زۆر شوێنی دنیادا بەرێوە دەچوو. ئەوەش خۆی پاڵنەرێکی بەهێزی مەعنەوی بوو کە مەشرووعییەتێکی زێمنی و کرداریی بەم جۆرە لە خەبات دەبەخشی.

هەر بۆیەش خەباتی چەکداریی دەیەی شەستی هەتاوی (دوای شۆرش) ئەگەرچی دەسکەوتی سیاسیی نەبوو بەڵام لانیکەم تەوجیهی سیاسیی هەبوو. کەچی بارودۆخی ئێستای بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حەقیقەتێکی تەواو جیاوازە. کۆمەڵگەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان نە پەزیرش و نە ئامادەگیی خەباتی چەکداریی هەیە. نەوەی چالاکی ئەمڕۆی ڕۆژهەلات نەوەیەکی ڕادیکاڵ بەواتا ئینقلابییەکەی دەیەی شەستی هەتاوی نییە کە ئازادی تەنیا لە لوولەی تفەنگدا ببینێ بەڵکوو ڕوویکردێکی تەعامولگەرایانەی لەپێش گرتوە و بوونی خۆی زیاتر لە بەستێنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەدۆزێتەوە و پێناسەیەکی جیاوازی لە خەبات و کوردایەتی هەیە. لەڕاستیدا ئەندێشەی سیاسیی سەردەم تەعریفێکی ئیدیۆلۆژیکی لە خەبات نییە، هەر بۆیەش نەک وەک پرۆژە بەڵکوو وەک پرۆسە سەیری چەمکی خەبات دەکات. لە لایەکی دیکەوە لەحاڵێکدا کە حکومەتی ئاخوندیی ئێران لەوپەڕی بەهێزبوونی نیزامیی خۆی دایە و تەنانەت دەستێوەردانی نیزامی لە وڵاتانی دیکەشدا دەکا، بەرەنگاربوونەوەی چەکداری بەرلەوەی کە ڕوویکردێکی مەنتقی و نەتیجەگەرایانە بێ، خۆکوژییەکی سیاسی یە.

لەڕاستیدا بزووتنەوەیەکی مەدەنیی چالاک لە کۆمەڵگەی ئێستای ئێران و کوردستاندا دروست بووە کە تەعریفێکی جیاواز لە ڕووبەڕوو بوونەوەی تەنیا (تقابل صرف)ی لە خەبات و سیاسەت هەیە و قەزائەن پاشنەی ئاشیلی کۆماری ئیسلامی وەک حکومەتێکی دیکتاتۆری تۆتالیتێر لە چوارچێوەی خەباتێکی گشتگیر و بەردەوامی مەدەنیدا دەبینێ. ئەوەی کە هێشتاش ئەحزابی ڕۆژهەڵات پێداگری لەسەر خەباتی چەکداری دەکەن بە دەلیلی کارامە بوونی ئەم شێوازەی خەبات نییە بەڵکوو بۆ نائاشنا بوونی ئەم حیزبانە لەگەڵ شێوازەکانی دیکەی خەبات دەگەڕێتەوە. ئەوەش خۆی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بەتایبەت حیزبەکان ئەحزابێکی ئیدیۆلۆژیکن نەک

سیاسی. بە ئێشتاشیەوە بێ پێکهاتەی گشتیی ئەحزابی کوردی پێکهاتەیەکی هێرەمیی سانترالیستیی ئیدیۆلۆژیکە کە لەسەر بنەمای چەپی کۆمۆنیستی دامەزراوە. تەنانەت هەندێ لە ئەحزاب کە تا ڕادەیەکیش لە بواری سیاسییەوە لەم خەتە دیاریکراوە ئیدیۆلۆژیکە لاشیان داوە بەڵام هێشتاش لۆژیکی خەباتیان ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە و تەنیا بەرداشتیان لە خەبات هەر خەباتی چەکداری یە. لەراستیدا ئەحزابی رۆژهەڵات بەهۆی ژیانی تاراوگە نشینی و ئەو دوورکەوتنەوە نەخوازراوەی کە تێی کەوتوون تا ڕادەیەکی زۆر لە واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی خۆیان دابڕاون و هێشتاش هەر بەگوێرەی پێوەر و پارامێترەکانی دەیەی شەستی هەتاوی سیاسەت دەکەن. ئەوەش وای کردوە کە دەرکێکی نادروستیان لە حەقیقەتی وجوودی و زەرفییەتەکانی خەبات لەمرۆی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان هەبێ. هەر بۆیەش بەجێی ئەوەی هاوتەریب و هەماهەنگی بزووتنەوەی مەدەنیی رۆژهەڵات بن و پشتیوانیی لێ بکەن بەداخەوە هەندێ جار تەنانەت لە بەرانبەریشیدا دەوەستنەوە و لەبری ئەوەی وەک دەرفەتێک بیقۆزنەوە کەچی وەک هەڕەشە لەسەر خۆیان لێی دەڕوانن.

دنیای دوای رووخانی دیواری بێرلین لە ئاستی جیهانیدا و شەڕی دوویەمی کەنداو لە ئاستی ناوچەییدا، جیاوازێکی زۆری لەگەڵ پێش خۆی هەیە و هاوکێشە سیاسییەکان گۆڕانکاریی بەرچاویان بەسەردا هاتوە. ئەوە تەئسیری راستەوخۆی لەسەر چۆنیەتیی چارەسەریی کێشەکانیش داناوە و چیدیکە بە پێودانگەکانی پێشوو سەیری مژارەکان ناکرێ. شێوازی چەکداری لە خەباتی سیاسیی سەردەمدا ئەو شەرعییەت و برەوەی جارانی نەماوە و بەشێکی زۆر لە هێزە شۆرشگێڕەکانی پێشوو لە ئاستی جیهانیدا ئاڵوگۆڕی جیددی و بنەڕەتییان لە شێوازی خەباتی خۆیاندا پێک هێناوە. دنیای سەردەم و هەڵوێستی سیاسیی گلۆباڵ پشتی خەباتی چەکداری ناگرێ و کورد ناتوانێ بێ توجە بە دنیای دەرەوە و بەبێ پشتگیریی جیهانی خەباتەکەی بە سەرەنجام بگەیێنێ.

خەباتی گەلی کورد خەباتێکی رەوایە و لە پێناوی دەستەبەر کردنی ماف و داخوازییە ئینسانی و نەتەوەییەکانی گەلێکی چەوساوە دایە، هەر بۆیەش ناتوانێ رێبازێکی دژ بە خۆی بپێوێ. شەڕی کورد شەڕی قودرەت نییە کە رێکاری نیزامی و چەکداریی هەبێ بەڵکوو خەباتێکی مافخوازانەیە و دەبێ ئاراستەیەکی لەم چەشنەش لەخۆ بگرێ. بەقەولی هێمینگوێی " چەک رەنگە پارێزەرێکی باش بێ بەڵام ئازادیی لێ شین نابێ". ئینجا هەر وەک باسیشمان کرد بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو زەرفییەت و پتانسێلەی تێدا نییە کە بتوانێ لەرێی خەباتی چەکدارییەوە بە دەرەنجامێکی دڵخواز بگات. سەرەڕای هەمووی ئەوانەش کە بگەڕێینەوە بۆ فەلسەفەی وجوودیی هێزی پێشمەرگە لە سەرەتای دامەزرانیدا بەڕوونی دەبینین کە ئەرکی سەرەکیی ئەم هێزە پاراستنی

دەسکەوتەکان و سنووری کۆماری کوردستان بووە، کەچی دواتر لەژێر هێژێمۆنیی بیری چەپدا ئاراستەیەکی رزگاریدەرانەی پێ بەخشرا کە وەک دیتمان سەری نەگرت. تصوری هێز لە جوڵەی پێشمەرگانەدا بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان عەینی بەستەزمانیی سیاسی یە و تەنیا لە بەستێنێکی لارێی ئیدیۆلۆژیکەوە سەرچاوە دەگرێ.

وەک پێشتریش باسمان کرد، بزاڤی ئیدیۆلۆژیک بزاڤێکی ئارمانگەرا و تەواوییەت خوازانەیە و روانینێکی پرۆژەیی بۆ خەبات هەیە و زۆربەی کات لە ئامرازی هێزی سەخت (توندوتیژ) بۆ گەیشتن بە ئامانج کەڵک وەردەگرێ. بزووتنەوەی کورد بەگشتی، جیا لە ماوەیەکی کورتخایەن لە سەردەمی کۆماری کوردستان، لەم بەستێنەدا ژیاوە و مەوجوودییەتی خۆی لە خەباتی چەکداریدا دۆزیوەتەوە. بەلام بزووتنەوەی سیاسی بزووتنەوەیەکی هەدەفمەند و رێژەیی خواز (نسبی گرا)یە و روانینی پرۆسەیی بۆ خەبات هەیە و هەوڵ دەدا لە ئامرازی هێزی نەرم (ناتوندوتیژ) بۆ گەیشتن بە ئامانج کەڵک وەرگرێ. لە واقیعدا نوێنگەی حەقیقیی وەها بزاڤێک لەنێو کۆمەڵگە دایە و لە خەباتێکی گشتگیری جەماوەریدا خۆی دەنوێنێ.

وێدەچێ کە دروستتر ئەوە بێ کە مەرکەزییەت و "نقطەی ثقل"ی بزووتنەوەی رۆژهەڵات لە ئەحزابەوە بەرەو جەماوەری خەڵکی کوردستان وەرسوورێ و تەنانەت حیزبەکانیش لە پێناسەی هێزێکی شۆرشگێڕەوە ببنەوە بە رەوتێکی جەماوەری. لە خەباتێکی جەماوەریی بەرین و گشتگیردایە کە حیزبە سیاسییەکانیش شوێن و پێگەی حەقیقیی خۆیان دەدۆزنەوە و لەبری ئەوەی بریکار (پەیمانکار)انی خەبات بن دەبن بە نوێنەرانی سیاسیی کۆمەڵگاکەیان. لە هەمان کاتدا رێکخراوە و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنییش دەتوانن دەورێکی کاراتریان هەبێ و لە زەرفییەتە قانوونییەکان کەڵکێکی باشتر وەرگرن و دەورێکی تەعامول خوازانەتر بگێڕن.

بەجەماوەری کردنی خەبات دەتوانێ روخسارێکی شارستانیانە و ئەمرۆیی تر بە بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ببەخشێ و لە هەمان کاتدا سەرنجێکی پتر بەرەو لای خۆی رابکێشێ و پشتگیرییەکی نێوخۆیی و دەرەکیی زیاتر لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە. زۆر گرینگە کە سەرنجی هێزی کورد لە شاخەوە بگوازرێتەوە بۆ نێو شارەکان و لە مەجالی کۆمەڵگەی مەدەنی بەسوودی بزووتنەوەیەکی گشتگیر و بەرینی جەماوەری کەڵک وەرگیرێ. پێویستە کۆمەک بە دروست بوون و پێکهاتنی جەریاناتی موازی لە نێوخۆ بکرێ و گرینگییەکی زیاتر بە بەشداریی جەماوەری لە بەستێنە جۆراوجۆرەکاندا بدرێ.

مادام کوردی رۆژهەڵات دروشمی سەربەخۆیی هەڵنەگرتوە و هێشتاش لە چوارچێوەی ئێراندا خۆی و داخوازییە سیاسییەکانی پێناسە دەکا وە هەروەها لە پانتایی هێزی سەختدا شانسێکی ئەوتۆی بۆ مانۆڕ نییە، وێناچێ کە رووبکردی ڕێبازی ئاڵمانی بۆ ناسیۆنالیزم رووبکردێکی مەنتقی و گونجاوی سیاسی بێ. هەرچەند کە تا ئێستا ناسیۆنالیزمی کوردی لەم دەلاقەیەوە خوێندنەوەی بۆ خۆی کردوە و لەسەر ئەساسی جیاوازیی نژادی لەگەڵ غەیری خۆی دامەزراوە، هەر بۆیەش هەمیشە رووبکردێکی "تقابل گرایانە"ی بووە. پێویستە کورد رووبکردی خەباتی خۆی بگۆڕێ و بە بەرداشتی چەمکی هاووڵاتی بوونەوە سەیری ناسیۆنالیزم بکا و چیدیکە خۆی لە گەمە سیاسییەکانی نێوخۆی وڵات بە پاساوی خەبات نەدزێتەوە. لەراستیدا خەباتی جەماوەری بەنیسبەت خەباتی چەکداری خەباتێکی مەیدانیترە و هێزی کوردی زیاتر و مەدەنیانەتر تێدا بەرجەستە دەبێتەوە و ئیمکانی بە نەتیجە گەیشتنیشی بەگوێرەی پارامێترەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و گلۆبالی سەردەمەوە زیاترە. بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلات دەبێ بیر لە حاڵوگۆڕی جیددی و بنەڕەتی لەنیو خۆیدا بکاتەوە و لە ئەزموونەکانی رابردووی تەجروبەی جیددی وەرگرێ و هەلەکانی پێشوو دووپات نەکاتەوە. پێویستە بە دیدێکی رەخنەگرانەترەوە سەیری مێژووی خۆی بکا و بیر لە رێباز و ئەزموونی نوێ بکاتەوە. ئەو رووبکردە تقابل گرایانەیە بەر لە هەموو شتێک سەری خۆی دەخوا و لەدژی دەنگە جیاوازەکانی نێو خۆی بەکاری دێنێ. بزووتنەوەی کورد پێویستە رووبکردێکی تعامل گرایانەی خەبات لەپێش بگرێ و بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو زەرفییەت و تواناکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری بەپانتایی هەموو خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هێنانە کایەی دیسکۆرسێکی تازەی خەبات لە هەوڵی راکێشانی جەماوی بۆ مەیدانی بزووتنەوەی مافخوازانەی رزگاریخوازی کوردستان بێ و بە ئەرکدار کردنی جەماوەری خەڵکی کوردستان بەنیسبەت چارەنووسی سیاسیی خۆیانەوە، زەمینەی خەبات و راپەڕینێکی گشتگیری جەماوەری لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا خۆش بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## ئەوەی پەکەکە دەیکا نە پاساوی ئینسانیی هەیە نە پاساوی نەتەوەیی و نیشتمانی

- پڕ دیارە کە کورد یەک نەتەوەیە و رووداوە سیاسییەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان کاریگەریی راستەوخۆ لەسەر بارودۆخی پارچەکانی دیکە بەجێ دێڵێ. هەروەها هەر هەلومەرجێکی تایبەت لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەڵوێستی گشتیی نیشتمانیی لێدەکەوێتەوە. سەرەڕای ئەوەیکە زیاتر لە چەند سەدە بەسەر دابەشکردنی خاکی کوردستان بەسەر وڵاتانی دراوسێدا تێدەپەڕێ بەڵام ئەوە هەرگیز نەیتوانیوە هەستی یەکگرتوویی و یەکبوونی نەتەوەیی لەنێو کورد و خەڵکی کوردستاندا کەمڕەنگ بکاتەوە. مێژووی چەند سەدەی رابردووی کوردستان نیشانی داوە کە هەبوونی سنوورە دەسکردەکان نەیتوانیوە ئەو هەستی هاونەتەوە بوونە رەوایە لەنێو گەلی کورددا بەسوودی داگیرکەرانی کوردستان بە لارێدا بەرێ و لە ئایدیای سیاسیی ئەو وڵاتانەدا بیتوێنێتەوە. کەچی هەلومەرج و واقعی سیاسیی تایبەتی هەر بەشێک لە کوردستان رێبازێکی خەباتی جیاوازی بەسەر هەرکام لەم پارچانەدا فەرز کردوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەگەر هەڵوێستی سیاسیی کورد لە سەرەنجامی خۆیدا بەشوێن بەدیهێنانی ئاواتی دەوڵەت نەتەوەی وڵاتی سەربەخۆی کوردستانی گەورەشەوە بێ کە گشت پارچە لێک دابڕاوەکان لەخۆ بگرێ، هەمدیس بەهۆی ئەو چارەنووسە سیاسییە جیاوازەی کە تێیکەوتوون پێویستە لە سەرەتاوە هەرکام لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان کێشەی سیاسیی خۆی بە شێوەی جیاواز چارەسەر بکا پاشان بەرەو یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانە بڕۆن.

مەبەستی سەرەکیی من ئەوەیە کە بڵێم ئەگەرچی کوردی هیچ پارچەیەک ناتوانێ بەرانبەر بە چارەنووسی سیاسیی پارچەیەکی تر بێ تەفاوەت و بێ هەڵوێست بێ بەڵام پێویستە لە دەستێوەردانی راستەوخۆ لە کاروباری پارچەکانی دیکەدا خۆی ببوێرێ و لە هاوکێشە سیاسییەکانی یەکتردا بەشداریی کرداری نەکەن. کەوایە مەیدانی خەباتی هەر پارچەیەکی کوردستان بۆ حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکە مەیدانی هەڵوێستە نەک چالاکی. بەڵکوو مەیدانی چالاکیی سیاسی و کرداریی هەر حیزب و رێکخراوێکی سیاسیی کوردستان تەنیا ئەو پارچەیەیە کە تێیدایە و مەشرووعییەتی سیاسی و پاڵپشتی جەماوەریی خۆی لێ وەرگرتوە. کەوایە هیچ لایەنێکی سیاسی ئەو مافەی نییە کە بە پاساوی نەتەوەیی بوون و... دەستێوەردانی سیاسی و کرداری لە هاوکێشە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بکات.

بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ پەکەکە لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا دەیکات نەتەنیا لە هەڵوێستێکی ئینسانی و نەتەوەییەوە سەرچاوە ناگرێ بەڵکوو لە پاشخانێکی پاوانخوازانە و هێژمۆنیخوازی نادەوەستانەوە ڕێچکە دەبەستێ کە نەک لە خزمەتی گەلی کورد بەڵکوو لە خزمەتی داگیرکەرانی کوردستان دایە.

- پەکەکە، وەک هێزێکی دیکتاتۆڕ و دوگمی سیاسی چ لە ئاستی نێوخۆیی و چلە ئاستی دەرەکیدا، دەیەوێ ئۆتۆریتە و هێژێمۆنیی سیاسی و نیزامیی خۆی بەهەر شێوەیەکی مومکین بەسەر هێز و لایەنە سیاسی و شۆرشگێڕەکانی دیکەی کوردستاندا بسەپێنێ و لەم پێوەندەشدا لە هیچ هەوڵێکی نامتعارف و دوور لە پرەنسیپە ئینسانی و نەتەوەییەکان ناپرینگێتەوە. لە مەکتەبی ئیدیۆلۆژیکی سیاسیی پەکەکەدا هەدەف وەسیلە تەوجیە دەکات واتە بۆ گەیشتن بە ئامانج لەهەر ئامرازێک دەتوانرێ کەڵک وەرگیرێ. پەکەکە مەیدانی خەباتی کوردستان لە قەبزە و بارمتەی خۆیدا دەبینێ. وەک هەر سیستمێکی دوگم و دیکتاتۆڕیی دیکە فەلسەفەی وجوودیی خۆی لە تقابل و بەربەرەکانیی هەمیشەیی لە بەرانبەر دوژمندا دەبینێ و هەر لایەنێکیش بچووکترین پەیوەندی یان تەنانەت بەرژەوەندیی هاوبەشیشی لەگەڵ دوژمنەکەی ئەودا هەبێ ئەویش بە دوژمن دەزانێ. تەنانەت ئەو لایەنانەش کە لەسەر حیسابی ئەوان لەگەڵ دوژمنەکانیان بناغەی هاوپەیمانی و دۆستایەتیی دارشتوە بە دوژمنی خۆی دەزانێ. هەر بۆیەش لە روانگەی سیاسیی پەکەکەوە نە تەنیا دەوڵەتی تورکیە بەڵکوو پارتییش کە دۆستی تورکییەیە و حیزبەکانی رۆژهەلاتیش کە ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامیی دۆستی ئەون حیسابی دوژمنیان بۆ دەکرێ. لە دەلاقەی تەنگی سیاسیی پەکەکەوە لە چوار وڵاتی داگیرکەری کوردستان تەنیا تورکیە دوژمنە کەچی ئێران و عێراق و سووریە کە بۆخۆی لە بەرەی ئەواندا وەک دارەدەستیان دەجولێتەوە دۆستن.

- ئەو دەستێوەردان و شەرفرۆشییەی پەکەکە ئەمرۆ لە باشووری کوردستاندا ئەنجامی دەدات هیچ پاساوێکی ئینسانی و نەتەوەیی و نیشتمانیی نییە و تەنیا و تەنیا لە پێناوی بەرژەوەندییە سیاسییە ئیدیۆلۆژیکەکانی خۆی دایە و لەلایەکەوە بە دەستووری راستەوخۆی دەسەلاتدارانی سیاسیی ئێران و عێراق و سووریە بەتایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ داسەپاندنی هێژێمۆنی و دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بەسەر هەموو پارچەکانی کوردستان دایە کە دەیکا. پەکەکە نیشانی داوە کە زۆر راحەت حازرە خەباتی میللیی کورد نەک هەر لە پارچەکانی دیکە بەڵکوو لە باکووریشدا فیدای مەرام و زێدەرۆییە حیزبی و ئیدیۆلۆژیکەکانی خۆی بکات.

پارتی ئەگەر هەزار و یەک ئیرادیشی هەبێ، بەڵام نابێ هاوکێشەکان تێکەڵ بکرێن و بە تاوانی دیکە لەم بوارەدا

مەحکووم بکرێ.

ڕاستی ئەوەیە کە شنگال خاکی باشووری کوردستانە و پەکەکە بۆی نییە کە دەستێوەردانی نیزامی و تەنانەت سیاسییشی تێدا بکات. مەیدانی خەباتی پەکەکە دیارە و باکووری کوردستانە کەچی بەداخەوە بەهۆی ئەو سیاسەتە چەوت و هێژمۆنیخوازەی کە هەیەتی، بە هەڵگیرساندنی شەڕێکی ماڵوێرانکەری بێ ئاکام لەوێشدا ئەو ئەزموونە باش و پڕ دەسکەوتە سیاسییەی خەباتی مەدەنی و پارلەمانیی هادەپیشی لە خشتە برد و کردیەوە بە هیچ. لە ڕێککەوتنێکی سیاسیی ناموبارەکدا خەبات و بەرخۆدانی قارەمانانەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستانی مایەپووچ کردەوە و بەبیانووی مەترسیی حزووری هێزی تورکییە بەشێکی زۆر لەو ناوچە ڕزگارکراوانەی، کە بەرهەمی فیداکاری و خوێنی هەزاران ڕۆڵەی لەخۆبردووی ئەم گەلە بوو، ڕادەستی هێزەکانی بەشار ئەسەدی دوژمنی کوردان بەڵام دۆستی خۆی کردەوە.

لەڕاستیدا پەکەکە نیشانی داوە کە هێزێکی دێموکرات و ئازادیخوازی کوردی نییە و مەسئەلەی کوردستان و کورد وەک ئامرازێک لە پێناوی بەرژەوەندی و مەرامە سیاسی و ئیدیۆلۆژیکەکانی خۆیدا بەکار دێنێ و وەک کارتێک لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا یاریی پێ دەکات.

- پێویستە هەموو هێز و لایەنە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی کوردستان لە بەرەیەکی هاوبەشدا دژ بە پاوانخوازی و دەستێوەردانی نادەروەست و نانەتەوەییانەی پەکەکە یا هەر هێز و لایەنێکی دیکە لە کاروباری سیاسیی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا هەڵوێستی جیددی بگرن و بەتوندی مەحکوومی بکەن. ئەو بابەتە بەهیچ چەشنێک بۆ دانوستان نابێ و ناشێ بەبیانووی ڕاگرتنی باڵانسی سیاسی و لایەنگری نەکردن لە هێزێکی کوردی لە بەرانبەر هێزێکی دیکەدا کۆنتاکتی خنثی و منفعلانەی لەگەڵدا بکرێ.

لەبیرمان نەچێ ئەوەی ئەمڕۆ دەکرێ داهاتووی لێ دروست دەبێ.

٧ی مارچی ٢٠١٧

# لە هەڵبژاردنی شووڕاکاندا بەشداری بکەن

ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێژیمێکی دڕەندە و تۆتالیتێری نادێموکراتیک و سەرەڕۆیە، هیچ گومانی تێدا نییە. لەوەشدا کە هەڵبژاردن لای ئەم ڕێژیمە هەرگیز نوێنگەیەکی راستەقینەی لە ویست و ئیرادەی کۆمەلانی خەڵکی ئێران تێدا نەبووە، هەمدیسان هیچ گومانێکی تێدا نییە. هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە کۆماری ئیسلامی بچووکترین باوەڕیشی بە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ و پێناسە نێونەتەوەییەکان نییە. کەچی لە هەمان کاتیشدا بەشداری کردنی خەڵک لە هەڵبژاردن و بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیان، لانیکەمی مافی هاووڵاتی بوونی تاک و کۆمەڵگە ئینسانییەکانە. بەرپرسە باڵاکانی ڕێژیم زۆر جار لە وتارە سیاسییەکاندا ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆماری ئیسلامی مەشرووعییەتی خۆی لە خودا نەک لە خەڵک وەرگرتوە بۆیە بەشداری کردنی ئاگاهانە لە هەڵبژاردنەکاندا لزوومەن بەمانای مەشرووعییەتی ئەرێنی بەم ڕێژیمە نییە. لەلایەکی دیکەشەوە بەشی زۆری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ماوەی نزیک بە چوار دەیەیە کە بە بەردەوامی لە پرۆسەیەکی هاوچەشن و لەحەددی دەرکردنی بەیاننامەیەکی تکراریدا سیاسەتی منفعلانەی تەحریمی هەڵبژاردنەکانیان بەبێ دەستەبەرکردنی دەسکەوتێکی مەلمووس ڕەچاو کردوە. کەچی بەشێوەیەکی ماندوونەناسانە ئیسرارێکی عەجیبیان لەسەر درێژەدان بەم سیاسەتە بێ دەرەنجامە ئەزموونکراوە هەر هەیە و تووشی کوردەناموسییەکی نەخوازراوی سیاسی هاتوون و لێشی پاشگەز نابنەوە. ڕەنگە هۆکاری بەشێکی ئەم چەشنە ڕەفتارەی ئەحزابی کوردی ڕۆژهەڵات لەوەدا خۆی ببینێتەوە کە بەداخەوە تا ئێستاش هیچ کام لەو هێزە چەکدارانە قۆناغی گوزار لە ڕەوتێکی شۆڕشگێڕیان بەرەو حیزبێکی سیاسی تێپەڕ نەکردوە. چون حیزبێکی سیاسی هەرگیز بەپێی هاوکێشەی سیفر و سەد ناجوڵێتەوە بەڵکوو هەوڵ دەدات بەگوێرەی ئیمکان لە گەمە سیاسییەکاندا حزووری ئامانجدارانەی هەبێ. واتە ئەگەر لە دەرگاوە دەری بکەن لە پەنجەرەوە دێتەوە ژوورێ و بەرگی نێعمەتی حزوور هەرگیز لەبەر خۆیدا داناماڵێ. پڕ دیارە کە بەشی هەرەزۆری چالاکانی سیاسیی ئێستای کوردستان چ وەک ئەحزاب و چ لە دەرەوەی حیزبەکانیشەوە بەمجۆرە بیر ناکەنەوە بەڵام ئەوە بەمانای دروستبوونی ئاراستەی کرداریان نییە بەڵکوو ئەوە دەگەیێنێ کە بەداخەوە بەشی هەرەزۆری ئەو ئەکتەرانە فاقیدی ئەندێشەیەکی سیاسیی دەسکەوتخوازانەی ڕێژەیین بەڵکوو زیاتر بەپێی پارامێترەکانی بەستێنێکی شۆڕشگێڕانە دەجوڵێنەوە و سیاسەت دەکەن. حیزبێکی سیاسی و بزووتنەوەیەکی چالاک بۆ تەئسیرگوزاری و کاریگەریدانان لەسەر پرۆسەی سیاسیی وڵات پێویستیی بە بەستێن سازی هەیە کە بتوانێ تێیدا چالاکیی سیاسیی خۆی پێشکەش بکات بەڵام ئەگەر بەهەر

هۆکارێک ئەو ئیمکانە نەبوو دەبێ ئەو زەرفییەت و ئیمکانە لەخۆی نیشان بدات کە بتوانێ لە بەستێنە پێکهاتووەکانی مەوجوود نەهاتی کەڵکی خۆی وەرگرێ و لە هاوکێشە جۆراوجۆرە سیاسییەکان بەنەفعی خۆی و خەڵکەکەی ئیستفادە بکات. بۆیە مادام بزووتنەوەی کورد و ئەحزابی سیاسیی کوردستان ئیمکانی چالاکیی ئازادانەیان لە نێوخۆی وڵاتدا نییە پێویستە لەو لانیکەمە دەرفەتانەی کە دێنە پێش کەڵکی شایستە وەرگرن و لە بەستێنە پێشهاتەییەکان لەراستای دەسکەوتێکی ڕێژەیی و تەنانەت کاتییشدا گاریگەری و وەزنی خۆیان بچەسپێنن. ڕەوتێکی سیاسیی زیرەک هەلەکان دەقۆزێتەوە و تەهدیدەکانی مەوجوود تەبدیل بە دەرفەت و فورسەت دەکا و لەراستای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا کەڵکی دروستیان لێ وەردەگرێ.

دیارە مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە تێکەڵکردنی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و شووراکان کۆمەک بە بردنەسەری ئاستی بەشداریکردنی خەڵک و پڕوپاگەندەی خۆیەتی. بەڵام وێدەچێ کە زۆر سادەلەوحانە بێ کە ئێمەش وەک بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان گرفتاری ئەم داوە بین و هەردووی ئەو هەڵبژاردنانە لە یەک پەکەیجدا ببینین. هەڵبژاردنی شووراکان بەستێنێکی کەمتر سیاسیی هەیە و لە بەدبینانەترین حاڵەتیشدا دەسکەوتێکی ئەوتۆی پڕوپاگەندەی سیاسیی بۆ ڕێژیم نییە، کەچی پەیوەندیی راستەوخۆی بە ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییانەوە هەیە. تەحریمی بەیاننامەیی یارمەتییەکی ئەوتۆ بە پێگە و ئامانجی سیاسیی ئێمە ناکات بەڵکوو ئەوەندەی دیکە دوورەپەرێز و پەراوێزنشین ترمان دەکاتەوە و ئاستی تەئسیرگوزاریمان لەسەر هاوکێشە سیاسی و غەیرەسیاسییەکانی کۆمەڵگەکەی خۆمان زیاتر و زیاتر دادەبەزێنێ. ئەو چەشنە هەڵسوکەوتە خۆی رێک لەراستای بەرژەوەندی و داخوازیی کۆماری ئیسلامی دایە کە هەرچی زیاتر ئێمە لە ناوەندی تەئسیرگوزاریی وڵاتەکەمان دوور دەخاتەوە و ڕۆژبەرۆژیش مەودایەکی بەرینترمان لەگەڵ خەڵک بۆ پێکدێنێ و تۆوی ناهومێدی و ئینفعال لە کۆمەڵگەدا دەچێنێ.

بۆیە بە باوەڕی من ڕێگەچارەی دروست و گونجاوترین کۆنتاکت بەنیسبەت ئەو هەڵبژاردنەی ئەمساڵەوە ئەوەیە کە لە تەنیشت هاندان بۆ بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا، لە خەڵک داوا بکرێ کە بەشدارییەکی چالاکانەیان لە هەڵبژاردنەکانی شووڕادا هەبێ و هەوڵ بدەن کە خەڵکانی باش و جێی متمانەی گشتی دەسەڵاتی شووراکانی شار و دێهات بەدەستەوە بگرن.

بەمجۆرە هەم ناسنامەکانی خەڵک مۆری خواردوە، هەم خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماردا

بەشدارییان نەکردوە، هەم شووراکانی خۆشانیان هەڵبژاردوە. ئەم مکانیزمە هەم رەهەندی بەشداریی چالاکانە و هەم تەحریمی چالاکانەشی تێدا پارێزراو و رەچاو کراوە. بەم شێوەیە ئێمە دەتوانین ئەو مکانیزمە هەڵبژاردنییەی کە رێژیم وەک دەرفەتێک بۆخۆی سەیری دەکرد بەسوودی خۆمان گۆڕانی بەسەردا بێنین و لە مەقامی تەهدیدەوە بە فورسەتێک بۆخۆمانی تەبدیل بکەین.

٢١ی مارچی ٢٠١٧

## داعش، رۆژئاوا و ئێران ..!

لە چەند مانگی رابردوودا داعش کۆمەڵێک تەقینەوە و رەشەکوژیی تێرۆریستیی لە هەندێک لە پێتەختی وڵاتانی ئەورووپایی وەک پاریس و لەندەن و ستۆکهۆڵم بەئەنجام گەیاند. دوابەدوای ئەوانەش دوو کردەوەی تێرۆریستیی دیکەی لە دوو شوێنی گرینی تارانی پێتەختی وڵاتی ئێران ئەنجام دا. هەمووی ئەو کردەوانە لە نەریتی باوی رێکخراوی داعش وەک رێکخراوێکی نوێی تێرۆریستی کە هەم لەرووی ئایدیا و هەم لەرووی پراکتیکەوە جیاوازییەکی بەرینی لەگەڵ رێکخراوە تێرۆریستییە هاوشێوەکانی خۆی هەبوو بەدوور بوو. داعش کە بە گوتاری پێکهێنانی خەلافەتێکی نوێی ئیسلامی لە سەردەمی نوێدا هاتە نێو ململانێ سیاسییە ناوچەیی و جیهانییەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەراست، کرداری تێرۆریستیی تەنیا بۆ چاوترسێن کردن و لاوازکردنی پێگەی سیاسی و نفووزی نەیارەکانی نەدەکرد بەڵکوو بە مەبەستی دەست بەسەرداگرتن و بەرینتر کردنەوەی پانتایی نفووزی خۆی و پەرەپێدانی دەسەڵاتەکەی لەسەر عەرزی واقعدا لە شێوەی جیهادی ئەنجامی دەدا. داعشیش وەک زۆربەی پێکهاتە ئیدیۆلۆژیکەکانی دیکە پرۆژەیەکی سیاسیی بەدەستەوەیە و لە پێناوی دەستەبەرکردن و بەسەرەنجام گەیاندنیدا تێدەکۆشێ و خەبات دەکات. پرۆژەی پێکهێنانی دەسەڵاتێکی نوێی ئیسلامی بەگوێرەی پارامێتر و ئێلێمێنتەکانی ئیدیۆلۆژیی ئیسلامی بە پێی پرەنسیپە کردارییەکانی سەردەمانی سەرەتای ئایینی ئیسلام کە بە شێوەی خەلافەتی بەڕێوە دەچێ. دەسەڵاتدارانی داعش بە تێگەیشتنەوە پێگەی لاوازی سیاسی و نیزامیی دوو وڵاتی عێراق و سوورییەیان بە هەل قۆستەوە و خەلافەتە ئیسلامییەکەی خۆیان لەسەر هەندێ بەشی ئەم دوو وڵاتەدا دامەزراند. هەرچەند کە بۆیان نەلوا دەسەڵاتەکەیان تا ئاستی دەست بەسەرداگرتن بەسەر پێتەختی ئەم وڵاتانەدا بەرین

بکەنەوە کەچی بەبێ رووخانی دەسەڵاتدارێتیی ئەم وڵاتانە توانیان بە سڕینەوەی سنووری نێوان ئەم دوو وڵاتە و دابڕاندنی بەشێک لە خاکی هەر کامیان سنووری دەسەڵاتێکی نوێ _هەڵبەت بەبێ هیچ دانپێدانان و ئێعترافێکی نێونەتەوەیی_ بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. هەروەها داعش توانیی ئیجماعێکی پشتیوانیی کرداریی نێونەتەوەیی لەنێو موسوڵمانانی توندڕەوی سەرتاسەری جیهاندا بەدەر لە پێگەی نەتەوەیی لەسەر ئەساسی ئۆممەی ئیسلامی بۆ خۆی پێک بێنێ. کەچی لە هەمان کاتیشدا زێدەڕۆییە سیاسی و کردارییەکانی داعش و هەڵسوکەوتە سەدە ناوەراستییەکانیان بوو بەهۆی ئەوەی کە بەرەیەکی نێونەتەوەیی دژ بە داعش لە ئاستی جیهانیدا ساز بێ و دنیای مۆدێرن بە هەرچی بەخێراتر لەناو بردنی هێزێکی مەترسیدار و دواکەوتووی لەم چەشنە هەستێ. هەر بۆیەش ئیجماعێکی سیاسیی ئەرکداری بەرینی نێونەتەوەیی بە بەشداریی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی خاوەن پێگە و بەهێزی دنیا لە بەرەیەکی دژە تێرۆری جیهانیدا بۆ لەناوبردن و کۆتایی هێنان بە رێکخراوی داعش و خەلافەتە نوێیە ئیسلامییەکەی پێک هات کە بە شێوەیەکی هەمەلایەنە و چڕوپڕ شەڕ لە دژی داعشیان دەست پێکرد. دەسەڵاتدارانی داعش کە مەوجوودییەتی خەلافەت و رێکخراوەکەیان لە مەترسیی جیدیی لەناوچووندا دەبینن گەمەیەکی دوو لایەنەی نوێیان دەست پێکردوە کە هەرکامیان خاوەنی سیگناڵێکی تایبەت بۆ وڵاتانی بەرەی دژبەرە. داعش کە مەترسیی لەناوچوون لە ئاکامی ئەم هێرشە پان و بەرینە بۆ سەر خۆی بە تەواوی وجوودەوە هەست پێدەکا وێدەچێ کە لە هیچ کردەوەیەک نەپرینگێتەوە و لەپێناوی مان و مەوجوودییەتی خۆیدا دەست بۆ هەر کارێک بەرێ و دوایین پەلەقاژەکانی خۆیشی بکات. لە سەرێکەوە بە تەقینەوە و رەشەکوژی لە ناوەندە گرینگەکانی وڵاتانی بەرەی دژبەردا ئەو سیگناڵە دەنێرێ کە هێز و مەترسیی من مەحدوود بە چوارچێوەیەکی جوغرافیایی تایبەت نابێتەوە و لە ئەگەری بەردەوامیی هێرشەکاندا کانوونی شەڕ بۆ گرینگترین ناوەندە ستراتێژییەکانتان دەگوازرێتەوە و لە ماڵی خۆتاندا شەڕتان لەگەڵ دەکەین. لە سەرێکی دیکەشەوە بە ئەنجامدانی ئەم دوو کردەوە تێرۆریستییەی لەو دوو شوێنە گرینگەی تاران _ مەجلیس و حەرەمی خومەینی_ دەیەوێ بڵێ کە ئەوان ئەو هێزەن کە دەتوانن لە هەیمەنە و هێژێمۆنیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا کەم بکەنەوە و بەم شێوەیە لەنێو خاکی خۆیدا زەمینگیری بکەن. بەهەرحاڵ داعشیش وەک هەر هێزێکی سیاسیی دیکە لە نیهایەتدا سیاسەت دەکا و کاتێک کە لە تەنگنای مان و نەماندا قەرار بگرێ ئامادەی دان و ستانی سیاسی دەبێ. هەربۆیەش بەدوور نییە ئامانجەکانی هێرشە تێرۆریستییەکەی تاران بەر لە هەر خوێندنەوەیەکی ئیدیۆلۆژیکی ئاماژەیەکی سیاسیی بووبێ و لە تۆێی پەیامی سیگناڵێکی سیاسیدا بە ڕووی وڵاتە زلهێزەکانی بەرەی دژبەری شەڕی دژە داعشدا خۆی ببینێتەوە. لەبیرمان نەچێ کە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی رۆژئاوایی بەتایبەت ئامریکا بەردەوام ئێران بە گەورەترین مەترسی و لەمپەڕ لە بەرانبەر ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی و سەرەکیترین حامی و پشتیوانی تێرۆریزم لە ئاستی جیهانیدا

دەزانن. لە دوای کۆتایی شەڕی سارد ئێران گەورەترین کێشەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بووە. هەربۆیەش بەدوور نییە کە داعش لە پێناوی مان و مەوجوودییەتی خۆیدا لە شێواندن و لاوازکردنی ئێران لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا وەک "وجەالمعاملە"یەک لە بەرانبەر غەربدا کەڵک وەربگرێ.

لاوازبوونی ئێران خۆی کۆمەڵێک دەلاقەی نوێ بەرەورووی چارەسەریی بەشێکی زۆر لە کێشەکان لە ناوچەکە بەرووی دنیای دەرەوەدا بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوایی و نەتەوە یەکگرتووەکان دەکاتەوە. هەربۆیەش وێدەچێ کە ئەگەر داعش رووی چالاکییەکانی خۆی بەرەورووی ئێران وەرسووڕێنێ، لە روانگەی وڵاتانی غەربییەوە مان و مەوجوودییەتەکەی ڕەهەندێکی مەنتقیتر بەخۆوە دەگرێ و ئەگەری لەناوبردنی کەمتر دەبێتەوە.

١١ی جوونی ٢٠١٧

---

## ڕۆژهەڵات، پێویستیی بە حیزب لە نێوخۆدا هەیە

ڕووداوەکانی یەک ساڵی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەرچی بە هۆکارەیلێکی جیاواز، کەچی دەرکەوتێکی هاوبەشیان هەبوو. لە یەک ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک ڕووداوی وەک ڕێفراندۆمەکەی باشووری کوردستان، بوومەلەرزەی ناوچەکانی کرماشان و دەوروبەری، ڕێورەسمی پرسە و بەخاک ئەسپاردەکردنی کاک ئەبووبەکری مەعرووفی لە هاریکارانی بوومەلەرزەلێدراوان و هەروەها ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەی کە بەشێکی زۆر لە ناوچە و شارە گەورەکانی ئێرانی گرتۆتەوە، تەئسیری کاریگەری لەسەر فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە.بەچەشنێک کە هەڵوێست و کاردانەوەی کرداریی بەرینی جەماوەری و کۆمەڵانی خەڵکی لێ کەوتۆتەوە.

گرینگترین دەرکەوتەی ئەو خۆپێشاندان و مەیدانارییانەی خەڵک ئەو سیگناڵ و پەیامە نوێیانە یە کە پێویستە لەلایەن چالاکان و بکەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردەوە بەتایبەت لەنێوخۆی وڵاتدا خوێندنەوەی دروست و واقعبینانەی بۆ بکرێ.

پڕ دیارە کە واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ سی چل ساڵ پێش خۆی تەواو جیاوازە و بەم پێیەش پێویستە هەڵسوکەوتی جیاواز و ڕێوشوێنی جیاوازتریشی بۆ لەکار بکرێ. نە ئێمەی کورد لە بۆشاییدا دەژیین و نە کوردستانیش لە دەرەوەی واقعە مەوجوودەکانی جوغرافیای سیاسیی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا هەڵکەوتوە کە ئێمەشی لەخۆدا گرتووە. کەوایە پێویستە بزووتنەوەی کورد بەگشتی و بەتایبەت لە رۆژهەڵاتدا بە دەرکێکی درووستتر لە زەرفییەتەکانی خەبات و خوێندنەوەیەکی واقعبینانەتر لە حەقیقەتی وجوودیی خۆی و ئیمکاناتی مەوجوود، رەهەندێکی ئێنعتافپەزیرتر لە مەسیری گەیشتن بە ئامانجەکانیدا هەڵبژێرێ. رەهەندێکی ژیرانە بە ریسک و هەزینەیەکی کەمتر و ئەگەری سەرکەوتنی زیاترەوە لەگەڵ مەقبوولییەت و مەشرووعییەتێکی بەرین و قابیلی دیفاعی نێونەتەوەیی.

مۆدێل و مێتۆدی خەباتی چەکداری کە پتر لەوەیکە هەڵقولاوی زەروورەتی حەقیقیی کۆمەڵگەی خۆمان بێ میراتی راپەڕینە چەپ و شۆڕشگێڕییەکانی سەدەی بیستەم بوو سەرەڕای ئەو هەزینە و خەسارە زۆرەی کە هەیبوو بەداخەوە هەرگیز کەڵکێکی ئەوتۆمان لێ وەرنەگرت و بەشی زۆری زیانەکەی بۆ ئێمە و بەشی زۆری قازانجەکەی بۆ نەیارەکانی ئێمە بوو. ئەوە هیچ لە رۆحی گیانبازی و فیداکاریی ئەو رۆڵە قارەمانانەی سەربەرزانە لەم پێناوەدا شەهید بوون یان ژیانیان لەسەر دانا کەم ناکاتەوە، بەڵکوو سیاسەتێکی هەڵە بەڵام قابیلی تەوجیە لە کانسێپتی سیاسیی خۆیدا بوو. مرۆڤ یان نەتەوە بۆیان هەیە هەڵە بکەن کەچی دووبارەکردنەوەی هەڵە میسداقی عەقلانییەت نییە. بۆیە دووپاتکردنەوەت هەڵەی خەباتی چەکداری گوناهێکی کوشندەیە کە هەرچی زیاتر بەرەو هەڵدێرەکانی نەمانمان دەبا و ئەوەش رێک ویستی ناحەزانی کوردستانە. هەربۆیە لای ئێمەی کوردیش چەک دەبێ بگەڕێتەوە سەر پێگە حەقیقییەکەی خۆی کە لە باشترین حاڵەتدا کەڵکی پارێزەری هەبێ نەک رزگاریدەر. نۆڕمی خەباتی چەکداری لە دنیای گلۆبالی ئەمرۆدا کریارێکی ئەوتۆی نییە و جیا لە هێزە مافیایی و رەوتە توندئاژۆوە ئیسلامییەکان هیچ هێز و لایەنێکی دی لە چەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کەڵک وەرناگرن. ئەحزابی چەکدار کە لە واقعدا نەک حیزب بەڵکوو زیاتر رەوتەیلێکی ئینقلابین، لە بەستێنی سیاسیی دنیای سەردەمدا لە تەنیایی و فەزایەکی بێ کەڵکەی ئارمانخوازانەدا دەژین. ئەوەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەرخۆرد و کۆنتاکتی ئەم جۆرە جەریانانە نەک سیاسی و لەسەر مەبنای واقعییەت بەڵکوو ئیدیۆلۆژیکە و هەر لەم سۆنگەیەشەوە سەرکەوتن تەنیا لە ئینقلاب و خەباتیش تەنیا لە چەکدا پێناسە دەکەن.

حەقیقەتی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێراندا ئەوەیە کە هێزی کوردی لەرێی خەباتی چەکدارییەوە هیچ

شانسێکی تەنانەت بۆ گەیشتن بە لانیکەمی داخوازەکانیشی نییە. ئینجا هەروەک ئاماژەشم پێکرد تەنانەت لەو ڕۆژگارەدا کە هێزە کوردییەکان لەمڕۆیان زۆر بەهێزتر و تاران لەمڕۆی لاوازتر بوو وەهەروەها زەمینەی نێوخۆیی و دەرەکیش بەنیسبەت ئەمڕۆوە یەگجار لەبارتر بۆ خەباتی چەکداری بوو کەچی بەمحاڵەشەوە لە ئاکامدا ئەوەی لێ کەوتەوە کە ئێستا دەیبینین. هەربۆیەش پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هیچ شێوەیەک چارەسەریی چەکداریی نییە.

ئەوەی کوردی ڕۆژهەڵات لەو چەند ساڵەی رابردوودا بەڕوونی نیشانی داوە ئەوەیە کە نەتەنیا لە خەبات و بەرخۆدان لەپێناوی گەیشتن بە ئامانج و داخوازییە ڕەواکانی هەرگیز پاشگەز نەبۆتەوە بەڵکوو بە گیانێکی مەیدانداراانەترەوە حازرە کاری بۆ بکات. ئەوەی دیارە ئەوەیە کە کوردی ڕۆژهەڵات پتانسیێلێکی بەرینی جەماوەریی بۆ خەبات تێدایە کە پێویستیی بە ڕێکخستن و کۆکردنەوە لەلایەن هێزێکی جەماوەری لەنێو خۆیدا هەیە کە ئاراستەی دروست و گونجاوی سیاسیی خۆی پێ ببەخشێت. بەداخەوە ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی حیزب و ڕێکخراوە تاراوگەنشینەکان دەریخست کە ئەم ڕەوتە کلاسیکانە بەهۆی ئەو دوورکەوتنەوە نەخوازراوە زەمانی و مەکانییە دوور و درێژەی کە تێیکەوتوون وەهەروەها بەرخۆردی ئیدیۆلۆژیکی نەیانتوانیوە لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات بە قازانجی کورد و بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەڵک وەرگرن. لە وەها حاڵەتێکی نەخوازراودا وزە و هێزی کاریگەری سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵات تووشی داڕمان و دابەشبوونێکی نەخوازراو دێ. لە باشترین حاڵەتی خۆیدا لە خۆی بێبەری و وەک هێزی پارچەکانی دیکە کار دەکات، یان ڕوو لە مەرکەز دەکا و وەک هێزێکی سەرتاسەریی ئێرانی دەردەکەوێ و بەرەبەرە لە حەقیقەتی کورد بوونی خۆیشی دەشۆرێتەوە، یان سەرخۆردە دەبێ و وەک هێزێکی منفعل و هەندێ جار دژخوازیشی لێ دەردێ.

واقعییەت ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمێکە کە قۆناغی تێپەڕاندن (گوزار)ی لە خەباتی چەکدارییەوە بەرەو خەباتێکی بەرینی جەماوەری بەپانتایی هەموو خاکی کوردستانی ئێران تێپەڕ کردوە. کاردانەوە جەماوەرییەکانی ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی بەڵگەی ڕوون و حاشاهەڵنەگری ئەم واقعییەتەن. خەڵکی ڕۆژهەڵات چیدیکە لە لوولەی تفەنگەوە سەیری ئازادی و داخوازییە سیاسییەکانی خۆی ناکا و دیدێکی تەعامولخوازانەتری بۆ خەبات و سەرکەوتن هەیە. نە تەوەهھومی سەرکەوتنی خەباتی چەکداریی هەیە و نە مەحتەل دەبێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێ. بەڵکوو دەبێ بێتە مەیدان و پێ بە پێی ڕووداوەکان لەگەڵ پێشهاتە جۆراوجۆرە سیاسییەکاندا تەعامول بکات.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیازی زەروورپی بە حیزبێکی سیاسیی مۆدێرنی جەماوەری لە نێوخۆدا هەیە کە نوێنەرایەتیی ویست و داخوازییە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان لە بازنەیەکی گشتگیری نەتەوەیی (ڕۆژهەڵات)دا بکا و بتوانێ وزە و هێزی کاریگەری سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەشی نیشتمانیدا کۆ بکاتەوە و ئاراستەیان پێ ببەخشێت. وەهەروەها لەنێو گەمە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران و کوردستاندا بەشداریی چالاکی هەبێ و دەنگی کورد وەک ڕێژەیەکی یەکانگیر و کارا بەکار بێنێ و بە قورسایی دایبەزێنێ.

٣٠ی دێسەمبەری ٢٠١٧

---

## یادی بەخێر

نزیکەی ٦٠ - ٧٠ نەفەر لە ئەندامانی کۆڕی فێرکاریی زمان و ئەدەبیاتی کوردی (ئەدەب) لە خەرمانانی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی بەمەبەستی سەفەرێکی چەند ڕۆژە لە بۆکانەوە بەرەو ناوچەی هەورامان وەڕێ کەوتین. لەم سەفەرەدا سەردانی ناوچەکانی پاوە، نۆدشە، هەجیج، سەرچاوەی بڵ، پیر شالیار و ...مان کرد و زۆریش خۆش گوزەرا. پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوویەم سەردانێکی نێوشاری پاوەمان کرد. لە نێو بازار هەر کە خەڵکەکە چاویان بە مامۆستا قالەمەڕەی شمشاڵژەن کەوت خێرا ناسیانەوە و دەورەیان دا و ئیسراریان کرد کە شمشاڵیان بۆ لێبدا. بەهەرحاڵ هیچ چارە نەبوو و مامەقالەش شمشاڵەکەی دەرهێنا و لەنێو جەرگەی شار و لەنێو بازاڕەکەدا دەستی کرد بە ژەنینی شمشاڵ و ناوە ناوەش لەنێو ئاهەنگەکاندا "ئەی ڕەقیب" و هەندێ ئاهەنگی حیزبیی دیکەشی تێکەڵکێش دەکرد و لێیدەدا. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا خەڵکێکی زۆر کۆ بوونەوە و بە دەیان کامێرای هەندیکەم و مۆبایل فیلمیان لێ هەڵدەگرتەوە و دیار بوو زۆریش کەیفیان دەکرد. لەنێو جەماوەرەکەدا چاوم بە کابرایەکی ٦٠.٥٠ ساڵانەی کەواوپاتۆڵ لەبەری کەڵاش لەپێی شەدە بەسەر کەوت کە یەکجار غەریبانە لەبەرە خۆیەوە سەری بەردابۆوە و وەک هەوری بەهاری فرمێسکی دەڕشت و هەنسکی دەدا و دەگریا. وردە وردە لێی چوومە پێش و دواندم .. سڵاو و ...

*کوتم: خاڵە گیان چییە، چ بووە؟ بۆچی دەگریی؟*

*کوتی: وەڵڵاهی بڵێم چی! ڕاستییەکەی ئەو شمشاڵەی مامەقالە وەبیر رادیۆ حیزبی خستمەوە کە کاتی خۆی ئەو شمشاڵ و ئاهەنگانەی بڵاو دەکردەوە، چەندەمان پێخۆش بوو..!*

*کوتم: بۆ، خاڵە گیان تۆ حیزبی بووی؟*

*کوتی: ئەوکات هەمووکەس حیزبی بوون، وەک ئێستا نەبوو.*

*کوتم: بۆ، مەگەر ئێستا حیزبی نیی؟*

*کوتی: ناوەڵڵا .. بە ناشکوریی ناڵێم حیزبی نەماوم.*

*کوتم: ئەدی؟!*

*کوتی: وەڵڵا .. ئێستا جاشم. سەری خۆم لێ شۆڕ کردۆتەوە و بوومەتە پیاوی دەوڵەت.*

*کوتم: ئاخر چۆن، بۆچی؟!*

*کوتی: وەڵڵاهی کوڕم، تا حیزب هەبوو نەک من هەموو کەس حیزبی بوو. بەڵام داخەکەی بەجەرگم کوا حیزب؟! کوانێ ئێستا حیزب ماوە! دەنا تا حیزبی خۆم هەبێ چ کارم بەو سەگبابانە داوە! تۆ نازانی حیزب چۆن بێکەسی کردین! دەنا ئێستاکەش بەوەڵڵا حیزبم لە قەبری بابم خۆشتر دەوێ. ئێستاش ئارەزووم ئەوەیە نەمرم و جارێکی دیکە بەو چاوانەی خۆم حیزبی دێموکرات لەو پاوە و هەورامانەدا ببینمەوە.*

**هەورامان - خەرمانانی ٢٧٠٦**

**٢١ی مای ٢٠١٧**

---

## "من ئەو سێ پیاوەم زۆر خۆش دەوێ"

**سێ ڕێبەر، سێ هەڵکەوتە و سێ مامۆستای ڕاستەقینەی نەک هەر خەڵک و نەتەوەکانی خۆیان بەڵکوو هەموو مرۆڤایەتی، کە خاڵی هاوبەش و توخمی سەرەکیی خەباتی هەرسێکیان لەسەر ئەساس و مێحوەرێکی تەواو ئینسانی و مەدەنیانە دامەزراوە. بۆیە لە ڕێبازی خەباتیاندا هەدەف هەرگیز وەسیلەی تەوجیە نەکرد و چەک**

دوایین شتێک بوو کە بیریان لێ دەکردەوە و وەک رزگاریدەر و بەرهەمهێنەری ئازادی نا بەڵکوو وەک پارێزەر سەیریان دەکرد. بۆیەش بەردەوام رووبکردێکی تەعامولخوازانە و ناتوندوتیژ و مەدەنیانەیان لە پانتایی سیاسەتدا پەیرەو دەکرد.

رەهەندی ناتوندوتیژی و نافەرمانیی مەدەنی لە توخمە سەرەکییەکانی خەباتی خەڵکی هێندستان لەدژی داگیرکاریی بریتانیا و خەڵکی ئەفریقای باشوور لەدژی ئاپارتایدی نژادی بە رێبەرایەتیی گاندی و ماندێلا لە وڵاتەکانی خۆیاندا بوو. تەوەری رزگاری نەتەوەیی و نژادی لە هێندستان و ئەفریقا لای گاندی و ماندێلا هەرگیز رووبکردێکی رەگەزپەرستانە و شۆڤێنیستیی پەیدا نەکرد بەڵکوو بەپێچەوانەوە بەستێنێکی بایەخداری ئینسانی و مافخوازانەی سیاسیی لە خۆدا گرت.

دیارە خەباتی قازی محەممەد لە بەشێکی بەرتەسکی پارچەیەکی کوردستاندا، نە لە بواری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە و نە لە بواری بەسەرەنجام گەیشتندا، خۆ لە قەرەی خەباتی گاندی و ماندێلا لە وڵاتەکانی خۆیاندا نادات، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە کاکڵ و ناوەرۆکدا هەمان تایبەتمەندی و ئەو بایەخە سیاسی و ئینسانیانەی تێدایە. دیسکۆرسی سیاسیی خەباتی قازی محەممەد دیسکۆرسێکی میللی دێموکراتیک بوو. بەو مانایەی کە نە تەنیا بۆ رزگاریی نەتەوەیی بەڵکوو بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیکیش تێدەکۆشێ و هەوڵ دەدات. ئینجا پێشەوا بەرگی هیچ ئایدیۆلۆژییەکی بە بەر خەباتی نەتەوەکەیدا نەکرد و گرینگترین ئامانجیشی گەڕاندنەوەی کەرامەتی میللی و ئینسانیی خەڵکەکەی خۆی بوو و لەم پێناوەشدا شەهید بوو. لە تایبەتمەندییە جوانەکانی خەبات و حکومەتی قازی محەممەد ئەوە بوو کە نەک بە هێزی چەک بەڵکوو بە هێزی جەماوەر خەباتەکەی بە سەرەنجام گەیاند و لە ماوەی دەسەڵاتدارییشدا بنەماکانی کۆمڵگەیەکی ئازاد و دێموکراتیکی دامەزراند و تەنانەت زینندانییەکی سیاسییشی تێدا نەبوو. پێشەوا کۆنتاکتێکی سیاسی نەک ئینقلابیی لەگەڵ کۆنتێکسی سیاسیی کوردستاندا هەبوو و هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە نەتەوە و وڵاتەکەی هەرچی زیاتر بەرەو کەنارەکانی ئارامی و سەقامگیربوون و ئازادی رێنوێنی بکات. بەداخەوە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەمڕۆدا لە رێبازی خەباتی پێشەوا قازی محەممەد زۆر دوور کەوتۆتەوە و لە هەندێک شوێندا لایداوە. مەوزووعی کورد لای پێشەوا مەوزووعێکی سیاسی بوو و ناسیۆنالیزم و مافی نەتەوایەتی بۆ کورد لەسەر ئەساسێکی ئینسانی و بەدوور لە ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت دامەزرابوو.

١١ی گوڵان ڕێکەوتی ١ی مەی، ١١٧یەمین ساڵرۆژی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەدی مەزن پیرۆز بێ.

٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٧

## "کوردایەتی ئاوا نابێ"

سادەترین جۆری کوردایەتی ئەوەیە کە لە ماڵەکەی خۆت دانیشی و لەگەڵ هەر پڕمەیەکی پارچەکانی دیکەی کوردستان خێرا پلاکاردێکی تەژی لە دروشمی خەستی سیاسی بنووسی و بە پەلەپەل لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی کەیەوە و خۆشت لە هەموو کەس پێ کوردتر بێ! کەچی دوور و نزیک ئاوڕێک لە پارچەکەی خۆت نەدەیەوە و کە قسەش لە قسەدا هات لافی نەتەوەیی بوون لێدەی و هەرچی خەتایە بیخەیە ئەستۆی حیزبەکان و تێریش جنێوبارانیان کەی!

بەڵام کوردایەتی لە بۆشاییدا ناکرێ و ئەوەی تۆ ئەو ناوەی لێدەنێی جیا لە تەوەهومێکی لێڵ نییە.

دڵنیا بە کە باشترین خزمەت بە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەوەیە کە تۆش خەباتی پارچەکەی خۆت ببووژێنیەوە دەستەوەستان دانەنیشی.

بەداخەوە ئەوەی کە بەشی زۆری کوردی ڕۆژهەڵات بە حیزبی و غەیرە حیزبییەوە لە بەستێنی سیاسیی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا دەیکەن لە سەرێکەوە دیخاڵەت و هەندێ جار سەرئێشەنانەوە بۆیان و لە سەرێکیشەوە بێبەری بوون و بەکەم گرتن و هەندێ جار نادیدەگرتنی خودی ڕۆژهەڵاتە.

لەڕاستیدا ئەو کوردە ڕۆژهەڵاتیانەی کە بەناوی نەتەوەیی بوونەوە خەریکی تیۆریزەکردنی لە پەڕاوێز مانەوەی ڕۆژهەڵات لەپێناو پارچەکانی دیکە دان وەک کۆمۆنیستە جیهان وەتەنەکانی پێشووم دێنە بەرچاو کە کەڵکەڵە ئینسانییەکانیان قەت رووی لە کوردستان نەبوو و کوردایەتیان بە دواکەوتوویی دەزانی.

بۆیە زۆر جاران بێزم دێ لەو کەسانەی کە دەڵێن ئێمە کوردایەتی دەکەین و خۆمان بە پارچەیەکەوە نابەستینەوە! چون لەراستیدا درۆ دەکەن و بەو قسەیە تەنیا خۆیان لە بەرپرسایەتی و ئەرکی سیاسیی پارچەکەی خۆیان دەبوێرن.

حەقیقەتی کوردایەتی ئەوەیە کە هەر پارچەیەی کوردستان تەنیا مەیدانی چالاکی و کرداری سیاسیی خەڵکی پارچەکەی خۆیەتی و پارچەکانی دیکە تەنیا بەستێنی پشتگیری و هەڵوێستی نەتەوەیی ئێمەن.

کوردی رۆژهەڵات نە دەبێ چیدیکە چاوەڕێی رووخانی رێژیم بێ و نە چاوی هیواش لە چارەسەریی لێکگرێدراوی پرسی پارچەکان پێکەوە ببڕێ. چون هیچ زەمانەتێکی کرداری بۆ هیچکام لەم ئەگەرانە نییە. بەڵکوو پێویستە کە قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵێ و وەک خۆی خەم لە چارەسەریی پرسەکەی خۆی بخوات. دەبێ رێکخستنی خێرا بۆ خۆی بکا و چیدی چاوەڕێی مۆعجیزەی ئەحزابی تاراوگەنشینیش نەبێ. باشترین و گونجاوترین رێگەچارەی مومکین پێکهێنانی رێکخراوێکی گشتگیری سیاسیی هاوتەریب (موازی) لەراستای بزووتنەوەی رزگاریخوازیی رۆژهەڵات لە نێوخۆ دایە.

کوردی رۆژهەڵات چیدیکە ناتوانێ تەنیا و تەنیا بە سەرکەوتن و شکستی پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە شاد یا خەمگین بێ. بۆیە پێویستە خاوەنداریەتیی کرداری لە مەوجوودییەت و شوناسی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بکا و خەباتی بۆ بکات.

٢٥ی جانێوێری ٢٠١٨

## کۆماری ئیسلامی درەنگ یا زوو هەر دەرووخێ.

ئەوە رەورەوەی مێژوویە و بەهیچ هێزێک پێشی پێ ناگیرێ. بەڵام ناکرێ کورد چاوەڕێی ئەو رۆژە بێ و دەستەوەستان لە چاوەڕوانیی خاڵێکی وەرچەرخانی مێژووییدا بێ کە بۆخۆی توانای بە ئەنجام گەیاندنی نەبێ. کورد پازدە لە سەدی حەشیمەت و خاکی ئێران پێک دێنێ کەوایە پێویستە پەی بە حەقیقەتە ئاشکرا و شاراوەکانی ئەم واقعییەتە بەرێت. کورد و هێزی کوردی لە ئێراندا فاکتۆری یەکلاکەرەوە و سەرەکی نییە بەڵکوو فاکتۆری یارمەتیدەرە. هەروەها پرسی کورد ئەوەندەی پەیوەندیی بە هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانەوە هەیە ئەو بەستراوەییەی بە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە نییە. زۆر گرینگە بزووتنەوەیەک کە لەحاڵی خەبات دایە دەرکێکی دروست و واقعبینانەی لە هێز و تواناییەکانی خۆی و بەرانبەرەکەی هەبێ و لەسەر ئەساسی ئەو تێگەیشتنە ئامانج و رێباز و ئەرکەکانی خۆی دیاری بکا و بجوڵێتەوە. کانسێپتێ سیاسیی حەقیقیی کورد لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆر لە هێزی کوردی ئارەزووی دەکەن و بانگەشەی بۆ دەکەن زۆر جیاوازە. لەراستیدا چارەنووسیی سیاسیی کورد لە ئێران هەر لەنێو ئێراندا رەقەم دەخوا و شیمانەی سیاسی وەردەگرێ. لانیکەم لە کورتخایەندا وێدەچێ و بابەتی کوردستانی گەورە یا جیابوونەوە لە ئێران لە پرۆسەیەکی کورتخایەنی سیاسیدا مسۆگەر نییە. ئەحزابی سیاسیی رۆژهەڵات زیاد لەحەد خۆیان بەستۆتەوە و بە رەهەندێکی تایبەتی خەباتەوە (چەکداری) چەسباون و هەموو هێلکەکانی خۆیان لەم قەرتاڵەیەدا کۆ کردۆتەوە. لەحاڵێکدا دروستتر ئەوەیە کە مەجالێکی فراوانتر بە کۆی بزووتنەوەکە ببەخشرێ و هەموو شتەکان تەنیا لە چوارچێوەی بکەرانەی خۆیاندا کورت نەکەنەوە. بەڵکوو دەبێ لێگەڕێن بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە ئێراندا رەهەندی جیاواز لە ئەحزابی چەکداری کوردییش تاقی بکاتەوە. واتە کۆمەک بکەن بە دروستبوونی جەریاناتی هاوتەریب (موازی)ی سیاسی لە نێوخۆی وڵاتدا کە بە مکانیزم و لۆژیکی تایبەتی خۆیانەوە بە کەڵکوەرگرتن لە مەجالە سیاسییەکان لە نێوخۆی وڵاتدا کار بکەن. پێکهێنانی حیزب یا رەوتێکی سیاسیی کوردی لە نێوخۆی وڵاتدا دەتوانێ کۆمەکێکی شایان بە زیندوومانەوەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە کوردستانی ئێراندا بکات. حیزب، رەوت یا بەرەیەک کە متمانەی سیاسیی خەڵکی کورد لە نێوخۆی وڵاتدا بەدەست بێنێ و بتوانێ لە مەجالە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت هەڵبژاردنەکاندا دەورێکی بکەرانە بگێڕێ و ئاراستەیەکی یەکگرتوانەتر بە دەنگی کورد لە مەیدانی سیاسیی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا ببەخشێ. پێکهاتنی هێزێکی وا رەنگە نەئیدەئال کەچی زەروورەتی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە کوردستانی ئێران دایە و دەتوانێ یەکگرتوویەکی زیاتر لەنێو خەڵکی کورد لە نێوخۆی وڵاتدا پێک بێنێ

و دەنگ و وەزنی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکاندا یەکانگیرتر و قورستر دابەزێنێ. وێدەچێ کە دروستبوونی هێزێکی جەماوەری وەک حیزب، ڕەوت یا بەرەیەکی کوردستانی لە نیاز و زەرووڕەتە حاشاهەڵنەگرەکانی ئێستای دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ کە دەتوانێ دەورێکی ئەرێنیی باش و کاریگەر لە فەزای سیاسیی ئێران و کوردستاندا بگێڕێ و یارمەتیدەر بێ.

٩ی جانێوێری ٢٠١٨

---

## چەندەی نیشتمان چەمکێکی دڵخوازانەیە، ئەوەندەش وڵات مەفهوومێکی ئینتزاعیی هەیە.

تۆ دەتوانی نەک کوردستان هەموو دنیاش بە نیشتمانی خۆت بزانی کەچی وڵات لەسەر ئەساسی دانوستانی سیاسی و بەربەرەکانی لەگەڵ دیگەراندا پێکدێ.

وڵاتی تۆ ئەو بەشە لە نیشتمانەکەتە کە سەنگت تێیدا هەیە و لە هاوکێشەی خەباتێکی سیاسیدا بۆ خۆتی دەستەبەر دەکەی.

عەرەبێکی سووری دەتوانێ هەموو وڵاتانی عەرەبی بە نیشتمانی خۆی بزانێ کەچی بەدڵنیاییەوە وڵاتی ئەو سووریایە نەک قەتەر. ئەوە بۆ کۆریاییەکیش هەر وایە و بۆ ئۆتریشییەکی ژێرمەنیش و بۆ هەموو خەڵکی سپانیۆلی زمانی وڵاتە جیاوازەکانی ئامریکای لاتینیش.

وڵات نەتیجەی واقیعیەتی سیاسیی مەوجوودە نەک خەون و خۆزگەی میللەتان.

هەڵبەت مرۆڤ لە پێناوی خەونەکانیدا دەژی و هەوڵیشی بۆ دەدا و خەباتیشی بۆ دەکا، کەچی ناشێ فورسەتە مەوجوودەکانی ئەمڕۆی لە پێناوی ئیحتمالی ئارەزوویەکی نادیاردا بدۆڕێنێ.

وڵاتی هەر نەتەوەیەک هەمیشە رێک ئەو نیشتمانە نییە کە خەونی پێوە دەبینێ بەڵکوو بڕی ئەو دەسەڵاتەیە کە بەسەر دەوروبەریدا هەیەتی.

میللەتانی سەرکەوتوو ئەوانەن کە مومارەسەی واقیيەتەکانیان دەکەن نەک بە خەونەکانیانەوە بژین.

لەراستیدا وڵات چەمکێکی حقووقیی سیاسیی نێونەتەوەیی یە، کە مەوجوودییەتی خۆی لە تەقابول لەگەڵ غەیری خۆیدا وەردەگرێ و سنوورەکەشی تا ئەو جێیەیە کە دەسەڵاتی سیاسی بڕ دەکات.

نیشتمان خاکی تۆیە تا ئەو شوێنەی کە بۆخۆت پێت وایە و بۆ خۆتی بە ڕەوا دەبینی، کەچی وڵات خاکی تۆیە تا ئەو شوێنەی دەسەڵاتت بەسەریدا هەیە و توانیوتە ئێعترافی غەیری خۆتی بۆ وەرگری، واتە دیگەران بە ئی تۆی دەزانن.
نیشتمان پیرۆزە بەڵام چارەنووسی سیاسیی تۆ لە وڵاتی تۆدا رەقەم لێدەدرێت.

١٢ی فێبریوێری ٢٠١٨

---

## ١١ی بانەمەڕ، ساڵرۆژی لەدایکبوونی پێشەوای مەزن، قازی محەممەدی نەمر، پیرۆز بێ.

(١ - ٥ - ١٩٠٠ - ١١ - ٢ - ١٢٧٩)

"پێشەوا پرۆژەیەکی سیاسیی نەتەوەیی (کۆماری کوردستان)ی بەدەستەوە گرت، کە ئەگەر نەک بەباشترین شێوەی دڵخواز بەڵام بەباشترین شێوەی مومکین بەئەنجامی گەیاند."

"پێشەوا لەنێوان دوو تێز و ئانتی تێزی ئیسلام و کۆمۆنیزمدا سەنتێزێکی نائیدیۆلۆژیکی دێموکراتی لە نێو حیزب و کۆماردا دروست کرد. پێشەوا بە ئاگاهییەوە نە رەوتێکی ئیسلامی و نە چەپی دروست کرد."

"قازی محەممەد ئەگەر پێشەوا و ڕێبەری حیزبی دێموکرات بوو لە هەمان کاتدا سەرۆک کۆماری کوردستانیش بوو، بۆیە پەیوەندیی بە هەموو خەڵکەوە هەیە نەک تەنیا حیزبێک."

"پێشەوا سەرەڕای ئەوەی دەرک و تێگەیشتنێکی باشی لە سیاسەت و خوێندنەوەی هەلومەرجی سیاسی دنیا و کوردستانیش هەبوو لەهەمان کاتدا تێگەیشتنێکی قووڵیشی لە خەڵک و پێکهاتە و ئاڕاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیشی هەبوو."

"پێشەوا قازی لەشێوەی ڕێبەرانێکی گەورەی وەک گاندی و ماندێلا حیکایەت لە ڕۆح و ئیرادەی میللیی نەتەوەکەی خۆی دەکا و پێویستە سیاسەتمەداری کورد لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی خۆیدا وەک کارت و سەنبولێکی شایستەی نەتەوەیی بۆ نیشاندانی نموداڕێکی شایانتر لە کورد بەڕووی دنیای دەرەوەدا نیشانی بدا و کەڵکی کارای لێ وەرگرێ."

"پێشەوا قازی محەممەد لە تەنیشت ئاڵای کوردستان، سروودی میللیی کوردستان، کۆماری کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە نمادە نەتەوەییە هەرمانییەکانی کوردە کە کەم و زۆر ئیجماعی گشتییشی لەسەرە. بۆیە دروست وایە و تەبیعیشە کە ڕۆژی شەهیدبوونەکەی لەلایەن هەموو کوردەوە وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناودێر بکرێ."

١ی مای ٢٠١٨

---

سەرچاوەکان:

* ماڵپەڕی کوردستان و کورد

* وێبلاگ و دیواری فەیس بووکی نووسەر.



ڕەوتێکی سەرکەوتووی سیاسی ئەو هێزەیە کە خوێندنەوەیەکی واقعبینانەی لە خۆی و ئیمکاناتەکانی بەردەست و واقعییەتی مەیدانی خەبات هەبێ. هەر بەم پێیە ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵاتیش دەبێ بەهەست بە بەرپرسایەتیەکی زێدەوە واقعییەتی زەمانی و ژێئۆپۆلێتیکی ئەم قۆناغەی ئێستای خەباتمان بناسین و جیاوازییەکانی ئەم قۆناغە لەگەڵ سەردەمی خەباتی چەکداری لە دەیەکانی شەست و حەفتای هەتاویدا دەرک بکەین. ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیی و جیهانی وەهەروەها راستەقینەی هەلومەرجی هەنووکەیی خەبات لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئێراندا ئەو حەقیقەتەمان پێ دیکتە دەکا کە چیتر حیزبەکان بەتەنیایی ناتوانن خوڵقێنەری ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بن. بەڵکوو دوو فاکتۆری دیکەی خەڵک و رووناکبیران (بژاردەی سیاسییش) دەروێکی ئەساسی دەگێرن. ئەگەرچی بەداخەوە دوای دوورکەوتنەوەی حیزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندیی نێوان ئەم سێ لایەنە گرینگەی کۆمەڵگە جۆرێک لە کزی و ساردبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هێشتاش درەنگ نەبووە و دەکرێ لە تەعامول و هاوپێوەندییەکی ئەرێنی و سازندەدا جارێکی دیکەش کورەی خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گوڕتر لە جاران وەگەڕ بکەوێتەوە و بەرەو مەنزڵگەکانی سەرکەوتن بچێ.

وریا رەحمانی

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

ڕێکەوتی: پووشپەڕی ٢٧١٨ی کوردی - جوونی ٢٠١٨ی زایینی